# دیالۆگ

ژمارە (٥) (پووشپەڕ-٢٧٢٢) (تەمموزی - ٢٠٢٢)

گۆڤارێکی ئەدەبی هزری ڕۆشنبیریی وەرزییە،
ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری دیالۆگ دەریدەکات

سەرنووسەر:

زاهیر شکور
٠٧٧٠١٥٨١٤٤٠

بەڕێوەبەری نووسین:

موعتەسەم موحەمەد
govaridialog@gmail.com
٠٧٧٠١٣١٤٧٢٢

**دیزاین:** ئومێد محەمەد
**تیراژ:** ٥٠٠ دانە
**نرخ:** ١٥٠٠ دینار
**چاپ:** چاپخانەی تاران

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
- گوزارشت لە بۆچوونی نوسەرەکانیان دەکەن.
- مافی گۆڤارەکەیان بەسەرەوەیەو دەتوانێت بەکاریانبهێنێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


دۆخی میدیا لەسیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا..د. شێرکۆ جەبار........................٧

فاشیزم و شار.. بەعسیزم و کەرکوک........................ئەندازیار : محەمەد عەزیز محەمەد.....١٨

بوکی دەریا لە نیوان ئۆنتۆلۆجیا و میتاچیرۆکدا.............عەلی شێخ عومەر...................٣٠

توێژینەوەیەک لەبارەی دیاردەو نەریتە..................کامیل ئەحمەدی.....................٤٤

دۆستۆڤسکی.........................................ئا: زاهیر شکور.........................٦٠

جەژنی نەورۆز و چوارشەمە سوورەی کوردەواری............موعتەسەم ساڵەیی...................٨٢

ڕەوتی مێژووگەراییانەی عەقڵی جوولەکە..................نزار محەمەد سابیر..................٩٤

بڵاوکراوەی نوێی نوسەرانی کەرکوک...................................................١١٤

کرکوک لە ئاشوبەکەی ١٩٥٩دا...........................موعتەسەم نەجمەدین................١٢٠

ئایا دەبێت ژیان ڕامان بێت لەژین یان ڕامان بێت لەمەرگ؟.........و: موعتەسەم موحەمەد.................١٣٤

وشەکانیش لەجێیەکدا ماندوو نابن؟..................... بەیان سەلمان......................١٤٤

فەرهەنگی هەژاری......................................نەوزاد مەلا عمر.......................١٥٠

فەلسەفە و شارستانیەت.................................و: زانا موحەمەد.......................١٥٦

ڤان کۆخ.............................................ئا: فرمێسک جەباری..................١٦٦

ئەی قومری...........................................شەرەفەدین جەباری..................١٧٨

خانەقای مەلا عومەری گومبەتی.........................ئا: سیروان بەرزنجی.................١٨٤

گوتاری ئەدەبی و زمانەوانی دەق.........................سمکۆ محەمەد.........................١٩٣

ڕۆمانی خۆڵمێشی تەرمی کتێبێک.........................زاهیر زەنگەنە.......................٢٠٢

هوالنامه‌ی کتب

# سەروتار

**قەیرانی ئەخلاق.. ئەخلاق لەناو کۆمەڵدا پێناسەی جۆراو جۆری هەیە، هەر چین و توێژێک بەپێی بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژیای خۆی پێناسەی ئەخلاق دیاری دەکات، واتا بەرژەوەندی چین و توێژەکە لەچیدا بێت دژەکەی بەبێ ئەخلاقی دادەنرێت، بۆنمونە، ڕەنگە لای هەندێکیان گۆرانی وتن بێ ئەخلاقی بێت، بەڵام لەلای هەندێکی دیکەیان بەو شێوەیە نەبێت، لای هەندێک مەی خواردنەوە بێ ئەخلاقیە، بەڵام لای هەندێکی دیکە کارێکی خراپە ئەگەر زێدەڕەوی تێدا بکرێت بەڵام بێ ئەخلاقی نییە، لای سەرجەم چینەکانی کۆمەڵ دزی بەکارێکی خراپ ئەژمار دەکرێت، بەڵام بەرتیل وەرگرتن کارێکی ئاساییە، ڕەنگە ئێستا خوێنەر بڵێت ئەوە ڕاست نییە، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕاست نییە ئەو هەموو بەرتیل خۆرەی سەراپای فەرمانگەکانی ئەم وڵاتەیان گرتۆتەوە لەکوێوە هاتوون؟ داد پەروەری نەکردن لەڕایی کردنی کاری هاوڵاتیاندا لەکوێوە هاتووە، کەمتەرخەمی لەڕایی کردنی کاری هاوڵاتیاندا لەکوێوە هاتووە، بەهەدەردانی ماڵ و سامانی گشتی لەکوێوە هاتووە؟ هەموو ئەمانە سیماکانی گوێ نەدانە بەئەخلاق لەکار و ڕەفتارماندا.**

**خەڵک هەیە هەتا ئێوارە بەڕۆژووە و سەری بڕوات نوێژی ناڕوات کەچی بەئاسانی بەرتیل وەردەگرێت و بگرە سیما ئاینیەکەیشی کردووە بەڕووپۆشێک بۆ دەرباز بوون لەچاودێران، فەرمانبەرێکی ئاین دۆست و ئاین پەروەر زۆر بەلایەوە ئاساییە کاری هاوڵاتی ڕابگرێت بیخاتە ڕۆژی دواتر و هەفتەی دواتر و تەنانەت مانگی دواتریش تەنها لەبەرئەوەی خاوەن مامەڵەکە بەمیزاجی ئەو ڕەفتاری نەکردووە، مامۆستا ئامادە نییە لەپۆلدا وانەکانی بەجوانی بۆ خوێندکارەکان ڕوون بکاتەوە و ئەو ڕەفتارەی خۆیشی بەکارێکی نائەخلاقی نازانێت، مامۆستای ئاینی ئامادەیە سەدان پیلان لەمامۆستایەکی ئاینی دیکە بگێڕێت تەنها لەبەرئەوەی ئەو مامۆستایە بەمیزاجی ئەو وتاری نەداوە، فەرمانبەرانی دەوڵەت مەگەر بەدەگمەن هەبێت سامانی دەوڵەتیان بکەوێتە بەردەست و بەهەدەری نەدەن، مەگەر بەدەگمەن فەرمانبەر هەبێت کاروباری دارایی لەبەردەست بێت و لەدەرئەنجامدا ئارداوی نەبووبێت.**

**تەنانەت حزبەکانیش کە لەسەدەی ڕابردوودا قوتابخانەی پەروەردەی هاوڵاتی ساغڵەم و داڕشتی بنەما ئەخلاقیەکان بوون، ئێستا کادری دەست و دەم و داوێن پاکیان بەدەگمەن بۆ پەروەردە دەکرێت، لەناو کورددا هزری چەپ نابوود بوو بەهۆی وتاری مەلاکان و مزگەوتەکانەوە کەچی چەپەکان سەرمەشقی پەروەردەی کادری دەست و دەم و داوێن پاک بوون، ئێستا ئەوانیش سیستەمی پەروەردەییان هەڵوەشاوەتەوە و ناتوانن وەک ئەوکاتە کار بۆ پێگەیاندنی**

کادر و چینی نمونەیی بکەن. حزبە ئاینییەکانیش بەوانەشەوە کە خۆیان وەک حزب ڕانەگەیاندووە، ناتوانن پێڕەوی ئەخلاقێکی کۆمەڵایەتی نمونەیی بکەن، پێشڕەوەکانیان و بانگەشە کارەکانیان ڕۆژانە سەدان وتار لەدژی یەکتر دەدەن و یەکتر تۆمەتبار دەکەن و تۆمەتی ئەخلاقی بۆ یەکتر دەکەن.

هۆکاری ئەم کاڵبونەوەیەی ئەخلاق لەکۆمەڵگەی عێراقیدا بەگشتی و کوردستانیدا بەتایبەتی چییە؟ پێویستە ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی ئەم وڵاتە جەخت لەدووبارە بونیاد نانەوەی ئەخلاق بکەنەوە، هۆکارەکانی لاواز بوونی دیاری بکەن و کار بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارانە بکەن، هەڵبەتە هەنگاوی یەکەم دەبێت لەسیستەمی پەروەردەدا بنرێت و ئەوەیش سەرەڕای توێژی مامۆستایان ئەرکی سەرشانی سەرجەم ڕوناکبیران و ڕۆشنبیرانە بەتایبەتی و خوێندەوارانە بەگشتی کە گوشار بخەنە سەر حکومەت و پەرلەمان بۆئەوەی پیاچوونەوە بەسیستەمی پەروەردەدا بکرێت، هەڵبەتە ماوەیەکی زۆرە قسە لەو بابەتە دەکرێت بەڵام ئەوە بەبێ فشار و گوشاری توند مەحاڵە جێبەجێ بکرێت، بۆیە ئەرکی توێژی ڕوناکبیران و ڕۆشنبیرانە لەهەموو وڵاتدا ئەو فشارانە توند بکەنەوە بۆئەوەی حکومەت و دەسەڵاتی یاسایی بچنە ژێرباری ئەو پێداچوونەوەیەوە.

**بەڕێوەبەری نووسین**

هەواڵنامەی کتێب

# دۆخی میدیا لەسیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا



د. شێرکۆ جەبار



## دەستپێك:

توێژینەوە و گەڕان لە باکگراوندە تیۆرییەکانی ناجێگیریی و بارگرژی پەیوەندی نێوان میدیا و سیاسەت و ڕێگە چارەی بنەبڕکردنی دۆخی ئەم بارگرژیەی نێوانیان، پێویستی بەدۆخی توێژینەوە هەیە (Case Study) لە پێوەدانگی ئەو وەرچەرخانە سیاسی و ئابوری و کەلتوورییانەی کە ژینگەی میدیای کوردی لەسایەی ڕەوڕەوەی جوڵاندنی گۆڕانکارییەکانی دوای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق لەمانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە بەخۆوەی دەبینێت، بەتایبەتی لەدوای ئەم مێژووەوە ئەزموونی میدیای کوردی لەباشووری کوردستان یەکێکە لە بەرچاوترین بواری ناساندن و ئاشکرا کردنی سروشت و سنووری پەیوەندی نێوان سیاسەتوانان و میدیاکاران، بژاردەی نموونەی میدیای کوردی وەک دۆخی تاوتوێ کردنی ئەم باس و خوێندنەوەیەمان لەگۆشە نیگای تێڕوانیمان بۆ ئەو فاکتانەی لەم چەند ساڵانەی دواییدا بەخۆوەی بینیوە سەرچاوەی گرتووە، وەک بزاوتێکی میدیایی کە گرنگییەکەی لەڕووی شکڵییەوە هیچی کەمتر نیە لەبزاوتی دۆخی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەدوای دەرکەوتن و سەرهەڵدانی سێ دۆخە ڕەگەزی گرنگ لەهەردوو بواری سیاسی و میدیاییدا کە بریتین لە:

١ـ هاتنەکایەی حزبی سیاسی ئۆپۆزسیون بۆ نێو گۆڕەپان و شەقامی سیاسی و گۆڕینی ئاراستەی فیکری و زەینیی سیاسی لەنێو ڕای گشتی جەماوەر، وەک مۆدێلێکی بەرهەڵستکاری ڕادیکاڵی مۆدرێن لەمێژووی سیاسی کوردیدا و کاریگەری لەسەر لێکەوتەی گوتاری میدیای کۆنباوی کوردی و هێنانەکایەی مۆدێلی گوتاری میدیایی بەرهەڵستکار.

٢ـ هەڵتۆقینی سەرمایەداری کوردی لەدوای ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسی و ئابورییەکانی پرۆسەی ئازادی عێراق و هاتنەکایەی جۆرێک لەسەقامگیری دۆخی سیاسی لەهەرێمی کوردستان و کەڵەکە بوونی داهاتی نەوتانە، یەکێک بوو لەو دیاردە ناوازە ئابورییانەی کە هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە بینی، دامەزراندنی دامەزراوەی میدیایی جۆراوجۆر لەلایەن سەرمایە دارانی ئازاد و سەرمایە دارانی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا، نموونەی میدیایی نوێی لەژینگەی میدیای کۆنباوی کوردی سەریهەڵدا، وەک میدیای کەرتی تایبەت (خاوەن سەرمایەی ئازاد) هەروەها میدیای خاوەن سەرمایەی تێکەڵاو یان پشک لەنێوان سەرمایە دارانی سیاسی و حکومەت و سەرمایە دارانی ئازاد و حزبی سیاسیدا.

٣ـ دەرچوواندن و هەموار کردنی چەند یاسایەکی تایبەت بەڕێکخستنی کاری میدیا و ئازادی ڕۆژنامەگەری و مافی وەدەست هێنانی زانیاری لەلایەن پارلەمانی کوردستان، زەمینەیەکی لەبار و چەندایەتی بوو

هەواڵنامەی کتێب



## دۆخی میدیا

> هەڵتۆقینی سەرمایەداری کوردی لەدوای ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسی و ئابورییەکانی پرۆسەی ئازادی عێراق و هاتنەکایەی جۆرێك لەسەقامگیری دۆخی سیاسی لەهەرێمی کوردستان و کەڵەکە بوونی داهاتی نەوتانە، یەکێك بوو لەو دیاردە ناوازە ئابورییانەی کە هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە بینی

لەئەزموونی میدیای کوردیدا، جۆرێک لەفەراهەم کردنی کەش و هەوای ئازادی کاری ڕۆژنامەگەری بۆ میدیاکاران و ڕۆژنامە نووسان خوڵقاند.

### دۆخی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا

ئەگەر چی مافەکانی ڕۆژنامە نوسان و میدیاکاران لەهەرێمی کوردستاندا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ و دەستوری عێراقی فیدراڵ و ڕەشنوسی دەستوری هەرێم و یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی تایبەت بەڕۆژنامە نوسان و یاسای ژمارە ١١ی مافی وەدەست هێنانی زانیاری بۆ ڕۆژنامە نووسان لەساڵی ٢٠١٣دا و تەواوی ئەو مادە و بەندە دەستوری و یاساییانەی تایبەت بەپاراستنی مافی ئازادی گوزارشتکردن و مومارەسە کردنی کاری ڕۆژنامەوانی پارێزراوە، وەلێ ناوبەناو بەبیانوی جۆراوجۆر لەمەیدانی کاری ڕۆژنامەگەریدا ئەو مافانە دەکەونە ژێر پۆستاڵی هێزە ئەمنیە جۆراوجۆرەکان لەپێگە و شوێنی جیاوازدا و هەتا ئەمێستا ئازادی لەڕوماڵ کردنی کاری ڕۆژنامەنوسی لەهەرێمی کوردستاندا لەلایەن فیدراسێون و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ جێی چاودێری و تێڕمانە لەپێشێل کردنی مافەکانی ڕۆژنامە نوساندا.

هەتا ئێستا دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی هەرێم و گروپە چەکدارە جیاوازەکانی ئەحزابی سیاسی بەرپرسی یەکەمن لەلیستی پێشێل کارییەکانی دژ بەڕۆژنامە نوساندا، سەرباری پێشێل کارییەکانی حکومەت و پارلەمان و دەسەڵاتی قەزایی و سەندیکای ڕۆژنامە

نوسان بەخەمساردی و بەکردارێکی لاوەکیانە تەماشای ئەم پێشێل کاریانەیان کردووە، هەرچی ڕێکخراو و سەنتەری جۆراوجۆری تایبەت هەیە بەداکۆکی کردن و پاراستنی مافەکانی ڕۆژنامە نوسان، جگە لەخستنەڕو و بەداتاکردن و دیکۆمینت کردنی پێشێل کارییەکان کە – جێگای دەست خۆشین– بەکردارەکی و جدییانە پرۆژەی تایبەتیان لەئاست بنەبڕ کردن و چارەسەر کردنی ئەم جۆرە کێشانەدا نەخستۆتە ڕوو، ئەگەر هەبوبێتیش تەنها لە چوارچێوەی داواکاری و داخوزای و فشار کردنی کاتی بووە نەک خستنەڕوی پرۆژەی کردارەکی و بەردەوام بۆ کەم کردنەوەی پێشێل کارییەکان بەلانی کەم، بەتایبەتی پرۆژەی تایبەت لەجۆری هۆشیار کردنەوە و ڕاوێژکاریی یاسایی خۆڕایی بۆ ڕۆژنامە نوسان.

بەشێوەیەکی گشتی پرسی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی کاری ڕۆژنامەگەری لەچوارچێوەی دەستور و ڕێکارە یاساییەکانی عێراق و کوردستان لەچەند بەند و مادەدا جێگیر کراوە:

١ـ لەمادەی ٣٨ لەدەستوری عێراقدا هاتووە: دەوڵەت ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ بەمەرجێک نەبێتە هۆی تێکچوونی ئادابی گشتی:

**یەکەم:** ئازادی دەربڕین بەهەموو شێوەکان.

**دووەم:** ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپکردن و جاڕدان و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە.

**سێیەم:** ئازادی کۆبونەوەو خۆپیشاندانی هێمنانە بەیاسا ڕێک دەخرێت.

٢ـ هەروەها لەمادەی ٤٦ی دەستوری عێراقیدا هاتووە: جێبەجێ کردنی هەر یەکێک لەو ماف و ئازادییانەی لەم دەستوردا هاتووە نابێت سنووردار بکرێت یان دیاری بکرێت تەنها بەیاسا یان پشتبەستن بەیاسا نەبێت، بەمەرجێک ئەو سنووردار کردن و دیاری کردنە ناوەڕۆکی ماف و ئازادییەکان نەشێوێنێت.

ڕەشنووسی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان، هەرچەندە لەخولی چوارەمی پارلەمانی کوردستاندا بەدروست کردنی لێژنەیەکی نوێ بۆ پێداچوونەوە و دارشتنەوەی دەستور، ڕەشنووسەکە ڕەتکرایەوە، بەڵام بەهۆی دروست بوونی قەیرانی سیاسی، لایەنە سیاسیەکان نەیانتوانی ڕێککەوتن لەسەر ڕەشنوسێکی تر بکەن، بەڵام لەمادەی ١٩ی ڕەشنووسەکەدا و بەتایبەت لەبڕگەکانی (١٠ و ١١)دا، بەم شێوەیە مافی ئازادی ڕادەربڕینی پاراستووە:

٣ـ خاڵی ١٠: هەموو کەس مافی ئازادی دەربڕینی هەیە و پێویستە ئازادی ڕۆژنامە نووسی و هۆیەکانی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و فرەلایەنییان مسۆگەر بکرێت، بەڵام ئەم مافە توانج و تەشەر و دەستدرێژی بۆ سەر خەڵکی دیکە و سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی ئاینییەکان و هاندانی توندوتیژی و بەرەوپێدانی ڕق و کینە لەنێو پێکهاتەکانی گەلی کوردستانی عێراق ناگرێتەوە.

٤- هەروەها لەخاڵی ١١ی مادەی ١٩ی ڕەشنووسی دەستوری کوردستاندا هاتووە: مافی بەدەست هێنانی زانیاری بەیاسایەک دەستەبەر دەکرێت.

هەرچی تایبەتیشە بەئازادی ڕادەربڕین لەیاساکانی هەریمی کوردستاندا، لەیاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ کە ناسراوە بەیاسای کاری ڕۆژنامەگەری لەکوردستاندا هاتووە:

**ماددەی دووەم/ خاڵی یەکەم:** ڕۆژنامەگەری ئازادە و سانسۆری لەسەر نیە و ئازادی دەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاوڵاتییەک دەستەبەر کراوە، لەچوارچێوەی ڕێزلێنانی ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی کەسەکان و تایبەتمەندی ژیانیان و ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی بەپێی یاسا دەستەبەر دەکرێت و خۆ بەستنەوە بە پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەگەری بەپێی پەیمانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣ کە بەیاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لەهەرێمی کوردستان ناسراوە، لەخاڵی سێیەمی ماددەی دووەمی یاساکەدا هاتووە: دابینکردنی کەشێکی لەبارتر بۆ ئازادی ڕادەربڕین و پەخش و بڵاوکردنەوە.

لەمادەی چوارەم و پێنجەمی یاساکەدا، باس لەوە دەکات هەموو کەسێک مافی گەیشتن بەزانیاری و داواکردن و وەرگرتنی زانیارییەکانی لەدەزگا گشتییەکاندا هەیە.



ئەکرێت پێشکەش کردنی پرۆژەی تایبەت بەپاراستن و بەرگری لە ڕۆژنامەنوسان بەڕێگەی پێشکەش کردنی ڕاوێژکاری یاسایی و هۆشیار کرنەوەی ڕۆژنامەنوسان بەڕەوانامە نێودەوڵەتیەکان و ناوخۆییەکانی تایبەت بەئازادی ڕۆژنامەگەری لەفۆرمی مەشق و ڕاهێنان زۆرێک لەو پێشێل کارییانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی ڕۆژنامە نوسان دەبنەوە چارەسەر بکرێن کە گرنگترین ئامانجی ئەو جۆرە پرۆژانە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١- پاڵپشتی کردن و خستنەڕووی ماف لەکاری ڕۆژنامەگەری و میدیایی لەفەزایەکی ئازادانە و بەرپرسیارانەدا وەک ئەوەی پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤی جیهانی زامنی کردوە و لەتەواوی کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا پارێزراوە و ڕێزی لێدەگیرێت.

٢- هاوکاری ڕۆژنامەنوسان و میدیاکاران لەزانین و زانیاری تایبەت بەوەزیفە و ئەرکی پیشەی ڕۆژنامەگەری و تەواوی مافەکانی ڕۆژنامە نوسان لەکاتی ئەدای کاری ڕۆژنامەوانیدا.

٣- ڕوون کردنەوەی ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بەئازادی کاری ڕۆژنامەگەری و میدیایی، بەو پێوەدانگەی کە ڕێز نەگرتن و پابەند نەبوون بەو ڕێکارە یاساییانە پێشێل کردنی سەروەری یاسایە و شکۆ و پیشەی ڕۆژنامەگەری لەکەدار دەکات.

٤- ڕێنوێنی ڕۆژنامەنوسان و میدیاکاران و هەر کەسێک لەبواری ڕۆژنامەنووسی و میدیاییدا کار دەکات لەبارەی ئەو میکانیزمانەی کە پێویستە بگیرێنەبەر لەحاڵەتی دووچاربونیان بەپێشێل کاری جۆراوجۆر.

٥- ڕێنوێنی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران بەڕێکار و ڕێوشوێنە کارگێڕی و یاساییەکانی تایبەت بەدەست کەوتنی زانیاری لەدامودەزگانی حکومەت و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتدا.



## پێشینەی بارگرژی و ڕەهەندەکانی میدیا و سیاسەت لەهەرێمی کوردستاندا

سەرباری هەڵمژینی هەناسەی ئـازادی جەستەی میدیای کوردی و بەرفراوانی گۆڕەپانی کاری میدیایی و ڕەوانامە و ڕێکار و ڕێوشوێنە دەستوری و یاساییەکانی تایبەت بەئازادی ڕۆژنامەگەری و کاری میدیایی لەماوەی ٣٠ ساڵی حوکمڕانی لۆکاڵی نیمچە سەربەخۆی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، هەتا ئێستا نەتوانراوە بەربەستێک بۆ هێور کردنەوەی بارگرژی نێوان هەردوو کارەکتەری میدیاکار و سیاسەتوان دابنرێت. بەدرێژایی ئەو ئەزموونە حوکمڕانییە لۆکاڵییە هەمیشە کەمپینی میدیایی و پڕوپاگەندەی میدیایی و چەواشەکاریی میدیایی بەردەوام لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ململانێ سیاسییەکان و دروست بوونی قەیرانەکان، لایەنێکی سیاسی لەسەر حیسابی لایەنێکی سیاسی دیکە بەئامانج دەکرێت، هەتا ئەندازەی ڕۆچوونە نێو ژیانی تایبەتی کەسایەتییە سیاسیەکان، لەم سیاقەدا، ئەتوانین بەسێ تێبینی ڕەهەندەکانی بارگرژی و باکگراوندەکانی نێوان هـەردوو دوانـەی «میدیا و سیاسەت» لەدۆخی هەرێمی کوردستاندا کورت بکەینەوە کە بریتین لە:

**تێبینی یەکەم:** سەرهەڵدانی هەژموونی بکەرێکی سیاسی نوێ لەحکومەت و پەرلەماندا کە خۆی لەبکەری حزبی سیاسی نوێی ئۆپۆزسیۆندا دەبینێتەوە، ئەم بکەرە سیاسیە نوێییە لەساڵی ٢٠٠٩وە بەفیعلی تابلۆی بارگرژییەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو خستە نێو بازنەی پەیوەندی ناجێگیر لەنێوان میدیا بەشێوەیەکی گشتی و میدیای کەرتی تایبەت بەشێوەیەکی تایبەتی و کارەکتەری سیاسی نێو کایەی دەسەڵاتی کوردی لەهەرێمی کوردستاندا، ئەم تابلۆیە جۆرێک لەدۆخی فەوزا و بێ دەربەست لەکاری میدیایدا خوڵقاند و هەتا حاڵی حازر تەمی ئەو فەوزایە فەزای کاری میدیایی لەکوردستانی باشووردا پۆشیوە.

**تێبینی دووەم:** دەرکەوتن و هەڵتۆقینی سەرمایەداری سیاسی و حزبی ناسراو، لەبەڕێوەبردنی ڕۆژنامە و کەناڵی ئاسمانی و پێگەی ئەلکترۆنی تایبەت بەهەواڵ، ئەگەرچی گۆڕەپانی میدیایی لەکوردستانی باشوور بەچەندایەتی و فرەیی لـەبـڵاوکردنـەوە و پەخشی ئامرازەکانی ماس میدیای جەماوەری ناسراوە، بەڵام حاڵی حازر واقیعی میدیا لەم بەشەی کوردستان لەلایەن حزبی سیاسی و کۆمەڵە کەسانێکی کەم خاوەندارێتی دەکرێن و کاریگەرییان بەسەر دەزگاکانی میدیاوە هەیە.

**تێبینی سێیەم:** زۆربەی پشتیوانان و سپۆنسەرانی میدیا لەهەرێمی کوردستاندا پەیوەست و پەیوەندییان بەکەرتی

ئابوری و سیاسیەوە هەیە، دامەزراوەی گشتی و نیمچە گشتی و کەرتی تایبەتی حزبی گەورەترین مایەپێدانی دەزگاکانی میدیان، ئەم هاوکاری و سپۆنسەرانە بەهەژماری بانکی و فەرمی سەلمێنراوە، بۆیە هەمیشە دابەش کردنی ڕیکلامە بازرگانییەکان ملکەچی لۆژیکی وەلائی سیاسیە، ئەگەر چی جاڕدان و ڕیکلام لەهەرێمی کوردستاندا سەرباری ڕێکخستنەوەی لەچوارچێوەی چەند بەند و مادەیەک بەناوی یاسای ژمارە (٤)ی تایبەت بەڕێکخستی ڕیکلامی بازرگانی لەهەرێمی کوردستاندا، وەلێ کەموکوڕی بەیاساکەوە دیارە و مەرجی شەفافیەتیان تێدا نیە و لەچوارچێوەی ڕەوانامەی تایبەت بەپەیماننامە نێو دەوڵەتیەکاندا ڕێکنەخراوە بەتایبەتی ڕەهەندە ئێتیکی و ئەخلاقیەکانی بەرهەم هێنانی ڕیکلامی بازرگانی وەک پاراستنی مافی بەکاربەر، قۆرخکردنی وێنە و کارەکتەری منداڵ، وێنەی تەرزگەرایی ژنان، ڕەچاو نەکردنی بەرهەم و شمەکی ناوخۆیی و....هتد)) لەنێو یاساکەدا، لەبەر ئەو هۆیانە، دابەشکردنی ڕیکلام لەکەرتی ڕۆژنامەگەریدا ملکەچی لۆژیکی بازاڕ نیە، بەڵکو ملکەچی سروشتی هەڵوێستی دەسەڵاتی سیاسیە لەسیاسەتی هەواڵسازیی ئەو دەزگا یان ئەم دەزگای میدیاییدا. وەک دەبینین هەندێک دامەزراوەی میدیایی سێبەری دەسەڵات و بکەرە سیاسیەکان لەلووتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا (حزبی و حکومی)، ئەگەر چی ڕێژەی بەرکەوتنی خوێنەر و بینەر و بیسەر بۆ دامەزراوەکەی بەڕێژەیەکی ئەوتۆ نیە، کەچی زۆرترین ڕیکلامی بازرگانی قۆرخ کردووە و دەستی دەکەوێت بەبەراورد لەگەڵ دامەزراوەی میدیایی دیکەی هاوشێوە و هاوڕێژە لەبەرکەوتنی خوێنەر و بینەر و بیسەردا. ئەم دیاردەی ناعەدالەتی دابەش کردنەی ڕیکلامی بازرگانی لەفەزای پیشەیی ئەزموونی میدیای کوردیدا بۆخۆی ئاراستەیەکی فکری گریمانەییە لەم گۆزارشتەدا: ڕیکلامی بازرگانی چەکێکی سیاسیە، بەکار دەهێنرێت بۆ سزادانی ئەو دامەزراوە میدیاییانەی کە لەدەرەوەی پۆلی باڵندەکان دەخوێنن!!.

## چۆن پەیوەندی نێوان میدیاکار و سیاسەتوان ئاسایی دەبێت؟

لەم سۆنگەیەوە هەوڵ ئەدەین ئەو پێداویستی و ئامرازانەی کە بەدیهاتوون یان بەدینەهاتوون بۆ چارەسەر کردنی پەیوەندی بارگرژییەکانی نێوان بکەرەکانی میدیا و سیاسەت لەهەرێمی کوردستاندا بخەمەڕوو:

**. پێداویستی یەکەم: بەیاسا کردنی مافەکان و زامن کردنی پیشەیی:**
هەتا ڕادەیەک ئاماژەیەکی ئەرێنییە، ڕەگەزەکانی ئەم پێداویستیە بریتیە لەپشت بەستن بەیاساکانی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە(یاسای ڕۆژنامەگەری لەکوردستان)، یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت

بە(یاسای مافی دەست کەوتنی زانیاری لەهەرێمی کوردستان). لەگەڵ کۆمەڵێ یاسای دیکەی تایبەت بەبڵاو کردنەوە و بەکار هێنانی ئامێری ئەلکترۆنی و یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی. ئەم پێداویستیە (بەیاسا کردنی ماف و زامن کردنی پیشەیی) هەتا ئاستێکی ئەرێنی ڕەگەزێکن لەچارەسەر کردنی بارگرژیەکانی نێوان هەردوو بکەری سیاسی و میدیاییدا، هەر لەزامن کردنی ئازادی کاری ڕۆژنامەگەری و دەستەبەر کردنی مافی پیشەیی و زاتی خودی میدیاکار و مافی دەستکەوتنی زانیاری و ئازادی گوزارشت کردن و بیروڕا بەدەر لەتاوانەکانی بڵاوکردنەوە. وەلێ سەرباری بوونی ئەم یاساگەلانەش بارگرژییەکان ناوبەناو (بەتایبەتی لەکاتی قەیرانەکان و ململانێ سیاسیەکاندا) هەڵدەکشێن و لەساتی سەقامگیری سیاسیدا دادەکشێن، هەڵبەتە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە لەهەڵکشان و داکشانی بارگرژی پەیوەندییەکانی نێوان میدیا و سیاسەت:

- یەکەمیان، بۆ نمونەی دەگەڕێتەوە بۆ خاوەندارێتی دامەزراوەی میدیایی لەهەرێمی کوردستاندا کە تاڕادەیەکی ڕەها لەلایەن کارەکتەری سیاسی و ڕێکخراوی سیاسی، چ ڕاستەوخۆ بێت (زمانحاڵی فەرمی) یان ناڕاستەوخۆ بێت (میدیای سێبەر) کۆنترۆڵ کراوە. لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا، هەمیشە بارگرژییەکان بوونیان هەیە.
- دووەمیان، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی هۆشیاری و کولتووری یاسایی خودی ڕۆژنامەنووسان و سیاسەتی هەواڵسازیی دامەزراوەکانی میدیا لەلایەک، دامەزراوەی دادگەری و دادگاکان لەمەڕ مامەڵە کردنیان لەگەڵ یاسا بەرکارەکانی تایبەت بە ڕۆژنامەگەری و ماف و ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسان لەلایەکی ترەوە.

دۆخی میدیا



بەیاسا کردنی مافەکان و زامن کردنی پیشەیی، هەتا ڕادەیەك ئاماژەیەکی ئەرێنییە، ڕەگەزەکانی ئەم پێداویستیە بریتیە لەپشت بەستن بەیاساکانی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ تایبەت بە(یاسای ڕۆژنامەگەری لەکوردستان)، یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت بە(یاسای مافی دەست کەوتنی زانیاری لەهەرێمی کوردستان).

. **پێداویستی دووەم: دامەزراوەی نیشتمانی میدیا:** ئاماژەیەکی نەرێنیە، هەتا ئێستا ئەزموونی میدیای کوردی لەماوەی سێ دەیەی ڕابردودا نەیتوانیوە هاوشانی ئەزموونەکانی وڵاتانی مۆدرێن هەنگاوی بەدامەزراوە کردنی میدیا بنێت بەئامانجی قوتاربوون لەفەوزای میدیایی و پابەندبوون بەپرنسیپەکانی ئەخلاقیاتی پیشە و پابەندبوون بەیاسا بەرکارەکان و ئەو سیستمە وابەستەیە بەمومارەسە کردنی کاری میدیایی بەگشتی و زامن کردن و پاراستنی مافی هاوڵاتی لەمیدیادا بەتایبەتی، پاشان پەرەپێدانی ئازادی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە و پەرەپێدان بەگیانی دادگەرایی خودی دامەزراوەکانی میدیا لەسەر بنچینە و بنەماکانی دیموکراتی. دامەزراوەی ڕێکخستنی میدیای نیشتمانی بۆ دۆخی ئێستای ئەزموونی میدیای کوردی زەرورەتێکی دەست بەجێیە بەنییەت و ئامانجی ڕێکخستنی کاری میدیا و گەشەسەندنی کولتووری میدیایی لەهەرێمی کوردستاندا، نەک بەئاراستەی سانسۆر کردن و لەقاڵبدانی کار و پیشەی میدیا و کۆنترۆڵ کردنیان.



. **پێداویستی سێیەم: بەیاسای کردنی ئابووری میدیا:** بەهەمان شێوە ئاماژەیەکی نەرێنیە لەئەزموونی ٢٩ ساڵەی میدیای کوردیدا، چونکە هەتا حاڵی حازر پیشەسازی میدیا و مایەدانی دامەزراوەکانی میدیا کۆت و بەندی سەرمایەی ڕێکخراوە سیاسیەکان و بکەری کەسایەتیە سیاسیەکانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ (زمانحاڵی فەرمی) و ناڕاستەوخۆ (میدیای سێبەر) هەتا ئەندازەیەک کە ئەستەمە بتوانیت گومان لەدامەزراوەیەکی میدیایی سەرمایەی ئازاد نەکەی. ئەمە سەرباری ئەوەی لەساڵی ٢٠١٩ یاسای ژمارە (٤)ی تایبەت بەڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی دەرچوێنرا، بەڵام تاوەکو ئێستا ڕیکلامی بازرگانی هیچ شەفافیەت و دادپەروەرییەک نیە لەدابەش کردنیدا. گرفتی

هەواڵنامەی کتێب

پیشەسازی ڕۆژنامەگەری کاغەزیش لەولاوە بوەستێت کە لەبارودۆخێکی ناهەمواری دارایی قورسدا دەگوزەرێت و لەلێواری مان و نەماندایە.

**. پێداویستی چوارەم: دیموکراتیزە کردنی میدیا:** ئەم پێداویستیەش بەداخەوە ئاماژەیەکی نەرێنی هەیە لەئەزموونی میدیای کوردیدا، پێویستی بەهەوڵ و تێکۆشانێکی دەستبەجێ و فشاری مەدەنییانە هەیە بەمەبەستی هەڵگرتنی دەستی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دامەزراوەکانی دەوڵەت و بکەرە سیاسیەکان لەسەر میدیا و ڕێگە خۆشکردن و زەمینەسازی و هاندان لەگەشە پێدانی میدیای کەرتی تایبەتدا.


**. پێداویستی پێنجەم: دیاری کردنی وەلائی نیشتمانی و نەتەوەیی:** بەهەمان شێوەی پێداویستیەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم ئاماژەیەکی نەرێنیە، گوتاری میدیایی و سیاسەتی هەواڵ و زانیاری میدیای کوردی لەهەرێمی کوردستان ناڕوون و بێپلان و بێستراتیجە، لایەنی شاراوەی کارتێک و خاوەن قەڵەمڕەوی سیاسی و ئایدۆلۆجی ئیقلمی و نێودەوڵەتی هەن لەپشت سیاسەتی هەواڵی و گوتاری لەمیدیای کوردیدا، کاریگەری مەعریفی و ویژدانی و ڕەفتاری لەسەر جەماوەری وەرگری کورد بەجێهێشتووە و دەرەنجام ئاماژەیەکی نەرێنی دەبێت لەسەر بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و وەڵائی نیشتمانی و نەتەوەیی تاک و کۆمەڵگە.

سۆشیال دیموکرات

همتا ئێستا ئەزموونی میدیای کوردی لەماوەی سێ دەیەی ڕابردودا نەیتوانیوە هاوشانی ئەزموونەکانی وڵاتانی مۆدرێن هەنگاوی بەدامەزراوە کردنی میدیا بنێت بەئامانجی قوتاربوون لەفەوزای میدیایی و پابەندبوون بەپرنسیپەکانی ئەخلاقیاتی پیشە و پابەندبوون بەیاسا بەرکارەکان و ئەو سیستمە وابەستەیە بەمومارەسە کردنی کاری میدیایی

# فاشیزم و شار..

# بەعسیزم و کەرکوک



ئەندازیار : محەمەد عەزیز محەمەد



هەواڵنامەی کتێب

شار لەڕاستیدا پێکهاتەیەکی ئەبسولوت و ڕووتی بیناکان و شەقامەکان نیە، بەڵکو کائینێکی زیندوی هەمیشە نوێبووەوەیە، وەک بونەوەرێکی زیندوو هەستی هەیە، غەمبار دەبێت، نەخۆش دەکەوێت و چاک دەبێتەوە، جاری وەها هەیە گیرۆدەی نەخۆشی درێژخایەن دەبێت و ئەیپوکێنێتەوە و پاشان دەمرێت، جاری وەهاش هەیە بەهۆی خراپی ئیدارە یان هێرشی دوژمن و داگیرکاری ناڵەی دەگاتە ئاسمان، شاری وەهاش هەیە بۆ ڕۆژیک دڵی لەلێدان ناکەوێت وهەزارەها ساڵ گرمەی دێت.

تەلارسازی پۆلەندی ((دانیال لیبسکند)) دەڵێت (تەلارەکان وەک ئێمە دەژین و هەناسە دەدەن، ناوەوە و دەرەوەیان هەیە، خاوەنی جەستە و ڕووحن). هەموو جەستەی شار لەیەکچونێکی زۆری لەگەڵ هەر زیندەوەرێکدا هەیە.. دەکرێت شەقام و جادە و لقەکان و کۆڵانە باریکەکانی بەدەمار و شادەمار بچوێنین کە وەک چۆن خوێن لەجوڵە بکەوێت دەمارەکان وشک دەبن ئاوهاش گەر شەقامەکان جوڵەیان تێدا نەبێت شار دەبێتە جەستەیەکی مردوو.

بەو پێیەی وەک چۆن شار سەنتەری چالاکی بازرگانی و پیشەسازی بووە هەروەاش سەنتەری حکومڕانی و دەسەڵات بووە و لێرەوە هەرچی کێشمەکیشی سیاسی هەبووە لەشارەکاندا چڕ بووەتەوە و خۆی نواندووە و ئاژاوەکان بەسەر شاردا شکاونەتەوە. بڕیارە سیاسیەکانی حکومڕانەکان و مشتومڕ و ململانێی دەوڵەتان کاریگەری ڕاستەخۆیان لەسەر شارەکان هەبووە و قوربانی یەکەم بوونە. لەبەرامبەردا شارەکان لەبەرەنگارییەکی گەورەدا خۆیان نواندووە و پێ بەپێی ڕووداو و کاریگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنە زانستییەکان خۆی گونجاندووە لەهەر قۆناغ و بۆ هەر ڕووداوێک وەڵامی هەبووە و هاوتەریب لەگەڵیدا پێشکەوتووە، لەزەخیرەی ئەدەبیاتی جیهانی ئەم گۆڕانکاریانە لەزۆر جێگە دەردەکەویت، ڕۆمان نووسەکانی سەدەی نۆزدە بەشێوەیەکی بەرچاو شرۆڤە و شیکاری دیاردەی شاری دوای شۆڕشی پیشەسازی دەکەن کە وەهایکرد شار ببێتە تاقیگەیەگی گرنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ((چیرۆکی دووشار)) ی چارلز دیکنز باسی دۆخی شاری لەندەن و پیشکەوتن و گۆڕانکاریەکان دەکات بەتایبەت لەو ماوەیەدا. دیستۆڤسکی لەڕۆمانی ((تاوان و سزا))دا باسی شاری پوترسبۆرگی ڕوسی دەکات کە چۆن لەشارێکی سوننەتیەوە بەرە و شارێکی نوێ هەنگاو دەنێت لەڕێگەی ئەو پرسیارانەی ناو ڕۆمانەکە کە (سفدریجایلوف) لەپاڵەوانی ڕۆمانەکە (ڕاسکۆلنیکۆف) ی دەکات لەبارەی ناڵەباری شارەکەوە پێی دەڵێت (ئەمە کەی شارە؟ چۆن دەبێت شار ئاوها دروست ببێت؟ ئەتوانی ئەمەم بۆ شی بکەیتەوە؟ شارەکە شاری کارمەندی حکومی و خوێندکارانە لەهەموو توێژەکان).. وروژاندنی ئەم پرسیارانە لەو کاتەدا دەیسەلمێنیت شارەکان لەبواری سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتیدا چەند لەگۆڕان کاری گەورەدا بوونە بەراورد بەپێش شۆڕشی پیشەسازی، بۆیە شاری ئەوروپی ئەو کاتە گوزارشتی ڕاستەوخۆی لەگۆڕانکاریە گەورەکانی ئەو کاتە کردووە وەک چۆن پێ بەپێی گۆڕانکارییە گەورەکان لەبواری



زانست و بیر و هۆشیاری و ئەدەب و فەلسەفە و مافەکانی مرۆڤ دەچووە نێو هاوکێشە و هەژموونی نوێخوازی (الحداثة)ەوە، لەڕووی تەلارسازی و دیزاینی شارسازییەوە هەنگاوی دەنا و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بازرگانی و پیشەسازییەکان زۆر بەزوویی پێش دەکەوت. کەواتە لەهاوکێشەی قۆناغە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مێژوودا شار کاراکتەری یەکەم بووە، کارلێکەر و کارلێکراوی سەرەکی بووە هەر بەو پێیەش بەڵای شەڕەکان ڕاستەوخۆ بەرۆکی شارەکانی گرتووە و دەستی ناوەتە بینی و وێرانکاری گەورەی لەتەکدا هێناوە، لەمێژوودا لەکوێ شار هەبوبێت لەوێ شەڕیش هەبووە، شەڕ دیاردەیەکی دانەبڕاوە لەشار و هەر لەگەڵ یەکەم هەنگاوەکانی دەرکەوتنی شار شەڕ بەتەریب لەتەکیدا هەبووە، ئەوترێت یەکەم شارێک کە لەڕۆژهەڵاتی ناوین پەیدا بووە شاری (جاتاڵ هیوک)ە لەئەنادۆڵ پێش هەشت هەتا نۆ هەزار ساڵ هەر لەوێش بۆ یەکەم جار پاشماوەکانی شەڕ دۆزراوەتــەوە. تەنانەت گێڕانەوەکان لەو بارەیەوە هەندێک جار چووەتە خانەی ئەفسانەوە وەک داگیر کردنی تەروادە دوای شەڕێکی دە ساڵە کە هۆمیرۆس لەئەلیادەدا باسی دەکات.. وێران کردنی شاری قەرتاج لەساڵی ١٤٦ی پێش زایین لەلایەن ڕۆمانەکانەوە و دوای ئەوەش بەچەند سەدەیەک داروپەردووی شارەکانی وەک جیۆرنیکا و کۆفنتری و دریزدن بەسەریەکا دران و بەئاگری شەڕ گیرۆدە بوون. تەختکردنی هیرۆشیما و ناکازاکی یابان و تەرمی بەجێماوی بێشوماری مرۆڤ لەشەقامەکانی ستالینگراد لەگەمارۆی شارەکە و دیمەنی وێرانەی شارە ئەوروپییەکانی وەک وارشۆ و زۆر شاری دیکە لەشەڕی جیهانی دووەم و دیمەنی یەکسان بوونی شارۆچکەکانی کوردستانی دوای ئەنفال لەگەڵ زەویدا و شارەکانی عیراق و سوریای دوای ڕوداوەکانی ئەم دواییە

فاشیزم وەك فكر ڕەتكردنەوەی هەموو چارەسەرێكی نەرم و ئاشتیانەیە و بۆ یەكلایی كردنەوەی كێشە و تەنها بڕوای بەهێز هەیە . لەمێژوودا ڕەگی قوڵی هەیە و پێش حیزبی فاشستی ئیتالیا كە لەساڵی ١٩٢٢دا بەسەركردایەتی مۆسۆلینی حوكمی گرتە دەست بوونی هەبووە .



دیمەنگەلی ناخ هەژێنن کە دەیسەلمێنن شار قوربانی گەورەی شەڕەکانە...

ئەمە دۆخی شاربووە لەمێژوودا بەو پێیەی سەنتەری دەسەڵات و سامان بووە بۆتە جێی چاوتێبڕینی دوژمنان. بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم چاوتێبڕینانە و خۆ گونجاندن شاریش دەبوایە حیسابی خۆی بکردایە. باشترین ڕێگەچارەش دروست کردنی بەربەست و پاشان دیواری بەرزی قەڵائاسا کە پێ بەپێ پێشکەوتنی بەخۆوە بینی هەتا گەیشتە سەدەی هەژدە، ئەمەش لەسەر دەستی ئەندازیارە تەلارسازەکان وسەربازییەکان، لەناویاندا (مارکیز فوبان ١٦٣٣– ١٧٠٧م). بۆیە شارەکان بوون بەحەشارگەیەکی باش بۆ خۆشاردنەوە لەئافاتەکانی شەڕ بەڵام دوای پەیدابوونی چەکە قورسە دورهاوێژەکانی وەک مەدفەع ئیتر ئەو دیوارانەش سودێکی ئەوتۆی نەما، هەرچەندە نەمانی ئەو ئەڵقە دیوارانە ڕەهەند و سیمای ژیاری و مەدەنییەتی پێوەبوو بەڵام دیسان شارەکان دەکەونەوە بەر نێزەی دوژمنان و مەترسییەکانی سەری هەر بەردەوام بوو. لەڕاستیدا جەنگەکان لەناویشیاندا داگیرکارییەکان (الفتوحات) دەرەنجامی تەماعە بێ سنور و نامرۆڤانە و وبیرکردنەوە نەخۆشەکانی مرۆڤە کە جگە لەشەڕ هیچ ڕێگەیەکی ترناهێڵێتەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی. دەرەنجامی شڵەژانی دەورونییەکە کە لایەک یان زیاتر پێی دەگەن. دەکرێت بڵێین لوتکەی شێت بونێکە کە مرۆڤ زۆر جار لەئاگایی یان بێ ئاگایی لەچرکەساتێکدا پێی دەگات.

ئەگەر نیرۆن نەخۆشیی دەرونی نەبوایە چۆن لەپێناوی نیازێکی کەسیی خۆی شاری ڕۆمای سەرتاپا دەسوتاند، ئەگەر سەدام گرێی دەرونی دەورانی منداڵی نەبوایە ئەو هەموو تاوانەی ئەنجام نەدەدا و هەڵەبجە وێران نەدەبوو. ئەگەر هیتلەر دەروونی نەخۆش نەبوایە چۆن لەپێناوی فیکری نازیزم هەڵپەی داگیرکردنی جیهانی دەکرد.

فیکری فاشیزم وەک ترۆپکی ئەم شەڕانگێزییە دوای سەرهەڵدانی بەهەمان شێوە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەشەڕو ئاژاوەکاندا، وەک دیاردەیەکی قۆناغەکەی بەخێرایی پەرەی سەند و کەم وڵاتی جیهان هەیە بەئێستاشەوە پەیڕەوی ئەم فیکرەی تیا بەدی نەکرێت.

فاشیزم وەک فکر ڕەتکردنەوەی هەموو چارەسەرێکی نەرم و ئاشتیانەیە و بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشە و تەنها بڕوای بەهێز هەیە. لەمێژوودا ڕەگی قوڵی هەیە و پێش حیزبی فاشستی ئیتالیا کە لەساڵی ١٩٢٢دا بەسەرکردایەتی مۆسۆلینی حوکمی گرتە دەست بوونی هەبووە. هەندێک لەمێژوو نووسانی وەک ئیرین کوالیز و هوارد سی باین پێیان وایە ناپلیۆنی سێیەم کە دەوڵەتی پۆلیسی دامەزراند و ڕاگەیاندنی سەرکوت کرد پێشڕەوی فاشیزمە. ستالین هەرچەندە لەشەڕی جیهانی دووەمدا لەبەرەی دژی فاشیەتی ئیتالی و ئەڵمانی نازی بوو بەڵام لەڕەفتاردا بەرامبەر بەگەلانی سۆڤیەت و بەرامبەر بەو دەوڵەتانەی داگیری دەکرد ڕەفتاری فاشیانە بوو. ئەمریکا لەڤێتنام لەلوتکەی فاشیەتی خۆیدا بوو... بەپێی پێناسە باوەکەی بێت کەم شەڕ هەیە لەمێژوودا هەتا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان کە چەمکێکی



فیکری فاشیزمی بەرنەکەوێت.. پوختەی بیری مۆسۆلینی لەوەدا کورتدەبێتەوە، بڕوای وەها بوو ئیرادەی گەل ڕێگەیەک نییە بۆ گەیشتن بەحوکم بەڵکو ئەوە هێزە کە فەرزی ئیرادە و یاسا دەکات، لەحوکومڕانیدا هەموو دەسەڵاتەکان لەکەسێکدا کۆدەبێتەوە ئەویش سەرۆک وەزیرانە کە لێرەدا نزیک دەبێتەوە لەنازیزمی ئەڵمانیا، واتا فاشیزم لەناوخۆی وڵاتدا هیچ بوارێک ناهێڵێتەوە بۆ خۆپیشاندان و نارەزایی و کاری سەندیکایی یان ئەگەر هەبێت پێویستە هەمویان سەربە حیزبی دەسەلاتداربن. لەڕۆمانی ١٩٨٤ی (جۆرج ئۆرویڵ)دا پێناسەی ڕوونی دەوڵەتی پۆلیسی و فاشیزم بەدی دەکرێت، لەو ڕۆمانەدا نوسەر زۆر بەجوانی پێناسەی ڕێگاکانی فاشیزم دەکات بۆ مانەوە لەدەسەڵاتدا.. ئەم بیرکردنەوە و ڕەفتارانە هەر ئێستا لەزۆر شوێنی جیهان پەیڕەو دەکرێت و وادیارە حکومڕانی لەناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا سەرقافڵەی ئەم فیکرەیە. بەڕاست وچەپدا ئێمە ئەم تێڕوانینە بەدی دەکەین. ئەم هێزە بەکورتی سەپاندنی بیر و ئایدیایەکی خۆسەپێنەرە بەسەر ئەوانی دیکەدا. ئەوانی دیکە وەک مەترسییەک بۆ سەر خۆی دەبینێت و لێرەوە ڕەوایەتی و شەرعیەت بەلێدانی ئەوانی دیکە دەدات. واتە هەموو ئایدیۆلۆژیەکانی دیکە وەلادەنێت کە ئەمەش دەکرێت وەک ترسێکی ناوەکی تەماشا بکرێت و لەناخی کەسی فاشیدا خۆی مەڵاس داوە. ترسێک کە پێی وایە ئەگەر ئەو بەرامبەرەکەی لەناو نەبات ئەوە دەبێتە هۆی مەترسی لەناوچونی خۆی. ئەم ئاوەزە نەخۆشە بۆ مانەوەی خۆی هەموو ئەو ئاستەنگانەی کە لەزیهنی خۆیدا دروستی دەکات بەترسناکترین ڕێگاکان لەناو دەبات و دەیسڕێتەوە، بۆیە دەبینین لەو وڵاتانە دڕندانەترین جۆری شەڕ ڕوودەدات و هەرچی دێتە پێشیان دەیسڕنەوە.. شارەکان دەبنە سەنتەری ململانێ و پاشان قوربانی.. ڕوداوەکانی ئەم دواییەی عیراق و سوریا و تورکیا پەیڕەو کردنی پراکتیکی بیری فاشیزمی بەربڵاوە لەناوچەکە. ئەوە دەردەخات کە دەوڵەتانی ناوچەکە لەلوتکەی پەیڕەوی بیری فاشیزمدان، ئەگەر لەئەوروپا بیری فاشیزم لەنێوان دەوڵەتاندا وڵاتانی وێرانکرد ئەوە لەم ناوچەیە سەرەرای دەوڵەت و دەسەڵات زۆربەی هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵاتیش گیرۆدەی هەمان بیرکردنەوە دەبن وهەمان ڕەفتار لەگەڵ نەیارانیان دەکەن، بۆیە هەموان بەربونەتە گیانی یەکدی و قوربانی یەکەمیش خەڵکی سڤیل و وێران بوونی شارەکانن. لەشەڕی عیراق و ئێران بەدەیان شاری ئەم دوو وڵاتە وێران بون، هەر ئەو بیرە فاشیستییەی بەعسیزم بوو گەیشتە ترۆپک و بۆ سڕینەوەی نەیارانی دەستی لەهیچ شتێک نەپاراست، ئەم بابەتە هی ئەوە نییە هەروا بەسەرپێیی و ڕوکەش بەسەریا بازبدەین. چونکە ئەوە دەسەلمێنێت کە بیری فاشیزم لەناوچەکە ڕەگی قوڵی هەیە و تەنانەت بۆ سەدان ساڵی پێش حیزبی فاشیستی ئیتالی دەگەڕێتەوە. ئێمە دەبینین کە ئەو زەحفەی زیاتر لەهەزار ساڵە ناوچەکە داگیر دەکات و نەتەوە ڕەسەنەکانی ناوچەکە ڕادەماڵێت و لەناویان دەبات ئێستاش هەر دەڕوات و سەر زەمینی گەلان داگیر دەکات و لەگەڵیدا گەلان ڕادەماڵێت.

دەوڵەتی ئێران لەسەرکوت کردنی کورد لەکۆتایی

حەفتاکاندا هەموو ئامرازەکانی فاشیزمی بەکار هێنا.. تورکیای کەمالی هەر لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو هەتا ئێستاش چەندین شۆڕشی کوردی بەدڕندانەترین شێواز سەرکوت کردووە لەو نێوەدا بەهەزاران گوند و دەیان شاری وێران کردووە. لەو پێناوەشدا ئەوەندەی کورد ڕاگواستووە و سیما و دیموگرافی شارەکانی وەها تێکداوە کە ئێستا کەم شاری کوردستانی هەیە بەزۆرینە کورد مابێتەوە لەبەرامبەردا کەم شاری تورکی هەیە لەتورکیادا کوردی تێدا نەژی. دەوڵەتی تورکیا بە بەرچاوی جیهانەوە هەموو ڕێگەکان بەکار دەهێنێت بۆ تواندنەوەی نەتەوەیەکی گەورەی وەک کورد لەتورکیادا، سەرەڕای کوشتن و بڕین شارەکان وێران دەکات و هیچ شەرمیش ناکات لەیاسا و ڕێسا جیهانییەکان بۆ پاراستنی خەڵک و خاک و تەنانەت بەدروست کردنی بەنداو کولتور و ئاسەواری هەزاران ساڵەی وەک ئاسەوارەکانی شاری حەسن کیف دەخاتە ژێر ئاوەوە.. ڕەفتاری سوریای ئەسەدەکانیش بەرامبەر بەکورد گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە نکۆڵی لەبوونی کورد بکات و تەنانەت بێبەشیان بکات لەڕەگەزنامە. دەوڵەتی عیراق هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە لەسەرەتای سەدەی بیست. دەوڵەتێکی ئاسایی نەبووە و ئارامی بەخۆوە نەبینیوە، دەرەنجامی ئەمە بەردەوام ئەم دەوڵەتە لەشەڕو ئاژاوەدا بووە سەرەڕای قوربانی زۆری گیانی خەڵکی وڵاتەکەش لەنەهامەتی و کولەمەرگی و دڵەڕاوکێی بەردەوامدا بوونە، لەسەردەمی سەدامدا ئەم شپرزەییە گەیشتە ترۆپک و دەستی زەبر و ستەمی ڕژێم گەیشتە هەموو بستێکی وڵاتەکە، بۆیە جگە لەبەغدا هیچ شارێکی عیراق ڕوخساری شاری پێوە دیار نەبوو کە ئەویش دوای شەڕی هەشت ساڵەی (عیراق -





ئێران) تێکچوونی زۆری بەخۆوە بینی، بنیاتنان لەهەموو عیراقدا نزیک بووەوە لەوەستان و سیمای شارەکان بەتەواوی تێکچوون، خەڵک بەهۆی سەرقاڵ بوونی بەژیانی ڕۆژانەوە دروست کردن و چاککردنی خانووەکەی لەبیرکرد و لێرەشەوە قەیرانی قوڵی نیشتەجێ بوون کەڵەکە بوو، بۆیە ئەبینین دوای ٢٠٠٣ تەقینەوەیەکی گەورە لەدروست کردنی خانوودا ڕوویدا و خەڵکی دەستی کرایەوە و لەهەموو جیگایەک دەست کرا بەخانوو دروست کردن و هەموو پارچە زەوی و شوێنە حکومییە بەتاڵەکان بەخانوو پڕ بوونەوە، زیادەڕۆییەکی زۆر لەسەر زەوی حکومی کرا و شارەکان پڕ بوون لەخانوی نارێک و زیادەڕۆ (وەک نمونە لەماوەی حەوت ساڵی دوای ڕوخانی سەدامدا لەبەغداد ٣٣٥ کۆمەڵگەی زیادەڕۆی نیشتەجێ بوون بەژمارەی دانیشتوانی ١١٥٧٣٩ کەس و لەنەینەوا ٢٧٢ کۆمەڵگە بەژمارەی دانیشتوانی ٢٠٢٠١٠٨ کەس و لەکەرکوک ٣٦ کۆمەڵگە بەژمارەی دانیشتوانی ٤٠٩٩٢ کەس دروست بوو)، ئەمەش هێندەی تر سیمای شارەکانی تێکدا.

ئەمە دەرئەنجامی سیاسەتی فاشیانەی دەیان ساڵەی هەموو دەسەڵاتەکانی عیراقە لەبواری شار و دەرئەنجامی سەرکوت کردن و کۆت و پێوەند کردن و بەستنەوەی خەڵک و لێسەندنەوەی مافێکی گرنگە کە ئەویش فەراهەم بوونی جێگەی ژیان و خانوی شایستەی نیشتەجێ بوونی خەڵکە لەو ماوەیەدا. دەرهاویشتەکانی ئەم بابەتە زۆر و زەوەندە و سەردەکێشێت بۆ سەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی تاک، حاڵی (دەرونی، ئابووری، تەندروستی، ئازادی، ...تاد) تاک زۆر وێران و شپرزە بوو. سەرەڕای دڵڕەقی حکومڕانەکان لەکوشت و کوشتاردا لایەنی گرنگی پشتگوێ خرا و فەرامۆش کرا و بەهۆی ڕەفتاری فاشیانەی بەعس بۆ ماوەیەکی درێژ شێواندنی (ژینگە، ئاو وهەوا، کلتور، زمان، زەوی) و دیارترینیان تێکدانی ڕوخساری شارەکانە. ئەگەر پێوەرەکانی جیهانیمان لەبەردەست بێت و بزانین چی پێویستە بۆ شارەکان و تەماشای شارەکانی ئێستای خۆمان بکەین تێدەگەین ئەوەی کە ڕوویداوە چ کارەساتێکە و چەند قبوڵ نەکراوە. شێوەی ڕوخساری شارەکان لەدەورانی سەدامدا لەمرۆڤێکی نەخۆش و لەش داهزراو دەچون. سیمای لەسیمای کەسێکی دەروون شێواو دەچوو. تەلارەکان دەهاتنە گۆ و باسی ستەمی دکتاتۆریکی فاشییان دەکرد کە ڕۆژانە لەڕێگەی ملۆزمەکانیەوە بەسەر شاردا دەسوڕێنەوە و دەستیان دەخستە بیناقاقای شار.. هەمومان لەبیرمانە دەسەڵات لەشارێکی وەکو کەرکوکدا لەجیاتی دارچاندن درەختەکانی پێشووی کە درەختی وەهای تێدابوو لەکاتی داگیرکاری بەریتانیاوە نێژرابوون وشک دەکران.. بە بەرچاوی خەڵکەوە باخچە گشتییەکانی ناوشار وشک دەکران هەتا شار وەهای لێهات بەدەگمەن درەخت و سەوزایی تێدا دەبینرا. لەگەڕەک و ناوچە کۆنەکانی وەک شۆریجە و ئیمام قاسم بەهۆی سیاسەتی بەعسیزمەوە قەدەغە بوو کە خانووی نوێ بنیاد بنرێت و تەنانەت مۆڵەتیان نەدەدا خانووە کۆنەکەی کە خۆت تیایدا نیشتەجێ بووی لەکاتی کۆن بوون یان ڕوخانیدا نۆژەن بکرێتەوە.

بۆیە شوێن و ناوچەی وەها هەبوو لەناوشاردا کە پیایدا تێدەپەڕێت بەڕیز خانوی ڕوخاو و کەلاوە دەهاتنە بەرچاو کە دەسەڵاتی بەعس لەخاوەنەکەی قەدەغە کردبوو نۆژەنی بکاتەوە. شار وەک ئەوەی خۆڵی مردووی بەسەردا کرابیت وابوو، لەبواری ڕەنگدا دەبینین هەموو ئیلیمێنتەکانی شار بەنزیکەیی یەک ڕەنگی بۆری مردوو بوو.. بەگشتی ڕەنگی لەبغێکی چیمەنتۆی تۆز لێ نیشتوو بەسەر شاردا زال بوو. بەدەگمەن ڕەنگی دیکە بەدی دەکرا، ئەگەر لێکۆلێنەوە و تێڕوانینی وردی بۆ بکرێت و لەزمانی شار تێبگەین گوزارشتێکی زۆر ڕوونە بۆ نەخۆشکەوتنی شار و هەلاهەلا بوونی جەستە و باری دەروونی. داگیرکەری ئینگلیز کە هات ڕاستە بۆ داگیرکردن و بردنی سامانی وڵات هاتبوو. بەڵام لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک نەریت و دیاردەی پۆزەتیفی هێنا. وەک شێوازی خانوی رۆژئاوایی و ماتریاڵی نوێی وەک بەکارهێنانی خشتی سوور لەبیناو خانوودا و ڕێکخستنی شۆستە و شەقامەکان و دروست کردنی فولکە و شوێنی گشتی و زۆر بوونی ڕووبەری سەوزایی لەشاردا، کەچی پێ بەپێی کشانەوەی ئینگلیز لەشارەکان و گرتنەدەستی حکومڕانی وڵات لە لایەن فاشیزمی نەتەوەی سەردەستەوە پێ بەپێ (ڕێژەی سەوزایی، شۆستە و شەقام، جۆری بینا و خانوو، ژینگە) لەتێکچونێکی پەلە و کارەساتباردا خۆی نواند و ساڵ بەساڵ کارەساتەکە گەورەتر دەبوو و هەتا دەگاتە ئەو بارەی کە ئەمرۆ ئیتر وەهای لێهاتووە شار جێگەیەکی گونجاو نییە بۆ ژیان. زمانی بیناسازی شار گوزارشتی ڕاستەوخۆی تێدایە بۆ ڕادەی داگیرکاری. ئەگەر بەراوردی شارێکی ئەورووپی وەک ڤییەننا بکەین لەگەڵ شارێکی وەک کەرکوکدا ئەم ڕاستییە دەردەکەویت، لەڤییەننا دابەش بوونی (ڕەنگ، گۆڕەپانی گشتی، ڕێکی خانوو و بینا، ڕێژەی سەوزایی، پاکی هەوا و خاک و شەقام، بەرز و نزمی بینا، دابەش بوونی فۆنکشنی چالاکییە ئیداری و بازرگانی و سیاسیەکان) بەتەواوی لەجێگەی خۆیدایە. کەچی لەکەرکوک ڕێژەی سەوزایی هەتا ئێستاش لە١٪ تێنەپەڕیوە. نارێکی زۆر لەشۆستە و شەقام، نارێکی لەریزی بینا و بەرز و نزمی لەیەک ریزدا، هەبونی ناوچەی زۆری هەڕەمەکی کە کەمترین ڕێسای ئەندازەیی تێدا بەدی ناکرێت، نەبونی باخچە و شوێنی گشتی، کەڵەکە بوونی تەپوتۆز لەسەر شەقام و شوستەکان، نەبوونی ڕەنگ، کەڵەکە بوونی زبڵ، هەڵەی گەورە لەپانی شەقام و گۆڕەپان و فوارەی ناشرین و نەبوونی شوێنی پشوو، هەبوونی بۆشایی زۆر لەناو شار و پێکهێنانی دیمەنی ناشرین، ئەمانە و چەندین حاڵەتی نەخوازاوی تر زۆر بەڕوونی بەدیدەکرێت کە گوزاشتی ڕوونی داگیرکارییە بەسەر شارەکەوە، داگیرکارییەک نەک وەک ئەوی لەسەرەتای سەدەی بیست بەسەر شاردا هات، بەڵکو داگیرکارییەک کە بچوکترین ڕەفتاری مرۆڤانە و ئەخلاقی پەیرەو نەکردووە و هەتا ئەوپەڕیشی فاشیزم دڕندەیی نواندووە. هەموو دیمەنەکان لەکەرکوک گوزاشتە لەسەر حوکمێکی فاشستی کە دەستی لەهیچ نەپاراستووە. ڕەنگە لەهیچ شوێنێکی دونیادا هاواری تەلار و شۆستەکان



وەک ئەوانەی کەرکوک نەتاسێنرابیت، ئەم هاوارە ترسناکە ترسی ناخی تاکەکانە کە لەتەلارەکاندا بەرووبی دەرکەوتووە، جگە لەچەند شوقام و شوێنێکی کەم نەبێت کە بەم دواییانە دروست کراوە ( وەک شەقامی قودس و چەند شوێنێکی شەقامی ڕێگەی بەغدا) لەهیچ شوێنێک دیمەنی شار بەدی ناکریت، بەداخەوە ئەم عەقڵە فاشیستە لەئاستێکی ئەوەندە ترسناکدایە کە جیاوازی لەخزمەت گوزاری و پەیڕەو کردنی ڕێنمایی ئەندازەیی دەکات لەنێوان شەقامیک و گەڕەکێک بۆ یەکێکی دیکەدا و جیاوازی زۆر دروست بووە لەدابەش بوونی خزمەت گوزاری و بینا حکومییەکان لەشاردا بەشێوەیەکن کە زۆربەی بینا حکومییەکان بەنزیکەیی لەناوچەیەک کۆکراوەتەوە و ناوچەیەکی زۆر هەیە کە هیچ بینایەکی حکومی تێدا نییە، لەبەرامبەردا هەبونی بازاڕ و ناوچەی بازرگانی وەها کە بەدیواری بلۆک و هەیکەلی ئاسنی نادروست و نائەندازەیی بونیاد نراوە و بەڕوپۆشی (واجهە) ئەلێکۆبۆنی نارێک داپۆشراوە ( وەک بازاڕی ئەڵماسی بەرامبەر عەرەفە) هەروەها هەبوونی خانوی نارێکی وەک ناوچە هەرەمەکییەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ کە کەمترین خزمەتگوزاری و کەمترین ڕێسای ئەندازەیی تێدا نییە گوزارشتی ڕوونن لەشپرزەیی دەرونی و ترسێکی قوڵ لە دەرکردن و ڕوخاندن و دوبارە ئاوارە بون و بەو پێیە هاووڵاتی هەوڵی داوە کە کەمترین تێچوو بۆ خانووەکەی یان دوکانەکەی خەرج بکات. ئەمە ترسە لەداگیرکەرێکی بێگانە و سەپێنراو کە ڕۆژانە بەسەریەوەیەتی و هەڕەشەی ئاشکرای لێ دەکات، ترسی مرۆڤێکە لەڕەفتاری فاشستی حکوتەکەی کە هیچ پابەندبونێکی ئەخلاقی و یاسایی لێ بەدی ناکات، ترسی یەکێکە بە بەرچاویەوە چەندین جار دەسەڵات خەڵکی لەماڵەکەی خۆی دەرکردووە یان ڕوخادویەتی یان خەڵکی تری تیا نیشتەجێ کردوە و خاوەن ماڵیش بێ ماڵ ماوەتەوە. دروست کردنی ماڵێک کە بەدیوارێکی خراپ و لەناوەوە

بەهۆی گەڕانەوەی ئاوارەیەکی زۆر ناوچەی نوێ و گەڕەکی نوێ دروست بوو بەڵام بەداخەوە ئەو ناوچە تازانەش بەهۆی نەبوونی پلانی گونجاو زۆر نارێك و پڕ کەموکوڕی بوو، دیسانەوە لەدروست کردنی ئەو ناوچانەی کە پێیان وترا (زیادەڕۆ) پاشماوەی هەستی داگیرکاری و ترس لەستەم پەلەپڕوزێ و نارێکی لەدیزاین و پێکهاتەکان بەزەقی بەدی دەکرێت



دابەش بوونێکی نارێک و نەبونی ڕوناکی و پەنجەرەی بچوک (سەرەڕای کەم دەرامەتی) باشترین گوزارشتە لەنەبوونی دڵنیایی لەدوارۆژی، ئیدی وەک چۆن کە دەروونی تاک شێواو بێت بەڕوخسارەوە دیارە، شاریش هەروا لەهەموو بستێک و کونج وکەلێنێکی لەهەموو شەقامێکی لەڕوکەشی ماڵ و بینادا دەردەکەوێت کە چ غەدریکی بەسەرەوەیە و چەندە دەروونی ماندووە، بیرمەندی ئەڵمانی نیچە دەڵێت: ( لەبیناسازیدا هەستی دەسەڵات و ئاسایش گوزارشت لەخۆیان دەکەن) ئەمە بەهەردوو دیوەکەیەوە ڕاستە، چەندە بینا و خانووەکان خراپ و نارێک بن ئەوەندە دەسەڵات خراپ و بێبەرنامە و بێئەرزشە، لەبەرامبەردا شارەکان چەندە ڕێک بن و تەلارەکان چەندە جوان و بەشکۆ بن ئەوەندە دەرخەری شکۆ و توانای ئیداری دەسەڵاتە ، ڕەفتاری داگیرکارانە بەئاشکرا لەشاردا ڕەنگ دەداتەوە، ڕوخساری شار ئاوێنەی دەسەڵاتە، لەکەرکوک دوای دەیان ساڵی باری نائاسایی بەسەرشارەکەدا کە تیایدا بەهەموو شێوەیەک حکومڕانەکان شارەکەیان دەهاڕی بەدەرکردنی خەڵک لەماڵ و لەشوێنی کار و لەدامەزراوەی حکومی و ناحکومی و زیندانی کردن و ڕاوەدوونانی گەنج بەبیانووی سیاسی لەحاڵەتێکی وەهادا دەرئەنجامێکی ئاساییە کە مرۆڤ هەست بەنائارامی و نەبوونی ئاسایش بکات، ئەم هەستە بەدرێژایی کات دەبێتە نەخۆشی و دەروون دەشێوێنێت، ئەگەر (شوێنی نیشتەجێبون و نان و ئازادی) نەبێت ناپەرژێتە سەر بواری تری ژیان، ئەم هەستە بەزەرورەت لەشێوازی خانووبەرەی هاووڵاتیدا ڕەنگ دەداتەوە. لەپێش ٢٠٠٣دا شێوازی دروست کردنی خانوو تەواو پەلەکردن و نابەدڵی تێدایە (دیارە ئەمە وەک دیاردەیەکی گشتی بەدەر لەحاڵەتی تایبەت)، بەدەگمەن دیزاین کراوە و ڕێسای ئەندازەیی تێدایە بەدەگمەن ڕەنگ بەکار هێنراوە و ڕەنگی بۆر زاڵە بەسەر ناوە و دەرەوە و ڕوکاری خانوودا کە ڕەنگێکی مردووە و گوزارشتی تەواو لەمردن و بێ دەسەڵاتی و چەوسانەوە دەکات، گوزارشت لەخۆکورژەوە کردن و سەرکز کردن دەکات، دابەش کردنی زۆنەکانی ناو ماڵ بەپێی پێویست نییە و بەسەریەکدا دراوە و پەلەپروزێ و بەرێکردن و بێسەلیقەیی پێوەیە، دابەش بوونی ڕووناکی و شوێنی پەنجەرە هیچ سەرەتایەکی ئەندازەیی تێدا نییە سروشتی ژیان لەخانوی وەهادا بەدیهێنەری شڵەژانی دەرونی، دەمارگیری، ڕەشبینی و تێکچونی باری تەندروستی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش بەئاشکرا لەڕوخساری تاکەکاندا بەدی دەکرا.

بەو پێیەی لەدوای ٢٠٠٣ هاووڵاتی کەرکوکی هەستی بەبوون یان هاتنی ئازادی کرد (کە دیارە وەک سەرابێک بوو) ئیتر هەتا ڕادەیەک شێوازی خانوو یان بیناکان هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هات و خاڵە نێگەتیڤەکانی کەم بوونەوە و هاووڵاتی بەهەبونی هەستی دڵنیایی (ئەگەر بەخەیاڵ و درۆزنانەش بووبێت) دەستی بۆ ڕێکخستنی ماڵەکەی و ژیانکردن برد. دیزاین کردن هاتە ناوەوە و ئەمەش لەڕێکخستنی زۆنەکانی ناوماڵ و ڕوناکی و کەلوپەلی ناو ماڵ ڕەنگی دایەوە، ڕوکاری بینا و خانوو گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینی و ڕەنگ



بەکارهێنرا، بەگشتی ڕەنگی سپی زاڵ بوو بەسەر ڕوکاری بینادا کە ئەم ڕەنگە گوزارشتی ئاشکرایە لەدڵنیایی و دڵ خۆشی و ئازاد بوون. کەچی هەر کەموکورتی پێوە ئەمێنێت و هەتا ڕادەی دڵنیایی تەواو ناڕوات و نادروستی لەجۆری کەرەستەی بینا و جۆری داڕشتنی دیزاینی ناوەوە هەر ناجۆرە و بێکێشە نییە.

بەهۆی گەڕانەوەی ئاوارەیەکی زۆر ناوچەی نوێ و گەڕەکی نوێ دروست بوو بەڵام بەداخەوە ئەو ناوچە تازانەش بەهۆی نەبوونی پلانی گونجاو زۆر ناڕێک و پڕ کەموکوڕی بوو، دیسانەوە لەدروست کردنی ئەو ناوچانەی کە پێیان وترا (زیادەڕۆ) پاشماوەی هەستی داگیرکاری و ترس لەستەم پەلەپروزێ و ناڕێکی لەدیزاین و پێکهاتەکان بەزەقی بەدی دەکرێت ئەم ناوچانە دیسان گیرۆدەی ناڕێکی و نەبوونی کەمترین خزمەتگوزاری بوون، گەر بەوردی تێبینی شێوازی دروست کردنی خانوو لەجۆری دیوار و حەوشە و دابەش کردنەکانی ناوەوە و جۆری مەوادی بەکار هاتوو بکەین بەئاشکرا دیارە کە دیسانەوە ترسێکی قووڵ لەناخی خاوەن ماڵ هەیە، بۆیە هەوڵی داوە بەکەمترین تێچوو لێی دەرچێت و پارەی تێدا خەرج نەکات، هۆکاری ئەمەش دوو ڕەهەندی زەقی تیایە یەکێکیان ئەو ترسەیە لەدوا ڕۆژ و نەبونی دڵنیایی و ناکامڵ بوونی ئەو ئازادییەیە کە لەخەیاڵی خۆیدا وێنای کردبوو، ڕەهەندی دووەم لەبەر ئاوەدان نەبوونەوەی



لادێکان و نەگەڕانەوەی ئاوارە بۆ زێدی خۆی لەلادێ بەناچاری ڕوویان لەشار کرد و ئەمەش وای کرد کە جۆری بینای لادێ و شار لەو ناوچە و گەڕەکانە تێکەڵییەکی تەواو بەخۆیەوە ببینێت. کۆبونەوەی (کولتور و خەیاڵی جۆری دروست کردنی خانووی لادێ بەماتریاڵی شار) جۆرێک لەخانوی زۆر ناجۆری هێنایە کایەوە کە دیارە ئەمەش هەر دەرهاویشتە و دەرئەنجامی ڕەفتارە فاشستییەکانی ڕابردووە کە درێژبووەتەوە بۆ حاڵی حازر و ئێستاس بەچەندین جۆر حزووری هەیە، کۆی ئەم دەرئەنجامانە و گەلێک هۆی دیکە وەهای کرد کە لەشاردا ڕوخساری شارستانی بەدەگمەن بوونی هەبێت. ئەمە سەرەڕای ئیدارەدانی زۆر کارەسات بارانەی دوای ٢٠٠٣ی شار لەبارەی ڕێکخستی شارەوە دوای ئەو ساڵە هەندێک هەوڵی کەم درا بەڵام بەداخەوە لەبەر بێپلانی نەبوونی پلانسازی شار (urban plan) لەکارەکاندا و ڕەچاو نەکردنی ژینگە و نەبونی لێکۆڵینەوەی جدی لەپێویستی بەپێی شوێن و دابەش بوونی گەڕەک و شەقامەکان خەرجییەکی زۆر و کاری کەم و ناڕێک کرا، لەولاوەش بیری فاشیەت کە لەناوئیدارەی کەرکوک و لەوەزارەتەکان لەبەغداوە خۆی مەڵاس دابوو لەهەلێک دەگەڕا بۆ سەرهەڵدانەوە، دیسانەوە هاتەوە مەیدان و دیسانەوە لەهەموو بوارەکانی ژیان کاریگەری خۆی دانا سەرەڕای باری سیاسی (دەرکردن و تەریک کردن) لەپێکهاتەی بەشەکانی شاریشدا ڕەنگی دایەوە و بڕیاری فاشستی و ستەم ئامێز لەشاردا هاتەوە کایە و جیاکاری سەری هەڵدایەوە، لەئێستادا سەرەڕای تێکدانی شار بەدروست کردنی ناوچەگەلێکی زۆری زیادەڕۆ لەخوارووی شار و بەردەوامی دان بەشێرزەیی لەئیدارەدانی ئەو بابەتە بەهۆکاری سیاسی سەرەڕای تێکدان و شێواندنی شار لەهەموو پرۆژەکاندا و شێواندنی تۆبۆگرافی شار و تەنانەت بەکارهێنانی دارودرەختی نامۆ بەژینگەی ناوچەکە (وەک دارخورما) کە ئەمەشیان هەر بیری فاشستی لەپشتیەوە خۆی مەڵاس داوە، ئێستا گەیشتۆتە جیاکاری لەخزمەتگوزاری لەناوچە و گەڕەکەکاندا ناوچە هەیە ڕوخساری تەواو گۆڕاوە ئەوپەڕی گرنگی پێدەدرێت و ناوچەش هەیە ڕوخساری تەواو شێواوە و بێ خزمەتگوزاریە، ناوچە هەیە دامودەزگای زۆری حکومی تێدایە و بەدەیان گەڕەکیش یەک بینای خزمەتگوزاری و حکومی تێدا بەدی ناکریت، بۆیە ئێستا ئەگەر لەفەرهەنگی تەلارسازیدا خانووی نیشتەجێ بوون و بیناکان و گەڕەک و ناوچەکان گوزارشت بێت لەمانا و دەلالاتی چینایەتی، ئەوە لەکەرکوک خاڵێکی بۆ زیاد دەبێت بەوەی کە بینا و خانووەکان و گەڕەکەکان بەدەلالات و سونبولی نەتەوەیی جیا کراونەتەوە ....

**سەرچاوە:**


- السقف المتصدع. ازمة السكن في العراق. الدكتور ماجد محمد بغداد ٢٠١٥.
- گوتاری مانەوە. بەختیار عەلی. سلێمانی ٢٠٢١.
– تحضر بلا مدن. مواري بوكتشين. ترجمة عبدالعزيز الشرفي. قامشلي ٢٠٢١.

لێکۆڵینەوە

# بوکی دەریا
# لە نیوان
# ئۆنتۆلۆجیا و
# میتاچیرۆکدا





عەلی شێخ عومەر

ئەم نووسینە تەنیا هەوڵدانێکە، سەرەتایەکی ئاشنابوونە، داگەڕانێکی پراکتیکیە کە لەسەر بنەماکانی ڕەخنەی ئۆنتۆلۆجی دامەزراوە، والاکردنی دەرگایەکە، دۆزینەوەی پەیوەندییەکی تۆکمەی ئازادە لە گرێدانی سێ کوچکەی «نووسەر، دەق و خوێنەر»، ئەم سێ بنەمایە تەواوکەری یەکترن، بەجۆرێک هاریکاری و هەماهەنگی یەکترن، کەس بەشی ئەویتر ناخوات، ئەم سێ کوچکەیە، هاوتەریب لەیەک ئاستدا ڕێدەکەن، بۆ یەک مەبەست کاردەکەن، یەک خزمەت ئامانجیانە، پەیامێکی گرنگیان هەیە، ئەویش نیشتەجێبوون و ناساندنی نووسەر و خوێنەرە لەنێو دەقدا، نەک تێپەربوونێکی سەرپێی بەنێویدا، ئەوە نێوەندگیری دەقە بوونی نووسەرو خوێنەرمان پێدەناسێنێت، هایدگەر دەڵێت «لەگەڵ هەموو تێکستێکدا بۆ جیهان لەبوون تێدەگەین و بە پێچەوانەشەوە دروستە»(١)، ناکرێت دەق وەک هەبوونێک یان پرۆژەیەکی نووسین، تەنیا کردەی بەرپرسیاری هەڵگرێت، بەڵکو ئەم بەرپرسیارییە بۆ نووسەر و خوێنەری ڕەسەنیش درێژدەبێتەوە، وەک هەبوونێک لە پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆجیدا، بەڕێگای کار لەیەکتر کردنی نێوان هەبوونە جیاوازەکان، دەتوانن بوونی یەکتر بسەلمێنن، هەڵبەت کردەی دیالۆگ کردن لەنێوان نوسەر و تێکست، دواندنی خوێنەر، پرسیار دروست کردن، یەکێکە لەو ئامرازە بنەڕەتیانەی گەیاندن کە ڕۆحی هەبوون بۆ دەق دەگێڕێتەوە، بەم پێیەش دەق دەتوانێت بە گەوهەرێکی ئازادانە بوونی خۆی نمایش بکات، ڕەووف بێگەرد لەچیرۆک نووسیدا خاوەن ئەزموونێکی تۆکمەیە، هەتا چ ئاستێک لە چیرۆکی «بوکی دەریا»(٢)دا دەتوانێت لەنێو ماڵی دەقدا هاوسەنگی لەنێوان نووسەر و خوێنەر بهێنێتە ئاراوە، خودی خۆی وەک نووسەرێک، ئازادانە، بەبێ زۆر


ڕەووف بێگەرد

ڕەووف بێگەرد لەچیرۆك نووسیدا خاوەن ئەزموونێکی تۆکمەیە، هەتا چ ئاستێك لە چیرۆکی «بوکی دەریا»دا دەتوانێت لەنێو ماڵی دەقدا هاوسەنگی لەنێوان نووسەر و خوێنەر بهێنێتە ئاراوە



لەخۆکردن، دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەکتیڤی تێدا بگێڕێت، دەق بە کارلێکردنی خوێنەر بارگاوی بکات، ئاسەواری نیشتەجێبوون خۆی لەیادگای ئەوی بەرامبەر یان خوێنەردا جێگیر بکات، ڕەووف بێگەرد لەم چیرۆکەدا، لەنێوان حیکایەتخوان و کارەساتدا جیاوازییەک دەخاتەڕوو، ئەوەی حیکایەتخوان دەیگێڕێتەوە لە ئەزموونەوە سەرچاوەی گرتووە، بەنۆرە وەک پێلێنان بەهەبوونی جیاواز، دەمێک خۆی حیکایەتێک دەکات، دەبێتە بەشێک لەکرانەوەی حیکایەتی ئەزموونی کەسێکی دیکە، ئەم کە گوێی بۆ شل دەکات، ئێستای نووسین بە ڕابردووی بەسەرچووەوە گرێدەدات، گفتوگۆی نێوانیان لەئاست پرنسیپدا، هاوشان و هاوتان، دەنگی چیرۆک نووس لە گێڕانەوەدا باڵادەست نییە، بەڵکو بەشدارێکە لەنێو کرانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەوانی تردا، بێ لایەنە، بۆیە هیچ دەربارەی کارەکتەرەکان ناڵێت، ئەوان لەسەر بنەمایەکی بوونەگەرایی، خۆیان باسوخواسی خۆیان دەکەن، کارەکتەر بەرکەماڵە لە هەڵبژاردنی بابەت، تێکەڵبوون و دەرچوون لەنێو دەقی بەرهەمهاتوودا، ئارەزوومەندانەیە، بە ئارەزووی خۆی، بە ویست و پێداویستی تێزی بوونی خۆی بەیان دەکات، بەهیچ شێوازێک، چیرۆک نووس لە دروست کردن و بنیادنانی کارەکتەرەکاندا ڕۆڵ ناگێڕێت، سەرجەم دەربڕین و گوزارشتەکان، ئاخاوتن و دیالۆگ ئامێزە، یان ئاماژەیەکە، بۆنی کەش و هەوای دیالۆگی لێدێ، دەق لەم چیرۆکەدا، بەگوێرەی ئەو پەیوەندییە دامەزراوە کە پەیوەستە بەگرێدانی ڕایەڵەکانی بوونەوە، بە پێداویستی نەبێت بنووس یان گێڕەرەوە وشە بەکارناهێنێت، مەحاڵە خوێنەر زیادەڕۆیی و خستنەپاڵی تێدا ببینێ، گشت واژە و ڕستەیەک، لە ناوکۆی ئەو پەیوەندییە نایەتەدەرێ گەر خزمەت و پەیامێک بەخوێنەر ڕانەگەیەنێت، وشە و هەستی بینینی لەتەکدا دابەش نەکات، بەم جۆرە، هیچ بار قورسیەک ناخاتە سەر بابەتی بوون، خەسڵەتی هەبوون کۆمەڵی پێوەر نین لەسەر یەک کەڵەکە بن، بەڵکو بە شێوازێکی کرنۆلۆجی لە شوێنکاتێکی دیاریکراودا بەدوای یەکدا دێن، گوزارشت لەفاکت و بارودۆخێ دەکەن، دەسپێکی ئەم چیرۆکە لە شەوێکەوەیە، کاتێ چیرۆکەوان بەزمانی منی قسەکەرەوە، لەحاڵەتێکی دەروونی ناجێگیرەوە دیەوێت لەڕێگای گوێگرتن لەگۆرانییەوە، یان بەسەرکردنەوەی کتێبەوە ئارامییەک بۆ خۆی بگێڕێتەوە، بە دەروونێکی خاڵیەوە، چیرۆکێک بنووسێت، جێی شوێنێ لەدەق هەڵکرێنێ، هیچی ئەوتۆی بۆ نایەت، هەتا لەپڕێکدا کچێکی فریشتە ئاسا دێتە ژوورەکەی، لەسۆنگەی ئەوەی لەمرۆڤی ئاسایی ناچێت، بەخۆی و ناوەکەیەوە، پێشوەختە دەتوانێت بچێتە نێو هزری چیرۆکەوانەوە، ناوی «بوکی دەریا»یی بەسەر زمانیدا دێنێت، هەروەها بەڕێکەوت نەهاتووە، ئاگاداری چیرۆکەوانە کە بەتەمای ئەوەیە چیرۆکێک بنوسێت، بابەتی نییە، بۆیە بەڕاشکاوانە لەکاتی خۆیدا

دێت، بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، لەساتە وەختی گێڕانەوەدا لێکچواندنێک لەگەڵ «سۆنیا»دا فەراهەم دەکات، «سۆنیا» کچێکی سۆزانیە، کارەکتەری ڕۆمانی «تاوان و سزا»(٣)ی (دۆستۆیڤیسکی)یە، بەهەمان شێوە بەسەرهاتی سۆزانی بوونی خۆی دەگێڕێتەوە، تەنگژە و پاڵنەرەکان دەخاتەڕوو، لە دواجاردا لەنێو پاکیزەیی دەروون و ناچاری قێزەونی پیشەکەی، بەرگەی ئەو دوو ڕووە هـاودژە ناگرێت، لەنێو بیابانی نادیاری داکەوتەکان و مێرگی خەونەکانیدا، خەونەکانی هەڵدەبژێرێت، خۆی دەداتە دەم ڕووبارێکەوە، خۆی دەکوژێت، بەمردن ڕۆح لەجەستە جیادەکاتەوە، خۆی لەو دووفاقییە ڕزگار دەکات، لەوێ کەسانێک لە هاوچەشنی خۆی دەبینێ، لە پەیوەندیەکدا هەمان چارەنووس کۆیان دەکاتەوە، بە دەنگییەوە دێن، لەگرێی هەستکردن بەتاوان پاکی دەکـەنـەوە، دوای ئەم گێڕانەوەیە، «بووکی دەریا» چـیـرۆک نــووس سەرپشک دەکـات، چۆن بە چ شێوازێک مامڵەی لەتەکدا بکات، لە چ گۆشەنیگایەکی هونەرییەوە تا ئەم شوێنەی ئێستا، چ بە خوێنەرەکانی بڵێت، پەڕەکانی بدڕێنێت، کۆتاییی بە چیرۆکەکە بێنێت، بەڵام لەکۆتاییدا وەک هێزێکی سیحری، بە جوڵەیەکی پەنجەکان، چیرۆک نووس کەوانێک دەکاتەوە، دەنووسێت «خۆزگە گەلێک لەو جۆرە سۆزانیانە خوشکم بوونایە، یان کچم «چیرۆک، کەوانەکەی پێ دادەخات.







### چیرۆک لەنێو چیرۆکدا «میتا چیرۆک»


١ ـ هەر لەیەکەم دێڕەوە چیرۆک نووس لە گرتەیەکدا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، بەزمانی منی قسەکەرەوە، ئاماژە بەدیاردەی داپچڕانێک، یان دابڕانی خود لەبابەت، فۆرم لەناوەڕۆکدا دەکات، هەست بە زیزبوون و نیگەرانییەکی ئۆنتۆلۆجی دەکات، بە نائامادە بوونی نووسین، جێگیر کردنی خەمێکی دیاریکراو لەنێو دەقـدا، بنووس لەبوونی خەمێکی نادیارەوە هەست بەلەق بوونی ماناکانی بوونی خۆی دەکات، ئەمەش لە نەخوێندنەوەی خودی بنووسەوە سەرچاوەی گرتووە، نەبوون و نووسینەوەی دەق، خۆی لەخۆیدا خەمێکە، دۆزینەوەی خەمەکانی خودی نووسەر لەبووندا، وەک هەبوونی ناوەڕۆکە لەبونیادی دەقدا، خەم وەک خۆشی ڕاگوزەر نییە، زەمینە و بنکەی نیشتەجێ بوونە، دیسپلین کردنی خەم و ئازار جۆرێکە لەدەستەبەر کردنی ڕەزامەندی و بەها، شانوشەوکەتی هەستکردنە بەبوون، ئەمی چیرۆک نووس لە ئێستادا خەمی هەیە، ئاراستەی نییە، قیبلونۆمای دەقی پێ نییە، ناتوانێت ڕۆح بگێڕێتەوە بۆ دەق، خۆی نمایش بکات، نیشتەجێ بێت، دەقێکی چیرۆک بنووسێت، لە پەیوەندییەکدا هەوڵدودات لەتەک ئامرازەکانی چیرۆکدا بەرکەوتنێ بکات، پەنا بۆ هەندێک فاکتەری خۆ دۆزینەوە دەبات، وەک گوێگرتن لەهەندێک گۆرانی، یان پێداچوونەوە و بەسەر کردنەوەی هەندێک کتێب، لە دەرەوەی خۆی بارگاوی بوونی خود ببینێت، بێ سوودە، خەیاڵێک نایباتەوە، هەتا کارەکتەرێک خۆی تێدا بنوێنێ و لەشوێنێکدا ڕایەڵەکانی ڕووداوێک بچنێت، جگە لەبێدەنگی خۆی گوێی لە دەنگێکی دیکە نییە، دیالۆگێک نییە خەونی فرەدەنگی تێدا بەدی بهێنێت، هیچی بۆنایە، لەبۆشایی نووسین و نەبوونی بابەتدا گیری خواردوە، ڕاستەوخۆ دەرگاکانی بەشدار بوون، لەخودی جیاکراوە یان ونبوو بەڕووی ئەمدا

داخراوە، لەدوای دڕاندنی چەند لاپەڕەیەک، هەوڵی نەزۆکدا، ڕەووف بێگەرد ڕادەستی بێ ئومێدییەک دەبێت، کەوانێک دەکاتەوە، دەنووسێت (چیرۆکی چیرۆک نووسێک کە دێرەکانی لێ یاخی بووە) چیرۆک لەپاش ڕەش کردنەوەی دوو سێ لاپەڕە، ئەمیش ئەدڕێنێ، هەتا ئێرە هەلی بەشدار بوون لەنێو دەقی بەرهەم نەهاتوودا لەڕووی ئێمەی خوێنەردا بەداخراوی و بۆشایی ماوەتەوە، لێرەوە چیرۆک نووس وەک بوونێکی نیشتەجێی نێو دەق، درک بە بەرپرسیاریێتی، یاخیبوونی دێرەکانی دەق تۆراندنی خوێنەر لەئەستۆ دەگرێت، بۆ کردەی نووسین دڵنەوایی لەبوونی خۆی، پێویستە بڕیارێک بدات، لەلایەکی دیکەوە کلوجێ تر ئەم هەڵبژێرێت، خۆی لەتەک خوێنەر و دەقدا ئاشت بکاتەوە، لە یاخیبوونەوە خۆی ڕادەستی بەسەرهاتێ تازە بکات، بەرکەوتنێ دیکە بکات چیرۆکێ بنووسێت، جا با بزانین، چۆن وەک بوونێکی ئازاد لە چەسپاندنی بەهرەی چیرۆک نووسیدا، بەکردار و بەکردەوە چی دەبێنێ، چۆن لەتەک ئەگەرەکانی تری بووندا، خۆی بەبوونێکی ترەوە پەیوەست دەکات، لەناوکۆی دەقدا هەڵوێستی خۆی جێگیردەکات، چۆن پێگەی خۆی دەستبژێری ئەوی تر، بە پێداویستی و ویست لە پەیوەندییەکدا بەرکەوتن لەتەک یەکدا دیاری دەکات.

٢ - نیگەرانی و بۆشاییەکانی بوون لەچیرۆکی یەکەم کە بەوشەی ئەو شەوە دەسپێدەکات ئاماژەیەکی دیاری ڕابردووە، لەنێو شوێنکاتی بەسەرچوودایە، ئەو پۆلینکردنەی نەکردایە نەیدەتوانی لەپاش ماوەیەکی زەمەنی نەزانراودا کە نازانین چەندە، جارێکی تر لەشەوێکی دیاریکراودا، چاووگی هەستێکی نەزانراو دەیجوڵێنێ، حەز لەنووسین دەکات، لە پەیوەندییەکدا درک بە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی بوونی دەکات، مانایەک، ئارەزووی نووسینی چیرۆکێک هەڵیدەگرێت، بۆشایی و نیگەرانی لەچیرۆکی یەکەم نەبووایە، چیرۆکی دووەم نەدەهاتە نووسین، کاتێ دەبینێ دەرەوشاوەی کچێک کە لەفریشتە دەچێت، بەنەرم و نیانی دێتەلای، بەناچاری ناوی «بوکی دەریای»ی لێدەنێت، بەڵام ئەم هاتنەی «بوکی دەریا» ڕێکەوت نییە، پرۆژەیە، کرۆکی کردارێکە، گۆرانکاری هەڵدەگرێت، لەچوارچێوەی پرینسیپێکی سەرکی بووناگەری دەبزوێت، ئەویش گووتەزاکەی سارتەرە کە دەڵێت «بوونایەتی پێشگەری چی یایەتیە»(٤)، واتا بووکی دەریا وەک ئەوەی هەیە، بییەوێت ببێت، یەکەمجار بوونی هەیە، پرۆژیە و لەبارەی پرسی بوونەوە دازاینی هەیە، لەخوددا چاو هەڵدەهێنێ، لە پەیوەندییەکی نهێنی و نەبینراودا، لەنێوان شەوی چیرۆکی یەکەم و شەوێکی چیرۆکی دووەمدا، داگەڕان و چاودێری بارودۆخی چیرۆک نووسی کردووە، ئینجا بەپلانێکی داڕێژراو، بەرکەوتنی لەتەکدا دروست کردووە، بەهێزێ نەزانراو لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤدایە، ناوی خۆی خستەسەر زمانی چیرۆک نووس، دڵنیایە ئەو بەرکەوتن و بەرپرسیارییە، بەتەنیا لەنێو خۆیدا کزرنابێتەوە، بەڵکو کاریگەرییەکانی بۆ خودی



چیرۆک نووس درێژ دەبێتەوە، لای وەرگریش ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت، بەم کردەیەش بەهەبوونێک ئومێدی بوونێک بۆ خۆی دەگێڕێتەوە، بەو پێیەی بوون بەکۆتایی ڕادەست بوون قایل نییە، هەنگاو بەهەنگاو دەزانێ چی دەکات، چی دەوێت، تەنیا بەکردار هیوای هەیە، بەویست و هەڵبژاردن، بەکردار بوونی پەیوەندییەک، ئامادە بوونێک بەپەنهانی لەنێوان خۆی و ڕەووف بێگەردی چیرۆک نووسدا دادەڕێژێت، چەند مەبەستێک دەپێکێت، یەکەم لەڕێگای نووسەرەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت، دووەم لەڕێگای بەسەرهاتی خۆیەوە بیرۆکەی چیرۆکێک دەبەخشێت بەچیرۆک نووس کە دڵنیایە نە لەئێستادا هەیەتی، نە لەکاتی سۆسەکردنی ئەو ماوە نەزانراوەی نێوان هەردوو چیرۆک، مەودای نێوان یاخی بوون و ڕادەست بوون دا هەیبوو، هەردووکیان بەجووتە بەرژەوەندیەکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، لەنێو دەقدا زیندوو دەبنەوە، خۆیان لەو تەنگژە ئۆنتۆلۆجییانە ڕزگار دەکەن کە بەئامادە بوونی دەق هەست بەبوونی خۆیان دەکەن، هیچیان لە دەرەوەی دەق بەشێوەیەک لەشێوەکان هەست بەبوونی خۆیان ناکەن، لەسەرێکەوە «بوکی دەریا» تراژیدیای بەسەرهاتی خۆی نەکاتە بیرۆکەی چیرۆکێ، ئەوا دژەوابونێک لەتەک پەیامە بوونەگەراکەیدا فەراهەم دەکات، وەک بکەرێک لەنێو دەقدا بەرکاری نامێنێت، لەنێو بوونی خۆیدا کزر دەبێتەوە، دەچێتە خانەی نەبوونەوە، نە دەق دەبێ، نە ڕووداو، نە جێگیربوون و بەرکەوتن و پەیوەندی لەگەڵ هەبوونەکانی تردا، نە لێکەوت و ڕەنگدانەوە و بیرۆکە و پرسیار کردن دەبێ، لەسەرەکەی دیکەوە ڕەووف بێگەردیش لە نەبوونی بیرۆکەی چیرۆکی «بوکی دەریـا»دا، درک بەبوونی خۆی ناکات، ئەمە جگە لەبەشدار بوونی وەک کارەکتەر، هەبوونی ڕووداو لەئێستای نووسیندا نووسەر، لە پەیوەندییەکدا بەدەقەوە گرێدەدات، لە داهاتووشدا



دۆستۆیڤسکی

دووبارە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕۆمانی «تاوان و سزای» دۆستویڤسکی تەنیا بەڵگەی ڕابردوو نییە، بەڵکو درێژبوونەی ئەو ژێدەریە کە کۆمەڵێ بەسەرهاتی لێکچووە لەئێستادا ماوەتەوە، ئایندەش دیاری دەکات، ئەم مێژووە لەکۆمەڵگای جیاوازدا، ئاماژەیە بە بەرکەوتنی کۆمەڵێ بوون کە پابەندن بەگۆڕینی چارەنووسی هەندێک کەسەوە

بەدەقێکی کراوە، خوێنەر لەنێویدا نیشتەجێ دەکات، لەسێ کوچکەی «نووسەر و دەق و خوێنەر»دا پەیامێکی ئۆنتۆلۆجی مرۆیی دیاری دەکات، ئەمە بێجگە لەکار لەیەککردنی نێوان هەبوونە جیاوازەکان، ڕەخساندنی پەیوەندی و دیالۆگ لەنێوانیاندا، ئەوەتانی جگە لەنووسەر، کەس «بووکی دەریا» نابینێ لەسۆنگەی ئەوەی بوونێکی فیزیکی نییە، قورسایی ڕۆحێکە، لەنێو عەوامدا تارمایی جەستەیەکی مردووە، لەکۆمەڵگای چینایەتییدا، یەقدانەوە و پێشێلکردنی هەستە بەخەم و نەهامەتیەکانی چینێکی چەوساوەی دیار، هێمایەکی زەقە لەتەوێڵی ناشرینی مرۆڤایەتی، ئەگەر زەوت کردنی مافی دایکایەتی نەبێت، لەقکردنی ناو و ناسنامە و ئابڕووی کەسێکە، هیچ تاوانێکی نییە، جگە لەوەی کچە، بەهۆکارێکی دەرەکی لەدەرەوەی خۆی دەکرێت بەسۆزانی، دیاردەی سۆزانی ئەنجامی ڕەنگدانەوەی نەخۆشییەکانی کۆمەڵە، نیشانەکانی لەداماوترین و هەژارترین کچ، دەردەچێت، لەکۆتاییدا بەمردن باجەکەی دەدات، تەماشا نەکردنی سۆزانی وەک مرۆڤ، تەماشا کردنی بەچاوی تاوانەوە، سووک کردنێکە بەرامبەری دەکرێت، هەروەها خۆ گێل کردن لێی، لەنەبوونی هۆشیارییەکی ڕەسەنەوە سەرچاوەی گرتووە، مێگەل ئاسا نە پرسیار دروست دەکەن نە گومان، ئاوێنەیەکە سەرجەم ڕەنگە دزێوەکانی کۆمەڵگای لێوە دیارە، ئاوێنەیەکی ساف بوو، بە هۆشیارییەکی گەندەڵ و بۆگەن، بەچاوێکی خێچەوە، تەڵخ دەبینرێت، سزای سۆزانی دیارە، بەڵام هۆکار و تاوانکارانی دیارنین، سۆزانی لەکۆمەڵگەدا وەک تاوانبار دیارە، بەڵام سزای پاڵنەرو بکەرەکانی بەهیچ شێوەیەک نە دەبنرێن، نە باس دەکرێن، مارکس لەشوێنێکدا دەڵێت «هۆشیاری لەدوو حاڵەتدا بۆگەن دەکات، یەکەم بینینی تاوان نەبینینی سزا، دووەم بینینی سزا و نەبینینی تاوان» هەڵبەت خۆ دەرخستنی «بوکی دەریا» وەک بوونێک، لەهەمان کاتدا دەرخستنی بوونی کەسایەتی چیرۆک نووسیشە، نەک هەرئەوەندە، ڕەووف بێگەرد چەند لەکردەی نووسیندا، وەک بیسەر پێویستی بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی بووکی دەریا هەیە هەتا بیکات بەنووسین، دەق لەمردن ڕزگار بکات، «بوکی دەریـا»ش بەهەمان ڕادە، پێویستی







بەنووسینەوەی گێڕانەوەیەکی هونەری هەیە، هەتا بتوانێت بەزیندووی لەنێو دەقێکی چیرۆکدا بمێنێت، گێڕانەوە بۆ هەردووکیان برابەشە، بابەتێکی حاشا هەڵنەگری ژیانە، ڕۆلان پارت لەشوێنێکدا دەڵێت «گێڕانەوە لە سەرانسەری ژیانی مرۆڤدایە، گێڕانەوە خۆی ژیانە»(٥) گێڕانەوە لەدوو دۆخدا دەبێتە مۆتیڤی بەرکەوتنی بوون، یەکەم بوونی ڕاستەقینە گوێ دەگرێت، دەنووسێت، خودی چیرۆک نووسە، دووەم بوونی خەیاڵی، قسەیەک دەگێڕێتەوە، «بوکی دەریا»یە، لەشەوێکدا بوونی خۆی ئاشکرا دەکات، بەڕاشکاوانە دەڵێت سۆزانی بووم، لەهەمان کاتدا مرۆڤ دۆستی چیرۆک نووس لەتەک سۆزانیدا دەخاتە ڕوو، کاتێک لەنووسینێکدا وتبووی «خۆزگە سۆنیا کە کچێکی سۆزانییە، لەڕۆمانی تاوان و سزا»ی دۆستۆیڤسکیدا کچم بووایە، یان خوشکم بوایە» چیرۆک، دووبارە کردنەوەی ئەم دەستەواژەیە لەلایەن «بوکی دەریا»وە، پێگری وەرگرێکە خود و واتا فەراهەم دەکات، وەڵامێکە ڕابردووی ئەم دەستەواژیە بەئێستاوە گرێدەدات، لە پەیوەندیەکدا لێکچوانێک لەتەک بەسەرهاتی ڕۆمانی «تاوان و سزا»دا فەراهەم دەکات، ژیانی خۆی لەسۆنیادا بەدی دەکات، پێکهاتەکانی شوێنکاتی ڕابردوو لەئێستادا، هەمان کارەسات و چیرۆک دووبارە دەکەنەوە، بەبێ گۆڕانکاریش ئاراستەی ئایندەی دەکات، کێشەو تێروانینەکان هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە، لەم گۆشنیگایەوە، «بوکی دەریا» لەم ساتەوە و لەو دەستواژەیەدا خۆی دەخاتە جێی سۆنیا، بەڵام بەکچ و خوشک تەماشا بکرێت، چۆن لەڕێگای دەقەوە، ڕەهەندەکانی بوون، خەم خودی سۆنیای بەڕووی دنیادا کردەوە، ئەمیش بەهەمان شێوە لەگەڵ جیاوازی شوێنکاتدا، وەک کارەکتەرێکی سەرەکی، لەڕێگای دەقەوە، لەئێستای نووسیندا، خودی خۆی بەدنیا واڵا دەکات، لە پەیوەندییەکی دیکەدا دەروشاندنەوەی ناوەڕۆک بەجەستەی فۆرمەوە هەڵدەگرێت، بەو ئومێدەی دنیاش، لە شوێنکاتێکدا بکرێتەوە، خۆی بۆ خودی ئەم واڵا بکات هایدگەر گووتەنی» شوێنکات بوون ئەوەیە کە کرانەوەی خود بەڕووی دنیادا هەڵگرێت، وەک چۆن کرانەوەی دنیا، ڕووی خود هەڵدەگرێت»(٦) گەر درەوشانەوە، کردنەوەی ناوەڕۆکی خودی «بوکی دەریا» بێت، ئەوا هەماهەنگی و پشتیوانی چیرۆک نووس، کەمەندکێشێکی میهرەبانە، باوکێکە، فۆرم و ناوەڕۆکێکی تازە لەجەستەی ئایندەی دەقدا هەڵدەگرێت، لەهەمان کاتدا لەڕیچکەی وەرگرتنی دەقەکەی پیشووی نووسەرەوە کە لەشوینیکدا دەڵێت «سۆنیای سۆزانی کچم بووایە، یان خوشکم» چیرۆک، «بوکی دەریا» کاتێ ئەم دەقە وەردەگرێت، لێکدانەوەی بۆ دەکات، بەشێوەیەکی جیاواز وەڵامدانەوەی

بۆی دەبێت، ستراتیژی دەق، لادانێک لە پێشبینەکانی ئەم و خوێنەردا فەراهەم دەکات، تێڕوانینیان دەگۆڕێت، مەودایەکی ئێستێتیکی بۆ بیروبۆچوونێکی نوێ دیاری دەکات، ئاسۆی پێشبینی وەرگر دەگۆڕێت، ئەو پێوەر سۆسۆلۆجیانەی پێش خۆی لەق دەکات کە بەلای زۆربەمانەوە خەوشێکی لۆژیکی و لادانە لەداب و نەرێتە باوەکانی نێو خێزان، ئەمەش بەرەگەز و باوەری ئاینی و ئاستی رۆشنبیرییەو بەندە، کەی رەهەندەکانی دەق لە کارکردنی خۆیدا، توانی لەنێوان دەق و ئاسۆی پێشبینی خوێنەردا، رۆڵی ئەرێنی ببینێ بۆ گۆڕینی ئاسۆی پێشبینی وەرگر، هۆکارێک بێت بۆ سەرخستنی ئەجێندای دەق، ئەوسا دەتوانێ پەرەیەکی نوێی هەڵداتەوە، مێژوویەک بنووسێت، هەرچەندە هەندێ خوێنەر لەبەر رۆشنای بیرکردنەوەدا رەنگە دەیەها رەهەندی دیکەیان هەبێت، پرسیاری تر بورووژێنن، وەڵام دانەوەی جیاوازیان هەبێت.

٣ ـ دووبارە گێڕانەوەی بەسەرهاتی رۆمانی «تاوان و سزای» دۆستویڤسکی تەنیا بەڵگەی رابردوو نییە، بەڵکو درێژبوونەی ئەو ژێدەریە کە کۆمەڵێ بەسەرهاتی لێکچووە لەئێستادا ماوەتەوە، ئایندەش دیاری دەکات، ئەم مێژووە لەکۆمەڵگای جیاوازدا، ئاماژەیە بە بەرکەوتنی کۆمەڵێ بوون کە پابەندن بەگۆڕینی چارەنووسی هەندێک کەسەوە، ئەم بابەتە لەئێستادا «بوکی دەریا» لەرێگای گێڕانەوەدا گوزارشتی لێدەکات، وەک کەسێکی تراژیدی بووەتە قوربانی چارەنووسێک، دایکی بەناچاری چاوی تێدا دەنوقێنێت، لەگەڵ نەرێتی باودا پارادۆکسێک دروست دەکات، چۆن پابەندبوون بەرەوشت و بەهاو و ترادیسیونی باو، ناوی کەسێتی دەپارێزێت، دنیاکەی دروست دەکات، بەهەمان شێوەش لادان و چاو نووقاندن لێی دنیای وێران دەکات، دادەبڕێت، بەتەنیا باجەکەی دەدات، ئەو دنیایە بۆ ئەو چیتر بوونی نابێت، بەتەنیا بەرپرسی هەرەسی دنیایەکە، ئیتر بوون خەونەکانی بۆچییە، لەناماقووڵی میکانیزمی سات و سەوای لەش فرۆشیدا دەتوانێت چی بێت، جگە لەرەشبینی چی زیاتر هەڵدەگرێت، ئەم جۆرە ژیانە کە هەڵیبژاردووە، لێکەوتەی دەرکەوتەکانی فینۆمین و دیاردەکانی دەرەوەی خۆی بوو، هەژاری و نەداری بوو، ویستەکانی خۆی نەبوو، درککردن بەهیچ و پووچی، نەبوونێکە پەی بەکۆتاییەکی ناتەواو دەبات، لەبنەرەتدا هەندێک جار ژیان بڕیاری رووداوی بێ بنەما، ئەزموونی ناجێگیر و نەخوازراو دەستەبەر دەکات، ئەو شتەی ئەزموونی دەکات، چ پاشاخانێکی نییە، کردەیەکی راگوزەر نییە، شتێک نییە جگە لەو ساتەی تێیدایە، لەکەیەکە لەنێوان راگرتنی هەردوو بەرداشی





خانەوادەکەی وخواپێداوەکان، قوربانییەکە، بەرپرسە چی بەسەر دێ، چۆن خانەوادەکەی ڕزگار دەکات، ئەم بەر پرسیارییە بەتەنیا لای خۆی گیر نابێ، هەر بریارێک وەرگرێت، ڕەنگدانەوەی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەوانی تریشدا دەبێت، بەپلەی یەکەم، بەدایکی و براکانی باوکە قومارچییەکەی، لەنێوان بەرداشی دنیای چینایەتی توانا و بەرگری بەختی ئەوندەیە، وینگشتاین دەڵێت «کەسی خۆش بەخت و کەسی بەدبەخت لـەدوو دنیای جیاوازدا دەژیــن»(٧)، لێکەوتەی دنیای کەمتەرخەمی باوکی لەئاستێکدایە، دەکرێت ببێتە پاساوی قایل بوونێکی ناچاری، تیامان و نارەحەتییەکی زۆری ئەگەرەکانی هەڵبژاردنی ژیانی، لەئاکامدا بەچاوپۆشین لەتاوانە سەرەکیەکەی باوکی و لەبنبەست بوونی چارەنووسی ڕەشی خۆی کۆتایی دێت، لەئاستێکی تردا هەست بەبێدەسەڵاتی دایکی و دارمانی ڕەوشت و بەهاکانی پەیوەندی خێزانی دەکـات، تەشەرەدان نارەزایی لەهاوکێشەی ئەو جۆرە پەیوەندییە ئیفلیجە، کێ دەیکات، کێ دەیخوات، کێ باجەکەی دەدات، باوکێکی نا بەرپرسی قومارچی، دایکێکی چەوساوەی بێدەسەڵات و بێلانە، کۆمەڵی منداڵی بێچارە و برسی بژێوی ژیانیان خستووەتە سەر کچەکەیان، بەلەش فرۆشی بژێوی ژیانیان دابین دەکات، لەڕێسایەک دەتوانێت چی بێت، لەوە زیاتر کە هەڵگری ڕەشبینی و ترسێکی گەورەیە، ناتوانێ دڵنیا بێت لەو دازاینەو شێوە ژیانە کە هەڵیبژاردووە، بەهیچ ئەگەرێک و بوونێک، ناتوانێ سەقامگیر بێت، ڕۆحێکی مـردوو، جەستەیکی زیندووی هەڵبژاردووە، ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەو نامۆ بوونەی دوو ڕووەی ژیـان، بەرپرسی شێوەی ژیـان و ئیشەکەی، خەسڵەتی هەموو بوونێکی دیاری دەکات، پارە و پوولی دوو ساڵ بەرگری، شەونخوونی دایە دەستی دایکی و بریارێکی قورسیدا، بەقورسی گۆڕینەوەی پەیوەندی ئەوین، لەدابڕانی جەستە، زیزبوون و یاخی بوونی زمانی ئەوین لەدابرانی جەستەدا، کارەساتە کۆچکردن و ڕەش بردنەوەی ئەوین لەنیشتیمانی جەستەدا، وەک لابردنی ناوەڕۆکە لە جەستەی دەقدا، چیتر وەک مێینەیەک بەرگە ناگرێت، خودی خاڵی کراو و چیکراو لەچەمکی دڵداری کە بەشێوەیەکی ئەنتۆلۆژی ئافرەت پێکهاتە و وێنەی ڕەسەن و سروشتی خۆی تێدا دەبینێتەوە، بەرامبەر بەدنیا دەیکاتەوە، مێژووی پەیوەندی ئەوینداری چارەنووسی بوونایەتی هەڵدەگرێت، لەسۆنگەی ئـەوەی ناتوانێ پەیوەندییەکی ئەوینداری و مرۆیی بهێنێتە دی، نابێتە ئەوەی بەکردەی ئەوین خود لەخۆی جیاکاتەوە، ببێتە دڵخوازێ، لەشوێنێکدا خۆی بدۆزێتەوە، ببێت بەخۆی، جەستەی لاقە کراو لەڕۆحی پاک و بێگەردیدا لەباربەرێت، ئیتر جگە لەمردن، چ هۆکار و پاڵنەرێک هەیە بۆ ژیان، ژیانی تەنیایی بێ پاڵپشتی ئەوینێکی ڕەسەن، زامێکە، خوێن بەربوونێکی ناوەکییە، لەجەستەی باوک سالارییدا یەقدەداتەوە، کاتەکەی هاتووە، بەمردنیش بێت دەبێت بەهای خۆی بگێڕێتەوە، سنووری دەست کردی باوک

سالاری ببەزێنێت بەمردن ڕسوای بکات مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی دەڵێت «هەر کەسێک دوورکەوێتەوە لەسروشت و ڕەسەنایەتی خۆی بەردەوام بۆ کاتێک دەگەڕێت، بوونی خۆی تێدا بگێڕێتەوە»(٨).

٤ ـ هەڵبژاردنی سیلەنیگای مردن، وەک تاکە چارەسەرێکە بۆ کێشەکانی بوون، بگێڕەرەوە چیرۆک ئاسا بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە، باسی گەشتەکەی دەکات، چۆن پاکبووەتەوە، ئاوێزانی سروشتی دەریا و ڕووبار بووە، چۆن لەلایەن چەند بوکێکی دەریاوە، لەو دنیا تازەیەدا، بە خۆشەویستییەوە پێشوازی لێکراوە، پێش وەختەش، هەر ئەوانیش چاودێرییان کردووە، فێریان کردووە بەقسەی دایکی بکات، لەدواجاردا بەمردن لەزۆر و ستەمی مرۆڤ ڕزگاریان کردوە، نازانێ ئەم گەشتە چەندی خایاندوە، خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا، لەدوای ئەوەی بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، دێڕ بەدێڕ شوێن پێی دەقەکە هەڵدەگرێت، هەتا لەکۆتاییدا دەگاتە ئەوەی کۆتایی دەق بەسەرەتایەکەیەوە دەبەستێت، واتا لەگشتەوە دەچێت بۆ بەش، لە چوارچێوەیەکدا بەگوێرەی ئەزموونی خۆی پارچەکانی دەق کۆدەکاتەوە، لەمەودایەکی ئێستاتیکیدا لە گۆشەنیگای بیرکردنەوەیەکدا، دەقەکە شی دەکاتەوە، لەشوێنێکدا وەک خوێنەرێک بەرەهەندە جیاوازەکانی دەق دەگات، فۆرم و واتاکەی ئاشکرا دەکات، بەم کردەیەش پەیوەندییەکی ئەدەبی فەراهەم دەکات، وەک ئەو پەیوەندی و ئاوێتە بوونەی ڕەووف بێگەرد وەک خوێنەرێکی ڕاستەقینە، ڕۆشنبیری خۆی تێدا نمایش دەکات، کاتێک لەڕۆمانی «تاوان و سزا»ی دۆستۆیڤیسکیدا لەکات و شوێنێکی دیاری کراودا، بە خوێندنەوەیەکی بەرهەم هێنانە دەقێکی کراوەی نوێ دروست دەکات، دەقێک سەرچاوەکەی ئاشکرایە، وەرگرەکەی دیارە، هەمیشە لەنوێ بوونەوەدا وەرگرەکانی تووشی سەرسام

ڕەووف بێگەرد



لەئێستادا «بوکی دەریا» لەڕێگای گێڕانەوەدا گوزارشتی لێدەکات، وەك کەسێکی تراژیدی بووەتە قوربانی چارەنووسێك، دایکی بەناچاری چاوی تێدا دەنوقێنێت، لەگەڵ نەریتی باودا پارادۆکسێك دروست دەکات، چۆن پابەندبوون بەڕەوشت و بەهاو و تڕادیسیونی باو، ناوی کەسێتی دەپارێزێت



بوون دەکات، لەنێو ئالۆزی زۆری تێزی ئەو پرسیارانەی بەرۆکی دەق دەگرن، کەمترین وەڵامیان دەست دەکەوێت، بۆیە ناچارە پشت بە چەمکی میتا چیرۆک ببەستێت کە خەسڵەتی خۆگێڕانەوە هەڵدەگرێت، گێڕانەوەی چیرۆکەکەی خۆی بەچیرۆکی یان ڕۆمانی دەرەکی ئەنجام دەدات، تەکنیکەکانی لەئەزموونی خوودی بنووسەوە بەرجەستە دەبێت، خۆی لەدەرەوەی چیرۆکدا دەوەستێت، لەکاتی نووسینی چیرۆکدا، بەشێوازێکی ئۆتۆبیوگرافی بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە، لە چ بارودۆخێکدا بووە، ئەم جۆرە چیرۆکە چیرۆک لەنێو چیرۆکدا باس دەکات، لەڕووی پێکهاتەوە، سوود لەئەفسانە وەردەگرێت، لەکردەی گێڕانەوەشدا نووسەر پێکهاتەیەکی ئەفسانەیی بەکاردەهێنێت، بەزۆری سوود لەچەمکی دەق ئاوێزان دەبینێت، نووسەر لەدوو کەسایەتیدا خۆی دەنوێنێت، یەکەمیان کەسی ڕاستەقینەیە، ئەویتریان کەسی خەیاڵییە،

*یەکەم کەسی ڕاستەقینە، خودی چیرۆک نووس خۆیەتی کە خوێندنەوەیەکی بەرهەمهێنی ڕۆمانی «تاوان و سزا»ی دۆستۆیڤیسکی» کردوە، هەر خۆیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، یەکەم بەرکەوتن و کارلێکردنی لەتەک دەقی ئەم ڕۆمانە لە نووسینێکدایە، کەسایەتی «بوکی دەریا» لەنێو چیرۆکەکەدا ئاماژەی بۆ دەکات دەڵێت «خۆزگە سۆنیا کە کچێکی سۆزانییە لەڕۆمانی «تاوان و سزا»ی دۆستۆیڤیسکیدا کچم بوایە یان خوشکم»چیرۆک، دووەم چیرۆکی بەرهەم هاتوو «بوکی دەریا»یە، دیسانەوە بە بەرگێکی دیکەوە لەڕێگای وەرگرتنی پێدراوەکان دەقی ڕۆمانی «تاوان و سزا»دا بەرهەمهاتووە، کارلێکردن و کاریگەری دەقەکە و نووسینەکەی پێشووی پێوە دیارە، ئاوێتەی بووە، دەق ئاوێزانی ئەنجامداوە، جولی کریستیڤا دەڵێت» هەموو دەقێک بریتییە لەتابلۆیەک لەوەرگیراوەکان»(٩)، شاراوە نییە بەکەسایەتی بوکی دەریا و بەوەرگرەکانی دەڵێت «ئەم چیرۆکە قفڵی نییە»چیرۆک، کاریگەری دەقی ئەم چیرۆکە ڕەنگە لەچەندین نووسینی تردا ڕەنگدانەوەی هەبێت، چەندەها دەقی تر بەدوای خۆیدا بێنێت، بەپێی شارەزا بوونی لەدنیای ئەدەب و ئەزموونی ڕۆشنبیری توانیویەتی واتایەکی تازە بەکرانەوەی دەقی «بوکی دەریا» ببەخشێت، ئاسۆی پێشبینی وەرگرەکانیشی بگۆڕێت، هەروەها وەک خوێنەرێکی بەرهەمهێن، ئەم ئاوێتە بوونەی ڕەووف بێگەرد لەگەڵ دەقی باسکراودا نیشتجێ بوونە لەنێو دەقدا، لەچەندین شوێنی تردا، لەژێر ناونیشانی دیکەدا، لەئەفراندنی دەقێکی نوێدا، لەشوێن و کاتی جیاوازدا دەردەکەوێتەوە، دووەم کەسی خەیاڵیە بەشداری کردنی کەسایەتی بووکی دەریا لەڕێگای گێڕانەوەی گۆکردنەوە، وەک نێرەرێک بەسەرهاتەکانی خۆی دەگوازێتەوە بۆ بۆنێردراو کە چیرۆک نووس خۆیەتی، دەیکاتە نووسین بەڵام لەڕاستیدا، ئایا کەسایەتی بووکی دەریا، وەک بوونێکی فیزیکی بوونی هەیە یان نییە! ئایا گەمەیەکی تەکنیکی لەگۆڕێدا نییە! نەبوونەکەی پەردەپۆش نەکراوە لەبوونێکی ئەفسانەییدا! ئایا ئەم هەبوونە ئەفسانییە وەک

کۆدێک بەکارنەهاتووە، نووسەر لەنێو مێشکی خۆیدا، شوێنی خوێنەری پەنهانی پێبەخشیوە، خەسڵەتەکانی پێ هەڵگرتووە، یەکەم لەنێو خەیاڵدا دەبێ، دووەم لەپیادەکردنی ئەو بونیادەی کە پێویستە دەق هەیبێت، لەگەڵ نووسەردا بەشدار دەبێت، سێهەم نێوەندێکە لەنێوان نووسەر و وەرگردا، ئاراستەکانی ناوەوەی دەق بەرجەستە دەکات** ئایا شتێکی سەیر نییە هەردووکیان بەجووتە، واتا نووسەر وەک خوێنەرێکی ڕاستەقینە «بوکی دەریا» وەک خوێنەرێ پەنهانی، لەڕەنگدانەوەی «ڕۆمانی تاوان و سزا»دا، لە نووسینەوەی دەقێکی نوێدا هەماهەنگن، ئایا کەسایەتی «بوکی دەریا» دەنگی دووهەمی ڕەووف بێگەرد نییە، دەنگی خوێنەرێ پەنهانی ناگوێزێتەوە بۆ نێو دەقی بەرهەم هاتوو، ئایا لەنێو ئەم دەقەدا، پەیام و کۆد کارلەیەک ناکەن، پەیوەندی ئەدەبی دروستناکەن، ئەو کۆدەی پەیامەکەی پێ نووسراوە، نابێتە پراکتیکێک؟ لەو ڕێگایەوە پەیامەکەی دەکاتە بوونێکی واقیعی و بەرجەستەکراو، نووسەر خۆی تێدا شاردووەتەوە پێشتریش ئاماژەمان پێیدا گووتمان لەدەرەوەیە، هەستی پێ ناکەین، جارێک وەک خوێنەرێ بەرهەمهێنی دەقێ بەدیار دەکەوێت، جارێکی دیکەیش ڕۆڵی خوێنەری پەناهان دەبینێت، لەبەیەک گەیشتنی هەردووکیان لەباکراوندێکدا نیشتەجێ دەبن، ڕۆح دەخەنەوە بەر دەق سێ کووچکەی، نووسەر و دەق و خوێنەر تەواو دەکەن.

گەلاوێژی ٢٠٢١ کەرکوک

**ژێدەرەکان**

١ ـ هەرێم عوسمان ـ دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە ـ چاپخانەی چوارچرا ـ چاپی یەکەم ـ ساڵ ٢٠١٨ ـ ل ٣٥.

٢ ـ ڕەووف بێگەرد ـ چیرۆکی بووکی دەریا ـ گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ـ سلێمانی بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ تۆڕی ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر- ژمارەی ٦٥ ـ ساڵ ٢٠٢١ ـ ل ١٠٥

٣ ـ فیدۆرۆ دۆستۆیڤیسکی ـ تاوان و سزا ـ ڕەووف بێگەرد ـ زنجیرە بڵاکراوەکانی غەزەل نووس ـ چاپی دوو ـ ساڵ ٢٠١٤.

٤ ـ عبدالرحمان بدوی ـ دراسات فی الفلسفه الوجودیه ـ المؤسسه العربیه للدراسات والنشر ـ بیروت ـ لبنان ـ الگلغه الاولی ـ السنه ١٩٨٠ ـ ص ٢٦٢.

٥ ـ کاوان مەحەمەد پور- داکۆکی لە ڕۆماننووس یان چی ئەقەومێ کە کەس ئیتر چیرۆک نەگێڕێتەوە ـ دەنگەکان ـ ماڵپەری ئەنتەرنێت ـ ساڵ ١٤ ـ ٢ ـ ٢٠١٨.

٦ ـ هەمان سەرچاوەی ژمارە ـ ٣ ـ ل ـ ١٠٤.

٧ ـ پۆلستراتێرن ـ ئایدیا ئاشنابوون بە کیرکەگۆر ـ لە فارسییەوە، لوقمان ڕەئوف ـ شۆرش مستەفا ـ چاپخانەی کارۆ ـ ساڵ ٢٠١٣.

٨ ـ احلام مستغانمی ـ روایه، الاسود یلیق بک ـ نوفل ، هاشیت انگوان ـ السنه ٢٠١٢- ص٤١.

*ـ کاوان مەحەمەد پور- ژنە جنۆکەکانی شێمە حموو لەبەردەم جنۆکەدا( کورتەیەک لەسەر چیرۆکی ژنە جنۆکەکانی شێمە حموو- لە نووسینی لەتیف هەڵمەت ـ دەنگەکان ـ ماڵپەری ئەنتەرنێت ـ ساڵ ٢٩ ـ ١ ـ ٢٠١٩.

٩ ـ کۆمەڵێک نووسەر ـ ئایدیا ئاشنابوون بە دریدا ـ سەرپەرشتیاری پرۆژە ـ ئەنوەر حسێن ـ لوقمان ڕەئوف ـ چاپخانەی کارۆ ـ ل٣١.

** ـ سوودم بینیووە لە: ئەرخەوان محەمەد عوبید ـ ئاوێتە بوون و لێکدانەوە نالی بە نموونە ـ چاپخانەی کارۆ ـ چاپی یەکەم ـ ساڵ ٢٠١٣ کەرکوک



لێکۆڵینەوە

# توێژینەوەیەک لەبارەی دیاردە و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان لەئێران

کامیل ئەحمەدی

هەواڵنامەی کتێب

ئەم بابەتە بریتییە لەپوختەی کۆمەڵێک توێژینەوە کە شارەزای بواری منداڵان و ڕەگەزێتی و کۆمەڵایەتی کامیل ئەحمەدی لەئێران ئەنجامی داوە، بابەتەکان تایبەتن بەکۆمەڵێک پرسی کۆمەڵایەتی و توێژینەوەی درێژن و بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ هەر یەکێک لەبابەتەکاندا لینکی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی دانراوە.



کامیل ئەحمەدی: لەدایک بووی شاری نەغەدەیە، نەغەدە شارێکی تێکەڵە لەکورد و تورک (ئازەری) بۆیە نوسەر زمانەکانی کوردی و تورکی و فارسی دەزانێت، لەساڵی (١٩٧٩)ەوە و بەهۆی گرژییەکانی ئێران لەو سەردەمەدا، خێزانەکەیان پەنایان بردۆتە هەندەران و لەبەریتانیا گیرساونەتەوە، بەحوکمی ئەوەی خوێندنیشی لەبەریتانیا تەواو کردووە ئینگلیزیش دەزانێت و توێژینەوەکەشی بەزمانی ئینگلیزییە.

ناوبراو چەندین خەڵاتی وەرگرتووە، لەوانە: خـەڵاتـی باشترین لێکۆڵینەوەی ئێتنۆگرافی مۆزەخانەی ئیستی لەندەن ساڵی ٢٠٠٦، خەڵاتی باشترین توێژینەوە لەلایەن ڕێکخراوی میزۆپۆتامیاوە لەساڵی ٢٠٠٩ لەئامەد، خەڵاتی پسپۆری جیهانی بۆ لێکۆڵینەوە لەبواری خەتەنەی ژنان و نەریتە خەسارەت بەخشەکان لەساڵی ٢٠١٤، لەکۆلێژی یاسا لەلەندەن خەڵاتی بۆ لێکۆڵینەوە لەبواری داپەڕە زیانبەخشەکان لەلایەن (IKRWO)وە پێبەخشراوە لەساڵی ٢٠١٧دا، هەر هەمان ساڵ زانکۆی جۆرج واشنگتۆن ناوەندی ئاشتی جیهانی خەڵاتی باشترین بەرهەمی ئەدەبی پێ بەخشیوە.

**بابەت: شوناس و ئێتنیکایەتی**

**تاوتوێی ئاشتییانەی چالنجی شوناسی ئێتنیکی لەئێران**

لەمێژووی هاوچەرخدا، ئێران بەرەو ڕووی درێژەی فرەڕەنگیی شوناسی/ ئیتنیکی بووەوە کە لەسایەی گەشەی ڕەوتەکانی جیهانگەری، شایەدی دەرکەوتنی ناکۆکیگەلی جیدیی نێوان ئیتنیکی بەهۆی هەڵاواردن و نایەکسانی لەپێناو شوناس خوازی و دادپەروەری بەرواڵەتێکی ئاشتی تەوەرانەین لەم توێژینەوەیەدا بەقووڵ بوونەوە لەڕەهەندەکانی حکوومەتە ئیسلامی و رۆژئاواییەکان، کاریگەری دانانی شارستانییەتی ئێرانی (بەپێی بنەماکانی نیشتمانی، زمانی و ئایینی) لەسەر پێنج گرووپی ئیتنیکیی فارس، تورک، کورد، عەرەب، و بەلووچ لێک دراوەتەوە. چەسپاندنی قۆرغکارانەی بنەماکانی شوناسی فارس وەک کۆمەڵەی شوناسی نەتەوایەتیی ئێرانی، دۆخێکی ڕوو لەدابەزینی بەشوناسی. مێژووی ئێرانی بەخشیوە و دۆزی شوناس خوازانەی گەلانی دیکەی ئێرانیی بەدواوە بووە و ئەندازە گرتن و ئامرازی دیمانەی قووڵ و (GT)ئەم توێژینەوە لەسەر ئاستی ١٣ پارێزگای ئێران بەشێوازی چۆنایەتی ئاوێتەیی دیکۆمێنتی کتێبخانەیی و پرسیارناوەی کراوە داتاکانی لەبوارەکانی «شوناسی ئاینی و شوناسی نەتەوەیی (سازان یان دژایەتی) »، »سنوورە کەلتوورییەکانی نێوان ئێتنیکەکان»، «لەمپەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی ئێتنیکی و نەتەوەیی»، «سڕینەوەی کولتوورەکان«، »ئاراستەی ئاشتییانە بۆ تێپەڕین لەقەیران« هەڵێنجاندووە و پۆلێنبەندی کردووە و مۆدێلێکی چەمکیی وەدەست هێناوە کە تێیدا فاکتەرە سەرەکییەکان (ئابووریی و ئایدۆلۆژی)، فاکتەرە کاریگەرەکان (میدیا و شێوازی ژیان) و فاکتەرە زەمینەییەکان (پارامەترە یاسایی، کەلتووریی و بەدبەڕێوەبەرییەکان) دیاردە تەوەری (داخوازی دادپەروەری / لێکپسانی کۆمەڵایەتی) بیچمیان گرتووە و کردەوەی ستراتیژانەی (کردەوەی ئاشتییانە، قبووڵ کردنی بارودۆخ و پەیوەندیی دەوڵەت و نەتەوە و (لێکەوتەکانی) سەقامگیری و دابەزینی. سەرمایەی کۆمەڵایەتی) خراوەتە ڕوو.

لینکی توێژینەوەکە/ https://kameelahmady. A-Peace-/٠٤/٢٠٢٢/com/wp-content/uploads Oriented-Investigation-of-the-Ethnic-Identity-Challenge-in-Iran-.pdf

**بابەت/ شوناس و ئێتنیکایەتی**

**داخوازییە ئێتنیکییەکان لەئێران لەسەر ڕەوتی دادپەروەری و گەشە**

فرەڕەنگی شوناسی / ئێتنیکییەکانی ئێرانی هاوچەرخ لەگەڵ پەرەسەندنی پرۆسەکانی بەجیهانی بوون هاوکات بوو و گەنگەشەی نێوان ئێتنیکەکانی هێناوەتە کایەوە کە بەمەبەستی نەهێشتنی هەڵاواردن و نایەکسانییەکان بۆ گەیشتن بەگەشەی کۆمەڵایەتی بەلای شوناس خوازی و

دادپەروەر خوازیدا دەشکێتەوە، بابەتێک کە بۆتە زەمینەی ئەم توێژینەوەیە لەناو فارس، تورک، کورد، عەرەب و بەلووچەکانی ئێران. شوناسە کۆمەڵایەتییە ئێرانییەکان لەباڵادەست بوونی توخمەکانی شوناسی فارسی بەسەر ئەرکانی خۆیان ڕازی نین و بارودۆخی سنووردار کراوەی شوناسی مێژووی ئێرانی بەدادپەروەرانە و لەئاراستەی گەشەی شوناسە گشتییەکان نازانن. ئەم توێژینەوە و ئەندازە گرتن و (ئامرازی دیمانەی قووڵ، دیکۆمێنتی GT) لەسەر ئاستی ١٣ پارێزگای ئێران بەشێوازی چۆنایەتی ئاوێتەیی کتێبخانەیی و پرسیارناوەی کراوە داتاکانی لەبوارەکانی «شوناسی ئاینی و شوناسی نەتەوەیی (سازان یان دژایەتی)»، «سنوورە کەلتوورییەکانی نێوان ئێتنیکەکان»، «لەمپەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی ئێتنیکی و نەتەوەیی»، «سڕینەوەی کەلتوورەکان»، «ئاراستەی ئاشتییانە بۆ تێپەڕین لە قەیران»، هەڵێنجاندووە و پۆلێنبەندی کردووە و مۆدێلێکی چەمکیی وەدەست هێناوە کە تێیدا، فاکتەرە سەرەکییەکان )ئابووریی و ئایدۆلۆژیایی)، فاکتەرە کاریگەرەکان (میدیا و شێوازی ژیان) و فاکتەرە پێش زەمینەییەکان (پارامەترە یاسایی، کەلتووریی و بەدبەڕێوەبەرییەکان) دیاردە تەوەری (داخوازی دادپەروەری / لێکپسانی کۆمەڵایەتی) بیچمی گرتووە و کردەوەی ستراتیژی (کردەوەی ئاشتییانە، قبووڵ کردنی بارودۆخ و پەیوەندیی دەوڵەت و نەتەوە) و لێکەوتەکانی (سەقامگیری و لەناوچوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی( خراوەتە ڕوو.

لینکی توێژینەوەکە/ https://kameelahmady.com/nonconformity-and-resistance-in-mahabad-with-focusing-on-cultur/



ئێتنیکییەکانی ئێرانی هاوچەرخ لەگەڵ پەرەسەندنی پرۆسەکانی بەجیهانی بوون هاوکات بوو و گەنگەشەی نێوان ئێتنیکەکانی هێناوەتە کایەوە کە بەمەبەستی نەهێشتنی هەڵاواردن و نایەکسانییەکان بۆ گەیشتن بەگەشەی کۆمەڵایەتی بەلای شوناس خوازی و دادپەروەر خوازیدا دەشکێتەوە

**بابەت/ هاوسەرگیری منداڵان**

لێکدانەوەی پەرەسەندنی هاوسەرگیری و تەڵاقی منداڵان

هاوسەرگیری منداڵان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لەئێران هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی ڕوو لەگەشە و گەشە نەکردوودا بەدی دەکرێت .شانەی کلتووری- نەریتی و قەیرانە ئابووریی و خێزانییەکان لەهۆکارەکانی دیاردەی هاوسەرگیری منداڵان لەئێران دەکۆڵنەوە. هاوسەرگیریی منداڵان جۆرێک هاوسەرگیرییە کە لانیکەم یەکێک لەهاوسەرەکان تەمەنی ژێر ١٨ ساڵانە و زیاتر کچان لەم چەشنە هاوسەرگیرییەدا، منداڵن و پتر تووشی زیان و خەسار دەبن. یەکێک لەگرنگترین لێکەوتەکانی منداڵ هاوسەری، زۆربوونی تەڵاقی منداڵان و هەڵکشانی ڕێژەی منداڵانی بێوەیە. ئامانج لەم توێژینەوەیە پێناسە و هەڵسەنگاندنی ڕێژەی پەرەسەندنی هاوسەرگیری و تەڵاقی منداڵانە لەوڵاتی ئێراندا. شێوازی ئەم لێکۆڵینەوەیە چۆنایەتی، مەیدانییە و لەسەر ئاستی کەلانە ئەنجام دراوە. ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە زیاترین ڕێژەی هاوسەرگیری و تەڵاقی منداڵان لەسەر ئاستی هەر حەوت پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، خووزستان و سیستان و بەلووچستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هورمزگان و ئیسفەهان ڕوو دەدات. گرنگترین هۆکارەکەی هەژاری، زانست و خوێندەواریی کەم و ڕەواداری ئاینییە. لەگرنگترین ڕێگە چارەکانی بەرەنگار بوونەوەی هاوسەرگیری و تەڵاقی منداڵان دەتوانین ئاماژە بکەین بەگۆڕین و دیاری کردنی تەمەنی هاوسەرگیری، قەدەغە کردن و بەتاوان زانینی هاوسەرگیریی منداڵان، بەستێن سازی کلتووریی و کۆمەڵایەتی، بەشداری پێکردنی کەسایەتییە ئایینی و ڕێبەرییەکان، باشتر کردنی بارودۆخی ئابووری و دروست کردنی هەلی کار، گۆڕین و باشتر کردنی سیاسەتەکانی یەکسانی ڕەگەزێتی بۆ دەستەبەر کردنی پشتیوانی لەقوربانییان و منداڵان، دەستەبەری بوونی سیاسەتی. جێبەجێ کاری گونجاو بۆ ڕێگری لەهاوسەرگیری منداڵان و هاسەرگیری زۆرەملێ.

لینکی توێژینەوەکە/ https://kameelahmady.com/the-nexus-between-the-temporary-marriage-and-early-child-marriages/

**بابەت/ هاوسەرگیری منداڵان**

**زایەڵەی بێدەنگی**

**توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بەهاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لەئێران**

دیاردەی هاوسەرگیریی منداڵان لەو چەشنە هاوسەرگیرییانەیە کە لانیکەم یەکێک لەلایەنەکان تەمەنی کەمتر لە ١٨ ساڵ بێت. ئەم دیاردە لەزۆرێک لەوڵاتانی جیهان بوونی هەیە و هەوڵی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ ڕێگری و کەم کردنەوەی ڕێژەی هاوسەرگیریی منداڵان دەستی پێکردووە. ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە

هەواڵنامەی کتێب

لەئێرانیش لەلایەن نۆرمە نەریتی و کولتوورییەکانەوە داکۆکی لەسەر کراوە، سەرەڕای داخوازی پەیتا پەیتای کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی لەلایەن دەوڵـەتـەوە سـڕکـراوە و هەنگاوێکی کاریگەر لـەدژی نەهاوێژراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوە لێکدانەوەی ڕێژەی پەرەسەندنی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لەئێران و شیکاریی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی وردی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە بـوو. شێوازی توێژینەوە، چۆنایەتی و لەسەر ئاستی کەلانە و بەشێوەی مەیدانی بوو. تەکنیکەکانی لێکۆڵینەوە بریتی بوو لەبینین و دیمانە و ئامرازی لێکۆڵینەوە پرسیارناوە و شێوازی شیکاریی داتاکان و شرۆڤەی هەڵێنجاندن. ئەنجامەکان پیشانی داوە کە حەوت پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی، ئازەربایجانی ڕۆژهـەڵات، خووزستان، سیستان و بەلووچستان، ئازەربایجانی ڕۆژئـاوا، هورمزگان و ئیسفەهان لەم ساڵانەی دوایدا زیاترین ڕێژەی منداڵ هاوسەرییان لەخۆ گرتووە. سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی منداڵ هاوسەری ڕووی لەکەم بوونەوەیە، بەڵام لەبەرامبەردا ڕێژەی تەڵاقی منداڵان ڕووی لەهەڵکشانە. هەروەها ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوە پیشان دەدا کە گرنگترین فاکتەری کاریگەر لەسەر بەردەوام بوونی منداڵ هاوسەری بریتییە لەهەژاری، ئاستی خوێندەواری نزم و نەخوێندەواری، پشتیوانی یاسایی، گـوشـارە کۆمەڵایەتییەکان و ڕوانگەی پیاوسالارانە و باوەڕە نەریتی و ئاینیەکانە.

هاوسەرگیریی پێشوەختە بەهەر دوو ڕەگەزەکە دەوترێ بەڵام حەقیقەتی کۆمەڵگا دەلالەت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەم دیاردە بۆ کچان مەترسیدارتر و خەسار بەخشترە. ئـاسـەوارەکـانـی هاوسەرگیریی پێشوەختە بریتییە لەهەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق، منداڵ بێوەیی، زۆر بوونی ڕێژەی منداڵانی بێ سەرپەرشت و بەد سەرپەرشت، دەست درێژی سێکسی بۆ سەر کچان، بەردەوام بوونی پرۆسەی هەژاری و داوێن پیسی، هەڵکشانی نەخۆشییە جەستەیی و سێکسی و ڕۆحییەکانی کچان. لەکۆتاییدا بەمەبەستی ڕێگری و بەرەنگار بوونەوەی ئەم دیاردە ڕێگەچارەگەلی وەکوو زیاد کردنی تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری بۆ ١٨ ساڵ، بەستێن سازی کەلتووری و پەروەردەیی، تۆمار کردنی وردی هاوسەرگیرییەکان، جیدی بوونی دەوڵەت و هاوئاهەنگییەکانی ڕێکخراوەکانی دەروەست بە بەرەنگار بوونەوەی منداڵ هاوسەری، خوێندنی ناچاری و بێبەرامبەر بەتایبەت لەناوچە گەشە نەکردووەکان، هەڵکشاندنی ئاگاداربوون لەلێکەوتە و زیانەکانی منداڵ هاوسەری لەڕێگەی میدیای گشتی و تەکنەلۆژیای نوێ، پشتیوانی یاسایی لەلایەن دەزگای داد بۆ بەنایاسایی کردنی منداڵ هاوسەری و دیاری کردنی سزای قورس بۆ ئەنجامدەرانی منداڵ هاوسەری و لەکۆتاییدا بەکار هێنانی کەسایەتییە ئایینی و ئایینزاییەکان وەک گرنگترین فاکتەری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لەئێران بۆ ئەوەی بەرەنگاری هاوسەرگیریی منداڵان ببینەوە.

لینکی توێژینەوەکە/ https://kameelahmady.com/wp-content/uploads/۲۰۲۰/۰۷/The-Feminization-of-Poverty-Causes-and-Implications-of-early-child-marriage-in-Iran.pdf

**بابەت/ هاوسەرگیری کاتی و بڕیاری مەحرەمێتی**

**تاوتوێی خەسارناسانەی بڕیاری مەحرەمێتی هاوسەرگیری کاتی (سیغە) لەئێران**

بەگوێرەی یاسا و فیقهی ئیسلامی هاوسەرگیریی هەمیشەیی و کاتی، تاکە شێوازەکانی هاوسەرێتی لەئێرانن. بەشێک لەهاوسەرگیریی کاتی لەچوارچێوەی بڕیاری مەحرەمێتی لەبەشە نەریتییەکانی کۆمەڵگادا باوە. یاسا لەبارەی بڕیاری مەحرەمێتی کە ڕێ خۆشکەری هاوسەرگیریی پێشوەختەیە و لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و دەروونـی بەربڵاوی بەتایبەت بۆ کچان هەیە، بێدەنگی هەڵبژاردووە و چاودێری بەسەردا ناکات ئەو لێکۆڵینەوانەی کە هەتا هەنووکە ئەنجام دراوە، زیاتر بۆ داکۆکی کردن لەسەر هاوسەرگیریی کاتی بووە و بەشێوەی بەربڵاو ئەم دیـاردە کۆمەڵایەتییەیان تاوتوێ نـەکردووە. لەم توێژینەوەدا بۆ یەکەم جار، بنەمای مێژوویی، ئایینی، یاسایی و کۆمەڵایەتی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتی لێک دەدرێتەوە. هەروەها بەکەڵک وەرگرتن لەئاراستەی چۆنایەتی و چەندایەتی و بەکارهێنانی شێوازی پێش زەمینە دۆزی، ئەم دیاردە لەسەر ئاستی هەرسێ کەلانشاری تاران، مەشهەد و ئیسفەهان لەساڵانی (١٣٩٥ – ١٣٩٦ هەتاوی) بەشێوەی گشتگیر خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات کە ڕابـواردن خوازی و ئاسان کردنی مەرجەکانی منداڵ



دیاردەی هاوسەرگیریی منداڵان لەو چەشنە هاوسەرگیرییانەیە کە لانیکەم یەکێك لەلایەنەکان تەمەنی کەمتر لە ١٨ ساڵ بێت. ئەم دیاردە لەزۆرێك لەوڵاتانی جیهان بوونی هەیە و هەوڵی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ ڕێگری و کەم کردنەوەی ڕێژەی هاوسەرگیریی منداڵان دەستی پێکردووە.

هاوسەری دیاردەی تەوەریی هاوسەرگیریی کاتی / بڕیاری مەحرەمێتین کە دەبێتە هۆی بەدناوی بەتایبەت بۆ ئافرەتان و بیچم گرتنی زەینییەتی نەرێنی پیاوان بەرامبەر بەهاوسەرگیریی هەمیشەیی. لەم توێژینەوەدا هەوڵ دراوە دیوە ئاشکرا و شاراوەکانی هاوسەرگیریی کاتی و بڕیاری مەحرەمێتی بەبێ ڕوانگەی لاگرانە و بەشێوەی زانستی لێک بدرێتەوە بۆ ئەوەی ڕوانگەیەکی ڕوون و ورد لەبارەی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بێتە دی و ڕێکارێکی بنەمایی و واقیع بینانە بخرێتە بەر دەم بەرپرسانی جێبەجێکار و یاساداڕێژ. هیوادارین بەپێی ئەم ڕێگە چارانە، ناوەندی هاوسەرگیریی کاتی لەئێران لەسۆنگی یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە ڕێک بخرێتەوە، بەجۆرێک مافەکانی ئافرەتان و منداڵانی تێدا پێشێل نەکرێت، بنیاتی بنەماڵە و پێگەی هاوسەرگیریی هەمیشەیی بپارێزرێت.

لینکی بابەتەکە بەکوردی/
٪https://kameelahmady.com/kurdi/٪d٨
٪٨e٪db٪db٪٨٨٪aa٪d٩٪d٨٪٨٨٪d٩٪a٧٪aa٪d٨
٨٪d٩٪b١٪d٨٪a٧٪d٨٪b٣٪d٨٪٩٥٪ae٪db٪٨c-٪d٨
٨c-٪db٪٩٥٪db٪٨٦٪d٩٪a٧٪d٨٪b٣٪d٨٪a٧٪d٨٪٦
٨c-٪db٪b١٪d٨٪a٧٪٨c٪d٨٪db٪٩٥٪da٪a٨٪٪d٨
٪db٪٨٥٪d٩٪٩٥٪db٪b١٪ad٪d٨٪d٨٪٩٥٪db٪٨٥٪٪d٩
/٨e

**بابەت/ خەتەنەی ژنان/ خەتەنەی کوڕان . پیاوان گومانی ڕوو لەگۆڕان**

**ڕاپۆرتێکی ناوخۆیی لەمەڕ خەتەنەی ژنان/ شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ژنان . کچان لەئێران**

**پێشەکەییەک سەبارەت بەخەتەنەی منداڵان / شێواندنی زاوزێی کوڕان . پیاوان لەئێران**

ڕاپۆڕتی بەڕۆژ کراوی ئێستا شرۆڤەیەک لەنوێترین پێوەری بارودۆخی خەتەنەی ژنان لەوڵاتی ئێرانە و پێشەکییەک لەمەڕ خەتەنەی کوڕان یان پیاوانیشە. خەتەنەی ژنان، کارێکی ڕیشەیی درێژ ماوەیە کە بەشێوەی ئایینی، کەلتووری و ئایینزایی لەهەندێک لەگوندەکانی چوار پارێزگای ئێران باوە؛ ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و هورمزگان. دابونەریت لەسەر ئاستی هەر چوار پارێزگاکە ڕووی لەکەم بوونەوەی بنەڕەتییە - ڕادەی خێراییەکەیان جیاوازە - لەماوەی چەندین ساڵدا شانبەشان لەگەڵ توێژینەوەی مەیدانییە. توێژینەوەی سەرەتایی گرینگی ڕاهێنانی کەم کردنەوە و کۆتایی هێنان بەخەتەنەی ژنان و نەهێشتنی ئەم کارەی تاوتوێ کرد. ئەوە لەحاڵێکدایە کە داماڵینی ڕیشە کۆنەکانی نەریتە زیان بەخشەکان لەسەر سیمای کۆمەڵگای نەریت خوازی ڕوو لەمۆدێڕنیتەی وەکوو ئێران کە هیچ هۆگرییەکی بۆ گۆڕانکاری بنیاتی و خێرا لەباوەڕە کولتوورییەکاندا ئەستەمترین کارە، ئەنجامەکانی پڕۆژەی ڕاهێنانی پلان بۆ داڕێژراو بۆ ئەنجامدەرانی خۆجێیی و خۆماڵی لەوڵاتی ئێراندا ڕێژەی

خەتەنەی کچانی بەشێوەی بەرچاو دابەزاندووە کە دەتوانێ ببێتە بەستێنێکی شیاو بۆ دەست پێکردنی پشتیوانی لێکراو لەلایەن دەوڵەتەوە بەمەبەستی ڕاهێنان و دەست تێوەردانی بنیاتی و زانستی وێڕای بزاڤ و بەرنامەیەکی یەکدەست و پشتیوانی ڕەچاو کردنی هەموو لایەنە کولتووری، نەریتی و ئایینییەکان بۆ گرووپە ئامانجەکانی ئەم چوار پارێزگایە لەپاڵ زانیاری بەخشی لەمەڕ خەتەنەی ژنان و کچان گەڕانی ئازادانەی زانیارییەکان لەلایەن دەوڵەتەکانەوە سەبارەت بەسوود و زیانی خەتەنەی پیاوان یان کوڕانیش پێویستە بچێتە چوارچێوەی کارەوە و دەست ڕاگەیشتنی شارۆمەندان بەزانیاری پزیشکی بێ لایەنانە مومکین ببێت.

لینکی توێژینەوەکە/

https://books.google.co.uk/books?id=gyd
hl=en&source=newb&٠=gEAAAQBAJ&newbks
ks_fb&redir_esc=y

**بابەت/ خەتەنەی ژنان/ کچان**

**لێکدانەوەی بەراوردانەی ڕوانگەی پەیوەست بەخەتەنەی کچان / ژنان لەسەر بنەمای مافەکانی ژنان تاوتوێی بەراوردانەی ڕوانگەی سەبارەت بەخەتەنەی کچان لەسەر بنەمای مافەکانی ژنان . منداڵان، ئایین و یاساکانی ئێران**

خەتەنەی کچان نەریتێکە بەمێژوویەکی دوور و درێژەوە کە لەئێستاشدا سەرەڕای پێشێل کردنی دیوە جیاوازەکانی مافە سێکسییەکانی منداڵان و ئافرەتان، هێشتاش باوە. خەتەنە بریتییە لەهەر چەشنە زیان گەیاندنێک بەکۆئەندامی زاوزێی ژنان بەهۆکاری ناپزیشکی، وەک پێشێل کردنی مافەکانی ژنان و منداڵان ڕاگەیەنراوە و وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەکان و پابەند بەکۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵان و ژنان کە ئێرانیش هەندێ لەم کۆنوانسیۆنانەی واژۆی کردووە، بەپێی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لەدژی ئەم دیاردە ڕاپەڕیون. بەڵام لەهەندێک لەوڵاتاندا بۆ وێنە ئێران، خەتەنەی کچان لەلایەن بەرپرسانەوە نکۆڵی لێکراوە و لەم بارەوە لەیاسا و مافەکانی ئێراندا هیچ چەشنە پشتیوانییەکی یاسایی لەژنان و منداڵان ناکرێت و بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم خەسارەتە لەلایەن دەوڵەت و ناوەندە پەیوەندیدارەکانەوە داپەڕێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت. خەتەنەی کچان نەریتێکی دێرینە کە بەر لەئیسلام، لەلای مەسیحییەت یان یەهوودییەت باو بووە، سەرەڕای هەموو ئەمانە زۆرێک لەگوتارەکان خەتەنە گرێ دەدەنەوە بەئایینەوە و وەک یەکێک لە پێویستییەکانی ئایین و بەتایبەت ئایینی ئیسلام لەقەڵەمی دەدەن.

لینکی توێژینەوەکە/ https://kameelahmady.
In-the-/٠٤/٢٠٢٢/com/wp-content/uploads
Name-of-Traditions-A-Comprehensive-
Study-on-the-Impact-of-Female-Genital-
Mutilation-FGM-on-Women-and-Girls-.pdf

**بابەت/ خەتەنەی ژنان / کچان**

**ڕوون کردنەوەی کۆمەڵایەتی هۆکار و لێکەوتەکانی خەتەنەی ژنان لەئێران**

خەتەنەی کچان بریتییە لەهەموو ئەو داپەڕانەی کە دەبێتە هۆی بڕینی بەشێک یان هەر هەموو بەشە دەرەکییەکانی کۆئەندامی زاوزێی ژنان و یان بەواتایەکی دیکە، هەر چەشنە زیان گەیاندنێک بەهۆکاری ناپزیشکی بۆ سەر ئەم بەشە. خەتەنە نموونەی ئاشکرای توندوتیژی دژ بەژنان بەتایبەت منداڵان و کچانە کە لەناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا بەدی دەکرێت لەئێرانیش خەتەنەی کچان دیاردەیەکی نائاسایی نییە بەڵام لەلایەن دەوڵەت، وەزارەتخانە و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانەوە پشتگوێ خراوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە لێکدانەوەی گشتگیری خەتەنەی ژنان بوو لەئێران کە بۆ یەکەمین جار لەئێران لەماوەدای زەمەنی (١٣٨٤ - ١٣٩٤)ی هەتاویدا ئەنجام درا. شێوازی ئەم توێژینەوەیە پێناسەی - ئەندازەیی و مەیدانییە و لەسەر ئاستی کەلانە بوو. هەروەها ئامراز و تەکنیکەکانی توێژینەوە پرسیارناوە، دیمانە و بینینی هاوبەشانە بوو ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ڕوونی دەکاتەوە کە خەتەنەی کچان لەناو ئەهلی سوننەی لقی شافێعی مەزهەبەکان لەهەندێک لەبەشەکانی هەر چوار پارێزگای هورمزگان، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لەدێرزەمانەوە باو بووە و بەخۆش حاڵییەوە لەم ساڵانەی دواییدا ڕووی لەدابەزین کردووە. ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەوە دەردەخات کە لەگرنگترین هۆکارەکانی ئەنجامدانی خەتەنە لەم ناوچانە پاساوی ئایینی، بێئاگایی، ئاستی خوێندەواریی نزم و نەخوێندەواری، کەلتووری پیاو سالارانە و باوەڕگەلی سەبارەت بەپاکداوێنی و تەندروستی و جوانییە. هەروەها ڕێکارگەلێک بەمەبەستی پێشگیری و دژایەتی خەتەنەی ژنان پێشنیار کراوە کە بریتییە لەقبووڵ کردنی بوونی خەتەنە و بابەتێتیەکەی لەلایەن دەوڵەت و وەزارەتخانە پەیوەندیدارەکانەوە، گرتنەبەری داپەڕی یاسایی و زەرووری بۆ ڕێگری و بەرەنگار بوونەوەی خەتەنەی کچان لەلایەن دەوڵەت و بەستێن سازیی کولتووری، هێنانی ئەم زەروورەتانە بۆ ناو دەزگای داد، تەندروستی و پەروەردە، هەروەها تەرخان کردنی خزمەت گوزاری تەندروستی نیشتمانی و خزمەت گوزاری کۆمەڵایەتی لەم ناوچانە. بۆئەوەی متمانە لەنێوان دەوڵەت و خەڵک بیچم بگرێت پشتیوانی زانایانی ئایینی و دەست ڕۆیشتووانی ئایینی لەبەرەنگار بوونەوەی خەتەنەی کچان و دەرکردنی فتوای شەرعی لەسەر بنەمای ناشەرعیەتی و زیان بەخش بوونی خەتەنەی کچان و ژنان، بەرنامەڕێژی کردەیی بەمەبەستی سوود بینین لەمیدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبواری بەرەنگار بوونەوەی خەتەنەی ئافرەتان و بەرز کردنەوەی ئاستی وشیاریە تەندروستی و دەروونیەکان، بەهێزکردنی (NGO) و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان لەپێناو بەستێن سازیی کولتووری و زانیاری بەخشی لەبواری خەتەنەی کچان.

لینکی توێژینەوەکە/
https://kameelahmady.com/wp-content/
Prevalence-of-Female-/۱۲/۲۰۲۰/uploads
-Genital-Mutilation-Cutting-FGM-C-in-Iran
pdf.۱-JIAATS-۲۰۱۵-۲۰۰۵

**بابەت/ ناهاوسانان**

**ناهاوسانانی ئێران هاوولاتیانی بێماف**

**توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بەناهاوسانان لەئێران:**
**شیکارییەک لەسەر یاساکان و ڕێکاری یاسایی بۆ ناهاوسانان لەئێران**

زۆربـەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە هەتا ئێستا لەبارەی کۆمەڵگەی ناهاوسانان ئامادە کراوە، سەبارەت بەو کەسانەیە کە لەئێستادا، لەئێران نەماون و لەوڵاتێکی دیکەدا ژیان بەسەر دەبەن و هێشتا زانیارییەکی ئەوتۆ لەبارەی ئەزموونی کەسانی ناهاوسانی دانیشتووی ئێران بوونی نییە. بەشێوەی تایبەت، لەبارەی ژیان و هەستی ئەوان لەئێران و چۆنیەتی کارتێکراوی ئەزموونەکانیان بەهۆی شوناسی ڕەگەزییان توێژینەوەیەک لەبەردەستدا نییە یان ئەگەر هەیە ئەم زانیارییانە سنووردارن. ئەم توێژینەوەیە بەنیازە ئەم بۆشاییە زانستییە لەبارەی بابەتێکی هەتا ئـەم ڕادە گرنگە پڕ بکـاتـەوە. ئەم توێژینەوەیە زۆر ئاڵۆزە، چوونکە لەڕوانگەی گشتی و ساده بۆ هۆگری سێکسی و بیر و بۆچوونی پەیوەست بەڕەگەزێتی لەبواری ژیانی تایبەتی و گشتی تاک سەرتر چووە. لەم توێژینەوەیەدا کورتە مێژووی یاسای وڵاتانی جیاواز بەئایینی جیاواز لەبارەی ئاستەنگە سەپێنراوەکانی دژ بەمافەکانی ناهاوسان تاوتوێ دەکرێت. هەروەها تیشک دەخاتە سەر بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی ناهاوسانان لەشوێنە جیاجیاکانی جیهان کە بەمەبەستی بەرەنگار بوونەوە دژ بەم یاسایانە ئەنجام دراوە و ڕۆڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ لەئامادە کردنی یاساگەلی پشتیوانی لەمافەکانی ناهاوسانان تاوتوێ دەکرێت و لەکۆتاییدا یاسا ناوخۆییەکانی ئێران لەبارەی ناهاوسانان لێک دەدرێتەوە، ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆژە لێکۆڵینەوەییە تێگەیشتنە لەهەست و باوەڕی سەبارەت بەناهاوسانان لەئێران لەڕێگەی شیکاری ڕەخنەگرانە لەڕوانگەی ئەم کەسانە خۆیان و هەروەها لێکدانەوەی ئەو چالنجانەیە کە ئەوان بەهۆی ژیان لەناو کۆمەڵگایەکی ئایین پـەروەر، چینتەوەر، نەریتخواز و باوک سالار کە ـ ناهاوسانی وەک شوناسێک ڕەت دەکاتەوە ـ بەئەزموونی دەکەن. لەڕاستیدا پرسیاری لێکۆڵینەوە لێرەوە دەست پێدەکات. زەرووڕەتی فوکووس خستنە سەر کۆمەڵگەی ناهاوسانان و خەسار هەڵگریی ئەم کەسە سەرکوت کراو و ناچار بەبێدەنگی کراوانە بوو بەئەنگێزەیەک بۆ ڕوون کردنەوەی بارودۆخی ئەم کەسانە کە بەئەنقەست پشتگوێ خراون و لەلایەن کۆمەڵگاوە

خراونەتە پەراوێزەوە، فوکووسی ئەم لێکۆڵینەوە قووڵە لەسەر پتر لە٤٠٠ کەس ـ ٦٠٪ پیاو و ٤٠٪ ئافرەت بوونە ـ لەسەر ئاستی هەر سێ کەلانشاری تاران، مەشهەد و ئیسفەهان بوو و ئەم لێکۆڵینەوە لەساڵانی (١٣٩٥ ـ ١٣٩٦)ی هەتاوی ئەنجام دراوە. لەم توێژینەوەدا بۆ هەڵبژاردنی کەسەکان شێوازی نموونەگیریی تۆپەڵە بەفر بەکار هێنرا. یەکێک لەتایبەت مەندییەکانی پانتایی ئەم لێکۆڵینەوە ئەوەیە کە تەنیا لەسەر ناهاوسانانی هۆگری سێکسی چڕ بۆتەوە و کەسانی ترەنسی (کە هەڵگری هەر دوو لایەنی ژنانە و پیاوانەی ڕەگەزێتین و ئەم دوو لایەنە هەر دووکیان بەشێوەی هاوکات چالاکن) تاوتوێ نەکردووە. کەسانی ترەنس بەئەنقەست نەهێنراوەنەتە ناو ئەم لێکۆڵینەوە، چوونکە لەئێران، هەتا ڕادەیەک لەڕووی یاساییەوە پێگەیان قبوڵ کراوە بێگومان ئەم توێژینەوەیە دەلاقەیەکە بەرەو ڕووی ژیانی ناهاوسانان لەئێران کە ژیانێکی شاراوەیان هەیە و هیوادارین ئەنجام و کۆبەندییەکانی ئەم توێژینەوە ببێتە هۆی سیاسەتی و دەست تێوەردانی نوێ.

لینکی توێژینەوەکە/

https://kameelahmady.com/wp-content/ Prevalence-of-Female-/١٢/٢٠٢٠/uploads -Genital-Mutilation-Cutting-FGM-C-in-Iran pdf.١-JIAATS-٢٠١٥-٢٠٠٥

**بابەت/ ناهاوسانان**

**ڕەگەزی سێیەم: شیکاریی گشتگیری مرۆڤ ناسانەی ژیانی ناهاوسانان لەئێران**

ڕەگەزێتی یەکێک لەگرنگترین ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤە کە بریتییە لەشوناس و ڕۆڵی ڕەگەزی و ڕەگەزێتی، هۆگرییە سێکسییەکان، شاوەت، چێژ، دۆستایەتی و زگوزا. ڕەگەزێتی لەبیر، خەیاڵ پەروەریی، خواست، باوەڕ، ڕوانگە، بەها، ڕفتار، شێواز، لەدەور و پەیوەندی تاکەکاندا خۆی دەنوێنێت لەحاڵێکدا ڕەگەزێتی دەتوانێ ئەم ڕەهەندانە لەخۆ بگرێت، هەر هەموو ئەوانە هەمیشە بەئەزموون ناکرێن یان دەرنابڕدرێن. ڕەگەزێتی لەژێر کاریگەری پەیوەندیی بایۆلۆجی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووریی، ئەخلاقی، یاسایی، مێژوویی، ئایینی و فاکتەرە مەعنەوییەکانداییە. سەبارەت بەناهاوسانانی کۆمەڵگای ئێران و ئەوەی کە ئەم کەسانە لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا چۆن سەیری خۆیان دەکەن، توێژینەوەی زۆر کەم ئەنجام دراوە زانیارییەکی کەم لەمەڕ ئەزموونی کەسانی ناهاوسانی دانیشتووی ئێران بوونی هەیە. ئەم توێژینەوە بەنیازە ئەم بۆشاییە زانستییە سەبارەت بەبابەتێکی هەتا ئەم ڕادە گرنگە پڕ بکاتەوە. لەم توێژینەوەدا (شاری قەدەغەکراو) کە توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بەناهاوسانان لەئێرانە و لەئێستادا بەرگی ئینگلیزییەکەی لەژێر چاپدایە و بەرگە فارسییەکەشی

چاوەڕێی مۆڵەتی چاپە، چاڵنجە هەڵقووڵاوەکانی گۆڕانکاری ئەم سەردەمە لەپەیوەندییە ڕەگەزێتییەکان و چۆنیەتی ئەم پەیوەندییانە لەشاری تارانی پێتەخت و هەر دوو کەلانشاری (مەشهەد و ئیسفەهان) تاوتوێ کرا. داتاکانی ئەم لێکۆڵینەوە لەساڵانی (١٣٩٥ ـ ١٣٩٦)ی هەتاوی کۆ کراوە و بەمەبەستی گەیشتن بەستانداڕدێکی شیاوی پەسند کراو و شێوازی لێکۆڵینەوەی پڕ بایەخ پتر لە٤٠٠ دیمانە ئەنجام درا. بۆ هەڵبژاردنی کەسەکان. شێوازی نموونەگیری تۆپەڵە بەفری بەکار هێنرا ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم پڕۆژە توێژینەوەییە بریتییە لە: تێگەیشتن لەهەست و باوەڕی تایبەت بەناهاوسانان لەئێران لەڕێگەی شیکاریی ڕەخنەگرانە لەڕوانگەی خۆیان و لێکدانەوەی ئەو چالنجانەی کە ئەوان بەهۆی ژیان لەناو کۆمەڵگایەکی ئاینپەروەر، چینتەوەر، نەریت خواز و باوک سالار کە ناهاوسانیی وەک شوناسێک ڕەت دەکاتەوە، بەئەزموونی دەکەن. پرسیاری لێکۆڵینەوە لێرەوە دەست پێدەکات. یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە تەنیا فۆکسی خستۆتە سەر ناهاوسانانی هۆگریی سێکسی و کەسانی ترەنسی (کە هەڵگری هەر دوو لایەنی ژنانە و پیاوانەی ڕەگەزێتین و ئەم دوو لایەنە بەشێوەی هاوکات چالاکن) تاوتوێ نەکردووە.

لینکی توێژینەوەکە/ https://scholarworks.arcadia.edu/agsjournal/vol٤/iss١/٢/

هەواڵنامەی کتێب

کەسانی هاوڕەگەزخواز یان ترەنس لەکۆمەڵگای کوردستان دەورێکی بەفەرمی ناسراویان نییە. یەکێك لەهۆکارە گرنگەکانی ئەم پرسە دەورە ڕەگەزێتییە باوەکانە سەرەڕای ئەوەی کەس لەبارەیانەوە نادوێ، هاوڕەگەزخوازیی پیاوان بابەتێکی ناسراوە، بەڵام ترەنس بوون و هاوڕەگەزخوازی لەناو ئافرەتاندا کەمتر قبووڵ کراوە



**بابەت/ ناهاوسانان لەکوردستان**

**بوونی هاوڕەگەزخوازی و ترەنسێتی شاراوە لەناو کلتووری کوردیدا**

**خوێندنەوەی تایبەتانەی هاوڕەگەزخوازانی ژن و پیاو لەکوردستان و دەرەوەی وڵات**

ئەم وتارە بەبابەتێکی ئێتنۆگرافانەوە هەوڵ دەدا ڕوانگەیەکی مرۆڤ ناسانەی بەرامبەر بەهەموو حاڵەتە شاراوەکانی هاورەگەزخوازی و ترەنسێتی لەنێو کەلتووری کوردیدا هەبێت. ئەم بابەتە لەکولتووری کورد و ئێرانییەکانیشدا هاوشێوەی هەموو کۆمەڵگاکانی دیکەیە بەڵام لەهەمان کاتدا بەپێی نۆرمە کولتوورییەکان وەک نهێنییەکی ئاشکرا بوو ئەم پرسە لای خۆیان دەهێڵنەوە، واتە هەمووان لەبوونی ئاگادارن بەڵام هیچ کەس لەم بارەوە قسە ناکات. بەهۆی نەبوونی هیچ هۆگرییەک بۆ ئەم بابەتە، کەسانی هاوڕەگەزخواز یان ترەنس لەکۆمەڵگای کوردستان دەورێکی بەفەرمی ناسراویان نییە. یەکێک لەهۆکارە گرنگەکانی ئەم پرسە دەورە ڕەگەزێتییە باوەکانە سەرەڕای ئەوەی کەس لەبارەیانەوە نادوێ، هاوڕەگەزخوازیی پیاوان بابەتێکی ناسراوە، بەڵام ترەنس بوون و هاوڕەگەزخوازی لەناو ئافرەتاندا کەمتر قبووڵ کراوە و تەنانەت لەحاڵەتی نافەرمیشدا پەسند ناکرێت. بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی فیمینیزم لەناو ژنانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەوان ئێستا لەرێگەی ئەم پارادایمەوە زیاتر لەبارەی ڕەگەزێتی خۆیان ئەزموون وەدەست دێنن.

سەبارەت بەپرسی هاوڕەگەزخوازی لەنێو کوردەکان پێشینەی نووسراو لەئارادا نییە، بەڵام نووسەرانی کورد و ئێرانی هەوڵیان داوە لەبواری ئەم تابۆ کولتوورییە لەنێو هاوڕەگەزخوازاندا دەست بدەنە توێژینەوە هەر بۆیە سەرچاوەی نووسراوی زۆر کەم لەبەردەستە. سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردیی کوردستان و تەنانەت بەشگەلێک لەدەرەوەی سنووری فیزیایی کوردستان بەشێوەی هەمیشەیی و تەنانەت توند ئاژۆیانە دژی مۆدێرنیتە و گۆڕینی دەورە ڕەگەزێتییەکان (کە لێکەوتەی ئەوە) دەوەستنەوە و لەدژی دەجەنگن، لەبواری ئازادی ڕەگەزێتی ڕێژەی قبووڵ کردن زۆر کەمە. لەدرێژەدا دەمەوێت چەندین حاڵەتی توێژینەوەی تایبەت لەبواری ئەو کەسانە بخەمە ڕوو کە لەسەر بابەتی ئەم توێژینەوە قسەم لەگەڵ کردن و ئەنگێزە و داپەڕەکانی ئەوانم لەپەیوەندی لەگەڵ هاوڕەگەزخوازی خستۆتە بەر تیشکی لێکدانەوە و لەبارەی ڕوانگەیەک کە لەکۆمەڵگای کوردیدا لەمەڕ خۆیان هەیانە پرسیارم لێ کردن.

لینکی توێژینەوەکە/
https://kameelahmady.com/wp-content/uploads/٢٠٢٠/٠٧/Obscured-existence-of-homosexuality-and-transsexuality-inside-Kurdish-culture.pdf

**بابەت/ هاوسەرگیری سپی**

## ژێر جلی شار شیکاری دیاردەی هاوسەرگیری سپی لەکەلان شارەکانی ئێران

**شیکاریی دیاردەی هاوسەرگیریی سپی لەکەلان شارەکانی ئێران**

ژیانی هاوبەش بەبێ هاوسەرگیریی فەرمی و یاسایی، وەک پەیوەندیی هاوسەرگیریی تۆمار نەکراو کە پەرەسەندنەکەی وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەکەلانشارەکاندا ڕووی لەزیاد بوونە، بەپێی بنەمای نۆرمە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان دیاردەیەکی نایاسایی و ناشەرعییە. بەئاوڕدانەوە لەئاڵۆزی بابەتەکە و هەستیارییەکەی لەئێران، لەم بوارەدا ئامارێکی سەرنج ڕاکێش لەئارادا نییە. هەر لەبەرئەوەی بەمەبەستی ناسینی وردی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە و هۆکار و لێکەوتەکانی، ئەم توێژینەوە هەر سێ شاری گەورەی ئێران، واتە تاران و مەشهەد و ئیسفەهانی تاوتوێ کردووە ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی ڕوانگەی شرۆڤە خوازی و شێواز ناسی چۆنایەتی بەکەڵک وەرگرتن لەتیۆریی زەمینەیی ئەنجام دراوە. بەهۆی هەستیاری کولتووری بابەتی توێژینەوە و دژواری دەست ڕاگەیشتن بەنموونەکان شێوازی ناهەڵکەوت و تەکنیکی دیمانەی قووڵ و پێکهاتوو بەکار هێنرا. دڵنیا بوونی تیۆریکی داتاکان پاش ئەنجام دانی ١٠٠ دیمانە وەدەست هات و بۆ متمانەی زیاتر، ٢٠٣ دیمانە ئەنجام درا بەگوێرەی ئەنجامەکانی توێژینەوە، هەلومەرجی ئابووری، چوارچێوەی فەرمی و یاسایی، هەلومەرجی بنەماڵەیی، کاڵ بوونەوەی چاودێری، ژیان لەکۆچ، ئەزموونی پەیوەندی و جیهانبینی تاکایەتی لەفاکتەرە سەرەکییەکانی هۆگریی بۆ هاوسەرگیریی سپی بوون، دیاردەی تەوەریی و کردەوەی ستراتیژی لەم چەشنە ژیانە نوێیە لەکەلان شارەکان بەهۆی گۆڕانکاریی نۆڕمی و بەهایی و فرەیی و ناسەقامگیری لەپەیوەندییەکان بوو

هەواڵنامەی کتێب



لەوڵاتی ڕوو لەپێشکەوتنی ئێران لەپاش پرۆسەی نوێ کردنەوە و مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایی و هەروەها پێکهاتە کۆمەڵایەتی ئابوورییەکەی، سەرچەشنی پەیوەندییەکانی ژن و پیاو و پێکهاتەی بنەماڵە تووشی گۆڕانکاری نوێ بۆتەوە.

کە لێکەوتەی وەکوو کاڵبوونەوەی کڵێشە ڕەگەزێتییەکان و ئازادی هەڵبژاردن، بێ هۆگری بۆ هاوسەرگیری فەرمی، تاراندنی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پشتیوانی و ترس لەبەدوادا چوونی بەدواوە بووە.


لینکی توێژینەوەکە/ https://kameelahmady.com/attitudes-of-present-generation-/towards-marriage

**بابەت/ هاوسەرگیری سپی**

**ژوورێک بەدرگای ئاوالاوە: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی لەئێران**

لەوڵاتی ڕوو لەپێشکەوتنی ئێران لەپاش پرۆسەی نوێ کردنەوە و مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایی و هەروەها پێکهاتە کۆمەڵایەتی ئابوورییەکەی، سەرچەشنی پەیوەندییەکانی ژن و پیاو و پێکهاتەی بنەماڵە تووشی گۆڕانکاری نوێ بۆتەوە. هاوماڵی یان ژیانی هاوبەش بەبێ هاوسەرگیریی فەرمی کە وەک سەرچەشنی مۆدێرنی پەیوەندییەکانی ژن و پیاو و بەدیلێک بۆ هاوسەرگیریی فەرمی لەلایەن گەنجانەوە دەست نیشان کراوە، وەک ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانە دێتە هەژمار و لەپەراوێز و لێواری شاراوەی کەلان شارەکانی ئێران ڕووی لەپەرەسەندنە. بەهۆی هەستیاری ئایینی و کولتووری ئەم بابەتە و نکۆڵی لێکردنی لەلایەن بەرپرسانەوە، هەتا ئەورۆ لێکۆڵینەوەیەکی یەک دەست و گشتگیر لەم بارەوە ئەنجام نەدراوە. هەر بۆیە بەئاوڕدانەوە لەلێکەوتەکانی ئەم دیاردە ڕوو لەپەرە سەندنە، لەساڵی (١٣٩٧ - ١٣٩٦)ی هەتاوی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەگیر سەبارەت بەهاوسەرگیری سپی لەسەر ئاستی هەر سێ کەلان شاری تاران، مەشهەد و ئیسفەهان بەپێداگری کردنە سەر شێوازی چۆنایەتی زەمینە دۆزیمان کرد ئەنجامەکانی توێژینەوە دەرخەری ئەوەیە کە فاکتەرە ژینگەییەکان (بارودۆخی ئابووری، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، چوارچێوەی یاسایی و فەرمی)، فاکتەرە دەست تێوەردەرەکان (بارودۆخی بنەماڵەیی، کاڵ بوونەوەی چاودێری، ژیان لەکۆچ) و فاکتەرە زەمینەییەکان (ئەزموونی پەیوەندی و جیهان بینیی تاکایەتی) فاکتەری کاریگەریی هاوسەرگیری سپین. دیاردەی تەوەری لەم توێژینەوەیەدا، بەدی هاتنی گۆڕانکاری نۆڕمی و بەهایی لەشێوازی ژیانی تاکەکان و کردەوەی ستراتیژی ئەوان و هەروەها بێ ژوماری و ناسەقامگیری لەپەیوەندییەکان بوو. هەروەها کاڵ بوونەوەی کلیشە ڕەگەزێتییەکان، ئازادی هەڵبژاردن، بێ هۆگری بۆ هاوسەرگیری فەرمی، تاراندنی کۆمەڵایەتی و نەبوونی .پشتیوانی و ترس لە بەدواداچوون وەک گرنگترین لێکەوتەکانی هاوسەرگیری سپی لەئێراندا ناسێنراون.

لینکی توێژینەوەکە/ https://kameelahmady.com/changing-the-attitude-of-young-/people-towards-marriage



# دۆستۆڤسکی



ئامادەکردنی: زاهیر شکور

بەشی دووەم

باوکی دۆستۆڤسکی زەوی و زار و داهاتێکی جێگیر و سەفتەیەکی گەورەی وەرەقەی دراوی پاشکەوت کردبوو بەقسەی خۆی بۆ کچەکانی و خۆشی لەگۆشەگیری کێڵگەکەیدا هیچی خەرج نەدەکرد، دەبوایە وەک باوکێک خەرجیەکانی کوڕەکەی بناردایە، کەچی وەڵامی ئەو باوکە چروک و ڕەزیل و پیسکەیە، پڕ بوو لەدەنائەت و مەکر و درۆ کە مایەی هەستێکی درۆزنانەیە. (هاوڕێم بزانە مایەییەی عەیبەیەکی گەورەیە بێزاری و نەهامەتیت بنێریت بۆ باوکت کە هەرچی پێبکرێت بۆتانی دەنێرێت، وەختی خۆی پێش سێ ساڵ بۆتانم نووسی کە داهاتی گەنمی ئەمساڵ و پارساڵیش زۆر خراپ بوو، پێتانم وت هەلومەرجی کشتوکاڵمان خراپ بوو، لەدوای هەموو ئەمانەوە دڵگرانیت لەباوکت کە کەمت بۆ دەنێرێت، من خۆم جل و بەرگم نییە لەبەری بکەم، چوارساڵە دەستێک جلم نەکڕیوە، یەک (کۆبیک)م بۆ خۆم هەڵنەگرتوە، سەرەڕای ئەوەش دانم بەخۆمدا ناوە و مانگانە (٣٥) ڕۆبڵت بۆ دەنێرم، دووبارەی ئەکەمەوە توانای لەوە زیاترم نییە.

دۆستۆڤسکی لەوەڵامەکەی باوکی گەیشتە لێواری هەرەس هێنان و لە(٩ی ئابی ١٨٣٨) نامەیەکی بۆ (میشێل)ی برای نارد (برام تۆش بێداد و هەژاریت، منیش دەوڵەمەند نیم، باوەڕ دەکەیت بەدرێژایی مانۆڕەکەمان یەک (کۆبیک) لەگیرفانمدا نەبوو، لەڕێگە بەهۆی سەرما و سۆڵە و برسێتییەوە نەخۆشکەوتم و پارەم نەبوو چایەکی گەرم بخۆمەوە! نازانم کەی ئەم نەهامەتییە بەرمان دەدات؟ پرۆژەیەکم هەیە، ئەویش (شێت بوونە)! لە(١٣ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ نامەیەکی دیکەشی بۆ میشێل نووسی (مایییەی خەم و پەژارە و نیگەرایەکی گەورەیە، مرۆڤ بێ هیوا بژی).

کاتێک تەماشای پێشی خۆم دەکەم لەداهاتوو دەترسم، لەکەش و هەوای بەستەڵەکێکدا، مەلە دەکەم، تیشکی خۆر پێی ناگات، بەمیشێل دەڵێت تۆ واخۆت دەردەخەیت زۆر دەخوێنیتەوە من ئێرەیت پێ دەبەم، باوەڕناکەیت من چەند سەرقاڵی خوێندنەوەم، بەئەندازەی خوێندنەوەکانی تۆ، من لەسان بترسبۆرگ کتێبم خوێندوەتەوە. لەڕاستیدا دۆستۆڤسکی بەزمانی ڕوسی و ئەڵمانی هەموو بەرهەمەکانی (هۆڤمان)ی خوێندبۆوە، هەروەها هەموو بەرهەمەکانی (بەلزاک) و (فاوست)ی گۆتە و بەشێک لەشیعرەکانی و بەرهەمەکانی (ڤیکتۆر هۆگۆ)ی خوێندبۆوە، لەو هەموو خوێندنەوانەدا، بەرهەمەکانی (شیللەر) کاریگەری زۆری بەسەر فیدۆرەوە جێ هێشتبوو، دۆستۆڤسکی دەڵێت شیعرەکانی (شیللەر)م لەبەر کردبوو، قسە و خواردن و خەوم ( شیللەر) بوو، جگە لەوانە فیدۆر بەشەوقەوە باسی خوێندنەوەی چەندین بەرهەمی دیکە دەکات.

شیعرەکانی میشێل بۆ دۆستۆڤسکی حەماسە خوڵقێن بوو، بۆ (میشێل)ی نووسی: شیعرەکانت هێنامییە گریان و بۆ ماوەیەکیش ئاسودەیی بەخشیە ڕۆحم، بۆ پشت ڕاست کردنەوەی قسەکانیشی ئاماژەی بەشیعری برادەرەکەیان (شیدلۆڤسکی) کرد، لەم ئان و ساتانەدا، ڕووداوێکی ترسناک بەڕێوە بوو، ڕووداوێک دڵەڕاوکێی فیدۆری گەیاندە کەشکەلانی فەلەک.



## دۆستۆڤسکی


دوای ئەوەی (میخائیل ئەندریڤیچ دۆستۆڤسکی) کوڕەکانی (میشێل و فیدۆر)ی برد بۆ سان پترسبۆرگ و لەقوتابخانەی ئەندازیاری دایانان، گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ دوو کوڕەکەی تری لەقوتابخانەی (تشیرماک) نایە بەرخوێندن و دەستی هەردوو کچەکەی ( فیرا و ئەلکساندرا)ی گرت بەرەو گوندی (دارۆڤۆیی) بۆ سەر زەوییەکەی، دابڕان و ژیانی تەنیایی لە(دارڤۆیی) کوشندە بوو.

میخائیل ئەندریفیتش، خووی دایە خواردنەوەیەکی بێ مانا هەتا ئەندازەی گێژ و وڕبوون و قسەی ناجۆروباجۆر و بێ سەروبەر و ڕێنەکردن، خزمەت کارەکەیان (ئەلیوناڤرولڤنا) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: میخائیل لەگەڵ خەیاڵ و تارمایی ژنەکەی بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد، پرسیاری دەکرد و خۆی وەڵامی خۆی دەدایەوە، دەنگی خۆی دەگۆڕی و ئەو دەستەواژانەی بەکار دەهێنا کە لەگەڵ ژنەکەی بەکاری دەهێنا، هەندێک جار لەئێوارانـدا، لەناکاو هەڵی دەکوتایا ژورەکەی کچەکانی (فیرا و ئەلکساندرا) و ژێر قەرەوێڵەکانیان دەگەڕا بۆ خۆشەویستەکانیان، دواتر جێیانی دەهێشت و ژوور بە ژوور دەگەڕا و هاواری دەکرد و بێزاری لەبەختی خۆی دەردەبڕی و ناڕەزایی لەکۆستە زاڵم و ناوەختەکەی دەردەبڕی، چونکە شایستەی ئەو کۆستە نەبوو، هەندێک جاریش بۆ دوور خستنەوەی خەم و پەژارەکانی، خۆی لەخۆشەویستی و سێکس کردن ئەدا لەگەڵ یەکێک لەخزمەت کارەکانیان کە ناوی (کاترین) بوو، ماوەیەکیش بیرۆکەی هاوسەرگیری لەگەڵ (ئەلیکسادرا لاگنۆنۆڤ)ی دراوسێیدا دای لەسەری، دواجاریش بۆی نەلوا خوازبێنی بکات.

بەرووبومی کشتوکاڵی نەهاتی بوو، ئیدارەی کێڵگەکە، توانای دوور خستنەوەی کارەساتە کشتوکاڵیەکەی نەبوو، ئەمەش بەس بوو میزاجی (میخائیل ئەندرۆفیتش) ئەوەندەی تر تێک بدات، ئەو دۆخە وای لێکرد هیچ خەرج نەکات، ڕەزیلی و قرچۆکییەکەی گەیشتە ئاستی شەرمەزاری، قین و تورەیی و هەڵچونەکانی دەبارانە سەر جوتیارەکاندا، کچێکی هەبوو بەناوی (ڕب) لەخۆی ڕەزیل تر بوو.

ڕۆژێک یەکێک لەجوتیارەکان نەیبینێ و سەلامی لێ نەکرد، باوکی دۆستۆڤسکی هەتا توانی لەیەکێک لەتەویلەکاندا دارکاری کرد، شێتی و تێکچوونی باوکی گەیشتە ئاستێک، جووتیارەکان سڵاویان لێبکردایە ئەینەڕاند بەسەریاندا.. سڵاویان نەکردایە دارکاری دەکردن.. هەڵسوکەوتی باوکی دۆستۆڤسکی بەرامبەر بەجوتیارە کۆیلەکان، گوزارشت لەژیان و چەوسانەوەی جوتیاران دەکات لەو سەردەمەی ڕوسیادا.

ساڵی(١٨٣٩) جوتیارەکان پیلانی کوشتنی باوکی دۆستۆڤسکیان دارِشت، بەیانیانێک (میخائیل ئەندریڤیچ) جوتیارەکانی کۆکردەوە بۆ گواستنەوەی زبڵ، سێ لەجوتیارەکان نەهاتبوون، باوکی دۆستۆڤسکی پرسیاریانی کرد، چاودێرەکەیان وتی: نەخۆشن، باوکی دۆستۆڤسکی زۆر تورە بوو دەستی کرد بەهەڕەشە کردن



کاتێك تەماشای پێشی خۆم دەکەم لەداهاتوو دەترسم، لەکەش و هەوای بەستەڵەکێکدا، مەلە دەکەم، تیشکی خۆر پێی ناگات، بەمیشێل دەڵێت تۆ واخۆت دەردەخەیت زۆر دەخوێنیتەوە من ئێرەیت پێ دەبەم، باوەڕناکەیت من چەند سەرقاڵی خوێندنەوەم، بەئەندازەی خوێندنەوەکانی تۆ

و چووە سەر سێ جوتیارەکە، شۆفێری گالیسکەکەی بەپیلانەکەی دەزانی، داوای لێکرد: نەچێت، داواکە بێ سوودبوو، سواری گالیسکەکە بوو بەرەو ئەو گوندەی (چیرۆماشنی) کەوتەڕێ، کاتێک گەیشتن (ئەندریفیچ) سێ جوتیارەکەی بینی و نەڕاندی وتی: بۆ نەچوونەتە سەرکارەکانتان؟ یەکێک لەجوتیارەکان وتی: ماندووین، ئەندرۆفیچ قامچیەکەی بەرزکردەوە بۆ لێدانیان، لەبەردەستی ڕایان کرد، یەکێک لەجوتیارەکان ناوی (ڤاسیلی) بوو، لەپشتەوە باوشی کرد بەباوکی دۆستۆڤسکیدا، دوانەکەی تر ترسان (ڤاسیلی) هاواری لییانکرد ئەی لەسەر ئەمە ڕێک نەکەوتین و سوێندمان بۆ یەکتری نەخوارد، دوو جوتیارەکەی تریش هاتنە سەری و گونیان تەقاند، بەپێی نەریتی ئاینی بەگالیسکەکە بردیان بۆلای (کاهین)ێک هەتا ئیعتراف بکات، بەڵام باوکی دۆستۆڤسکی لەزمان کەوتبوو، کاهینەکە بەئاماژە دان پێدانانەکەی قبووڵ کردو دوای چەند دەقیقەیەک گیانی دەرچوو!

کەس و کارەکەی دۆستۆڤسکی کوشتنەکەیان شاردەوە چونکە گەر باس بکرایە دوور نەبوو هەموو جوتیارەکان بۆ سیبریا نەفی بکرێن، بۆیە لەئاستی کوشتنیدا بێدەنگ بوون، چونکە زەرەری زۆرتر بوو وەک لەقازانجی.

فیدۆر لەقوتابخانەی ئەندازیای بوو، هەواڵی مردنی باوکی پێگەیشت، چەند مانگێک پێش مردنەکەی، فیدۆر نامەیەکی بۆ باوکی نووسی بوو، داوای پارەی لەباوکی



## دۆستۆڤسکی

کردبوو، لەو کاتەی میخائیل ئەندریڤیچ، گیانی ئەدا، دۆستۆڤسکی نەعلەتی لەدەست گیری و ڕەزیلیەکەی باوکی دەکرد و لەدژی دەوەستایەوە و گلەیی لەخۆ ویستی خۆی دەکرد کە چەند بێباک بووە لەژیانی ناهەمواری کوڕەکانی.


سەرەڕای گلەیی و گازندەی فیدۆر لەباوکی، کوشتنەکەی لەناخەوە هەژاندی، لەناخەوە واهەستی دەکرد تاوانی کوشتنی باوکی لەئەستۆی ئەودایە، لەڕووی ئەخلاقیەوە خۆی بەرامبەر باوکی بەگوناهبار دەزانی، تەنانەت خۆی بەتاوانباریش دەزانی نەک لەڕووی یاساییەوە، بەڵکو لەو ڕووەوە کە ڕۆژێک لەڕۆژان لەدڵەوە حەزی بەمردنی باوکی کردووە، بەبیستنی مردنی باوکی، گیانی هاتە لەرزین و ئەژنۆی شکا و خۆی لەسەر پێ بۆ نەگیرا و کەوتە سەر زەوی و قرخە قرخ کەوتە قوڕگی و کەف لەدەمیەوە دەردەچوو! هەندێک پێیان وایە ئەوە سەرەتای توشبوونی بوو بەنەخۆشی (پەرکەم– صرع).

تێکچوونی هاوسەنگی و باری دەروونی، مۆرکێکی نا بەدۆستۆڤسکییەوە، دەکرێت لەبەرهەمەکانیدا بۆی بگەڕێین، بەتایبەتی ئەو دڵەڕاوکێ ئەخلاقییەی لەڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)دا کە سمێریاکۆڤ کارۆمازۆڤی بەتەمەن دەکوژێت، لێرەدا سمێریاکۆڤ بەئەندازەی ئیڤان کارامازۆف تاوانبار نییە کە خەوی بەکوشتنی باوکیەوە دەبینی! سمیریاکۆڤ بەئیڤان دەڵێت: ڕاستە بەکردەوە من کوشتم بەڵام بکوژی ڕاستەقینە تۆی، لەوێدا ئیڤان کارامازۆف دەپرسێت هەتا ئەم ڕادەیە حەزم بەمردنی باوکم دەکرد! لەڕۆمانی شەیتانەکان (بێیرستیبانۆڤیچ) پرۆسەی سەربڕینی ژنی (ستارۆگین) جێبەجێ دەکات، تاوانەکە دەکەوێتە ئەستۆی (ستاڤرۆگین) چونکە لەناخەوە حەزی بەسەربڕینەکە کردووە، سەرەڕای ئەوەش دەڵێت: من نەم کوشتوە و نارازیش بووم لەو پرۆژەیە.

دۆستۆڤسکی لەهەموو تاقیکردنەوەکان سەرکەوتنی بەدەسهێنا و بوو بە(مولازم)، سەرەتا خانویەکی بچوکی بەکرێ بۆ خۆی و (توتبلێن)ی هاوڕێی گرت، پاش ماوەیەکی تر خانویەکی گەورەتری بە(١٢٠٠) ڕۆبڵ بەکرێ گرت، بۆ دۆستۆڤسکی بەس بوو خاوەن خانوەکە ڕووی خۆش بێت، سەربازێک بەناوی (سیمون)ەوە تەرخان کرابوو بۆ خزمەت کردنی. سەربازەکە کەسێکی ڕێکوپێک بوو، وەها دەردەکەوێت ئەو سەربازە وردە دزی لێبکات، دۆستۆڤسکی ئەیوت: با دزیم لێبکات خۆ ماڵم بەو دزییە وێران نابێت، لەڕاستیشدا دۆستۆڤسکی سەرەڕای موچەکەی ساڵانە لەزاواکەیەوە کە دوای باوکی سەرپەرشتیانی دەکرد (٥٠٠٠) ڕۆبڵی بۆ دەهات، بەردەوام (موفلیس) بوو.

ئەو ماوەیە ژیانی ئاڵۆز و ناجێگیر بوو، هەموو بەیانیەک ئامادەی وانە وتنەوەی ئەفسەران دەبوو، ئێوارانیشی تەرخان کردبوو بۆ چوون بۆ شانۆگەرییەکان کە لەهۆڵی نمایشی (ئەلیکسەندەر) نمایش دەکرا، هەروەها دەچووە نمایشی سەمای بالیە و ئاهەنگی میوزیک، کارەکانی (ئەول بۆل) نمایش دەکران، بەڵام دوای نیوەڕۆکان لەژوورەکەیدا لەناو چڕی دوکەڵی

هەولێرنامەی کتێب




جگەرەدا خەریکی کارەکانی دەبوو، ئەو ماوەیە تەندروستی باش نەبوو، بەشێوەیەکی خراپ ئەکۆکی، دەنگی قرخن ببوو، دکتۆر (ڕیزنکمب) برادەری خۆی و براکەی ناو بەناو سەردانی دەکرد و بڕێک دەرمانی بۆ دەهێنا، بەڵام دۆستۆڤسکی دەرمانەکانی بەکار نەدەهێنا.

ساڵی(١٨٤٠) میشێلی برای سەردانی سان پترسبۆرگی کرد بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی یەکێک لەوانەکان، هەتا مانگی (شوبات)ی ١٨٤١ لەسان پترسبۆرگ مایەوە، پێش سەفەرکردنی بۆ ڕۆفیل، دۆستۆڤسکی ئەو دوو شانۆگەرییەی (ماری ستیوارت) و (بۆریس غۆدۆنوف) نووسیبویان خوێندیەوە کە پێدەچوو بەشێکیان لەبەرهەمێکی (شیللەر و پۆشکین) وەرگرتبێت.

میشێل گەڕایەوە بۆ (ڕۆفێل) و دژی ئیرادەی سەرپەرشتیارەکەیان کە زاوایان بوو، خوازبێنی (ئیمیلی فون دیمتری) کرد، زۆر جاریش لەنامەکانیدا بۆ دۆستۆڤسکی باسی کردبوو، دوای گەڕانەوەی میشێل بۆ ڕۆفێل، براکەی دیکەیان ( ئەندریە) هات بۆ پایتەخت بۆ تەواو کردنی خوێندن، فیدۆر زۆر حەزی بەم برایەی نەدەکرد و حەزی بەهەڵسوکەوت و کەسایەتی نەدەکرد، لەخۆشبەختی فیدۆردا براکەی لەئەندازیاری تەلارسازی وەرگیرا و لێی دوور کەوتەوە.

وەک دەڵێن پارە دێت و دەڕوات.. دۆستۆڤسکی پارەیەکی زۆری لەیاری قومار (ڕۆلێت) دەدۆڕان، لەکەمتەرخەمیشدا خزمەتکارەکان بەئاسانی دزییان لێی دەکرد..!

بۆ بینینی مێشێل و ژنەکەی سەردانی (ڕۆفێل)ی کرد، مێشێل و ژنەکەی، بەبینینی فیدۆر واقیان وڕما و تووشی شۆک بوون، دۆستۆڤسکی جلوبەرگێکی دڕاو و پیس و ڕەنگ زەرد و نەخۆش، میشێل و ژنەکەی هەندێک جلوبەرگیان بۆ کڕی و داوایان لەدکتۆر (ڕیزیکمب) کرد لەگەڵ دۆستۆڤسکی بمێنێتەوە بۆئەوەی چاودێری تەندروستی بکات.

دکتۆر لەیەکێک لەنامەکانیدا نووسیویەتی: (بەردەوام گیرفان بەتاڵ و موفلیسە) و دەوروبەرەکەشی لەو پەڕی ڕەفاهیەتدا ژیان بەسەر دەبەن.

ڕۆژێکیان دۆستۆڤسکی بەکەیف و خۆشیەوە خۆی کرد بەژوورەکەی دکتۆردا وتی: لەمۆسکۆوە (١٠٠٠)ڕۆبڵم بۆ هاتوە، ڕۆژی دواتر هاتە لای دکتۆرەکەی داوای (٥) ڕۆبڵ قەرزی کرد، چونکە بەشێک لەهەزار ڕۆبڵەکەی لەبلیارد دۆڕاندبوو



بەشەکەی تریشی ژنێکی بەرگدروو بردبوویە ماڵی خۆیان و ئەوەشی لێدزی بوو!

لەجیاتی ئەوەی دەرس وەرگرێت بەماوەیەکی کەم پیاوێکی ئەڵمانی قۆڵبڕ و بەگومان، پارەی لێدەسەند و چاوپێکەوتنی درۆی لەگەڵ دەکرد، دۆستۆڤسکی بەکردارەکانی دکتۆر (ڕیزنکمب) زۆر بێهیوا ببوو، لەم بێ هیواییەدا (١٠٠٠) ڕۆبڵی تری لەمۆسکۆوە بۆ هات، بەحیساب ئەم برە پارەیە فیدۆر دۆستۆڤسکی لەتەنگانەی بێ پارەیی ڕزگار کرد، بۆ ئێوارەی ئەو ڕۆژە بۆ نان خواردنی ئێوارە چووە دەرەوە، لەچێشتخانەی (دۆمینیک) دوای نانخواردن، ویستی یاری دۆمینە بکات، کەسێکی فێڵباز و قۆڵبڕی تووش بوو تا دوا (کۆبیک)ی لێبردەوە، ئەم هەڵە و کردەوانە وەهای لێکرد بە(سو)یەکی زۆر قەرز لەدوای قەرز بکات، لەبەر بێ پارەیی خواردنی بووە نان و چای و شیر.. بەجارێک خۆی ون کردوو وازی لەتەماشاکردنی شانۆگەریەکانیش هێنا.

فیدۆر دۆستۆڤسکی دوایین تاقیکردنەوەی بەسەرکەوتویی ئەنجام داو و لەسەر میلاکی بەردەوامی سوپای گشتی تۆمارکرا و لەنووسینگەی فەرمی سەربازی ئەندازەیی دانرا، پێش ئەمانە بەمانگێک نووسەری گەورەی فەرەنسا (بلزاک) سەردانی پترسبۆرگی کرد، بۆئەوەی چاوی بەخانم (هنیسکا) بکەوێت. بوونی نووسەری (گاڵتەجاڕی مرۆڤایەتی) بلزاک لەپترسبۆرگ کە دۆستۆڤسکی بەمامۆستای خۆی دەزانی، زۆر دڵی دۆستۆڤسکی خۆشکرد و بڕیاریدا ڕۆمانی (ئۆجینی جراندیە)ی بلزاک وەرگێڕێتە سەر زمانی ڕوسی.

دوای وەرگێرانی ڕۆمانی ئۆجینی جراندیە، بۆ میشێلی نووسی (ڕۆمانی ئۆجینی جراندیەیی بلزاکم وەرگێڕایە سەر زمانی ڕوسی، بەڕاستی کارێکی نایاب و دانسقەیە، لایەنی کەم لەسەر وەرگێڕانەکەم (٣٥٠) ڕۆبڵم پێ دەدەن، بەڵام بیکە بەخاتر مەلائیکەتەکانی خوا بۆ کۆپی کردنی (٢٥) ڕۆبڵم بۆ بنێرە، بەهەقی ئاسمان و خوای ئۆڵمپ و خوای جولەکە (ئیانکل) کە کەسایەتیەکی ناو ڕۆمانەکەیە، بەچی تر سوێندت بۆ بخۆم بەو سمێڵانەی هیوادارم ڕۆژێک لەڕۆژان سەوز بێت، نیوەی ئەوەی وەری دەگرم بۆ تۆی دەنێرم.

لەو ساتە وەختانەدا، دکتۆر (ڕیزنکمب) بێ ئەوەی بتوانێت دۆستۆڤسکی ڕابهێنێت لەسەر بنەماکانی ئابووری ئەڵمانی، هەرچەندە ئەمە گرنگ نەبوو لەچاو ئەو هەواڵە ناخۆشەی گەیشتە دۆستۆڤسکی سەبارەت بەلابردنی یەک لەسەر سێی (ئۆجینی جراندیە)ی بلزاک لەلایەن سەرنوسەری گۆڤاری (lerepertoire et le panth eon) ەوە، دۆستۆڤسکی کە ئەمەی زانی زۆر بێتاقەت بوو و بەتوڕەیەوە وتی ئەمە خیانەتە، لەڕاستیدا خۆیشی لەوەرگێرانی ڕۆمانەکەدا خیانەتی ترسناکی لەبلزاک کردبوو، کاتێک بەئەنقەست سۆز و هەڵچون و نەعلەت و خەسڵەتە خراپەکانی گەورە کردبۆوە، ئەو کچە سادە و ساکارە لادێیەی لەنەشازیەکی غەریب و ئێش و ئازار پێچابوو، داواشی لەمیشێل کردبوو ڕۆمانەکەی (شیللەر) بەبێ (دون کارلۆس) وەرگێڕێت، کاتێکیش میشێل دەقە وەرگێڕاوەکەی بێ دون کارلۆسی بۆ نارد، دۆستۆڤسکی وتی: وەرگیڕانێکی جوانە، بەڵام لەهەندێک شوێن هەڵەی بچوکت کردوە و پەلەتیش کردوە، بۆیە ڕێگەم بەخۆمدا ئەو هەڵانە چاک بکەمەوە، ڕۆمانەکە بەبێ دون کارلۆس دەبەم بۆ گەمژەکانی گۆڤاری (ڕێبرتوار) بۆئەوەی دەمیان بگرن، دڵنیاش بە، بەنرخێکی هەرزان نایاندەمێ.

بیرۆکەی وەرگێڕانی هەموو بەرهەمەکانی (شیللەر) لەمێشکێ دابوو، بەرنامەی هەبوو بەسێ کۆمەڵە بڵاویان بکاتەوە، هەر لەخۆیەوە ژمارەی ئەخستە سەر ژمارە و ژمارەی کۆ دەکردەوە: ئەوەندە بڕە پارە بۆ بەرگەکانی، ئەوەندە بۆ کاغەز، ئەوەندە بۆ چاپ، دواتریش پرۆژەکەی سەری نەگرت، هۆکاری سەر نەگرتنەکەشی خستە سەر پابەند بوون بەوەزیفەکەیەوە.

لە(٣٠ی ئەیلولی ١٨٤٤) نامەیەکی نارد بۆ میشێلی برای و نوسی بووی (من لەدۆزەخدام، دوای بۆت باس دەکەم، دەستم لەکارکێشایەوە، سوێندت بۆ دەخۆم ناتوانم هەستم بەکارەکانم، کاتێک باشترین ڕۆژگار و کاتەکانمان لەکارە سەخیفەکان سەرف دەکەین، ژیان دەبێتە ناخۆشی و بێ تاقەتی، لەوەش گرنگتر، ویستیان بمنێرن بۆ کارێکی گرنگ، بەڵام پێم بڵێ چۆن پترسبۆرگ بەجێبهێڵم؟ لەگەڵ ئەمانەشدا دەیناڵاند بەدەم قەرزارییەوە، نەشیدەزانی چۆن پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی دابین بکات.

لەنامەیەکدا سەرپەرشتیاری بنەماڵەکەیانی ئاگادار کردەوە کە (١٥٠٠) ڕۆبڵ قەرزارە، لەبەر خۆیشیەوە بەخۆی






دەوت ماڵەوەمان عادەتیان وایە داوای چەنێکیان لێ بکەم نیوەی ئەوەم بۆ دەنێرن! مەزەنەکەی ڕاست بوو (٥٠٠) ڕۆبڵیان بۆی نارد.

بەهۆی هەژاری و نەبوونییەوە، دۆستۆڤسکی گەیشتە ئاستی ئەوەی بیر بکاتەوە لەفرۆشتنی بەشە میراتیەکەی بە(٥٠٠) ڕۆبڵ، یان خۆی ڕادەستی قەدەر و شەیتان بکات بەرامبەر کەمترین برە پارە و بگەڕێتەوە بۆ ژیانێکی سەرەتایی و خواردنی نان و چا و شیر و نیشتەجێ بوون لەکەلاوەیەکی سارد و سڕدا.. لەم خەیاڵانەدا بوو، ڕۆژێک لەیەکێک لەشەقامەکاندا چاوی کەوت بەهاوڕێی قوتابخانەی (گریگۆرۆڤیچ) و دەستیان کردە ملی یەکتری و دۆستۆڤسکی ئیستقالەکەی لەوەزیفە سەربازییەکەی بۆ هاوڕێکەی باسکرد، (گریگۆرۆڤیچ)یش بەخۆشی و شادیەوە باسی وەدیهێنانی ئاواتەکانی دەکرد و باسی ئەوەشی کرد کە دەنووسێت و نووسینەکانیشی بڵاو دەکاتەوە، دۆستۆڤسکیش باسی کارە نادیار و بێ سەروبەرەکەی کرد، لەهەمان کاتیشدا، دۆستۆڤسکی تووشی شۆک و واق وڕمان هات لەڕێکوپێکی و هەنگاونان و باوەڕبوون و دڵنیابوونی هاوڕێکەی بۆ ئایندە.

(گریگۆرۆڤیچ) دۆستۆڤسکی برد بۆ ماڵەکەی خۆی و بەرهەمێکی خۆی بەناوی (ژەنیاری ئۆرگۆن)ی گەڕۆکی بۆ خوێندەوە کە تازە تەواوی کردبوو، بەجۆرێک نێوانیان خۆش بوو پیرۆزبایی، حەماسەت، پڕۆژە، بەڵێن کەوتە نێوانیانەوە، بەجۆرێک نەتوانن دەست لەیەکتری هەڵگرن، بۆ ئەو مەبەستە خانوویەکیان بەکرێ گرت، سەیر ئەوە بوو داهاتی هەردووکیان لەسەرەتای مانگەوە تەواو ئەبوو.

دۆستۆڤسکی شەو و ڕۆژ کاری لەسەر تەواو کردنی بەرهەمێک دەکرد، نەیدەویست بۆ کەسی باس بکات، (گریگۆرۆڤیچ) زۆر جار چاوی بەهەندێک ڕەشنووس و پارچە کاغەز دەکەوت، ڕەشنووسەکان زۆر ورد و بچوک بوون لەشێوەی دەستوخەتی (ئەلیکسندەر تۆماس)ی باوک، دەچوو ناو بەناو لەنووسین دەوەستا و هەستی بەماندوێتی دەکرد و پەنای دەبرد بۆ کوپێک چای و لاپەڕەی کتێبەکانی (جۆرج ساند و بیرەوەریەکانی



شەیتانی ئەلفرید سۆلیەی) هەڵدەدایەوە، (گریگۆرۆڤیچ) ئامۆژگاری هەندێک وەرزش و پیاسەی دەرەوەی بۆ کرد، فیدۆر ڕازی بوو پیاسەیەکی شەقامەکانی پترسبۆرگ بکات کە دەرچوە دەرەوە، هەوای ساردی شەقام وهات و هاواری خەڵکانی سەرشەقام و ڕوناکیەکانی بۆ تەحەمول نەدەکرا و هەستی بەگێژی کرد و ڕەنگی زەردەوە بوو، خۆی خستە سەر شانی هاوڕێکەی و بەناچاری گالیسکەیەکیان گرت و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە.

بەیانییەک و لەکاتی پیاسە کردنیان، چاویان بەڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی مردوییەک کەوت، کاهینێک خاچێکی بەدەستەوە بوو، لەدوای ئەوانەوە دەڕۆیشت کە لافیتەکانیان هەڵگرتبوو، لەپشتیانیشەوە ستافی وتنەوەی سرووتە ئاینیەکان بەڕیز دەڕۆیشتن، دواتریش ئەو گالیسکەییەی کە مردۆکەی هەڵگرتبوو، دوو ئەسپ ڕایدەکێشا، سەری تابوتەکە کراوە بوو، دەم و چاوی مردۆکە دەبینرا، دۆستۆڤسکی بەم دیمەنە ڕاچڵەکی و ڕووی سوڕاند بۆ دواوە بۆئەوەی ڕابکات، بەڵام لەیەکەم هەنگاودا هەرەسی هێنا، هەندێک لەو دەوروبەرە یارمەتی هاوڕێکەیاندا و گەیاندیانە دوکانێکی نزیک و توانیان بیهێننەوە هۆش خۆی.

ڕۆژانی دواتر خەمۆکی و بێ هێزی و ماندوو بوون و پەرش و بڵاوی بیر و هۆشی بەتەواوی سیمای دۆستۆڤسکی پۆشی بوو، زۆر بەئاستەم قسەی دەکرد و بەکەمی خواردنی دەخوارد و هیچی نەدەنووسی، بەڵام دوای ماوەیەک دەستی کردەوە بەکارەکانی. ئاخۆ کارەکانی چی بوون و بەچیشەوە خەریک ببوو؟ تەنها میشێل ئاگاداری نهێنیەکانی بوو دەیزانی بەچییەوە خەریکە.

فیدۆر نامەیەکی بۆ میشێل نووسی و پێیوت: لەکۆتایی نووسینی ڕۆمانێکدام کە لەئاستی ڕۆمانی (ئۆجینی جیراندیە)ی بلزاکە، ئێستا خەریکی کۆپی کردن و پاکنووسی ڕۆمانەکەم. لە(٢٤ی ئاداری ١٨٤٥) نامەیەکی دیکەی بۆ میشێل نووسی: من زۆر دڵخۆشم، وێڕای هەندێک کەموکورتی، لەڕۆمانەکەم ڕازیم کە ڕۆمانێکی سادەو ساکارە.

گرنگیدانی بەوردەکاری و گەیشتن بەلووتکە وای لێکرد بڵاو کردنەوەی ڕۆمانەکە بۆ ماوەیەک بڵاونەکاتەوە، جارێکی دیکە کەوتە هەڵەبڕی و پاک نووسی و داڕشتنەوەی کۆتایی ڕۆمانەکە، بەمیشێل دەڵێت: دڵخۆش و ڕازیم، سوێندم خواردووە و پەیمانم بەخۆم داوە، چەندێک بارودۆخم خراپ بێت و بێ پارە و موحتاج بم، شتێک نانووسم لەسەر داوای خەڵک بێت، چونکە مل کەچکردن بۆ داوای خەڵک هەموو شتێک دەهاڕێت و پەرت و بڵاوی دەکاتەوە، بۆیە دەمەوێ هەمووکار و بەرهەمەکانم ورد و جوان بێت، تەماشای (پۆشکین و گۆگۆڵ) بکە، هەردووکیان بەرهەمیان کەم و دیاری کراوە، بەڵام بۆ هەردووکیان پەیکەر دروست دەکرێت، لێرەدا گلەیی لەبراکەی دەکات کە حەماسەت و وردبینی نییە بۆ کارەکانی و دەڵێت: « کارە سەرەتاییەکان» ئەوەیە پاک نووسی بکەیت و پێیدا



دۆستۆڤسکی

بچیتەوە و دەیان جاری تریش پێیاندا بچیتەوە، هەڵەبڕی و پاکنووسی پۆشکین بۆ کارەکانی لەژماردن نایەت، تەنانەت بۆ کورترین قەسیدەشی، جاری وا هەبووە (گۆگۆڵ) ماوەی دوو ساڵ چیرۆکەکانی دەهێنا و دەبرد، بۆی زیاد دەکرد، کەمی دەکردەوە، دای دەڕشتەوە، پێداچوونەوەی بۆ دەکرد، دوای ئەوە بڵاوی دەکردەوە.

هەرکاتێک ڕۆمانەکە تەواو بوو، دەبێت بڵاو بکرێتەوە، بەڵام لە چ گۆڤارێکدا، چونکە یەک دیکتاتۆر نییە بەڵکو بیست دیکتاتۆر هەیە، نوسەر خۆی هەستێت بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەی، دۆستۆڤسکی لەو خەیاڵانەدا بوو، گەیشتە ئەوەی پرس بەهەندێک لەهاوڕێکانی بکات کە هەموویان ئامۆژگاریان کرد لەسەر حیسابی خۆی بڵاوی نەکاتەوە، ئەی کەی ڕۆمانەکە بۆ خەڵک ڕاگەیەنێت؟ خاوەن کتێبخانەکان ئەوە ناکەن بەتایبەتی بۆ نووسەرێکی نەناسراو.

دۆستۆڤسکی دانی بەبێ توانایی خۆیدا نا، ناچاربوو کتێبەکەی بداتە گۆڤاری (ساڵنامەی نیشتیمانی) بەڵام تەواو بێ ئومێد بوو، چونکە پێی وابوو دەسنووسەکەی ڕەت دەکەنەوە و دەکەوێتە بەر هەژموونی ڕەخنەگرتن و لێشی تێ ناگەن، ئەی چۆن لێی تێبگەن؟

لەنووسینێکدا بۆ میشێل دەڵێت: گەر ڕۆمانەکەم بڵاو نەکەمەوە، دوور نییە خۆم فڕێدەمە ناو ڕووباری (نیفا)، تەگبیر چییە؟ بیرم لەهەموو شتێک کردوەتەوە و لەژیان نامێنم و لەدوای مردنیش ئەم بیرۆکەیەم بەجێگیری دەمێنێتەوە، ئەم بیرۆکە جێگیرە لەنامەکانیدا ڕوون ناکاتەوە کە ناونیشانی (هەژاران)ی ڕۆمانەکەیەتی.

چۆن هەست و خۆشەویستی و تێڕامان و سەر سوڕهێنەری دۆستۆڤسکی بۆ ئەدەب و شیعری گۆرانی هەموو جوانیەکانی دەگونجێت لەگەڵ ڕۆمانە سادە و ساکارەکەی (هەژاران)دا؟

لەلایەکی تریشەوە دۆستۆڤسکی دەڵێت: هەر کەسێک ناوی شیللەری بهێنابایە هەستم بەئێش و ئازار دەکرد، هەروەها (فیکتۆر هۆگۆ کە وێنەی نییە، هەروەها ڕاسینیش کە هۆمیرۆسی تالان کرد، بەڵام بەشێوەیەکی سەر سوڕهێنەرانە، (جۆرج ساند) کە یەکەم جار خوێندمەوە و هەتا نیوە شەو لەهەست کردن بەخۆشی تام لێهات، والتەر سکوت، چۆن توانی بەچەند هەفتەیەک شاکاری (mannering) بنووسێت؟! شکسبیر، پۆشکین، لامارتین، بیرۆن و ئەو قافڵە خۆشەویستییەی بەدوایانەوە بوو، تاوانە وروژێنەرەکان، گریان و ناڵە و هاوار و خەم و پەژارە و (دییۆشکین)ی بەسەزمان کە جلێکی دڕاوو چڵکنی لەبەردایە لەکوخێکی وێرانەدا، هیچ شتێک گەرمی ناکاتەوە تەنها ئەو کچە مناڵە نەبێت کە لەماڵێکی نزیکیدا نیشتەجێن، لەلایەک ئاوازی شەپۆلێک سۆز و لەلایەکی تریشەوە (موزمار)ی موحیبەت و خۆشەویستی، بە چ کیمیاییەکی سەیر و نادیار ئەو ڕۆمانسیەتەی زیاد و تەقلیدییەی کردوەتە کەرەستەیەکی خۆڵەمێشی و خەمۆکی ڕۆمانی (هەژاران)؟! بە چ پرۆسەیەکی سەیرو نامۆ دزە بەرچاو

تێرەکان کەمیان کردوە و چۆن شازادە نازدار و جوانەکان کە لەشێوەی مانگن بەئەندازەی شارێکی بچوکیان لێهات؟ بە چ میکانزمێک دیکۆر و جوانی (ڤینیسیا) بووە کۆڵانی تاریک و نوتک و مەیخانەی گومان لێکراو و قەحپەخانە.

هەرزەکارێک بێنینە پێش چاوی خۆمان لەباڵەخانەی ئەندازیاران نەشونمای کرد، لەگەڵ خوێندنەوەی شیعر و ڕۆمان گەورە بوو، وەک (بیریکلیس یان ماریۆس، یان مەسیحیەکانی سەردەمی نیرۆن، یان وەک سوارچاکێکی سەوڵەجان بەدەستی کارەکتەری ڕۆمانەکەی والتەرسکۆتەوە و هەندێک جار خۆی ڕایدەگەیەنێت کە هاوڕێی شیدلۆڤسکی شاعیرە و دەڵێت: من بورکانم و ئاگر توخمی بنەڕەتیمە، (نیقولا بردیانف) لەکتێبی (رؤية دوستوفسكي للعالم)دا دەڵێت: دۆستۆڤسکی بەتەنها هونەرمەندێکی بلیمەت و مەزن نەبوو، بەڵکو بیرمەندێکی بلیمەت و مەزن و خاوەن تێروانینێکی مەزنیش بوو، عەبقەری بوو لەجەدل و لەهەمان کاتیشدا گەورەترین میتافیزیکیش بوو لەڕوسیادا.

بیرۆکەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەبەرهەمەکانیدا، لەڕێگەی هونەرەوە دۆستۆڤسکی بنەماکانی دنیای هزر، تەی دەکات و دنیای هزر لەهونەرەکەیدا دەدرەوشێتەوە، چونکە کایە فیکرییەکان لای دۆستۆڤسکی لەجوڵەیەکی زیندووی بێ وەستاندایە، بوون لەبەرزترین پێگەی خۆیدا لەجوڵەیەکی بەردەوام و نەوەستاودایە، دۆستۆڤسکی لێکۆڵەری پرۆسەی ئەو دینامیتیە زیندوە قووڵەیە.

هزرەکانی دۆستۆڤسکی لەبەرهەمەکانی شێوەی زریانی ئاگرە و کەشێکی ئاگراوی دەووری داوە، چەمکە ساردەکان لای جێگای نابێتەوە لەدڵ و دەرونیدا بەشێک لەڕۆحی (هیراکلیس) هەیە، هەموو شتێک ئاگر و جوڵەیە، دژ وململانێیە، بیرۆکەکانیش شەپۆلی ئاگرن.

هەموو بیرۆکەیەک لای دۆستۆڤسکی پەیوەستە بەچارەنووسی مرۆڤەوە، چارەنووسی دنیا، چارەنووسی خودا، بیرۆکەکان ئەو چارەنووسە دیاری دەکەن، چوونکە جەوهەری بوونی لەخۆیدا هەڵگرتووە.

دۆستۆڤسکی سفرەی ڕاستەقینەی هزرە، ئەوانەشی بەشداری کردنی ئەو سفرەیە ڕەتدەکەنەوە، بوونی هەناسە کوورتیەکی ڕۆحی دەسەپێنن بەسەر خۆیانادا. (نيقولا بردیانف، رؤية ديستوفسكي للعالم، ترجمة فواد كامل، لاپەڕە(١٢ و١٣).

ئەمەیە دۆستۆڤسکی کە لەگەڵ خوێندنەوەی قەسیدە غەمبارەکانی میشێلدا دەگری و وادەردەکەوێت هیچ لەژیان نازانێت. دیواری قوتابخانە وەک دیواری نەخۆشخانەی (ماری) دەیگوشێت و خەون بەناز و نیعمەت و ڕوناکییەوە دەبینێت و بیریش لەوە ناکاتەوە چۆن بەئاگا بێتەوە.

سان پترسبۆرگ بەشەقامە پڕ لەهاتوو هاوارەکانیەوە، باڵەخانە تازەکانی، دامودەزگا پڕ لە فەرمانبەرەکانی، دوای دوورکەوتنەوە لەگەڕەکە شیک و دەوڵەمەندەکەی، باڵەخانە گەورەکان دەبینین کە لەسەربازگە دەچێت و بۆنی توتن و پەڕۆی سوتاوی لێدێت و چرای هەڵواسراو



دۆستۆڤسکی

بۆ ڕووناکی و کوچەو کۆڵانی داخراو و کۆگای خوار و خێچ کە چاوەڕوانی ژنانی شەڕانی دەکات، دیواری شورای ئەم شارە کە لەسەر زەوییەکی لیتاوی و شێدار دروست کراوە و زۆنگاوەکان و سەهۆڵ بەندان و خلیسکانی خەڵکی هاتووچۆکەران بەخێرایی و پابەند بوونیان بەدەوام و نوسینگەکانیان، دۆستۆڤسکی لەخەوەکەیدا لەناویاندا دێت و دەڕوات، بەڵام هێدی هێدی لەسەر ژیانی تازە بەئاگا دەهاتەوە و چاوەکانی دەکردەوە.

لەکتێبی (وەهمە هەڵخەڵتێنەرەکانی سان پترسبۆرگ) دا دەگێڕێتەوە: لەکەناری ڕووباری (نیڤا) بۆم دەرکەوت: تاریکی داهاتبوو، پلەی سەرما (٢٠)ی ژێر سفر بوو، دووکەڵێکی چڕ لەلووتی ئەسپی ژێر عەرەبانەکانەوە دەرئەچوو، ڕووبارەکەش چینێکی شەختەی سپی داپۆشی بوو، کڵۆبەفر بەسەر پلیکانەکانی ئەنجومەنی پیرانەوە بوو، بیرۆکەیەکی نامۆ هات بەمێشکمدا، لەو چرکە ساتەدا شتێک تێگەیشتم، پێشتریش درکم پێ کردبوو بەبێ ئەوەی گوێی بدەمێ، واهات بەمێشکمدا کە ئێستا لەدونیایەکی نوێدا بەئاگا هاتمەوە کە پێی نامۆم و هەتا ئەم کاتەش ئەم دونیایەم نەناسیوە، تەنها لەڕێگەی چیرۆک و حیکایەتی تەمومژاوی و ئاماژەی شاراوەوە نەبێت، پێموایە لەم چرکە ساتەوە ژیانی ڕاستەقینەی من دەست پێدەکات..!

ئەو دونیایە چییە کە دستۆفیسکی لێی بەئاگاهاتەوە؟ (دەموچاوی نامۆ، نەشاز و سەیر) هیچی لەدوونکارلۆس و بۆزا تێدا نییە، بەڵام بەڕاستی هی ڕاوێژکارە فەخرییەکان بوو، ڕاوێژکاری فەخری وەهمی، بەڵێ هەموو ئەو گەنجە لوت بەستوانە و هەموو ئەو کچانەی جلی پینە کراویان لەبەردا بوو، ئەمانە هەڵگری سۆز و هەستی پاڵەوان و شازادەکانن، من لەمنداڵەکانی فەرمانبەرە بیرۆکراتەکان، منداڵە نەخۆشەکان، پیاوە بەساڵاچووەکان، بەد مەستەکان، هەموو ئەوانەی لەگەڵ نهێنییەکانی خۆیاندا دەژین، لەگەڵ دڵسۆزی یان تاوانەکانیان دەژین زۆر شتم بۆ دەرکەوت!

نووسەر و ڕەخنەگر (بییلنسکی) نوسیویەتی: ڕێزلێنان و پایەبەرزی بۆ ئەو شاعیرە گەنجەی کە ئیلهامی شیعرەکانی، کرێچی کەلاوە و سەقفی ڕزیوە و بەدەوڵەمەندەکان دەڵێت ئەوانەش وەک ئێوە مرۆڤن و برای ئێوەن.

مرۆڤ و مەملەکەتی مرۆڤایەتی، ناخی مرۆڤ و نهێنییەکانی مرۆڤ، لوغزی مرۆڤ، کێشەی بنەڕەتی و تەوەری کارەکانی دۆستۆڤسکییە، جگە لەمرۆڤ و ناخی مرۆڤ، شتێک نییە لەدەرەوەی مرۆڤ، تەنها مرۆڤ و چارەنووسی مرۆڤ خەمی بەردەوامی دۆستۆڤسکی بووە کە هەموو هێز و توانا جۆراوجۆرەکانی خۆی بۆ تەرخان کردووە.

(نیکۆلا بردیانف) دەڵێت: دۆستۆڤسکی پەتا گەورەکەی مرۆڤ بوو، بەجۆرێک بیری لەچارەنووسی مرۆڤ دەکردەوە، گوزارشت کردن لێی کارێکی ئەستەمە، چوونکە



دۆستۆڤسکی پەتا گەورەکەی مرۆڤ بوو، بەجۆرێك بیری لەچارەنووسی مرۆڤ دەکردەوە، گوزارشت کردن لێی کارێکی ئەستەمە، چوونکە هەتا ئەندازەی هەلوەسە و وڕینە خوی دابوو بەمرۆڤ، پێی وابوو مرۆڤ تەنها دیاردەییەکی سروشتی نەبوو لەو سیستەمەی هەموو دیاردەکانی لەخۆی گرتووە، بەڵکو مرۆڤ لەلای جیهانێکی بچووك کراو بوو

هەتا ئەندازەی هەلوەسە و وڕینە خوی دابوو بەمرۆڤ، پێی وابوو مرۆڤ تەنها دیاردەییەکی سروشتی نەبوو لەو سیستەمەی هەموو دیاردەکانی لەخۆی گرتووە، بەڵکو مرۆڤ لەلای جیهانێکی بچووک کراو بوو، بوونی تێیدا چڕکرابووەوە و خۆرێکە هەموو شتێک بەدەوریدا دەخولێتەوە، لوغز (مەتەڵ)ی کەون لەئینساندایە، چارەسەری مەسەلەی ئینسان، مانای چارەسەری مەسەلەی خودایە.

بەرهەمەکانی دۆستۆڤسکی هەمووی شەفاعەت خوازییە بۆ مرۆڤ و لەپێناو ئەو شەفاعەتەدا دۆستۆڤسکی ململانێی خـودا دەکـات. (رؤية دیستوفسکي للعالم، نووسینی نیکۆلا بردیانف، وەرگێڕانی فواد کامل، لاپەڕە٣٤).

((مـرۆڤ، پیاو، برایەتی)) ئەمە تێگەیشتنی دۆستۆڤسکی بـوو دوای ڕاچڵەکاندنە گـەورە و بەهێزەکەی.. دیکۆر و نەخشە ڕۆژهەڵاتییەکان هــەرەس دێـنـن، تارمایی کەسایەتی چیرۆکە گەورەکان بۆ هەتا هەتایە لەعەدەمدا دەکەوێت، دوای ئەوەش کەس نامێنێت جگە لەخەڵکە هەژار و بێ دەرەتان و بێ نەوایان و بێ ڕووەکان. ئەوانەی ئیهانە دەکران، لەگۆشەیەکی تاریکی دڵی پاک و بێ گـەردی ڕاوێژکارێکی شەریف و دڵسۆز، کچێکی خەمباری ئیهانە کـراوی لەگەڵدایە،



## دۆستۆڤسکی

چیرۆکەکەی ڕوح لەتلەت دەکات. ((دۆستۆڤسکی ڕێگەی خۆی دۆزییەوە)).

(گریگۆرۆڤیچ) وەرە ژوورەوە و دانیشە، کۆپی و پاکنووسی کتێبەکەم تەواو کرد دەمەوێت بۆت بخوێنمەوە. دۆستۆڤسکی لەسەر تەختەکەی دانیشتبوو، لەسەر مێزەکەی بەردەمی دەفتەرێکی گەورەی کاغەزی نامەی دانابوو، دەفتەرەکە کرابووەوە، دەست نووسی ڕۆمانی (هەژاران) بوو.

(گریگۆرۆڤیچ) فزوڵیەت ناوسکی خواردبوو، بەردەوام خۆی ئەبردە پێشەوە ئەیویست بزانێت دۆستۆڤسکی خەریکی چییە، چوونکە زۆر بەدۆستۆڤسکی سەرسام بوو، خەمی لەدۆستۆڤسکی دەخوارد، لەسەر ئەو هەموو ڕۆشنبیری و زیرەکی و هەستیارییەوە هەتا ئێستا هیچی نەنووسیوە، جگە لەهەندێک هەوڵی بچوک و لێکۆڵینەوە و شانۆگەری ئەدەبی کە هیچ ئایندەیەکی نەبوو، (گریگۆرۆڤیچ) لەبیرەوەریەکانیدا نوسیوێتی و دەڵێت: لەدڵی خۆمدا دەمـوت، چۆن ئەمە ڕوودەدات، چۆن دەبێت من چەند بەرهەمێکی ئەدەبی بچوکم بڵاوکردوەتەوە و خۆم بەئەدیب دەزانـم، کەچی دۆستۆڤسکی هیچی نییە لەم بـوارەدا! (گریگۆرۆڤیچ) لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: خوێندنەوەی ڕۆمانی (هەژاران) چی دەگەیاند بۆ دۆستۆڤسکی، بێگومان چـاوەڕوان بوو ئەم کـارەی هاوشێوە و ئەڵتەرناتیڤ و لاسایی کردنەوەی ڕۆمانی (ماری ستیوارت) بۆریس گۆدۆنۆفێکی سادە و ئاساییە، دەچەوسێتەوە، هەندێک گێلە، چاکەتە کۆن و ئاساییەکەی بەشێک لەقۆپچەکانی کەوتوون.

کەسایەتیەکانی ڕۆمانی (هـەژاران) دوو کەسایەتین (دیێڤۆشکین) پیاوێکی لادێی ناڕوون و نەناسراو، تەمەن تەنگی پێ هەڵچنیوە، نەزان و نەخوێندەوار، بێ ناز، خـاوەن دڵێکی بـاش و لێبوردە و ئـامـادە بۆ هەموو قوربانییەک، بەرامبەر ژوورەکەی ژنێکی گەنج نیشتەجێ بوو نـاوی (ڤارنکا) بـوو، هەردووکیان خزمایەتیەکی دووریان هەبوو، بەڵام ژنەکە لەبەر (وتەوتە)ی خەڵک نەیدەویست لەژوورەکەی خۆی پێشوازی لێ بکات، بۆیە هیچ لەبەردەمیان نەبوو، تەنها نامە گۆڕینەوە نەبێت.

(ڤارنکا) ژنێکی بێ هیواو بێ نازوو ناسک و لێوان لەجوانی و بەرائەت، (دیێڤۆشکین) سۆزێکی باوکانەی پێدەبەخشی، (ڤارنکا) ڕۆشنبیر و خوێنەوار بوو، لای خۆیەوە هەوڵی ئەوەی دەدا یارمەتی ئەو پیرەمێردە بدات و فێری خوێندەواری بکات، لەنامەکانیدا بەزیرەکیەکی سەرنج ڕاکێش باسی موعانات و ئێش و ئـازاری خۆی دەکـات و چیرۆکی ژیانی منالی خۆی دەگێڕێتەوە کە بەقەناعەتەوە بەسەری بـردووە و حەزی لەقوتابیەک بوو ئالوودەی نەخۆشی سیل ببوو، دواتریش مردنی ئەو قوتابیە زۆر ئازاری داوە.

ئەو نامە گۆڕینەوانە، بۆ(دیێڤۆشکین) خوان و دەعوەت و چێژێکی گـەورە بـوو، وای ئەژمار دەکـرد کە لەگەڵ کەسێکی تردا دەژێت و بۆ ئەو کەسە دەژێت، ئیشوکاری

دەکرد، خۆی لەزۆر شت بێ بەش دەکرد، بۆ ئەوەی شتێک پێشکەش ئەو کەسە بکات، بەخۆشیەکی شێتانەوە جل و بەرگەکانی دەفرۆشت و لەماڵەوە کاری کۆپی کردنی دەکرد و پارەی قەرز دەکرد بۆ کڕینی (سکاکەر و گوڵ بۆ هاوڕێ گەنجەکەی، بەڵام بەدبەختی لەپەراوێزدا بوو بۆی، جلەکانی کۆن و پینە کراوو بوون، ژێر پێڵاوەکانی دڕابـــوون، (ڤارنکا) نەخۆش بـوو، دراوسێکان باسی پەیوەندییەکی گوماناویان دەکرد لەگەڵ ئەو منداڵەدا، خـاوەن خانووەکە دەیـوت پەیوەندیەکانی، پەیوەندی شەیتانە لەگەڵ کچێکی منداڵدا.

دەزانی (ڤارنکا) چی دەم کوژێت (نا پارە نا، بەڵکو قسەو قسەلۆکی ئەم ژیانە، هەموو وتە وتەکان، پێکەنینە دروست کراوەکان و تەنزە برینکەرەکان دەمکوژن) لەخۆی دەپرسی چۆن ڕێزی لێدەگیرێت ئەو بەچاکەتێکەوە سەر قۆڵەکەی دڕاوە و جوتێ پێڵاوی کۆن و دڕاوەوە.

خۆشییەکانی (دییڤۆشکین) تەمەنی کورت بوو، چونکە پیاوێکی دەوڵەمەند و کەمێکیش بۆگەن، داوای لە(ڤارنکا) کرد مێردی پێ بکات و ئەویش ڕازی بوو، چونکە بێ بەشی و نەخۆشی هێزی لەبەربڕی بوو، بەو شێوەیە ئێش و ئازاری ڕاستەقینەی (دییڤۆشکین) دەستی پێکرد.


کڕینی کەلوپەلی بوکێنی و تاخمی میکیاژ و پێویستیەکانی ژیانی تازەی (ڤارنکا) بێ تاقەتی کردبوو، بەقسەکرنێکی بێ مەبەستی ڕەق داوای لە(دییڤۆشکین) کرد تاخمی جوانکاری و میکیاژی بۆ بکڕێت، چەرچەفی سەر تەپڵەکان لەو شێوەیە بێت، گوێت لێیە..؟ وشاحەکە تەتریزی حەریری لەسەربێت و (دییڤۆشکین)یش لەژێر هەڕەشەی نائومێدیدا دەچەوسایەوە و هۆشی نەمابوو، سەرەڕای ئەوەش دەیوت کچێکی خەمبارە، بۆیە بەڕاست و چەپدا ڕایدەکرد و سەردانی خەیات و شەپقە فرۆش و کۆگای موجەوهەراتی دەکرد.

لەکۆتاییدا، (ڤارنکا) شووی کرد، دییڤۆشکینیش هەتا ئەو کاتە خۆی گرتبوو، هاواری ناڕەزایی و خەم و پەژارەیی و بێ هیوایی لێ بەرزەوە بوو، ڕستە و دەستەواژەکانی بێ مانا و بێ سەروبن بوون، سەرەتا و کۆتاییان نەبوو، وڕێنەیەک بوو بۆ خۆی، ویستی بەپەلە گوزارشت لەوە بکات کە (ڤارنکا) لەلای چەند ئازیز و خۆشەویست بوو، چ بۆشاییەکی ترسناکی دوای خۆی بۆ جێهێشتووە..!؟ ڕۆمانەکە بەم هاوارە کۆتایی دێت: (ناکرێت ئەمە دوا نامە بێت، چۆن ئەبێت بەم کوت وبڕییە نامەکانمان کۆتاییان بێت!؟ نا هەر بۆت دەنـووسـم، تۆش بۆم دەنووسیت (ڤارنکا) شێوازی نووسینم باش دەبێت، ئاە ئازیزەکەم چیی بڵێم دەربارەی شێواز، چۆن باسی بکەم، ئێستا من نازانم چی دەنووسم، هیچ نازانم، بیر لەهیچ ناکەمەوە تەنها نووسین بۆ تۆ نەبێت، خۆشەویستە بەنرخەکەم، ئازیزەکەم ( ماتۆتشکا).

لەڕاستیدا ڕۆمانی هەژاران کەوتبووە ژێر کاریگەری (پاڵتۆ)کەی (گۆگۆڵ)ەوە، ئەو کەسایەتیە ڕووخۆش و دەم بەپێکنینەی گەورە کرابوو بۆ ڕێزگرتن لەبەرپرسەکانی و

بەپیرۆز تەماشا کردنیان و خۆشەویستی بۆ کۆپی کردن ئەو کەسەی نیشتەجێی سان پترۆسبۆرگە و هاوڕێکانی گاڵتەی پێدەکەن و شعوری بێبەشبوون و ژیانی کولەمەرگی دەژی و هەموو شتێک قبوڵ دەکات و تەسلیمی هەموو کەسێک دەبێت، ڕێک برای دووەمی (ئەکاکی ئەکییفیتش)ی ڕۆمانەکەی (گۆگۆڵ) ـە، بەڵام کارەکتەرەکەی ڕۆمانەکەی (گۆگۆڵ) بەشێوە سەیرەکەی مایەی بەزەییە و دەست و پێ سپێتیەکەی و بێ توانایی دیارە، بەڵام کارەکتەرەکەی دۆستۆڤسکی (دییڤۆشکین) لەهەندێک ڕووەوە مایەی تێڕامان و سەرنجە، وەک بەزەیی و چاکە و دڵسۆزی و نهێنی پارێزی و شاردنەوەی دەردەسەری و ئێش و ئازارەکانی، هەڵقوڵاوی ئیرادەیەکی بەهێز و ئەخلاقێکی بەرزە، گاڵتەکردن پێی، نایڕوخێنێت و بەپێچەوانەوە زیاتر حەماسەتی دەوروژێنێت، خاوو خلیسکی و بەدبەختی سنووری دڵی تێناپەڕێنێت بێ ئەوەی کاری تێبکات کاتێک ئازار دەچێژێت، لەوە دەرباز بووە وێنەیەکی ناشرین و شێواو بێت.

لەتەنیشتیەوە هەندێک کەسایەتی لاوەکی هەڵئەتۆقێن، لەناویاندا (بۆکرۆڤسکی) باوکی ئەو خوێندکارەی



هەواڵنامەی کتێب

بابەتە لاوەکیەکانی دۆستۆڤسکی مێگەلە ئەکتەرە (بووکەڵەکانی) بەتەواوی دەردەکەوێت، باوکێکی بەدبەخت، منداڵەکانی بەڕق و کینەوە تەماشای دەکەن، ئەمە لەکەسایەتی (مارمۆلادۆف) لەڕۆمانی (تاوان و سزا) دا دەردەکەوێت و کەسایەتی (کارامازۆف)ی بەتەمەن لەڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)دا و کەسایەتی (ئیڤۆڵجین) ی بەدبەخت کە دەست لەکار دەکێشێتەوە لەڕۆمانی (گەمژە)دا، بەدەستە چاك و ئازاكان لەهەموو کتێبەکانی دۆستۆڤسکیدا بوونیان هەیە.

تووشی نەخۆشی سیل بووە، ئەم پیرە بەدمەست و درۆزن و ئاست نزمە، سۆزێکی پڕ لەترسی هەبوو بەرامبەر کوڕەکەی و ڕێزی لەخوێندەواریەکەی و سەربەخۆیی دەگرت و گوناە و بەڕەڵاییەکانی بەموحیبەت و سادەیی پاک دەکــردەوە، لەیەکەم بینینیەوە هەست دەکرێت کە شەرم لەخۆی دەکات و هەوڵی زۆری دەدا منداڵ تر لەتەمەنەکەی خۆی دەرکـەوێـت، ئەو هەست و سۆزە بەرزەی لەدڵی خۆیدا هەڵیگرتبوو، خۆشەویستییەکی بێ ڕادە بوو بۆ کوڕەکەی.

نمونەیەکی دیکە لەڕۆمانی (هەژاران)دا بەدی دەکرێت.

(گۆرچکۆڤ) نموونەیەکی ترە لەڕۆمانی (هەژاران) کە نیشتەجێی خانوویەکی کرێیە، تاوانبارە بەکێشەیەک، شەرەف و کەرامەت و ئایندە و سەروەتەکەی خستووەتە ترازووی عەدالەتەوە، کاتێک دانیشتنی دادگای بۆ کرا، دادگا بەبێتاوانی دەرکرد، لەو کاتەوە لەهیچ شوێنێکدا جێگیری بەخۆیەوە نەبینی، لەبینینی خەڵکدا قسەی ناڕوونی دەکرد (شەرەفم.. شـەرەف.. ناوبانگی باش.. منداڵەکانم!) لەهەمان شەودا لەخۆشیدا دەمرێت.

بەو جۆرە لەیەکەم ڕۆمانییەوە، بابەتە لاوەکیەکانی دۆستۆڤسکی مێگەلە ئەکتەرە (بووکەڵەکانی) بەتەواوی دەردەکەوێت، باوکێکی بەدبەخت، منداڵەکانی بەڕق و کینەوە تەماشای دەکەن، ئەمە لەکەسایەتی (مارمۆلادۆڤ) لەڕۆمانی (تـاوان و سـزا)دا دەردەکـەوێـت و کەسایەتی (کارامازۆڤ)ی بەتەمەن لەڕۆمانی (برایانی کارامازۆڤ)دا و کەسایەتی (ئیڤۆلجین)ی بەدبەخت کە دەست لەکار دەکێشێتەوە لەڕۆمانی (گـەمژە)دا، بەدمەستە چاک و ئازاکان لەهەموو کتێبەکانی دۆستۆڤسکیدا بوونیان هەیە.

دواتر دۆستۆڤسکی، بەئازایەتی خۆی و تەماشا کردنی دوور بۆ فەزایەکی پان و بەرین، لەتابلۆ ڕێک و جوانەکەی ڕۆمانی (هــەژاران)ەوە، تابلۆی سەردەمە شکۆدارەکان لەدایک دەبێت، لەو تابلۆ شکۆدارەوە ئاوازێک یان جوانتر بڵێین سەمفۆنیای (برایانی کارامازۆڤ) لەدایک دەبێت.

بەڵام لەپێناوی بەرهەم هێنانی ئەو کارە گرنگانەدا، دەبێت چاوەڕوان بین تاوەکو دۆستۆڤسکی لەسەر بابەتە هونەرییە بنەڕەتیەکانی بەئاگادێتەوە، چونکە (دیڤۆشکین و ڤارنکا) لەچوارچێوەی خۆیاندا سنوور دارن و ئاسمانێک بەسەریانەوە شک نابەن و لەدەرکەوتنیاندا بەئازارن، بەڵام ئازارەکانیان مەعنەوییە، ئەخلاقییە، کۆمەڵایەتییە، ماتریاڵیە و لەسەر گۆی زەوی ڕوو دەدات، ئـەوان دڵەڕاوکێ و خەمە میتافیزیکیەکان و ئەو دیوی سروشت نازانن، ئەوان لەدونیایەکدا دەژین تیایدا (٢+٢) دەکاتە (٤)، لێرەدا لەکاتی دابەش کردنی ڕۆڵی کەسایەتییەکان، کەسایەتیەک بوونی نییە کە (خـودا)یـە و لەهزری دۆستۆڤسکیدا بوونی نییە، بۆیە دەبێت کاتی سێدارە و سووتاندن و دوورخستنەوە بۆ سیبریا بێت، بۆئەوەی لەناکاودا لەڕابردووی دۆستۆڤسکیەوە (خودا) دەرکەوێت.

ڕۆمانی (هەژاران) (گریگۆرڤیچ)ی سەرسام کرد، چەندین جار سەرسامی خۆی بەیان کرد، ویستی هەستێت دەستی



دۆستۆڤسکی

دۆستۆڤسکی بگوشێت و دۆستۆڤسکی چارەی بەیەکدا دابوو بەردەوام بوو لەخوێندنەوەی (هەژاران) لەدوا پەرگرافدا (گریگۆروڤیچ) خۆی پێ نەگیرا و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە باوەشی بەدۆستۆڤسکیدا کرد و تکای لێکرد دەست نووسی ڕۆمانەکەی پێ بدات هەتا بیبات بۆلای (نیکراسۆڤ)ی شاعیر کە لەسەروبەندی دەرکردنی گۆڤارێکی هەفتانەدایە.

دۆستۆڤسکی دەڵێت: ئاه.. (نیکراسۆڤ) گەنجێکی هەڵسووکەوت نامۆ، باوکی سەربازی پێشووی سوپا بوو، دڵڕەق و پیسکە و پوولەکی، ویستی (نیکراسۆڤ)ی کوڕی پەیوەندی بکات بەتیپی خانەدانەکانەوە لەسوپای ڕوسیادا، بەڵام (نیکراسۆڤ) لەباوکی یاخی بوو، بۆئەوەی خوێندنی زانکۆ تەواو بکات، ماڵی باوکی هەموو یارمەتیەکیان لێبڕی وئەویش بەرەولای شەقامەکانی سان پترسبۆرگ بوو، ژیانێکی کولەمەرگی و نەداری بەنان دزین لەچێشتخانەکان، ژیانی ناهەمواری بەسەر دەبرد، شەوانە لەژێرزەمینەکاندا دەنوست، بەڵام تەماح و خولیای مایەی دەست خۆشی بوو، هەندێک جار وتاری کورت و چیرۆک و پارچە شیعری دەنووسی و لەڕۆژنامەکان بڵاوی دەکردەوە و پارەیەکی کەمی پێوەردەگرت.

یەکێک لەقەسیدەکانی (لەسەر ڕێگا، حەماسەتی (بییلنسکی) ڕەخنەگری وروژاند، (بییلنسکی) ئەم شاعیرە سەرەتاییەی هاندا و ئامۆژگاری کرد و ئاراستەی کرد بەرەو ناوەندە ئەدەبیەکان، سەرکەوتنی (نیکراسۆڤ) شاعیری خەڵکە سادە و بێنازەکان خێرابوو، لەشیعرێکدا دەڵێت:

بانگ کرام گۆرانییەک بۆ ئێش و ئازارەکانت بچڕم..
گەلی ناچارکراو بەشێوەیەکی
سەرسوڕهێنەر..
بۆئەوەی تیشکێک لەڕووناکی ویژدان،
بخەمە سەر ئەو ڕێگاییەی، خوادا پێشەوات
دەبێت..

(نیکراسۆڤ) توانای شیعری خۆی دەزانی، سۆزی بۆ بەلەمەوانەکانی ڕووباری (ڤۆلگا) گریان بۆ لووتی سوورەوە بووی جووتیارەکان، بەزیی هاتن بەدیمەنی سادە و ترسناکی مەینەتی و ئازاری ڕوسیا. ئەم (نیکراسۆڤ)ـە بەدیوەکەی تریدا چاوچنۆکانە لەدونیادا هەنگاو دەنێت و دەچێتە (سالۆنەکان)، پەیوەندی بەنووسەر (بانایيڤ)ـەوە دەکات و دەبێتە برادەری و لەماڵەکەی نیشتەجێ دەبێت و دەست بەسەر ژنەکەیدا دەگرێت و (١٥) ساڵ لەگەڵیدا دەژی، لەمێردە هەڵخەڵتاوەکەی ڕەزامەندی دەرچواندنی گۆڤارێک وەردەگرێت و پێکەوە بەڕێوەی دەبەن، ئاوێتە بوونێکی سەیر لەنێوانیاندا دروست دەبێت، نەیارەکانی پێی دەڵێن هەر بەدوای ڕابواردنەوەیە، هاوڕێکانیشی دەڵێن ئەو کارانەی دەیکات لەبێئاگاییەوەیە.

کاتێک (گریگۆرۆڤیچ) ڕۆمانی هەژارانی بۆی برد، (نیکراسۆڤ) دوودڵی و هەندێک گومانی دەربڕی، سەرقاڵ بوو، مێشکی پەرت بوو، بەڵام لەکۆتایدا قایل بوو (گریگۆرۆڤیچ) دە لاپەڕەی بۆ بخوێنێتەوە، دوای خوێندنەوەی دە لاپەرە بابزانیین ئەم ڕۆمانە چەند دەهێنێت



(گریگۆرۆڤیچ) دە لاپەڕە، بیست لاپەڕە، سی لاپەڕەی بێ وەستان خوێندەوە، گەیشتە پرۆسەی بەخاک سپاردنی خوێندکارە تووشبووەکە بەسیل (نیکراسۆڤ) هاواری خۆشی لێ بەرزەوە بوو، کاتێک (گریگۆرۆڤیچ) گەیشتە خوێندنەوەی نامەی ماڵئاوایی و خواحافیزی، لەبەر گریان خۆی پێنەگیرا کە سەریشی هەڵبڕی، دەموچاوی (نیکراسۆڤ)ی شاعیریش سوور هەڵگەڕابوو، دەگریا.

(گریگۆرۆڤیچ) بەدەنگ بەرزییەوە هاواری کردو وتی: دەبێت ئێستا بچین موژدە بەدۆستۆڤسکی بدەین.

بەڵام کات شەوە، بێگومان ئێستا نووستوە..

هیچ بەلامانەوە گرنگ نییە لەخەو هەڵیدەستێنین، دۆستۆڤسکی نەخەوتبوو، ئێوارە و بەشێک لەشەوی بەموناقەشە کردن و خوێندنەوەی (ڕووحە مردوکان) لای برادەرێکی بەسەر بردبوو کە سەد جار موناقشەی بیرۆکەکانی ئەو کتێبەی کردبوو، سەعات چواری بەیانی گەڕابووەوە، کاتێکیش چووە ژورەکەیەوە نەیتوانی بخەوێت و پەنجەرەی ژوورەکەی کردەوە، لەو ئاسمانە ساف و بێگەرد و نەرم و پان و بەرینە ڕادەما کە تیشکێکی زیوینی دەباراند بەسەر پترسبۆرگدا، ماڵەکان لەڕوناکیەکی کزدا لەخەوێکی قوڵدا بوون، هاتووچۆکەران لەکەمی دابوون، (فیدۆر میخائیلۆڤیچ) باوەڕی نەدەکرد بوونەوەرێکە لەدونیایەکی واقعیدا، لەنێوان دوو ژیاندا بوو، چاوەڕێ بوو کەمێکی تر خۆر

هەڵبێت، لێدانی زەنگەکەیان ڕایانچەڵەکاند و هەستا بەلەرزینەوە دەرگاکەی کردەوە.
(گریگۆرۆفیچ) و کەسێکی نەناسراو لەبەردەرگا بوون، بەسەرسامی و ترسەوە تەماشایانی کرد، ئەوان چاوەڕێیان نەکرد باوشیان بەدۆستۆڤسکیدا کرد و بەخۆشیەوە دەستیان گووشی و وتیان ڕۆمانەکەتمان خوێندوە و زۆر سەرسامین پێی، کارەکە کارێکی عەبقەریانەیە، دۆستۆڤسکیش هەستی بەخۆشیەکی گەورە کرد و هەوڵیدا وەڵامی پیرۆزبایەکانیان بداتەوە و لەماوەی نیوسەعاتدا باسی شیعر و سیاسەت و شانۆیان کردوو بەردەوام (گۆگۆڵ) لەموناقەشەکانیاندا حزووری هەبوو باسی دەسەڵاتی (بیيلنسکی) یان کرد.
(نیکراسۆف) وتی: ئەمڕۆ دەسنووسەکە ئەبەم بۆ (بیيلنسکی)، ئاە چ پیاوێکە.. ئاە چ پیاوێکە، دواتر دەیناسی و ئێستاش پێویستە بخەویت و منیش ئەڕۆم، دۆستۆڤسکیان جێهێشت، بەڵام دۆستۆڤسکی بیری لەخەوتن نەدەکردەوە، لە(ڕۆژەکانی نووسەردا) نوسیوێتی: (لەوانەبوو بخەوم، بەڵام دوای ئەم سەردانە! چ حەماسێک.. چ بردنەوەیەک! چ سەرکەوتنێک، گرنگیدانیان



بابەتە لاوەکیەکانی دۆستۆڤسکی مێگەلە ئەکتەرە (بووکەڵەکانی) بەتەواوی دەردەکەوێت، باوکێکی بەدبەخت، منداڵەکانی بەڕق و کینەوە تەماشای دەکەن، ئەمە لەکەسایەتی (مارمۆلادۆف) لەڕۆمانی (تاوان و سزا) دا دەردەکەوێت و کەسایەتی (کارامازۆف)ی بەتەمەن لەڕۆمانی (برایانی کارامازۆڤ)دا و کەسایەتی (ئیڤۆڵجین) ی بەدبەخت کە دەست لەکار دەکێشێتەوە لەڕۆمانی (گەمژە)دا، بەدمەستە چاك و ئازاکان لەهەموو کتێبەکانی دۆستۆڤسکیدا بوونیان هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

بەڕۆمانەکە بەهایەکی بەنرخ بوو، سەبارەت بەخۆمیش بیرۆکەکانی خۆم بەڕوونی لەبیرە، کەسانێک سەرکەوتن بەدەست بێنن، کەسانێک هەیە بەگەرمی پیرۆزبایان لێدەکەن و پێشوازیان لێدەکەن و مەدح و سەنایان دەکەن، بەڵام ئەمانە کاتژمێر چواری بەیانی بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە هاتن، بۆیە ئەمە لەخەو گرنگترە، ئاە دیمەنیکی جوان و ئەفسوناوی بوو.

هەتا خۆرکەوتن (گریگۆرۆفیتش) لەسەر جێگاکەی ڕاکشا بوو، خەو نەدەچووە چاوی، ناوبەناویش لەژوورەکەی تەنیشتیەوە گوێی لەدەنگی هەنگاوەکانی دۆستۆڤسکی دەبوو.

ڕۆژی دواتر (نیکراسۆف) بۆ بەجێهێنانی بەڵینەکەی دەستنووسەکەی برد بۆ (بیلنسکی) بەحەماسەوە لەبەردەمیدا دانا وتی: (گۆگۆڵێکی نوێ لە دایک بوو).

(بیلنسکی) گەورە ڕەخنەگر وتی: ئێوە نووسەرتان هەیە وەک (گۆگۆڵ) وەک قارچک ئەڕوێن، سەرەڕای ئەو قسەیەش دەستنووسەکەی گلدایەوە بۆئەوەی لەدەرفەتێکدا بیخوێنێتەوە، ئەمەش بۆخۆی سەرکەوتنێکی گرنگە، چونکە (بیلنسکی) لەو ڕۆژگارەدا، گەورەترین نووسەری ڕەخنە بوو لەڕوسیادا، هەموو ڕەخنەگران و نووسەران گوێی لێدەگرن و شەرمی لێدەکەن و تەنانەت لێشی دەترسن، لەبەرئەوەی دووربوو لەبەرتیل وەرگرتن و لەنەزاهەت و جدییەتدا کەم وێنەبوو.

(بیلنسکی) پیاوێکی لەڕو لاواز و بەتەمەن، لەخانوویەکی سادەدا دادەنیشت، نەخۆش و کۆکە و ڕشانەوەی خوێن، دەیزانی لەمردن نزیک بووەتەوە.

هەنێک جار هەڵچوون و تووڕەییەکانی ڕای گشتی دەوروژان و دەهەژان، قبوڵ کردن و ڕەتکردنەوە بەردەوام و خێراکانی مایەی سەر سووڕمان بوو، دۆستۆڤسکی دەربارەی ئەم پیاوە دەڵێت: بەپەلەترین و خیراترین پیاوی ڕوسیایە.

بەڵێ: (بیلنسکی) پیاوێکی بەپەلە و خێرابوو لەبڕیارداندا، لێوان لێبوو لەگەرم و گوڕی و چالاکیدا، ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی بەپەلە و خیرا دەدا، پەرۆشی توێرەکان بوو، بواری نەبوو ئیستیعابی بکات وازی لێ دەهێنا، دواتر دەگەڕایەوە سەری، هەتا قوڵایی ڕوحی ئازاری دەچەشت، لەسەرەتای تەمەنیدا بەلای ئایدیالیستیدا ڕۆیشت (هونەر بۆ هونەر) تێڕوانینی قوڵ و زاهیدانەی بەرانبەر دونیا هەبوو، ئەم جەنجاڵی و کەشوهەوا ناسکە لە قوڵایی ناخیدا، هێدی هێدی جەستەی ماندوو کرد، هەتا وای لێهات نەک ئەدەب بەڵکو خودی خۆشی بەلایەوە گرنگ نەبوو، بۆ یەکێک لە برادەرەکانی نوسیوێتی: زۆر بەسادەیی ( هونەر بەتەنها خنکاندمی)، سەرەڕای ئەوەش دەمتوانی لەخۆمدا بژیم، وام دەزانی بۆ هەر مرۆڤێک جگە لەژیانە ناوخۆییەکەی ژیانێکی دیکە هەیە، بەڵام لەناخی خۆمدا هاتمە دەرەوە بەرەو دونیای ئێش و ئازاری نوێ.



# جەژنی نەورۆز و چوارشەممە سوورەی کوردەواری



موعتەسەم ساڵەیی

ئەوەی گومانی لەسەر نییە کە هەردوو جەژنی نەورۆز و چوارشەمە سوورە، دوو جەژنی کوردەواریی ڕەسەنن. سەرچاوەکانیان لەسەردەمی سۆمەرییەکانەوە دەست پێدەکات. بەتایبەتی بنەماکانیان دەگەڕێتەوە بۆ داستانی دموزی (Demozi) و ئینانای سۆمەری. کە لە پاشاندا لەلای بابلیەکان ناوی دموزی کە بەمانای کوڕی دڵسوز دێت دەگۆڕدرێت و دەبێت بەتەموز. ناوی ئینانایش دەگۆڕدرێت لەلای بابلیەکان و دەبێت بەعیشتار کە بەمانای ئەستێرە دێت. ژنە خواوەندی عیشتار لەزمانی عەرەبیدا زوهرەیە و لەلای یۆنانیەکان ئەفرۆدێتە و لەلای ڕۆمانیەکانیش ڤینۆسە، لـەلای ئاریاییە کۆنەکانیش ئەناهیدا و شاوشکایە. ئینانا بەزمانی سۆمەری و عیشتاریش بەزمانی بابلی هیمایە بۆ جوانی و خۆشەویستی و دلۆڤانی. لەئاسمانیشدا ئەستێرەیەکی پرشنگدارە و لەمانگی نیساندا سەر لەبەیانی لەلای ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێت - جیاوازە لەگەڵ ئەستێرەی گەلاوێژ - پێی دەوترێت ئەستێرەی بەیان یاخود کاروان کوژە. لەداستانە کۆنەکاندا وەها هاتووە گوایە عیشتار دادەبەزێتە خـوارەوە بۆ دنیای تاریکی و مردن. بەپێی یاسای دنیای تاریکی چیتر نابێت بگەڕێتە دواوە بۆسەر ڕووی زەوی. پاش سەر و سەودا و مامەڵەیەک دەسەڵاتدارانی دنیای مردووان ڕازی دەبن کە بۆ جارێکی تر عیشتار بگەڕێتەوە سەر ڕووی زەوی، بەڵام بەو مەرجەی کەسێکی دیکە لەبری خۆی وەکو جێگرەوەیەک دابەزێتە خواروە بۆ دنیای مردووان. عیشتار کاتێک دەگاتە سەر ڕووی زەوی یەکسەر تەموزی مێردی ڕادەستی دێو و درەنجەکان دەکات، تاوەکو لەجیاتی خۆی بەرەو دنیای خوارووی مردوان پەلکێشی بکەن. لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەداستانەکە دەکەین، پێویستە ڕوونی بکەینەوە کە دموزی یاخود تەموز وەکو کەسێکی شوان ڕەمز و هێمایە بۆ لەوەڕ و سەوزایی و گژوگیا و پیت و بەرەکەتی. تەموز لەمانگی تەموزدا لەوەرزی هاویندا دادەبەزێتە خوارەوە و بزر دەبێت. ئەم داستانەیش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەکەشوهەوا و کاروباری وەرزێرییەوە هەیە، چونکە لەوڵاتی عێراقدا هـەردەم لەمانگی تەموز و لـەوەرزی هاویندا سەوزایی نامێنێت و گژوگیا و دەغڵودان وشک دەبن. بەدرێژایی شەش مانگ خواوەندی دموزی یاخود تەموز دەمرێت و لـەوەرزی بەهاردا بۆ جارێکی دیکە دێتەوە سەر زەوی و سەر هەڵدەداتەوە. بەپێی داستانەکە تەموز خوشکێکی خۆی بەناوی (کشتن ئانا) لەبری خۆی دادەگرێتە خوارەوە بۆ دنیای مردووان. لەگەڵ دەرکەوتنی تەموزدا لەوەرزی بەهاردا گژوگیا و سەوزایی و دەغڵودان دەبووژێنەوە. ئەوسایش بۆجارێکی تر تەموز و عیشتاری ژنی زەماوەند سازدەکەن. ئەم ڕووداوەیش هەردەم دەبووە مایەی جەژن و خۆشی لەوڵاتی عێراقی کۆندا و تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان ئەو داب و دەستوورە لەلای میللەتی کورد وەکو دوو جەژنی نەورۆز لەبیست و یەکی مانگی ئازار و جەژنی چوارشەمە سوورە لەسەرەتای مانگی نیساندا بەردەوامە، لەو بـەروارانـەدا بەتایبەتی میللەتی کورد



دەیکەن بەئاهەنگ و خۆشی. تەموز بەدرێژایی شەش مانگ لەسەرەتای بەهارەوە دێتە ئاراوە و سەوزایی و خۆشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. لەمانگی تەموزیشدا بۆ جارێکی دیکە دەچێت بەناخی زەویدا بۆ دنیای تاریکی و مردن. بەبزربوونی خواوەندی تەموز لەوەرزی هاویندا سەوزایی و دەغڵودان زەرد هەڵدەگەڕێن و وشک دەبن. عێراقییە کۆنەکان بە لەنێوچوونی تەموز لەوەرزی هاویندا وەها ڕاهاتبوون کە شیوەنیان دەگێڕا و بەگریان و سنگ کوتان بەکۆمەڵ بەکوڵ بۆ تەموز دەگریان. کۆڕی لاواندەوەی شیعەکان بەگریە و زاری لەمانگی عاشورادا، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە لەوڵاتی عێراقدا. هەر وەکو لەم دەقە کۆنەی شین و واوەیلادا دەردەکەوێت کە خواوند تەموز دەڵێت:

**لەگەڵمدا بگری. لەگەڵمدا بگری**

**ئەی پێدەشتی لەگەڵمدا بگری**

**دەنگمان تێکەڵ بکەین و بەکۆمەڵ شین بکەین**

**ئەی قرژاڵی نێو ڕووبارەکان**

**گوێ لەگریانم بگرە**

**ئەی بۆقی نێو جۆگەلەکان**

**گوێ بۆ شیوەنم ڕادێرە**

**با دایکمیش بۆ ونبوونم بگری**

**ئەو دایکەی کە پێنج نان لەماڵەکەیدا**

**شک نابات با بگری**

**لەپاش مەرگم کەس نییە دەست بەباڵیەوە بگرێ**

**ئەی چاوە وێڵەکانم وەکو چاوی**

**دایکم فرمێسک دادە**

**ئەی چاوە وێڵەکانم وەکو چاوی**

**خوشکم فرمێسک دادە(١)**

پاشتر ئەم داستانە ئاوێتەی داستانەکانی وڵاتی یۆنان دەبێت. دەووترێت کە شاژنی جوانی (ئەفرۆدێت) لەکاتی لەدایک بوونی (ئەدۆنیس)دا چاوی پێدەکەوێت و جوانیەکەی کەمەنکێشی دەکات. لەپێناوی پاراستنی ئەو کۆرپەیەدا ڕادەستی (برسیفۆن)ی دەکات کە ئافرەتێکی خواوەندی دنیای مردنە. بەڵام برسیفۆن لەئاستی خۆیەوە حەز لەئەدۆنیس دەکات و بۆ خۆی گلی دەداتەوە. ئەوسا لەنێوان ئەفرۆدێت و برسیفۆندا شەڕ و ناکۆکی لەسەر ئەدۆنیس پەیدا دەبێت. پاش ئەوەی ناگەن بەهیچ ئاکامێک پەنا دەبەنە بەر گەورە خواوەند (زیوس) تاوەکو دادوەری لەنێوانیاندا بکات. زیوسیش لەلای خۆیەوە بڕیار دەدات کە ئەدۆنیس بۆ ماوەی شەش مانگ لەلای ئەفرۆدێت لەسەر زەوی بمێنێتەوە، بەدرێژایی شەش مانگیش لەدنیای مردووانداا لەلای برسیفۆن بمێنێتەوە. وەرزی بەهار بەزۆریی باوباران و سەوزاییەوە مایەی بووژاندنەوەی لەوەڕ و گژوگیای دەشت و دەرە، ئەمەیش هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ئاهانگ گێڕان بەبۆنەی زیندوو بوونەوەی خواوەندی ڕووەک و ئاژەڵداری دموزی یاخود تەموز و هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنە خواوەندی جوانی و پیت و بەرەکەت ئینانا (عیشتار). لەسەرەتای مانگی نیساندا هەموو ساڵێک ئاهەنگی خۆشی دەگێڕدرا و دەبوو

بەجەژن و شادی. جەژنی نەورۆز و جەژنی چوارشەمە سوورەی کوردیش هەر لەو داستان و ئاهەنگ و جەژنانەی سۆمەرییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان بۆمان ماونەتەوە. مێژوونووس و ڕۆژهەڵات ناسی ناسراو (دکتور ئەنتوان مۆرتکات) لەکتێبی (مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەندی کۆن) لەبارەی سۆمەرییەکانەوە دەنووسێت و دەڵێت: (سۆمەرییەکان لەباکووری عێراقدا کە وەها پێدەچێت نیشتمانی بنەڕەتییان بووبێت، ئەویش پێش ئەوەی بەرەو باشوور شۆڕ ببنەوە و لەپێدەشتەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا جێگیر ببن. بۆیە هەر لەو ناوچانەی باکووردا هەمیشە ڕاوشکار و ئاژەڵداری پیشەیان بووە، فێری پیشەی کشتوکاڵی سەرەتاییش بوبوون. خاوەنی چەند دابونەرێتیک بوون کە بێگومان پەیوەندیی بەشێوازی بەرهەمهێنانەوە هەبووە. هەروەها خاوەنی جۆرە خواوەندێک بوون کە پەیوەست بووە بەڕاوشکار و ئاژەڵ بەخێوکردن(٢)، سۆمەرییەکان کە لەبنەڕەتدا دانیشتوی چیاکانی زاگرۆسی باکوری وڵاتی نێوان دوو ڕوبار بوون، لەگەڵ خۆیاندا جەژنەکانیان دەبەن بۆ خوارووی وڵات.

باکووری وڵاتی میزۆپۆتامیا ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت و بەبژێوی بووە. هەمیشە خەڵکانێکی بەجموجوڵی تێدا ژیاوە. ئەشکەوتەکانی شانەدەری و هەزارمێرد و ئەوانی دیکەش باشترین نموونەن کە پیشانی دەدەن لەسەردەمی چاخە بەردینەکاندا کۆمەڵە خەڵکانێک لەو ناوچانەدا ژیاون و بەڕاوشکارەوە خەریک بوونە و بژێوی خۆیان دابین کردووە. هەروەها گوندی (چەرموو) بەتەنیشتی شاری چەمچەماڵەوە بەیەکێک لەکۆنترین کۆمەڵگا کۆنەکانی چاخی بەردینی نوێ هەژمار دەکرێت کە

نەورۆز



ئەوەی گومانی لەسەر نییە کە هەردوو جەژنی نەورۆز و چوارشەمە سوورە، دوو جەژنی کوردەواریی ڕەسەنن. سەرچاوەکانیان لەسەردەمی سۆمەرییەکانەوە دەست پێدەکات. بەتایبەتی بنەماکانیان دەگەڕێتەوە بۆ داستانی دموزی (Demozi) و ئینانای سۆمەری. کە لە پاشاندا لەلای بابلییەکان ناوی دموزی کە بەمانای کوڕی دڵسوز دێت دەگۆڕدرێت و دەبێت بەتەموز.




مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی نۆ هەزار ساڵ پێش ئێستا. دانیشتوانی گوندەکە ئەشکەوتەکانیان بەجێهشتوە و ئەو گوندەیان دامەزراندووە. خانوبەرەیان بۆ خۆیان دروست کردووە و ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات و پەلەوەریان بەخێو کردووە. لەبواری کشتوکاڵیشدا باڵادەست بوونە و گەنم و جۆو دانەوێڵەیان چاندووە. نیشتەجێ بوونیان لەنێو گونددا وەهای کردووە، مرۆڤی ئەو سەردەمە گرنگیی زیاتر بەپیشەی کشتوکاڵی و وەرزێری و مەڕ و ماڵات بەخێوکردن بدەن. بەو پێیەیش بەڕادەیەکی کەمتر بەکاروباری ڕاوشکارەوە خۆیان خەریک کردووە. بەپێی هەموو سەرچاوە و ئاماژەکان وەها دەردەکەوێت کە سۆمەرییەکان لەبنەڕەتدا لەباکووری وڵاتی میسۆپۆتامیا ژیاون. بەشێکی زۆری پسپۆران و مێژوو نووسانیش ئەم ڕاستیە دووپات دەکەنەوە. سۆمەرییەکان خەڵکانێکی چوست و چالاک و پیشەوەر بوونە. سەریان لەکشتوکاڵی و بەڕێوەبردنی زەوی و زار دەرچووە. لەبواری ئاژەڵداری و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتدا شارەزاییەکی تەواویان هەبووە. کاتێکیش بەرەو خوارووی عێراق کۆچیان کردووە و جێگیر بوونە، سەرجەم ئەو هەموو شارەزاییەی خۆیان بۆ ئەو ناوچانە گواستۆتەوە. دابونەریت و بیرۆکەی خۆیان لەبارەی ئەو خواوەندانەی کە پەیوەندییان بەکشتوکاڵی و شوانکارەییەوە هەبووە، سەرجەمیان پاراستووە و لەگەڵ خۆیاندا بردوویانن. داستان و جەژنەکانیان پەیوەندییەکی تەواویان بەسەوزایی و لەوەڕەوە هەبووە. لەهەڵبەستێکیاندا سەبارەت بەئاژەڵداری و چاندنی زەوییەوە هاتووە و دەڵێت:

**کاتێک (ئانکی)ی باوک دەردەکەوێت**
**ئەو زەویەی کە تۆو دەکرێت زیاتر بەرهەم دەهێنێت**
**دانەوێڵەیەکی زۆریش دەڕوێن**
**کاتێک (نودیمود) لەمەڕ نزیک دەبێتەوە**
**ئەوسایش بەباشی دەزێن**
**کاتێک لەبزنەکەم نزیک دەبێتەوە**
**ئەوسایش بەباشی دەزێت.**
**کاتێکیش ڕوو دەکەیتە کێڵگە**
**دەتوانیت دانەوێڵە وەکو گرد کەڵەکە بکەیت(٣).**

داستانی سۆمەرییەکان و خواوەندەکانیان وەکو (دموزی – تەموز) و (ئینانا –عیشتار) پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەپیشەی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە هەیە. بەتایبەتی مردنی خواوەند دموزی لەوەرزی هاویندا و لەمانگی تەموزدا، لەپاشانیشدا زیندوو بوونەوە و سەرهەڵدانی لەوەرزی بەهاردا و هاوسەرگیریی لەگەڵ عیشتاردا، مانای بووژاندنەوەی زەوی و زار و زاوزێی ئاژەڵان دەگەیەنێت. بۆیە سۆمەرییەکان وەها ڕاهاتبوون لەسەرەتای مانگی نیساندا بیکەن بەجەژن و ئاهەنگ

گێڕان. بێ گومان و بێ سێ و دوو هەردوو جەژنی نەورۆز و جەژنی چوارشەمە سوورەی کوردەواری، لەبنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان، هەر لەو سەردەمانەیشەوە سەرچاوە دەگرن و بۆمان ماونەتەوە. بەڵام لکاندنی جەژنی نەورۆز بەداستانی کاوە و زوحاکەوە، ئەوا ئەمەیان بیرۆکەیەکی تازە و نوێیە. لەڕاستیدا بنەڕەتی هەردوو جەژنی نەورۆز و چوارشەممە سوورە لەداستانی کاوە و زوحاک گەلێک کۆنترە، بگرە هەر لەسەردەمانی سۆمەرییەکانەوە سەرچاوە دەگرن و تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان بۆمان ماونەتەوە. سۆمەرییەکان لەسەری ساڵی نوێدا و لەسەرەتای مانگی نیساندا، وەها ڕاهاتبوون کە ئاهەنگ بگێڕن و بیکەن بەجەژنی (زاگموک –zagmug) یادی هۆکارەکانی بەروبووم لەسروشتدا دەکرایەوە، بەهەموو بەشەکانیەوە جاگەر پەیوەندیی بەمرۆوە هەبووایە یاخود پەیوەندیی بەسەوزایی و گژوگیا و لەوەڕ و ئاژەڵدارییەوە هەبوایە. دیاردەی بەروبووم و پیت و بەرەکەت لەداستانی ئینانا (عیشتار) و دموزی (تەموز)دا بەرجەستە دەبوو. هاوسەرگیریی ئەو دوو خواوەندە لەوەرزی بەهاردا نمایش دەکرا. پاشای وڵات یاخود یەکە پیاوی ئاینی دەوری دموزی دەگێڕا، ژنە ڕەبەنی ئاینی گەورەیش دەوری ئینانای (عیشتار) دەگێڕا بەو سرووتەیش دەوترا هاوسەرگێریی پیرۆز (hieros gamos). پاشایەکی سۆمەریش هەبووە بەناوی (دموزی) یەوە. وەها لێکدەدرێتەوە کە ئاهەنگی هاوسەرگیریی پیرۆز لەساڵی (٢٧٠٠ پ.ز)دا لەسەردەمی ئەو پاشایەدا بەڕوونی دەقی گرتبێت.(٤)

تەموز لەسەرەتای بەهاردا سەری هەڵدەدا و پەیدا دەبووەوە و بۆماوەی شەش مانگ لەسەر ڕووی زەویدا دەمایەوە. لەوەرزی هاویندا دەچوو بەناخی زەویدا و ژیانی تاریکی مردووان بۆلای خۆیی دەبرد. ئیتر بەنەمانی خواوەند





تەموز سەوزایی نەدەما، زەوی و زار بۆماوەی شەش مانگ زەرد هەڵدەگەڕا و بەم بۆنەیەشەوە عێراقییەکان بەکۆمەڵ شینیان دەگێڕاو بۆ لەنێو چوونی تەموز دەگریان. هەردەم بەشی عێراقییەکان شین و گریان بووە و دووربوونە لەشادی و بەختەوەریی ژیان. بۆیە گریانی شیعەکان و سنگ کوتانیان بۆ شەهید بوونی حوسێن دیاردەیەکی تازە و نوێ نییە. کاتێک کە شاری نەیپور خاپوور دەکرێت، عێراقییەکان وەهای بۆ چوونە گوایە (ئینلیل)ی خواوەند دەستی هەبووە لەو وێرانکارییەدا. لەدەقێکی کۆندا شین و گریانی عێراقییەکان تۆمارکراوە کە دەڵێت:

**ئینلیل فەرمانی بەسەر زریاندا دەرکرد**
**میللەتیش دەگرین**
**باوبۆران هەڵیکرد و**
**میللەتیش دەگرین**
**باوگژ بەسەر سۆمەردا هەڵیکرد**
**میللەتیش دەگرین**
**ڕەشەبا و وەیشوومە هەڵیکرد**
**میللەتیش هەر دەگرین**(٥)

ئاهەنگ گێڕانی سۆمەرییەکان لەسەرەتای مانگی نیساندا بەردەوام بوو. پاشتریش بابلیەکان وەکو چاولێکەرییەک درێژەیان بەو ئاهەنگ و خۆشیانەداو لەجەژنی (ئەکیتۆ)ی بابلیدا خۆی دەنوواند. بابلیەکان لەیەکی مانگی نیسانی سەری ساڵدا جەژنی ئەکیتۆیان بۆ ماوەی یازدە ڕۆژ دەگێڕا. وەهای بۆ دەچوون گوایە گەورە خواوەندیان (مردۆخ) لەبەندکراوی لەدنیای خوارەوەی تاریکی ڕزگاری دەبێت. لەڕۆژی چوارەمدا گەورە پیاوی ئاینی هەڵبەستی (ئینۆما ئیلیش – لەبەرزایی ئاسماندا)ی بۆ جەماوەر دەخوێندەوە کە بریتیە لەسەرکەوتنی خواوەند مردۆخ بەسەر (تیامات) ی شەڕانگیزدا. لەو هەڵبەستەیشدا هاتووە کە چۆن مردۆخ گەردوون و مرۆڤ دروست دەکات، زەوی و ئاسمانیش

هەواڵنامەی کتێب

## دیجلە و فورات



لەداستانی لاس و خەزالدا هاتووە کە لاسی ئەویندار دەتوانێت گوڵی عاجباتیی سەرسوڕهێنەر بەدەست بهێنێت بۆ خەزاڵ، بەڵام بەڕێیەکەیەوە جەستەی بەتیری دوژمن دەپێکرێت. لەهەڵبەستی (گوڵی خوێناوی)ی گۆرانی شاعیردا، دەبینین لاوەکە دڵی خوێناوی خۆی لەبری گوڵی سوور پێشکەش بەدەزگیرانەکەی دەکات، ئەویش پاش ئەوەی جەستەی بەگوللەی دوژمن دەپێکرێت.

لەیەک جیادەکاتەوە و لەنگەر بەبوون و ژیان دەبەستێت. لەڕۆژی پێنجەمدا گەورە پیاوی ئاینی (مشماشو) بەئاوی پیرۆز پەرستگا دەشوات و دەنگی تەپڵ بەرز دەبێتەوە و دوعا و نزایش دەست پێدەکات و بخووریش دەسووتێت. پاشتریش بەرخ سەردەبڕن و خوێنەکەی دەسوون بەدیواری پەرستگادا، گوایە ئەم کردەویەیش هەموو گوناهەکانی ساڵ دەسڕێتەوە. لەدەقێکی کۆنیشدا هاتووە کە بابلیەکان بەو بۆنەیەوە کەوتوونەتە شین و دەنگی گریانیان بەرز بۆتەوە. بەشێوەیەکی سەر سوڕهێنەر دانیشتوانی شاری بابل تووشی هیستیریا دەبوون، بەکۆمەڵ دەڕژانە نێو کۆڵان و ڕێگاوبانەکان. بەو شێوەیەیش جەژن و ئاهەنگی ئەکیتۆ دوو لایەنی جیاوازی خۆشی و ناخۆشیی لەخۆدەگرت(٦).

لەبیرمە لەسەردەمی منداڵیمدا لەشاری کەرکوک یادی ڕۆژی چوارشەمە سوورە بەرز ڕادەگیرا. وەها ڕاهاتبووین لەڕۆژانی چوارشەمەی مانگی نیساندا بچینە نێو گژوگیای گۆڕستانی شێخ محێدینی کەرکوک یاخود ڕۆخی خاسە، بەنان و هێلکە خواردن نیوەڕۆژەمان دەکرد. بەڵام بۆ ساڵانێکی زۆر دەچێت ئاهەنگ گێڕانی چوارشەمە سوورە لەکەرکوک و ناوچەکەدا بەیەکجارەکی لەبیرچۆتەوە و نەماوە. لەهەندێک ناوچەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا چوارشەمە سوورە، وەکو جەژنێکی ڕەسەنی میللی بەرز ڕادەگیرێت. ئێوارەی سێ شەممە لەچەندین شوێن ئاگر هەڵدەکرێ و خەڵکی بەدەوروبەریدا کۆدەبنەوە و بەسەریدا باز دەدەن. هەمووان بەگۆرانی وتنەوە دەڵێن:

**سووری تۆ بۆ من**
**زەردی من بۆ تۆ**
**چار شەممە کوڵە**
**گرۆتینی دڵە**
**پاکی و جوانیت بۆ من**
**دەرد و بەڵای من بۆ تۆ(٧).**

لەشەوی سێ شەمە لەسەر چوارشەمە ماڵەکان شەوچەرەی پێویست ئامادە دەکەن. مێوژ و گوێز و هەنجیرە وشکە و بادەم و چەورکە دەخۆن. منداڵانیش بۆ کۆکردنەوەی شیرینیی جەژنانەی چوار شەمە سوورە بەماڵاندا دەگەڕێن. بەدەنگێکی بەرز هاوار دەکەن :

**سەری چاڵێ بنی چاڵێ**
**یاخوا نەمرێ گەورەی ماڵێ**
یاخود دەڵێن :
**هەلاو مەلاوە**
**سەدو سێ سوار ڕاوەستاوە**
**کچتان ببێ بەبووک**
**کوڕتان ببێ بە زاوا**
**یاخود هاوار دەکەن و دەڵێن :**
**هەتەرێ مەتەرێ**
**شتێک باوێنە**
**پشت چەپەرێ(٨).**

وەکو هەماهەنگیەک کابانی ماڵانیش ناچار دەبن شتێک پێشکەش بەمنداڵەکان بکەن و دڵیان خۆشبکەن.



ئێزیدی ئاینێکی ڕەسەنی کوردییە و مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەی هەیە. وشەی ئێزیدی لەزمانی سۆمەریدا لەسێ بڕگە پێکدێت (A– ZI– DA) کە بەمانای گیانی خێرخوازی دێت(٩)، گەشتیاری ڕۆژئاوایی (فلیچەر) لەبارەی ئێزیدییەکانەوە دەڵێت ئەو تایفەیە خۆیان پێیان باشترە بە(داسنی) ناوببرێن زیاتر لەهەر ناوێکی تر. گەشتیارێکی تریش کە (بادجەر)ە هەمان بۆچوون پشتڕاست دەکاتەوە(١٠) وشەی داسنی لەدوو بەش پێکدێت کە بریتیە لە(دێو – یەسنا) بەمانای دێو پەرستی. ئەم ئاینەیش لەپێش سەرهەڵدانی زەردەشتدا هەبووە. گەرچی زەردەشت دێو پەرستی قەدەخە کرد، بەڵام بنەبڕ نەکراو ئەوەتا تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان هەر لەئارادایە، قاڵبێکی تری وەرگرتووە و مەلەک تاوس جێی دێوی گرتۆتەوە. هەردوو کەڵچەری تایەفەی ئێزیدی و کاکەیی بەشێکی گرنگ و کاریگەر لەمێژووی ئێمەی کوردا پێکدەهێنن. گەر ئەو دوو تایەفەیە لەئارادا نەبوونایە، ئەوا کەلەبەرێکی گەورە و گران لەکەڵچەر و مێژووماندا پەیدا دەبوو. جەژنی چوارشەمە سوورە لەئاینی ئێزیدیدا دەکەوێتە سەری ساڵ و لەیەکەم ڕۆژی نیسانی ڕۆژهەڵاتی و چواردەی مانگی نیسانی ڕۆژئاوایی. گەر یەکەم ڕۆژی نیسانی ڕۆژهەڵاتی (یۆلیانی) بکەوێتە ڕۆژی پێنج شەممەوە، ئەوا جەژنەکە بۆ ماوەی هەفتەیەک دووا دەخرێت بۆ ڕۆژی چوار شەمەی دوواتر. چوار شەمە سوورە بەجەژنی سەری ساڵ و جەژنی مەلەک تاوسیش ناودێر دەکرێت. هەموو خەڵکیش بەو بۆنەیەوە خۆیان تەڕپۆش دەکەن، منداڵان و ئافرەتانیش جل و بەرگی ئاڵ و واڵا لەبەردەکەن. بەو بۆنەیەوە تێکڕا دەڵێن :

**نیسان بخۆ بووکا هەیڤایێ**

**مەلەک زین دەڤێ مە دەئێتە خوارێ**

**دەنک دکەت لبەهارێ**

**ئەلێرە بگرە هەتا دچیایێ شنگارێ**(١١).

جەژنی سەری ساڵی ئێزیدییان لەسەرەتای نیساندا بەجەژنی مەلەک تاوس ناودێر دەکرێت. ئەم ناوەیش لەناوی خواوەند (دموزی)ی سۆمەرییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەسەرەتای ساڵدا و لەسەرەتای مانگی نیساندا ئاهەنگیان بۆ دەگێڕا. لەلای بابلیەکان پاشتر ناوی دمووزی بوو بەخواوەند تەمووز. لەلای سوبییە مەندائیەکانیش بووە بە (تاوز). لەلای ئێزیدییەکان ناوەکە بە(مەلەک تاووس) دەق دەگرێت. لەزمانی لاتینیشدا بووە بەدیوس (deius) کە بەمانای خوا دێت. ناوی ئەم خواوەندە دەگاتە وڵاتی یۆنانی کۆن و دەبێت بە(زیوس) کە گەورە خواوەندی گریکەکان بوو. کابانی ئێزیدییەکان لەڕۆژی سێ شەمەی پێش چوار شەمە سوورە، دەست دەکەن بە هێلکە کوڵاندن و ڕەنگاو ڕەنگ کردنیان بەبۆیە نانی چەوریش دەکەن بەماڵاندا بەناوی مردووەکانیانەوە دەیانبەخشێننەوە. لەگوند و لادێکانیشدا سەر لەبەیانی خەڵکی ڕوودەکەنە دەشت و دەر. ئاونگی ڕووەک و گژوگیاکان بەدەم و چاوی

خۆیاندا دەسوون. مەڕ و بزنیان دەدۆشن و هەندێکی وەکو تەبەڕوک هەڵدگرن. مەڕ و بزن و کاروبەخیشیان تێکەڵ بەیەکتری دەکەن. لەبیریشیان ناچێت کە پێش خۆرکەوتن لەڕۆژی چوارشەممەدا لالەزار و گولیلکە سوورەی نیسانی دەشت و دەر بچنن. بەهەندێک قوڕولیتاو توێکڵی ڕەنگاو ڕەنگی هێلکە و گولیلکە سوورەی نیسان دەلکێنن بەبانی دەرگایماڵەکانیانەوە.(١٢)

گەلێک لەداب و نەریتی سۆمەری و هیند و ئەوروپاییە ئاری نەژادەکان پاشتر دەچێتە نێو ئاینی مەسیحیەوە. ڕۆژی بیست و پێنجی مانگی دوازدەی کانونی یەکەم، ڕۆژی لە دایک بوونی (میترا) یاخود خواوەند (میهر)ی ئارياییە. هەر لەو ڕۆژە بەدواوە کات و وەختی ڕۆژگار لەسەر حیسابی شەوگار دەست بەدرێژ بوونەوە دەکات. ئەو ڕۆژەیش (٢٥ کانوونی یەکەم) بەڕۆژی لەدایک بوونی خواوەند میهر دادەنرێت. ئەم بەرواره چۆتە نێو ئاینی مەسیحیەوە، ئێستا مەسیحیەکان ئەو ڕۆژە بەڕێکەوتی لەدایک بوونی سەروەری مەسیح دادەنێن. خواوەند دموزی یاخود تەموز پاش مردنی لەسەرەتای مانگی نیساندا زیندوو دەبێتەوە، بەهەمان شێواز و دەستوور ڕێکەوتی ڕۆژی (٢٥)ی مانگی ئازار جەژنی لێبووردەییە (عيد الفصح) بەهەڵسانەوەی سەروەری مەسیح لەنێو مردووان دادەنرێت(١٣).

شێوازی خاچی چەماوەیش (سواستیکا) لەلای ئارياییە کۆنەکان هەردەم لەئارادابووە. هەر هەمان نەخش مانای پیت و بەرەکەتی لەزمانی سۆمەریدا دەبەخشێت. گولیلکە سوورەی نیسان لەلای ئێزیدییەکان ماناو واتایەکی بەرفراوان و گرنگ دەبەخشێت. ئەم گولیلکەیە دوو لایەنی جیاواز دەگرێتە خۆی. ڕەنگە سوورەکەی مانای خوێن و مردن دەبەخشێت. نەش و نمایشی مانای بوژاندنەوە





و سەرهەڵدان دەگەیەنێت. لەجەژنەکانی (ئەدۆنیس) دا لەئاسیای بچوکی ڕۆژئاوا و وڵاتی گریکدا، خەڵکی بەبۆنەی مردنی ئەو خواوەندەوە شین و گریانیان بەکۆمەڵ بۆدەگێڕا. پاشتریش کۆتەڵێکیان بۆ دروست دەکرد و فڕێیان دەدایە نێو ئاوی دەریا و ڕووبارەوە. جەژنی ڤینیقیش لەوەرزی بەهاردا دەگێڕدرا، چونکی لەو وەرزەدا گوایە بەرازێکی کێوی لەسەر چیاکانی لوبنان ئەدۆنیس دەکوژێت. وەهایشی بۆدەچوون کە ئاوی لێخنی سووربواوی جۆگەلە و ڕووبارەکان لەوەرزی بەهاردا خوێنی سووری ئەدۆنیسە. لەدرێژەی داستانەکەیشدا دەڵێت کە لەخوێنی خواوەند ئەدۆنیس گولیلکە سوورەی نیسان لەدەشت و دەر دەڕوێن. یەکێک لەجەژنە بەناوبانگەکانی ئەدۆنیس لەمانگی نیساندا دەگێڕدرا.(١٤)

لەزۆر جێگای ئێراندا شەو و ڕۆژی چوارشەممە سوورە بەشووم و نەگریس دەزانن. لەو ڕۆژەدا سەفەر ناکەن و دەترسن. دیارە ئەو جێگایانە لەپێشدا زەردەشتی بوونە. ئەڵماس خانی کەنوولەیی شاعیری کوردی سەدەی دوازدەی کۆچی، لەبەرهەمی شیرین و فەرهادەکەیدا بەشووم و نەگبەتی سێزدە بەدەر و چوارشەممە سوورە ناودەبات. شێرۆی کوڕی خەسرەوی پەروێزی ساسانی کە ئەویندای شیرینی باوەژنی خۆی دەبێت، وەکو لەداستانەکەدا هاتووە باوکی خۆی دەکوژێت. ئەڵماس خانی شاعیر لەکاتی نوتفە بەستنی شێرۆدا لەژیان دەڵێ:

**ماه سەفەر بی جلووس ئەنجوم**
**چوار شەمە سووری سەفەر سێزدەهوم**
**نەودەم نەتالیع شووم شۆر شەڕ**
**ستارەی مەریخ شانا باڵ و پەڕ**

واتە لەمانگی سەفەر ڕۆژی چوارشەممە سورێ سێزدەی سەفەر کە ئەستێرەی مەریخ (دیاردەی شەڕە) دەرکەوت و نوتفەی شێرۆ بەسترا(١٥).

زۆرجار لەداستان و حیکایەتەکاندا گوڵی سوور هێمای خوێن و مردنە. لەداستانی لاس و خەزالدا هاتووە کە لاسی ئەویندار دەتوانێت گوڵی عاجباتیی سەرسوڕهێنەر بەدەست بهێنێت بۆ خەزاڵ، بەڵام بەڕێیەکەیەوە جەستەی بەتیری دوژمن دەپێکرێت. لەهەڵبەستی (گوڵی خوێناوی)ی گۆرانی شاعیردا، دەبینین لاوەکە دڵی خوێناوی خۆی لەبری گوڵی سوور پێشکەش بەدەزگیرانەکەی دەکات، ئەویش پاش ئەوەی جەستەی بەگوللەی دوژمن دەپێکرێت. هەمان دیاردە لەچیرۆکی (بولبول و گوڵ – the flower and nightingale) نووسەری ئیرلەندایی (ئۆسکار وایلد) دا ڕوودەدات. لەچیرۆکی ناوبراودا گوڵێکی سوور بەخوێنی دڵی بولبولێک دەڕوێت. زۆر جار داستان و حیکایەتە میللییەکانی جیهان لەچەند ڕوویەکەوە هاوشێوەن. بۆنموونە ئەدۆنیس لەسەر چیای لوبناندا بەرازێکی کێوی دەیکوژێت. لەحیکایەتی خەج و سیامەندی کوردیشدا هەمان بەسەرهات بەدەی دەکرێت، سیامەند دەکەوێتە بەر قۆچی

تیژی کەڵە کێویەک و لەسەر لوتکەی چیایەکی بەرزی کوردستانەوە بەردەبێتە خوارەوەو گیانی لەدەست دەدات. لالەزار و گولیلکە سوورەی مانگی نیسان مایەی بوژانەوە و سەرهەڵدانی ژیانە. لەهەمان کاتدا ڕەنگە سوورەکەی ڕەمز و هێمایە بۆ خوێن و مردن. ئەوەتا شاعیری فارسی ناسراو لەم ڕووەوە دەڵێت:

ئەو دەشتە کەوا هەر لالەزارە
گوڵاڵەی خوێنی چەند شەهرەیارە

بەهەمان دەستوور شاعیری ناسراوی خۆمان ئەحمەد موختار جاف دەڵێت:

بەسەر خاکا ئەگەر نازیش بکەن کوردینە حەقتانە
تەماشای سێبەری ئەو شاخ و کێوە وا لەسەرتانە
بەبێ قەدری بەسەریا رامەبوورن حورمەتی بگرن
گوڵاڵە سوورەی ئەم سەحرایە خوێنی جگەرتانە

پەراوێزەکان:

١- شاكر شاهين. العقل في المجتمع العراقي. دار التنوير. بيروت (٢٠١٠) ص (٥٢٧).
٢- الدكتور انطوان مورتكات. تأريخ الشرق الأدنى القديم. ترجمە: الدكتور توفيق سليمان. علي أبو عساف. قاسم طوير. دمشق (١٩٦٧) ص (٢٣).
٣- صموئيل نوح كريمر. السومريون. تأريخهم وحضارتهم. ترجمة: الدكتور فيصل الوائلي. مكتبة الحضارة. بيروت ص (٢٣٧).
٤- الدكتور فاضل عبد الواحد. عشتار ومأساة تموز. وزارة الاعلام العراقية (١٩٧٣) ص (١٣٥- ١٣٦).
٥- شاكر شاهين. العقل في المجتمع العراقي...... ص (٤٧١).
٦- جورج رو. العراق القديم. ترجمة: حسين علوان حسين. وزارة الثقافة والاعلام العراقية (١٩٨٤) ص (٥٣٢).
٧- شيلان گەيلانی. چوارشەمە سورێ. ڕۆژنامەی هەولێر. ژمارە (٤٩٣) (١٨ / ٣/ ٢٠٠٩).
٨- مەحموود عومەر باوزی. ڕێوڕەسمی چوارشەمە سوور. گۆڤاری (مێرگ) هەولێر. (٧٠) (٢٠١١).
٩- أرشد حمد محو. الأيزيديون في كتب الرحالة البريطانيين. مؤسسة موكرياني. دهوك (٢٠١٢) ص (٩٩).
١٠- سەرچاوەی پێشوو... لاپەڕە (٩٦).
١١- كريم سليمان. سرسال عيد رأس السنة الايزدية. مجلة الصوت الاخر. أربيل العدد (٢٣٦) (١- نيسان ٢٠٠٩).
١٢- تحقيق سالى جودت. الاربعاء الاحمر عيد التكوين والخليقة والولادة. مجلة الصوت الاخر. أربيل. العدد (٣٨٣) (١٨ نيسان ٢٠١٢).
١٣- فراس السواح - مغامره العقل الاولى. الطبعة الثالثة عشرة. دار علاء الدين. دمشق (٢٠٠٢) ص (٣٧٢).
١٤- جيمس فريزر. أدونيس أو تموز. ترجمة: جبرا أبراهيم جبرا. المؤسسة العربية للدراسات والنشر بيروت (١٩٧٩) ص (١٥٣).
١٥- محەمەد حیجازی. شوناسی ئۆلی و فەلسەفەی نەتەوەی کورد. وەزارەتی ڕۆشنبیری و ولاوان. سلێمانی (٢٠١٢) لاپەڕە (٣٠٥).

# ڕەوتی مێژووگەراییانەی عەقڵی جوولەکە



نزار محەمەد سابیر

هەواڵنامەی کتێب




پەیمانی کۆن کە تەورات بەشە بنەڕەتی و سەرەکییەکەیەتی، کتێبی پیرۆزی ئاینی جوولەکەیە. لەگۆشەنیگای ڕەوتی مێژوویی مەعریفەی مرۆڤەوە خوڕافاتە، لە گۆشەنیگای زانستی مێژوو و بەپێی ئەو بەڵگە مێژووییانەی بەردەست کەوتوون، بابەتەکانی و ناوەڕۆکی باسەکانی نەسەلمێنراون... و هتد، با ئێمە واز لەم وتانە بێنین، ئایا دەزانن پەیمانی کۆن توندترین ڕەخنەیە لەعەقڵی جوولەکە؟

چ عەقڵێک لەمێژوودا توانیویەتی دزە بکاتە ناو بونیادی هەندەسیی عەقڵەکانی ترەوە؟ چ عەقڵێک لەمێژوودا توانیویەتی هاوڕێیەتی لەگەڵ سیستەمە مەعریفییەکانی دیکەدا بکات و بەزمانی ئەو عەقڵە جیاوازانە بدوێت و سازشیان لەگەڵدا بکات؟ چ عەقڵێک دەتوانێت پاش سەدان ساڵ لەپەرتەوازەیی و زیاسپۆرا بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە و بەخۆیدا بێتەوە و واز لەسەرسەختی و کەلەپووتی و بەرتەسکیی بێنێت؟ چ عەقڵێک لەمێژوودا دەتوانێت لەپەرتەوازەییدا زمانی خۆی، ئاینی خۆی، ئەفسانەی ئافراندنی خۆی، بپارێزێت و ئەوجا هەر لەژیانی پەرتەوازەییدا ئابووریزانێکی بەهێز و لێهاتوو، بازرگانێکی بەتوانا، مەعریفە خوازێکی قووڵی وابێت کە خۆی بەسەر عەقڵەکانی تردا فەرز بکات؟

چ عەقڵێک دەتوانێت لە ئاینی خۆی، لەشارستانییەتی خۆی، لەکەلەپووری مەعریفیی خۆی... و هتد، وازبهێنێت و گەردوون و جیهان بۆ خۆی و بەیەکسانی بۆ هەموان دیاری بکات؟ ئایا ئێستا لەگەڵمدا هاوڕان، کە ئەو عەقڵە عەقڵی جوولەکەیە؟ دەتوانین سوود لەعەقڵی گەردوون گەرای جوولەکە وەربگرین، ئەویش نەک ڕەهەندە پاسیڤەکەی کە گوزارشتە لەوەی جوولەکە میللەتی هەڵبژێردراوی خودان

جوولەکە



ئێمە عەقڵ لەسێ ڕەهەندی مەکانیدا جێدەکەینەوە، درێژیی، پانیی، قووڵایی. عەقڵ ڕەهەندی درێژیی هەیە، واتا درێژ بوونەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. ڕەهەندی پانیی هەیە، ڕووبەر و فەزای چەند نەتەوە و گەل و کۆمەڵگە دەگرێتەوە، ڕەهەندی قووڵایی هەیە، بەوەی هەتا چەندێك عەقڵێك لەعەقڵەکان ڕۆچۆتە ناخی شتەکانەوە



و دەبێت دیکتاتۆرییەتی خۆیان بەسەر جیهاندا بسەپێنن، بەڵکو ڕەهەندە پۆزەتیڤەکەی کە خۆی لەسپینۆزا و مارکس و هۆسرەل و فرانکفۆرتییەکان و جاک دریدا و نوام چۆمسکی و ...هتددا دەبینێتەوە، ئەوەش تەنها عەقڵێکە لەمێژوودا کە توانیبێتی دزە بکاتە ناو بونیادی هەندەسی زمانەکانی تر و عەقڵەکانی دیکەوە. عەقڵی جوولەکە توانیویەتی بەو زمانەی کە هی خۆی نییە و پێی نووسیوەتەوە خۆی بسەپێنێت.

ئێمە عەقڵ لەسێ ڕەهەندی مەکانیدا جێدەکەینەوە، درێـژیـی، پانیی، قـووڵایـی. عەقڵ ڕەهـەنـدی درێژیی هەیە، واتا درێژ بوونەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. ڕەهەندی پانیی هەیە، ڕووبەر و فەزای چەند نەتەوە و گەل و کۆمەڵگە دەگرێتەوە، ڕەهەندی قووڵایی هەیە، بەوەی هەتا چەندێک عەقڵێک لەعەقڵەکان ڕۆچۆتە ناخی شتەکانەوە، هەر بەخۆی بیرکردنەوە لەعەقڵدا نەک بیرکردنەوە بەعەقڵ ڕەهەندی قووڵاییە. گەر بڕوامان بەتیۆری نیسبیی ئەنیشتاین بێت، ڕەهەندی چوارەمیشی کە زەمەنە بۆ دیاری دەکەین، بەڵام ئەپیستیمییانە، نەک فیزیاییانە، لەزەمەن دەڕوانین. واتا هەر زەمەنێکی نیسبی لەزەمەنەکان، سەردەمەکان، چاخەکان، هەتا چەندێک درێژیی هەیە. باسی زەمەن بەشێوەیەکی ئەپیستیمییانە دەکەین، زەمەن بۆچوون و جۆری وێناکردن و عەقڵییەت و پرۆسەی بەرەوپێشچوونی عەقڵانییەتی ئەو زەمەنە، چاخە، سەردەمە، دەگرێتەوە. درێژەی زەمەنیی درێژەی ئەو عەقڵەیە کە هەتا چ مەودایەکی زەمەنیی بەجێگیری و بەنەگۆڕی دەمێنێتەوە. ئەگەر ئەو عەقڵە لەو مەودا زەمەنییە نەگۆڕبێت، بەپێی تیۆری ئەنیشتاین ئەو زەمەنە ڕادەوەستێت یان هێدی دەبێتەوە. باشترین نموونەیش ئاینە ئاسمانییە ئیبراهیمییەکانە (جوولەکە، خرستیان، ئیسلام) کە بتوانین ڕەهەندەکانی زەمەکانیان بەسەردا تەوزیف بکەین. ئەگەر زیاتر تایبەتی تری بکەین و ئاینی جوولەکەی پچڕپچڕی لێدەرێنین، ئاینی ئیسلام و خرستیان زانستییانە تر مەسەلەکەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

**با ئاینی ئیسلام بە نموونە بێنینەوە:**

لەمەودایەکی مەکانیی بیابانی دوورگـەی عەرەبدا سەری هەڵداوە، درێـژەی زەمەنیی مـاوەی ١٤٠٠ ساڵی هەیە، درێژەی مەکانیشی بەهەرسێ ڕەهەندەکەوە هەیە، درێژیی، لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، پانیی، ڕووبەری چەند نەتەوە و کۆمەڵگە و گەلی هەر لەمەغریبەوە هەتا وڵاتی ئیندۆنیسیای گرتۆتەوە، بەردەوامیش وەک ڕەهەندی قووڵایی بە بەرخوردی لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانی و بزووتنەوەی ئیزۆتەریکیی مانەوی و میترایی ئێراندا بیرکردنەوەی لەعەقڵدا هەبووە.

ئێمە زمـان و عەقڵ لەیەک جیاناکەینەوە، لەگەڵ ڕۆحی نەتەوەدا بەیەکی دادەنێین، با پێشمان بڵێن ئەمە بۆچوونێکی هیگڵییانەیە، ئێمە ڕەوتـی عەقڵ لەچوار ڕەهەندی زەمەکان بەجیا تەماشا ناکەین، چونکە بێ

زمـان، بێ عەقڵ، چەمکی زەمەکان (زەمـەن و مەکان)، هیچ مانایەکی نامێنێت، با پێشمان بڵێن ئەمە خودی فەلسەفەکەی بارکلییە. نەتەوە گەر لەزیاسپۆراشدا بژێت و پچڕپچڕ بەسەر پانتایی و ڕووبەری جیهاندا بڵاوبووبێتەوە، گەر خاوەنی عەقڵی کارا بێت بەهەمان ئەو عەقڵە کارایە وردە مەکان و وردە زەمەنەکانی خۆی کۆدەکاتەوە، بەهیواوە چاوەڕێی پاشەڕۆژ دەکات. ئایا ئەمەی باسی دەکەین عەقڵی جوولەکە نییە؟ ئـەم نەتەوە یـان ئەم گرووپە ئاینییە، گەر عەقڵەکەی کارا نەبا، پێی دەکرا هەر گرووپە و لەناوچەیەکی جوگرافیایی جیاوازدا سەرەڕای سووکایەتی پێکردن و چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری لەهەموو لایەنێکەوە پارێزگاری لەزمان و کتێبە پیرۆزە ئاینییەکانی و لەخودی عەقڵی خۆی بکات و بەمەرجێک عەقڵەکەیشی بیرکردنەوە لەعەقڵ بێت؟

گەر مێژووگەراییانە بفکرین ڕەوتی مێژوویی جوولەکە ئەوپەڕی مێژووگەراییانەیە، گەر مێژووییانەش تەوزیفی بکەین، دەبینین جوولەکە لەهەر چاخ و بـارودۆخ و سەردەمێکدا لەگەڵ پێداویستییە سیاسی و مەعنەوی و مەعریفی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو ژینگەیە و بارودۆخەدا خۆی گونجاندووە، ئایا جوولەکە خاوەنی هێزی سیحرین؟ هەرچەندە بڕوامان بەپەرجوو و هێزی سیحریش نییە. بـەردەوام لەژینگە و جوگرافیایەکی سەختیشدا نەبوون هەتا بڵێین نشینگەی سەختی شاخاوییان هەبێت وەکو کورد، بۆیە ماونەتەوە. هەرچەند ئێمە بۆ مانەوەی کورد بۆچوونی ترمان هەیە و لەشوێنی خۆیدا دەیخەینە ڕوو، مێژووش شاهیدە کە زۆر میللەتی شاخاوی هەبوون کە ئێستا ناویان لەناواندا نەماوە، ئەگەر کورد بەپلەی دووەم دابنێین لەڕووی مەزلوومییەتەوە، جوولەکە یەکەم مەزلوومترین میللەتن لەمێژوودا. هیچ میللەتێک وەک جوولەکە لەمێژوودا پەرش و بڵاونەبۆتەوە، هەر لەئیسپانیاوە بگرە بەپانتایی و درێژیی ئەوروپا، هەتا ڕوسیا و ئۆکرانیا، لەهەموو جیهانی ئیسلامیشدا حوزووریان هەبووە، پاش دۆزینەوەی ئوستراليا و هەردوو کیشوەری باکوور و باشووری ئەمەریکا، بۆ ئەو خاکە نوێیانەش کۆچیان کرد و ئێستایشی لەگەڵدا بێت کە خاوەنی وڵاتی ئیسڕائیلن. مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کە جوولەکەی زیاسپۆرای میزۆپۆتامیا، پاش سەبی بابلی لەسەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زاییندا دەستیان بەنووسینەوەی پەیمانی کۆن کردووە. لەپەیمانی کۆندا کۆی میتۆلۆژیای میزۆپۆتامیا و کەنعانییەکان (فینیقییەکان) و میتۆلۆژیای میسری کۆن، بەدەستکاری کراوی و ستایلی نوێ خراوەتە ڕوو، خراوەتە ژێر هەژموونی ئاینی تاک خودایی، پاش بەپووچ زانینی گشت خودا مرۆڤەکانی قۆناغی میتۆلۆژیا کە ئەمە لەخۆیدا دابڕانێکە، گواستنەوەیەکە، بۆ قۆناغی غەیبانییەتی ئاینیی مێتافیزیکایی. پەیمانی کۆن چەند سیفرێکی لێدەرچێت بەزمانی ئارامین، تێکڕای سیفر و بەشەکانی تری بەزمانی عیبری کۆن نووسراونەتەوە. لەسەدەی سێی پاش زایینەوە هەتا سەدەی شەشی پاش



زاییینیش، دوو جۆر تەلموودیان کە بەتەلموودی بابل و تەلموودی ئۆرشەلیم ناسراون، نووسییەوە. بەوتەی جوولەکە خۆیان، تەلموود وتەکانی موسان، بەڵام هەتا مێژووی ڕۆنووس کردنیان بەسەدان ساڵ سەرزارەکییانە ماونەتەوە. جوولەکە وەک هەر هۆزێکی تری گرووپە سامییەکان هۆزێکی عیبرانی بوون، گومان زۆر بۆئەوە دەچێت کە ئەمە تارادەیەک بڕوای بێرتراند ڕەسڵە کە ئەم هۆزە لەسەرەتادا هۆزێکی تەوتەمی بوون، یەهوە کە دوایی بوو بەئافرێنەری گەردوون، یەک لەتەوتەمەکانیان یان تەوتەمی سەرەکیی ئەم هۆزە سامییە بووە.

جوولەکە لەسەردەمی پەیمانی کۆندا هەتا سەردەمی تەلموود، بڕوایان بەچاکەکاری لەسەر زەویدا هەبوو بەڵام بڕوایان بەژیانی ئاخیرەت نەبووە. هەرچۆنێک بێت بەهۆکاری ئەو مەزلومییەت و نهامەتییانەی بۆ سەدان ساڵ دووچاری بوونەوە، لەدەقەکانی تەلموودا، هەروەکو دوو ئاینە ئاسمانییەکەی تر، ئیسلام و خرستیان، ژیانی ئەو دونیایان بۆ ئاینەکەیان ئیزافە کرد. ئاینی جوولەکە یەکەم ئاینی ئاسمانییە هەنگاو بەهەنگاو و پلە بەپلە گەشەی بەخۆیەوە بینیوە. وەک ئاینی ئیسلام و خرستیان نییە، لەیەکەمین دەقی پیرۆزیان وەک پەیمانی نوێ و قورئان یان وەک ئاینی زەردەشتی لەیەکەم دەقی پیرۆزیدا ئاڤێستا، هەموو شتێک لـەڕووی مەسائیلی عەقیدەییەوە لابەلا و یەکلا بکەنەوە. بۆ نموونە بەشێکی گرنگ لەپەیمانی کۆن کە بەسیفرگەلی مەکابییەکان ناسراوە و مەزهەبی پرۆتێستانت و ئەرتۆدۆکس، جگە لەجوولەکە و مەزهەبی کاسۆلیک نەبێت، دان بەم بەشە ناهێنن، لەژێر هەژموون و کاریگەریی فەلسەفەی ڕەواقیدا، کە لەو سەردەمەدا باو بووە نووسراونەتەوە. جوولەکە پاش پرۆسەی زیاسپۆڕا و

هەواڵنامەی کتێب

جوولەکە



لەئاینی فەرمیی جوولەکە کە بەشێکی سەرەکیی و سەرەتایی عەقڵی جوولەکەی لێپێکدێت، دەمانەوێت ئەوە بڵێین کە عەقڵی جوولەکە بێجگە لەوەی وەک عەقڵی فارس عیناد و سەرسەختە، لەهەمان کاتیشدا بە فرتوفێڵترین عەقڵەکانی مێژوو دەناسرێت. ئەمە هەروا بەبێ هۆ نەوتراوە، هەر چەندە لەڕووی دەمارگیریی ئاینی ئیسلام و خرستیانیشەوە بێت

چەوساندنەوەیان لەهەموو لایەکەوە بەتایبەتی لەجیهانی خرستیاندا، لەعیرفانیزمی کابالادا نقوم بووون و ژیانی دونیاییان وەلاوە نا. لەجیهانی ئیسلامیشدا بەوتەی بێرتراند ڕەسل ئارامی و ئاسایشیان هەتا ڕادەیەک بەخۆیانەوە بینیوە و لەبواری مەعریفیدا ڕۆڵی وەرگێڕیان لەزمانی عیبری و یۆنانییەوە بۆ زمانی عەرەبی بینیوە. بەرجەستەترین فەیلەسووفیان کە جوولەکەی ئەندەلوس بووە و بۆ میسر کۆچی کردووە، پزیشک و ڕاوێژکاری تایبەتی سەلاحەدینی ئەیووبی، موسای کوڕی مەیموونە. فەلسەفەی ئیبن مەیموون ڕێکەوتن و یەکگرتنی تەواوی ئاینی جوولەکەیە لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانیدا، پێدەچێت سپینۆزا کە ئەویش جوولەکە بوو، فەلسەفەی یەکێتیی بوونەکەی لەموسا بن مەیموونەوە وەرگرتبێت. جوولەکەکان لەهەردوو جیهانی خرستیان و ئیسلامدا زمانزانی باش و کارامە بوون، زمانی عیبری و عەرەبی و یۆنانی و لاتینیان زانیوە، بۆ هەردوو لاش وەرگێڕی بواری فەلسەفە و کیمیا و زانستی ئەستێرەناسی بوون (کوردیش هەمان ڕۆڵی وەرگێڕی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی لەنێوان ئەو سێ زلهێزە دراوسێیەدا، بینیوە). بێرتراند ڕەسل دەڵێت: ((کاتێک خرستیانەکان ئیسپانیایان بۆ ژێر ڕکێفی خۆیان گەڕاندەوە، ئەوە جوولەکەکان بوون هەتا ڕادەیەکی زۆر زانستە عەرەبییەکانیان بۆ نەقڵ کردن کە شارەزاییان لەزمانەکانی عیبری و عەرەبی و یۆنانی هەبوو. ئاگاداری فەلسەفەی ئەرستۆ بوون، ئەم زانستانەیان بۆ زانا مەدرەسییەکان گواستەوە کە لەجوولەکەکان کەمتر زانا بوون، هەروەها شتی کەمتر گرنگیشیان بۆ گواستنەوە وەک کیمیا و ئەستێرەناسی)).

پاش ئەم کورتە زانیارییە، لەئاینی فەرمیی جوولەکە کە بەشێکی سەرەکیی و سەرەتایی عەقڵی جوولەکەی لێپێکدێت، دەمانەوێت ئەوە بڵێین کە عەقڵی جوولەکە بێجگە لەوەی وەک عەقڵی فارس عیناد و سەرسەختە، لەهەمان کاتیشدا بە فرتوفێڵترین عەقڵەکانی مێژوو دەناسرێت. ئەمە هەروا بەبێ هۆ نەوتراوە، هەر چەندە لەڕووی دەمارگیریی ئاینی ئیسلام و خرستیانیشەوە بێت. ئەو وتانەی لەجیهاندا بووبوونە وێردی سەر زمان: جوولەکە ترسنۆکە، جوولەکە فێڵبازە، جوولەکە درۆزنە، شۆپەنهاوەر یەک لەوتەکانی لەبارەی جوولەکەوە دەڵێت: جوولەکە زۆر کارامەن لەهونەری درۆکردندا، هیگڵ خەسڵەتی جوولەکە بە خەسڵەتی بێ نیشتیمان و کۆیلە دادەنێت. جوولەکە وەک هۆزێکی بچووکی عیبرانی لەفەلەستین لەسەردەمی ئیبراهیمدا، خێڵێکی کۆچەری ڕەعەوی بوون و خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالات بوون، پاش نیشتەجێ بوونیان لەسەردەمی موسادا، بوون بەگوندنشین و خەریکی کاری کشتوکاڵی بوون، پاش ئاوارە بوونیشیان بۆ بابل، لەبابلییەکانەوە فێری کاری بازرگانی بوون. بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست، پیاوانی کڵێسا و دەرەبەگە لۆکاڵییەکان کە خاوەنی میرنشین و قەڵای سەخت



بوون، جوولەکە بۆی نەبوو خاوەنی بستێک زەوی بێت و لەشاریشدا بۆی نەبوو خاوەنی عەقار بێت، ئەمە وایلێکردن گرنگی بەپارەگۆڕینەوە و کاری بازرگانی بدەن و لەکاری بازرگانیدا کارامە بن. لەکوردستاندا جوولەکە هەروەک کوردی موسڵمانیش لەلایەن ئاغا و دەرەبەگەکانەوە چەوسێنراونەتەوە، جوولەکەکانی کوردستان ناچار بوون خۆیان بەبازرگانییەوە مژول بکەن و لەنێوان گوندەکان و شارەکاندا کاری دەستگێڕی و دێوەرەیی بکەن. کاتێک کە فایز و سوو خواردن لەمەزهەبی کاسۆلیکدا کە تەنها مەزهەبی زاڵی جیهانی خرستیانی سەدەکانی ناوەڕاست بوو تەحریم کرا، بەهەمان شێوە ئاینی ئیسلامیش بەدەقی ئایەتی قورئان تەحریمی کردبوو، لەئاینی جوولەکەدا بەدەقی تەورات و تەلموود ئەو تەحریم کردنە تەنها نێوانی خۆیانی دەگرتەوە و ڕێگە پێنەدراو بوو، ئەگەنا بۆ غەیرە ئاینی خۆیان نەک ڕێگە پێدراو بوو، تەنانەت هانیشی دەدان قەرز بەبێ سوو بەغەیرە ئاین نەدەن. ئەمە وای لەجوولەکە کرد، لەهەردوو جیهانی ئیسلام و خرستیاندا ببن بەگەورەترین توجاڕباشی. لەشارە بازرگانییەکانی ئیتاڵیادا لەسەدەی سیانزەهەمەوە کە لەسەر مێزێک (بانکۆ، واتا مێز بەئیتاڵی) کاری مامەڵە کردن و گۆڕینەوەی دراو دەکرا، جوولەکەکان ڕۆڵی سەرەکییان دەگێڕا، وردە وردە بەسووخواردنیان لەزۆر وڵاتی ئەوروپادا توانییان کۆنترۆڵی بازاڕ و باری ئابووری و سیاسیی بکەن و دەست لەچارەنووسی ئەو وڵاتانە وەردەن. مارکس لەکتێبی (لەبارەی مەسەلەی جوولەکە) وە لەزمانی (ب، باوەر)ەوە دەڵێت، چۆن جوولەکەکان لەشاری ڤییەنا کە ئەوسا لەژێر قەڵەمڕەوی بنەماڵەی هابسبۆرغ پایتەختی پاشانشینیی نەمسا بوو، بێجگە لەوڵاتی نەمسای ئێستا زۆربەی خاکی سڕبیای ئێستایشیان کۆنترۆڵ کردبوو،

هەواڵنامەی کتێب

بەهۆکاری دەسەڵاتی داراییان تەحەکومیان بەچارەنووسی شانشینەکەوە دەکرد. هەروەها ئەو جوولەکانەی نیشتەجێی بچووکترین وڵاتی ئەڵمانن (ئەڵمانیا لەسەردەمی مارکسدا هێشتا یەکگرتوو نەبوو و لەچەند وڵاتۆکەیەک پێکهاتبوو) بێ ئەوەی خاوەنی ماف بن، چۆن بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەورووپایش دەدەن.

لەسپینۆزاوە، بەشێک لەجوولەکەکان لەعەقڵی باوی جوولەکە کە خاوەنی زمانی عیبرییە و خۆی بەبژادەی پەروەردگار دەزانێت، جیابوونەوە و بەرەو گەردوونگەرایی و گەردوون بۆ هەموان بەفرە زمانی جیهانییەوە پەلییان هاویشت، لەو مەودا بەرتەسکە خۆیان ڕزگار کرد کە خۆیان بەتەنها بژاردە بناسن و بیانەوێت تەنها خۆیان خاوەنی هەموو جیهان بن، ئەو ڕەوتە ئێستاش لای جوولەکە زایۆنیستەکان بەردەوامە، ئەویش بەهاوپەیمانێتییان لەگەڵ پرۆتێستانتە پیۆریتانییە ئینجیلییەکان.

**جوولەکە و گەردوون بۆ هەموان**

**سپینۆزا:**

لەسپینۆزاوە عەقڵی گەردوونگەرایی جوولەکە دەست بەکارە. پێش دووسەد ساڵ هیگڵ ئەوەی بەئاشکرا درکاندووە کە جوولەکە نەوەی ئیبراهیمن و ئیبراهیمیش مرۆڤێکی بێ خاک و نیشتیمان بووە، ئیبراهیم پاش ئەوەی لەخاکی باوباپیرانی ئایا حەرانی نزیک ئورفەی کوردستانی باکوور بێت، یاخود ئووری باشووری عێراق بێت، هەڵکەندراوە و بەرەو فەلەستین خاکی کەنعانییان کۆچی کردووە. لەم سەروبەندەدا هەستی بەتەنیایی سەخت کردووە، ئەمە وایلێکردووە ((هەموو شتێکی خۆی بداتە دەست خوا و ویستی خۆی لەدەستداوە، چونکە لێرەدا لەلای هیگڵ، ئیبراهیم خۆی تەسلیم بەخواوەند کردووە و خۆی لەدەستداوە)).

بۆیە جوولەکەکانی نەوەی کە وەکو خۆی بێ خاک و نیشتیمانن، هەست بەتەنیایی دەکەن و ئەمە وایان لێدەکات هەمیشە کۆیلە بن و ڕۆحی کۆیلایەتی بەسەریاندا زاڵ بێت. تۆ بڵێیت ئەم بێ خاکی و بێ نیشتیمانی و





پەرتەوازەییەی کە بەزیاسپۆرای جوولەکە ناسراوە، وەک دۆخی سایکۆلۆژی، بەرتەکدانەوەی سەختی لای جوولەکە دروست کردبێت؟ دەرەنجامی ئەم بەرتەکدانەوە توندەش سایکۆلۆژییانە خۆی لەدوو ڕەهەندا دەبینێتەوە، یەکیان ئەوەیە، خۆیان بەتەنها بژاردەی پەروەردگاری ئاسمان بزانن و مافی سەروەرێتییان بۆ جیهان بەخۆیان پێڕەوابێت. ئەگەر وابێت ئەمە عەقڵی جوولەکە هەتا سپینۆزا دەگرێتەوە. ڕەهەندەکەی تریش ئەوەیە، لەئەنجامی بڵاوبوونەوەیان بەهەموو جیهاندا و فێربوونی زۆر شت لەمیللەتان لەلایەکەوە و وننەکردنی ڕەگوڕیشەی مەعریفیی خۆیان بەپێچەوانەی زۆرێک لەمیللەتانی پەرشوبڵاوە پێکراوی تر لەلایەکی دیکەوە، لەفەزای ئەم کۆمەڵگەیەدا، دەستەبژێرێک کە خاوەنی هۆشیارییەکی مێژوویی و جیهانیی بوون، پەیدابوون و سەریان هەڵدا کە مرۆڤ دۆست و گەردوونگەرابن. هەر یەک بەفەلسەفەیەک و ڕێبازێکی ئەپیستیمیی جیهانبینیی خۆیەوە تەماشای گەردوون بۆ هەموان بکات و گێڕی و گەوجیی عەقڵی مرۆڤ لەگۆشەنیگای عەقڵانییەتی خۆیەوە چارەسەر بکات. سپینۆزا لەو جوولەکانە بوو کە باوپیرانی لەئیسپانیا بەهۆکاری ئاینەکەیان وەدەر نرابوون و لەهۆڵەندا نیشتەجێ بووبوون. ئەم فەیلەسووفە پاش ئەوەی کە گومان دەخاتە سەر یەهوەی تەورات لەسینەگۆگۆی جوولەکە، بۆ هەتا هەتا تەکفیر و تەحریم دەکرێت و لەو ساوە مافی بەکۆمەڵی جوولەکەوە لەدەست دەدات و نامێنێت. سپینۆزا بڕوای بەو خودایە نەبوو کە سێ ئاینە ئاسمانییەکە نمایشی دەکەن و پێمانی دەناسێنن. ئەو خودایەی کە خاوەنی دۆزەخ و بەهەشتە و ئەم جیهانە و ئێمەیشی لەعەدەمەوە ئافراندووە و هێناونییە سەر سەحنەی وجوود. خوداکەی سپینۆزا سەر بەو ئاینانەیە کە بەئاینی یەکێتی بوون ناسراون. هەرچەندە یەکێتی بوون ڕێک وەرگێڕانیی حەرفیی دەستەواژە عەرەبییەکەیە کە (وحدة الوجود)ە، سۆفیگەرانی عەرەب و ئیسلام بەکارهێنانی ئەم چەمکەیان پێ باشتر بووە، نەوەکو تەکفیر بکرێن و بەدانانی شەریک بۆ خودا لەقەڵەم بدرێن، چونکە ئەم چەمکە (وحدة الوجود) عەیبە عەقیدەییەکانی ئەم فەلسەفە و ئاینە هەتا ڕادەیەک دەشارێتەوە. ئەسڵی وشەکە کە لەزمانە لاتینی و جەرمەنییەکاندا بەکار دەهێنرێت (پانسێیزم)ە گەر حەرفییانە بۆ عەرەبی وەربگێڕین دەبێتە (الالهیة الكلیة) و بە کوردیش دەبێتە (خودایێتیی گشتی)، دەستەواژەکە لەدوو وشەی یۆنانی و پاشگرێکی یۆنانی پێکهاتووە. (پان) واتا (گشتی) (سێیۆس) واتا (خودا)، (ییزم) کە بەیۆنانییەکەی (ییسما)یە و بەلاتینی بۆتە (ییزم) پاشگرێکە مانای (بیەت) چ لەزمانی کوردی و چ لەزمانی عەرەبیدا دەبەخشێت. جا لەجیهانی ئیسلامدا ئەم دەستەواژەیە وەک خۆی نمایش بکرایە عەیبەکەی بەدەردەکەوت، هەموو پێکهاتەکانی گەردوون و دیاردە سروشتییەکان دەبوون بەهاوبەش و شەریکی خودا یان هەر بەخۆشیان خودا دەبوون.

دیكارت بەسێ جەوهەر قایل بوو، خودا و هزر (جەوهەری زیهنە) و كشان یان درێژە (جەوهەری مادەیە). ڕاستییەكەی لای دیكارت خودا خاوەنی جەوهەرییەتێكی واڵاتر بوو لەزیهن و مادە، لەبەر ئەوەی هەر ئەو خەڵقی كردوون و هەر كات بیەوێت لەناویان دەبات، لەهەمان كاتیشدا كە خودا قودرەتی بەسەریاندا دەشكێت، زیهن و مادە لەجەوهەر بوونیان كەم نابێتەوە و هەردووك دوو جەوهەری سەربەخۆن و قائیمن بەزاتی خۆیان. بەپێچەوانەوە سپینۆزا بەحوكمی فەلسەفەی یەكێتیی بوون بەیەك جەوهەری خودایی قایل بوو، هزر و درێژە (أمتداد)ش سیفات و حاڵاتی ئەو تاك جەوهەرەن، هەموو شتێك لەجیهان، لەگەردوون، سیفات و حاڵاتی جەوهەری خودان و هیچ شتێك لەدەرەوەی ئەو جەوهەرە زاتییەتێكی سەربەخۆی نییە.

هەموو دیاردەیەك لەدیاردە بەرچاوەكان و نادیارەكانی ئەم گەردوونە دیمەنگەل و مەزهەری كائینی ئیلاهین، سروشت خودایە و خوداش سروشتە. بۆیە تۆمەتی ئەوە درایە پاڵی سپینۆزا كە گوایە دەڵێت: جیهان جەستەی خودایە. بێگومان پێدەچێت سپینۆزا سوودی لەفەلسەفەی ئیبن مەیموون، هەروەها ئیبن عەرەبی و ڕەواقییەكان كە فەلسەفەكەیان بەرمەبنای یەكێتیی بوونە، وەرگرتبێت. سپینۆزا زۆر ئەخلاقی و بەئاكار بوو، دیاردەی شەڕ و شەڕخوازیی لەجەوهەری خودا دوور دەخستەوە، بەوەی



بۆ زیاتر چوونە ناو فەلسەفەی سپینۆزاوە، بەباشتری دەزانین كورتە بەراوردێكی نێوان فەلسەفەی سپینۆزا و دیكارت بكەین. چونكە هەردووكیان سەرەتای عەقڵگەرایی و مۆدێرنە و پێشەنگی پرۆسەی عەقڵانییەتی مۆدێرنە بوون و هەتا ڕادەیەكیش لەیەك سەردەمدا كە دەكاتە سەدەی هەڤدەهەم ژیاون كە بەسەردەمی دەستپێكی عەقڵگەرایی كیشوەری ئەوروپا ناودێر كراوە.



خودا ئاگای لەشەڕ و خراپەکاری نییە. سپینۆزا پێیوایە پێناسەیەک بۆ خراپەکاری نییە، دیاردەی خراپەکاری کاتێک دەردەکەوێت کە وا بزانرێت بەشەکانی جیهان دیاردە و سیفات و حاڵاتی جەوهەری خودایی نین، بەڵکو وەک ئەوەی جەوهەرگەلێکی سەربەخۆبن.

سپینۆزا ئەوپەڕی مرۆڤ دۆست بوو، لەگۆشەنیگای فەلسەفەکەیەوە خێر و چاکەکاری بۆ هەموان دەویست و بە مانای پڕ بەپێستی وشەکە یەکەمین فەیلەسووفی گەردوونگەرایە. هەرچەند ئێمە ڕەخنەی زۆرمان لەئاین و فەلسەفەی یەکێتیی بوون هەیە، بەوەی کە هەموو خراپەکارییەکانی مرۆڤ و مێژووی مرۆڤ دەکاتە بیانوویەکی دەستی دەستەڵاتەکان، ئەویش وەک هەنگاوێک بۆ تەکامول بوون. کاتێک دەسەڵاتی سیاسی وەک ئایدیۆلۆژیایەک یەکێتیی بوون پیادە بکات، ئەوا مێژووی مرۆڤ شەڵاڵی خوێن دەکات. دیارترین ڕەخنە کە لەفەلسەفەی یەکێتیی بوون دەگیرێت، ئایا سپینۆزایی، یان ئیبن عەرەبی، یاخود ڕواقییانە و...هتد بێت، ئەوەیە گوێ بەخراپەکارییە وردەکان و پەراوێزییەکان و جوزئییاتەکانی ژیان نادەن، مادامێک تەناغومێک و هەماهەنگییەکی کوللی و گشتی لەجیهان و گەردووندا هەیە، بەرەو تەکاملی خودایی دەچێت. با مرۆڤگەلێکی زۆریش ببنە قۆچی قوربانی ئەو خراپەکارییانەی کە لەگۆشەنیگای ئەم فەلسەفەیەوە بەکەم و پاژەکی و ناچیز دەژمێردرێن.



**مارکس:**

مارکس دووەمین عەقڵی جوولەکەی گەردوونگەرایە کە سنووری نیشتیمانێکی بەزاندبێت. هیگڵییانە لێی بڕوانین، چونکە بێ خاکە و نیشتیمانە یان دەبێت یەهوەیەکی لایەنگیر بۆ خۆی هەڵبژێرێت، یاخود دەبێت مرۆڤگەرا و گەردوونگەرا بێت. مارکس بەڕەچەڵەک جوولەکەی ئەڵمانیایە، لەتافی لاویدا سەر بەگرووپی

هەواڵنامەی کتێب

هیگڵییە لاوەکان بوو، فەلسەفەکەی تەکەز دەکاتە سەر هۆکاری چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ خودی هاوتای مرۆڤی، ئەو هۆکارە دەبەستێتەوە بەهێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە. بەشێوەیەکی گشتی مارکس مێژوو بەسەر سێ قۆناغی سەرەکیدا دابەش دەکات: کۆیلەداری، فیودالی، سەرمایەداری. لەکۆیلەداریدا کۆیلەی خاوەن دەست و بازوو هێزی بەرهەم هێنی سەرەکیی ئەو قۆناغە بووە، پەیوەندیی بەرهەم هێنانیش بریتی بووە لەپەیوەندی نێوان کۆیلە و سەروەر. لەقۆناغی فیودالیدا جووتیار بەزەویی کشتوکاڵییەوە بەستراوەتەوە کە بریتی بووە لەهێزی بەرهەم هێنی سەرەکی، پەیوەندیی بەرهەم هێنانیش بریتی بووە لەئیستیغلال کردن و چەوساندنەوەی جووتیار لەلایەن خودی دەرەبەگەوە، ئایا ئەو دەرەبەگە پاشا یان میر یاخود شێخ بووبێت، ئاغا و پیاوانی کڵێسا و پیاوانی خانەقاو تەکیەکان بن. لەقۆناغی کۆیلەداریدا مادەی ئیستغلال هێزی بازووە، لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا مادە و کەرەستەی ئیستیغلال ڕەیعە، واتا سێیەکی بەروبوومی کشتوکاڵی، جگە لەسوخرە و بێگاری پێکردن لەلایەن خانەوادەی دەرەبەگەکانەوە کە دیاردەیەکی زەقی ئەو قۆناغەیە. لەقۆناغی سەرمایەداریدا هێزی بەرهەم هێن کارگەکان و ئەو هەزاران کرێکارانەن کە بەچینی پرۆلیتاریا ناسراون، پەیوەندیی بەرهەم هێنانیش چەوساندنەوەی زۆرینەی پرۆلیتاریایە لەلایەن کەمینەی بۆرژوازییەوە کە دەستیان بەسەر هێزە بەرهەم هێنەکاندا گرتووە و بەموڵکی خۆیانیان دەزانن، مادەی ئیستیغلالەکەش زیدە بەهایەکە کە لەئەنجامی کاری تاقەت پرووکێنی کرێکارەکەوە بەدەست دەکەوێت.

یەک لەدروشمەکانی مارکس، ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن، ئەمە دروشمێکی گەردوونگەراییانەیە، سنووری دەوڵەت نەتەوەکان دەبەزێنێت. بۆیە فەلسەفەی مارکس چەند تەحەفوزمان لەسەری هەبێت فەلسەفەیەکی جیهانییە و تیایدا جیهان بۆ هەموانە، چونکە بەپێی ئەم فەلسەفە ئابوورییە سیاسییە لەدوا قۆناغدا کە قۆناغی کۆمۆنیزمە چینەکان لەناودەچن و یەکسانی بۆ گشت تاکەکانی جیهان بەرقەراردەبێت. ئەمە تەنها تەرحێکە و ئێمە بەیەکسانی خوازی جیهانیی دادەنێین و باسی ئەو ڕەخنانە ناکەین کە ناحەزانی مارکس ئەم فەلسەفەیە بەیۆتۆپیا قەڵەمزەد دەکەن.

**هۆسرەل:**

هۆسرەل، فەیلەسووفێکی جوولەکەی ئەڵمانە و دامەزرێنەری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژیایە. ئەم دەستەواژەیە وەک چەمکی فەلسەفی بۆ یەکەم جار هیگڵ بەکاری هێناوە و ناونیشانی یەکێک لەکتێبەکانێتی، بەناوی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح. ئەم زاراوەیە بۆ گوزارشت یان دەربڕینی (فێنۆمێنۆن)ی یۆنانی دەگەڕێتەوە و لەفزی



(فینۆمان)ی لێداتاشراوە کە مانای دیارخەر لەخودی خۆیدا دەبەخشێت، (درەخشان).

لەلایەکی دیکەوە وشەی (نۆمینۆن) کە کانت لەوشەی (نۆوس)ی یۆنانییەوە دایتاشیوە، ڕۆح و عەقڵی گشتییە و شتە لەخۆیدا و بەبۆچوونی کانت مەحاڵە چوونە ناو کرۆکی حەقیقەتەکەیەوە، ئیدراکی هەستەکی و عەقڵ و ئەو زانیارییانەی کە وەک واقیعی عەیانیی پاژەکی لەبەر دەستی مرۆڤدان نایگەنێ، واتا ناگەنە ئەو شتەی کە لە خۆیدایە. بەواتایەکی دیکە کانت مەبەستی ئەوەیە هەموو شتێکی عەقڵی دەبێت واقیعی بەرچاوان بێت، مەسائیلی ئەخلاقی لێدەرچێت کە تایبەتن بەویژدانی ئاکاری و لەبەرچاواندا هەبوونیان نییە، بەڵکو هەبوونیان لە زیهندایە و بەعەقڵی عەمەلی ئەو عەقڵەی مامەڵە لەگەڵ ڕۆژگار دەکات درکیان پێدەکەین، سێ چەمکی گرنگ دەگرنەوە ئەو چەمکانەش، خودا و نەمریی و ئازادین. بەڵام هیگڵ ئەمەی ڕەتکردەوە و هەموو شتێکی عەقڵی بەواقیعی دانا و چەمکی فینۆمینۆلۆژیای بۆ ئەم مەبەستە خستەگەڕ، چونکە لەتوانای عەقڵدا هەیە بچێتە ناوەڕۆکی ئەو شتانەی لە خۆیاندان. وەک وتمان فینۆمان لەیۆنانیدا مانای ئەو شتەیە کە خۆی کەشف دەکات و خۆی دەردەخات، بەگوزارشتێکی دیکە، فینۆمان تەنها ئەو شتە نییە کە دیارە و دیاردەیەکی ڕواڵەتی بێت لەدیاردەکان، بەڵکو ئەو شتە دیارەیە کە خۆی دەردەخات و حەقیقەتی کرۆکی خۆی دەخاتەڕوو. لەبەرئەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە فینۆمینۆلۆژیا ئەو زانستە فەلسەفییەیە، لەو شتانە دەکۆڵێتەوە کە خۆیان ڕاستی خۆیان وەدەردەخەن.

باشە کە شتێک ئامادەیی ئەوەی هەیە وجوودێک، بوونێک، هەر شتێکی تر، ئامادەیی ئەوەی هەبێت خۆی وەدەرخات، گەر هۆشیارییەک نەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات بەچی دەچێت؟ ئەمە بۆچوونێکی بارکلییانەیە کە منی عەقڵ نەبم ئەو شتانەی لەدەرەوەن بوونیان نییە. هۆسرەل پێمان دەڵێت ئەوە ڕەوانی هۆشمەندییە کە خاوەنی مەبەستە و مەبەستگەراییانە درک بەو نۆمینۆنانە دەکات. ئەم ڕەوانیی هۆشمەندییە هۆشیارییەکی ئیزۆتەریکییە و مێژووگەراییانە درک بەڕەوتی زەمەن دەکات. ئەمە بوو بەکورتی فەلسەفەکەی هۆسرەل، هەر چۆنێک بێت ئەم فەلسەفەیەش گەردوونگەراییانەیە، هاوکات فینۆمینۆلۆژیای هۆسرەل بەرەنگار بوونەوەی پۆزەتیڤیزم و پراگماتیزمی عەقڵی ئەنگلۆ ساکسۆن بوو، لەڕێگای سیاسەتیی کۆلۆنیالیستییان گەردوونیان تەنها بۆ خۆیان دەویست و ئێستایش لەڕێگای سیاسەتی جیهانگیرییەوە هەر وایان دەوێت.

**فرانکفۆرتییەکان:**

ئێمە کە ئەم فەلسەفانە بەرچاو دەخەین، واتای ئەوە نییە کە قایلین پێیان، قایلبوون و قایل نەبوونمان باسوخواسی ترن و ناچنە بازنە و ڕووبەری بابەتی ئەم بەشەوە کە تایبەتە بەعەقڵی گەردوونگەرایی جوولەکە. فرانکفۆرتییەکان سەر بەقوتابخانەیەکی فەلسەفین و ئەم قوتابخانەیە لەشاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا بەناوی مەڵبەندی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان دامەزراوە و سێ فەیلەسووفی بەرجەستەی جوولەکەی ئەڵمان مارکۆزە و هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ بەڕێوەیان دەبرد. بۆیە دواتر هەر بەناوی قوتابخانە و ئەڵقەی فرانکفۆرت یان فرانکفۆرتییەکان ناوبانگیی دەرکرد. دەتوانین زۆر لەفەیلەسووفانی دیکە بخەینە بازنەی فرانکفۆرتییەکانەوە کە کەم و زۆر لەبیر و بۆچوون و هزروبیردا، لەگەڵ قوتابخانەی فرانکفۆرت هاوڕان، بۆ نموونە وەک: ئەریک فرۆم و دانیال و ژنە فەیلەسووفی جوولەکەی ئەڵمان هانا ئەرێنت، داهێنەری چەمکی خراپەرکاریی پووچ لەفەلسەفەدا. فرانکفۆرتییەکان بەگشتی مارکسیست بوون، نەک مارکسیەکی ئەرتۆدۆکسی تەقلیدی بەوێنەی مارکسیستەکانی سەدەی نۆزدە، بەڵکو ڕای خۆیان هەبوو، زۆر ئیزافەیان خستە سەر فەلسەفەی مارکس، بەفەلسەفەکەیان سنووربەزێنی دەوڵەت نەتەوەکان و گەردوونگەرا و مرۆڤگەرابوون. فرانکفۆرتییەکان دژ بەپۆزەتیڤیزمی لۆژیکیی ئەنگلۆ ساکسۆنی بەریتانیا بوون، دژ بەپراگماتیزمی ئەنگلۆ ساکسۆنی ئەمەریکا بوون، دژی ستالینیزمی یەکێتیی سۆڤییەت، فاشیزمی عەقڵی ئیتاڵی و نازیزمی زادەی عەقڵی ئەڵمان بوون، هەروەها دژی بوونگەرایی زادەی عەقڵی یاخیی فەرەنسی بوون. بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری نەهامەتییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەیان دەدایە پاڵ لیبڕالیزمی ڕۆژئاوایی. مارکۆزە لەکتێبی (فەلسەفەی نەفی)دا فاشیزم و نازیزم بەدەرهاویشتەی لیبڕالیزم دادەنێت کە لیبڕالیزم

جوولەکە



لەئاینی فەرمیی جوولەکە کە بەشێکی سەرەکیی و سەرەتایی عەقڵی جوولەکەی لێپێکدێت، دەمانەوێت ئەوە بڵێین کە عەقڵی جوولەکە بێجگە لەوەی وەك عەقڵی فارس عیناد و سەرسەختە، لەهەمان کاتیشدا بە فرتوفێڵترین عەقڵەکانی مێژوو دەناسرێت. ئەمە هەروا بەبێ هۆ نەوتراوە، هەر چەندە لەڕووی دەمارگیریی ئاینی ئیسلام و خرستیانیشەوە بێت



دەرهاویشتەی عەقڵی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەهەمی ئەوروپایە. فرانکفۆرتییەکان عەقڵی ڕۆشنگەرییان بەعەقڵێکی بەربەری داناوە، ئەو عەقڵە بەربەرییە هۆکاری سەرەکیی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیی بوو، دەرەنجامەکانیشیان گیان لەدەستدانی دەیان ملیۆن مرۆڤی ئەم هەسارەیە بوو. واتا فەلسەفەی فرانکفۆرتییەکان بەگشتی ڕەخنەگرتن بوو لەعەقڵی ڕۆشنگەریی، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئەم فەیلەسووفانە بەفەیلەسووفانی تیۆری ڕەخنەیی ناسراون. بەبڕوای ئەم فەیلەسووفانە تاک لەڕۆژئاوادا لەهەموو بەهایەک دابڕاوە، بۆتە کاڵایەکی تەواو عەیار و وەک کەرەسەیەکی بازاڕیی مامەڵەی پێوە دەکرێت. بۆیە ئەمانە زۆر پێداگرییان لەسەر چەمکی بەشت بوون دەکرد کە لەبنەڕەتدا چەمکێکی هیگڵییە و هیگڵ ئەم چەمکەی بۆ ڕەخنە لەلیبڕالیزم بەکارهێناوە، مارکسیش ئیشی لەسەر ئەم چەمکە کردووە و برەوی پێداوە. فرانکفۆرتییەکان دەڵێن هەر ئەم بەشت بوونە دەرەنجام هەموو شێوە هۆشیارییەکی شۆڕشگێڕانە و خەباتی چینایەتی لەناو دەبات.

هانا ئارێنت پێیوایە: چینی سەرەوەی دەستەڵات ئۆلیگارشین (حکوومەتی کەمینەی خاوەن دارایی)، کۆمەڵانی خەڵکیان بەعینوانی دیموکراسییەت و ئازادی و یەکسانی و مافی هەڵبژاردن دیماگۆگییانە لەخشتە بردووە، ئەمە بەگشتی وایکردووە کە چینی پرۆلیتاریا وەک سەردەمی مارکس و ئەنگلز ئەو چالاکییەی جارانی نەمێنێت و نەتوانێت ئیتر پێشەنگایەتیی کۆمەڵانی خەڵک و جەماوەر بەرەو قۆناغی کۆمۆنیزم بکات. بەپێی وتەی مارکۆزە تاکی ڕۆژئاوایی بەوە هەڵخەڵەتێنراوە کە ئازادە کەچی لەئەسڵدا ئازاد نییە، بەڵکو کۆیلەی بازاڕی سەرمایەدارییە. ئەمەیە چەمکی بەشت بوون کە وەک ئاماژەمان پێدا چەمکێکی هیگڵییە، هیگڵ دژی لیبڕالیزمی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆن، ئەم چەمکی بەشتبوونەی بۆ ئەوە بەکارهێنا کە تاکی لیبڕالی تاکێک نییە گەشەی ڕۆحیی بەخۆیەوە بینیبێت، هەروەها مارکسیش ئەم چەمکەی قۆستەوە بۆ بەشتبوونی تاک یان بەشتبوونی پەیوەندیی ئابووریی نێوان تاکەکان، وەک سیلعە و کاڵایەک لەبازاڕی سەرمایەداریدا. یەک لەمارکسیستە مەزنەکانی سەدەی بیستەم کە ئەویش جۆرج لۆکاشە پێیوایە، تاک ئەو شتەی کە دروستی دەکات، ناتوانێت یەکسەر وەکو جاران ئیستیهلاکی بکات، چونکە ئەو شتە دروست کراوە وەک کاڵایەک دەچێتە بازاڕ و بەنەقد، نەختینە، سککە، مامەڵەی پێوە دەکرێت. تاکی ئەم سەردەمە وەکو جاران شت دروست ناکات بۆ ئیستیهلاکی ڕۆژانەی خۆی، بەڵکو لایەنێک دروست کردنی شتێکی لەکارخانەیەک بەسەردا فەرز دەکات و ئەوجا دەبێت بەپوول بیکرێت و ئیستیهلاکی بکات، منێک دروست کردنی کاڵایەکم بەسەردا فەرز کراوە و بەو نەقدەی لەئەنجامی ئیشەکەمدا لەکارخانە وەریدەگرم، کڕینی ئەو کاڵایەم لەلایەن سەرمایەداری و ئۆلیگارشییەوە بەسەردا سەپێنراوە، لەم سەروبەندەدا خۆمم دروستکەری کاڵا و هەر خۆیشم دەبمە کاڵا و مامەڵەم




پێوە دەکرێت، واتا من دیلی ئەو کاڵایەم کە پێم دروست کراوە و پێشم فرۆشراوە، بە گوزاشتێکی تر تاک بەهەموو شێوەیەک لەبازاڕی سەرمایەداریدا نامۆیە لەگەڵ جیهانی ئەو کاڵایانەی کە خۆی بەرهەمی هێناون.

مارکۆزەش بەکاریگەریی بەجۆرج لۆکاش بەگوزاشتێکی تر ئەم پرۆسەیەی بەدەستەڵاتی عەقڵانییەتی ئامێری ناوزەد کرد، بەوەی (ئەو شتانەی مرۆڤ دروستی کردووە، بوون بەفەرمانڕەوای مرۆڤ. عەقڵانییەتی ئامێری هێزێکە لەدەست تێوەردان و کۆنترۆڵی مرۆڤ چووەتە دەرەوە و ڕەوتی عەقڵانییەتی ئامێری بەدەر لەوەی چ فۆڕمێکی دیاری سیستمی سیاسی یان ئابووری باڵادەستە، دەسەڵات پەیدا دەکات. کەوا بوو کۆمەڵگەی نوێ خۆی لەخۆیدا کۆمەڵگەیەکی ئامێرییە و ماهیەتی بەهۆی سیستمی سیاسی یان ئابوورییەوە دیاری ناکرێت).

ئەمەیە هەموو مانای چەمکی ئازادی لەڕۆژئاوا و ئەم پرۆسەیە بەلای مارکۆزە بەتایبەتی و بەلای فراکفۆرتییەکان بەگشتی ڕۆحی شۆڕشگێڕی و یاخی بوونی لەناخی چینی پرۆلیتاریادا کوشت. باشە ئەگەر ئەمە پرۆسەی هەڵبژاردن و ئازادی و یەکسانی و دیموکراتییەت بێت لەڕۆژئاوادا و وەکو کاڵا و مۆدێلێکی ئەوروپی ئەو پڕۆسەیە هەواڵەی تاکێکی خێڵەکی وەکو من بکرێت، دەرەنجامەکەی چۆن چۆنی دەبێت؟ دەرەنجامەکەی ئەوەیە، من یان وەکو فێندەمێنتالیستێک ڕەتیدەکەمەوە، یاخود زۆر ئایدیالانە و گەمژانە وەریدەگرم. ئەمەیە دوو ڕەهەندی سەرەکیی ناحاڵی بوونی تاکی ڕۆژهەڵاتی لەپرۆسەی بەناو دیموکراتییەت و ئازادی کە لەشوێنی سەرەکیی خۆیشیدا موزەوەر و مەنحوول و پووک و قەڵبە.





**جاک دریدا:**

فەیلەسووفێکی جوولەکەی فەرەنسییە و لەجەزائیر لەدایک بووە، یەکێکە لەفەیلەسووفانی پۆست مۆدێرنە، یان پاش بونیادگەرایی هەژمار دەکرێت. تایبەتی تری بکەینەوە فەلسەفەکەی دریدا زیاتر بەهەڵوەشانگەرایی ناسراوە. هەڵوەشانگەرایی یانی چیی و بۆچی؟

دریدا هەوڵدەدات لۆگۆسێنترالیزمی (عەقڵ باڵایی) ڕۆژئاوایی کە سەرچاوەکەی بۆ فەلسەفەی یۆنانی واتا بۆ ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، پارچە پارچە بکات و نهێنییەکان و شتە شاراوەکانی نێو دوالیزمی ئەو فەلسەفەیە عەلان و ئاشکرا بکات. واتا، نهێنییە شاراوەکانی نێوان ئەو دێڕگەل و دەستەواژەگەل و دەقگەلانەی کە فەلسەفەی یۆنانی بەپرۆسەی نووسینی پاش ئاخاوتن پێ تۆمار کراوە. بەبڕوای دریدا ئەو دوالیزمانە هەتا ئێستا عەقڵی ئەوروپا ڕێبەرایەتی دەکەن و درێژە و بەردەوامییان هەیە. ئەو دوالیزمانەش بۆ نموونە: (چاک، خراپ)، (نێر، مێ)، (ڕاست، چەپ)، (ڕاست، درۆ)، (سپی، ڕەش)... و هتد، ئەم دوالیزمانە کێ داینان و ڕەوایەتیی پێدان و کردنییە یاسا و ڕێسایەکی فەلسەفی و مەعریفی و عەقڵیی کە بەئێستاشەوە بەم پێوەرانە حوکم بەسەر جیهاندا دەدرێت؟ دریدا پێیوایە بنەمای ئەم حوکم و پێوەرانە نووسینی دەقی فەلسەفی بوو. دریدا نووسین لەئاخاوتن جیادەکاتەوە و حوکمی جیایان بەسەردا دەدات. مێژووی فەلسەفە پێمان دەڵێت یەکەم فەیلەسووفی جیهان و یۆنان تالیسە، لەمەوە کۆتایی بەقۆناغی میتۆلۆژیا دێت و قۆناغی لۆگۆس، مێتافیزیکا دەست پێدەکات، واتا تالیس دابڕانێکە لەنێوان میتۆس و فەلسەفە. بەگوزارشتێکی دیکە لەتالیسەوە میتۆس، ئەفسانە بوو بەلۆگۆس، عەقڵ، هەر بۆیە لۆگۆسێنترالیزمیش لای دریدا ناوەندێتی و مەرکەزییەتی عەقڵ و باڵادەستی عەقڵ دەگرێتەوە. دریدا نووسینی

بەدەرمان داناوە، ئاماژەشی بەوشە یۆنانییەکە (فارماکۆن) کردووە، فارماکۆن بەزمانی یۆنانی دوالیزمەیەکی دوو واتاییە، واتای یەکەمی دەرمان، چاککردنەوەیە و واتای دووەمیشی ژەهرە و ماکێکی کوشندەیە، لێرەدا بەو مانایە دێت کە فارماکۆن دوالیزمەی خێر و شەڕ لەخۆی هەڵدەگرێت.

لای دریدا لەسۆکراتەوە لۆگۆس باڵایە و بۆ خزمەتی عەقڵی مرۆڤە، بەڵام ڕادەستی نووسین کراوە کە نووسین دوالیزمەیە، فارماکۆنە و کوڕی زۆڵی ئاخاوتنە و هەڵگەڕاوەتەوە و ئینحرافی بەعەقڵی ڕۆژئاوایی کردووە. دریدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی لۆگۆسی ڕۆژئاوایی، سوود لەسیمیۆلۆژیا، زانستی دەلالەتەکان دەبینێت، چونکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی لۆگۆس ئیش لەسەر دەقە نووسراوەکان دەکەین و دەقە نووسراوەکانیش بێگومان کۆمەڵێک دەلالەتن. جا پێویستە لەسەرمان هەڵیانوەشێنینەوە و چەمکە زیندانییەکان ئازاد بکەین، هەتا گوزارشت لەبوونی خۆیان بکەن.

جاک دریدا بەحوکمی ئەوەی جوولەکە بووە، گەر بەئاشکراش نەیدرکاندبێت، یەکێکە لەوانەی دژایەتیی ئیمپریالیزمی فەرەنسای لەجەزائیر کردووە و تارادەیەکی زۆر لەگەڵ دۆز و گەلی فەلەستیندا سۆزداربووە. بەو مانایە بێت فەلسەفەی هەڵوەشانگەرایی دریدا شکاندنی دەرگای زیندانی فەلسەفە و دەسەڵاتی ئەوروپا و ڕۆژئاوایە کە بەلۆگۆس یان لۆگۆسێنتڕالیزم دەیانەوێت دەست بەسەر جیهاندا بگرن و خوێنی میللەتانی تیا بمژن.



**نوام چۆمسکی (ناعوم چۆمسکی):**

نوام چۆمسکی لەدایک و باوکێکی جوولەکەی ڕوسیایە، ئێستاش لەژیاندایە و هاوڵاتییەکی ئەمەریکییە، تەمەنی زیاد لەنەوەد ساڵە. هەرچەند ئەم فەیلەسووفە ئارەزوویەکی چەپڕەوانەی هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا سەر بەقوتابخانەی فەلسەفەی شیکارییە کە دامەزرێنەرەکەی بێرتراند ڕەسلە. بێجگە لەوەش یەک لەزمانەوانانی



زانستی لینگویستیک (زمانەوانی)ی نوێیە و لەم بوارەدا داهێنەری بنەمای ڕێزمانی گشتییە. مانای چەمکی ڕێزمانی گشتیی ئەوەیە، تێکڕای زمانە زیندووەکانی جیهان و ئەو زمانانەی کە کاریان پێناکرێت و لەناوچوون و ئێستا قسەیان پێناکرێت، بەگشتی لەڕووی ڕێزمانییەوە خاوەنی خاڵگەلی هاوبەشن، وەک ڕاناوی لکاو و جودا و فرمانی ڕابووردوو و ڕانەبووردوو ...هتد، ئەمەیش لەخۆیدا بۆچوونێکی گەردوونگەراییانەیە.

نوام چۆمسکی، دوژمنی سەرسەختی سیاسەتیی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سۆزدارێکی توندیی کێشەی کورد و فەڵەستینە. قسە و لێدوانی لەبارەی گشت کۆمەڵە چەوساوەکانی جیهانەوە هەیە، ئەوپەڕی مرۆڤخواز و مرۆڤ دۆستە. لەبواری ماتماتیک و تیقەنییاتیشدا خزمەتی گەورەی کۆمەڵی مرۆڤی کردووە، چەپڕەوێکی ئازادیخوازە و تاراددەیەک سەربەخۆیە، لەگەڵ کۆمۆنیستە سەلەفی و تەقلیدی و کۆمۆنیستانی وەک ئالان بادیۆ و سلاڤۆی ژیژەک هاوڕا نییە، ئەمانە کێشە و بابەتی وتارەکەمان نین، مەبەستی ئێمە لەم بەشەدا ئەوەیە کە چۆمسکی جوولەکەیەکی تەقلیدی سەر بەمیللەتی بژاردەی خودا نییە، بەڵکو جوولەکەیەکی گەردوونگەرایە و گەردوونی بۆ هەموان پێڕەوایە. لەهەمان کاتدا مونەزیرێکی سیاسیشە و لەزۆر کایە و بواری تردا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت و کاری جیددی دەکات.

**جوولەکە**



نوام چۆمسکی، دوژمنی سەرسەختی سیاسەتیی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سۆزدارێکی توندیی کێشەی کورد و فەڵەستینە. قسە و لێدوانی لەبارەی گشت کۆمەڵە چەوساوەکانی جیهانەوە هەیە، ئەوپەڕی مرۆڤخواز و مرۆڤ دۆستە. لەبواری ماتماتیک و تیقەنییاتیشدا خزمەتی گەورەی کۆمەڵی مرۆڤی کردووە

سەرچاوەكان:-
١–تاريخ الفلسفة الغربية، الكتاب الثاني، الفلسفة الكاثوليكية، برتراند رسل، ترجمة: زكي محمود نجيب، الهيئة المصرية العامة للكتاب ٢٠١٠.
٢– تاريخ الفلسفة الغربية، الكتاب الثالث، الفلسفة الحديثة، برتراند رسل، ترجمة: محمد فتحي الشنيطي، الهيئة المصرية العامة للكتاب ١٩٧٧.
٣– الكينونة والزمان، مارتن هيدغر، ترجمة: فتحى المسكينى، دار الكتاب الجديد المتحده، الطبعة الاولى ٢٠١٢.
٤– التنوير والنقد، منزلة كانط في مدرسة فرانكفورت، محسن الخوني، دار الحوار سوريا، الطبعة الثانية ٢٠٠٩.
٥– فلسفة النفي، هربرت ماركوز، دار الاداب بيروت، الطبعة الاولى ١٩٧١.
٦– حول المسألة اليهودية، كارل ماركس، ترجمة: نائلة الصالحي، منشورات الجمل، الطبعة الاولى ٢٠٠٣.
٧– دروس في فينومينولوجيا الوعي الباطني بالزمن، ادموند هوسرل، ترجمة: لطفي خيرالله، منشورات الجمل، الطبعة الاولى ٢٠٠٩.
٨– النسبية بين نيوتن وانشتاين، طالب ناهي الخفاجي، الموسوعة الصغيرة، الجمهورية العراقية، ١٩٧٨.
٩– مفهوم الايديولوجيا، عبدالله العروي، المركز الثقافي العربي، الطبعة الثامنة ٢٠١٢.
١٠– ئايديۆلۆژیای ئەڵمانی، كارڵ ماركس و فریدریك ئەنگڵز، عومەر ڕەسول شینكی كردوویەتی بەكوردی، چاپی یەكەم، چاپخانەی شڤان ٢٠١٧.
١١– حەقیقەت و سیاسەت و ئێمەی پەنابەر، هانا ئارێنت، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، دەزگای ئایدیا، چاپی یەكەم ٢٠١٧.
١٢– فەلسەفەو ئیمان لەنێوان هیگڵ و كیركیگارددا، ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، كتێبخانەی فێربوون، چاپی یەكەم ٢٠١٧.
١٣– دەرمانخانەی ئەفلاتون، جاك دریدا، لەعەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، كتێبخانەی فێربوون، چاپی یەكەم ٢٠١٦.
١٤– قوتابخانەی فرانكفۆرت، ڕەخنە لەپۆزەتیڤزم و كۆمەڵگەی نوێ، كۆمەڵێك نووسەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٧ كوردستان – سلێمانی.




# بڵاوکراوەی نوێی نوسەرانی کەرکوک

**١. مێژووی کۆنی کورد و ناوچەکە**

**نوسینی: موعتەسەم ساڵەیی**

کتێبی مێژووی کۆنی کورد و ناوچەکە، لەنوسینی نوسەر موعتەسەم ساڵەییە و لەدوو توێی (٢٨١) لاپەڕەدایە، لەخانەی (رؤى للطباعة والنشر) چاپ کراوە، لەپێشەکیەک و حەڤدە بابەت پێک هاتووە و لەکۆتاییشدا بەشێک بۆ نمایش کردنی چەند وێنەیەکی شوێنەواره مێژوویی و شارستانیە کۆنەکان تەرخان کراوە، هەر بەشێکی ئەم کتێبە بۆ سەردەمێکی مێژوویی تەرخان کراوە، وەک سەردەمەکانی (سۆمەرییەکان، ئەکەدییەکان، ئوری سێیەم، ئەمورییەکان، ئاشورییەکان، دەوڵەتی بابلی، دەرکەوتنی زەردەشت و ئاینی زەردەشتی، سەرهەڵدانی نەتەوەکانی ئێران، تێپەڕ بوونی ئەسکەندەری مەکدۆنی بەکوردستاندا، دەرکەوتنی دەوڵەتی ئەشکانی و ساسانی، هاتنی سوپای ئیسلام بۆ عێراق و کوردستان)، هەروەها باس لەمێژووی نەژادی کورد و داگیر کردنی کوردستان بەناوی ئاینەوە دەکات.

نوسەر تیشک دەخاتە سەر زۆرینەی ڕووداوە مێژووییەکان و بەکورتی و بەپوختی خوێنەر تێدەگەیەنێت و شارەزای مێژووی ناوچەکەی دەکات. نوسەر لەم کتێبەدا سودی لەزۆرێک لەسەرچاوە مێژووییەکان وەرگرتووە و بابەتەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند کردووە.




هەواڵنامەی کتێب

### ٢. شار و ڕەفتاری تاک

نوسینی: ئەندازیاری ڕاوێژکار محەمەد عەزیز محەمەد

کتێبی ژێرخانی فیزیکی و ئەندازەیی شار و ڕەفتاری تاک، لەنوسینی ئەندازیار محەمەد عەزیز محەمەدە و لەدوو توێی (٢١٦) لاپەڕەدایە، پێکهاتووە لەپێشەکییەک کە لەلایەن ئەندازیار تەیب جەبارەوە نوسراوە و دەست پێکێکی نوسەر و (٢٨) بەش و ڕاسپاردەیەک لەکۆتایی کتێبەکەدا.

نوسەر لەم کتێبەدا گرنگی زۆری داوە بەبوارەکانی پلاندانان بۆ بونیادی شار و ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، چ گرفتەکانی پلاندانان بێت یان گرفتەکانی لایەنی تەلارسازی بێت، هەروەها گرنگی زۆری داوە بەتیۆر و قوتابخانەکانی چارەسەر و پلانسازی شار و لەو میانەیەشدا باسی تیۆری بلۆکی چوار گۆشەی نیشتەجێ بوون و تیۆری شاری هێڵ (The Linear city) و تیۆری فرە سەنتەری و تیۆری گەڕەکی نیشتەجێ بوونی کامڵ و تیۆری ڕووبەرە ناوەندەکان (Central Places) داوە. هەروەها باسی کاریگەری ژینگەی شار دەکات لەسەر ڕەفتاری تاکەکان، کاریگەری نەگونجاوی شوێنی بونیادنانی شار لەسەر ڕەفتاری تاکەکان، کاریگەری ڕووبەری سەوزایی لەسەر ڕەفتاری تاکەکان، کاریگەری پیسبوونی هەوا و گونجاوی شوێنی شار لەسەر ئینتیمای تاکەکان دەکات.




لەڕووی زانستی دەروونی تەلارسازی و ڕێکخستنی بۆشاییەکانی شار و کاریگەری تەلارسازی لەسەر ڕەفتار و لەسەر تاوانکاری تاک لەشاردا دەکات.

### ٣. گەڕەکی شۆرجە

نوسینی: هوشیار بەکر عەزیز

کتێبی گەڕەکی شۆرجە، لێکۆڵینەوەیەکی ئیتنۆگرافی مێژوویی بایۆگرافییە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر لەسەر ئەرکی ئەکادیمیای کوردی چاپکراوە، لەدوو توێی (٥٧٢) لاپەڕەدایە و تەرخان کراوە بۆ مێژووی




یەکێک لەگەڕەکە دێرینەکانی شاری کەرکوک کە گەڕەکی شۆرجەیە، کتێبەکە لەلایەن دکتۆر جەبار قادرەوە پێشەکیەکی بۆ نوسراوە و چەندین بابەت لەخۆ دەگرێت لەبارەی مێژووی دروست بوونی گەڕەکەکە و سروشتی خاکەکەی و کارێز و کانیاوەکانی شوێنەکە و ڕووپێوی گەڕەکەکەی تێدایە، پاشان باسی چۆنێتی دروست کردنی خانووەکان و پێکهاتەی دانیشتوانەکەی و ژمارەیان کراوە، باسی بواری ئابوری و کار و کاسبی خەڵکەکەی و ڕووداوەکانی گەڕەکەکەی کردووە و ئاماری پیشەوەرانی بازاڕی شۆرجەی کردووە وەک (چاخانەکان و جگەرە فرۆشەکان و نانەواکان و کارگەکانی ساردەمەنی و شیرینی و ئاسنگەر و پاسکیلچی و نەوت فرۆشەکان و ....تاد).

هەروەها باسی قوتابخانەکان و باخچەکانی ساوایان و ناودارانی گەڕەکەکە و مزگەوتەکان و دامەزراوە خزمەت گوزارییەکان و دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکەکەی کردووە، هەروەها باسی ڕووداوەکانی شۆرجەی کردووە کە زورینەیان دڵتەزێن و ناخ هەژێنن و لەلایەن ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسەوە بەسەر خەڵکی ئەم گەڕەکەدا هێنراوە.

لەکۆتاییشدا بەشێکی فراوانی بۆ ناودارانی گەڕەکەکە و ژیاننامەکانیان و وێنەکانی گەڕەکەکە تەرخان کردووە.

### ٤. ڕۆمانی تۆ هەموو شتە جوانەکانی منی

نوسینی: ئەحمەد ئال حەمدان

وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل




هەواڵنامەی کتێب

ئەم ڕۆمانە لەدوو توێی (١٤٣) لاپەڕەدایە و لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەندەوە بەچاپ گەیەنراوە، ئەم ڕۆمانە، ڕۆمانێکی ڕۆمانسیە و باسی خۆشەویستی کچێک دەکات کە چیرۆکی خۆشەویستیەکەی لەچەند لاپەڕەیەکدا نوسیوەتەوە، بەسێ کۆمەڵە دەستنوس بەمنداڵێکدا دەینێرێت بۆ نوسەرێک لەکتێبخانەیەک لەپێشەنگایەکی کتێبی ساڵی (٢٠١٨)ی جەدە لەعەرەبستانی سعودی و نوسەریش وێڵ دەبێت بەدوایدا بەڵام کچەکە خۆی پێشان نادات، تەنها ئەوەش دەزانێت کە ناوی کچەکە بەپیتی تێ کۆتایی دێت، نوسەر دەکەوێتە دۆخێکی دەروونییەوە کە هەمیشە هەست دەکات نوسەری دەست نوسەکان و ئەو کیژۆڵە بچکۆلەیەی کە دەست نوسەکانی بۆ دەهێنێت لەدەوروبەرین، بەڵام ئەم ناتوانێت بیانبینێت.

لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا نوسراوە: (کەس پەی بەدێرەکانی ئەم کتێبە نابات، ئەوانە نەبن ڕۆژێک تاڵی دابڕانیان نۆشی، جا ئەگەر تۆ لەوانە نیت، ئەوا ئەم کتێبە بۆ تۆ هیچ ناگەیەنێت، دەمودەست بیگەڕێنەوە جێگەی خۆی و بەهێمنی شوێنەکە جێبهێڵە).

### ٥. گەشە پێدانی خود

نوسینی: ئازاد عەلی ساڵح

ئەم کتێبە لەدوو توێی (٣٠٢) لاپەڕەدایە و لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێرەوە بەچاپ گەیەنراوە، کتێبەکە لەشەش تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم دەربارەی گەشە پێدانی خودە، باسی گرنگی گەشەپێدانی خود و چۆنێتی گەشەپێدانی خود و چۆنێتی دەست بەردار بوونی خووە خراپەکانی وەک جگەرە کێشان دەکات، هەروەها هانی خوێنەر دەدات بۆ گۆڕانکاری لەخوددا. تەوەری دووەم دەربارەی مێشکە ئەقڵی ئاگا و نائاگا، لەم تەوەردا هانی خوێنەر دەدات بۆ بەکارهێنانی مێشکی و کاریگەری مێشک لەسەر سیستەمی بەرگری جەستە و پارێزگاری کردن لەبەدروستی هێشتنەوەی مێشک و بەردەوامیدان بەپرسیار کردن بۆ گەشە پێدانی مێشک و بیر کردنەوەی باش. تەوەری سێیەم دەربارەی سەرکەوتنە و پێناسەی سەرکەوتن و



سەرکەوتووەکان دەکات و هانی خوێنەر دەدات بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن پێویستە ئامانجەکانی دیاری بکات و هەرەس بەترس و فۆبیا بهێنێت و خودی خۆی دیسپلین بکات و خۆی لەکەسانی ڕووخێنەر دوربخاتەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی و تۆمار کردنی سەرکەوتن. تەوەری چوارەم دەربارەی بەختەوەریە و هانی خوێنەر دەدات بۆئەوەی دووری بخاتەوە لەڕەشبینی و هەمیشە کار بۆ بەختەوەر کردنی خود بکات. تەوەری پێنجەم دەربارەی کەسایەتییە، لەم تەوەرەدا پێناسەی کەسایەتی و دیاری کردنی ڕەهەندە




گەورەکانی کەسایەتی کراون، هانی خوێنەر دراوە بۆ ناسینی کەسایەتی خۆی و چۆنێتی گەشەپێدانی. تەوەری شەشەم و کۆتایی دەربارەی ڕێبەرایەتی کردنە، گرنگی ڕێبەر و ڕێبەرایەتی کردن لەم سەردەمەدا باس دەکات و هانی خوێنەر دەدات بۆئەوەی هەوڵ بدات ببێت بەڕێبەر و شێوازەکانی ڕێبەرایەتی و خەسڵەتەکانی ڕێبەری بۆ شی دەکاتەوە.

### ٦. حەوتەکانی حەمەتاڵ

نوسینی: حەمەسەعید زەنگنە

حەوتەکانی حەمەتاڵ پێکهاتووە لە(١٠٠) نوقڵە چیرۆک و لەدووتوێی (٢٥٦) لاپەڕەدایە و خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بەچاپیان گەیاندووە، ئەم کۆمەڵە چیرۆکە کورتە هەریەکە و چیرۆکێکە و ڕووداوێک دەگێڕێتەوە و ناونیشانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەریەکەشیان باسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، بۆنمونە باسی کارەساتی ئەنفال و چیرۆکەکانی نوگرە سەلمان، تەقینەوەکانی تیرۆرستان قوربانیە بێتاوانەکان و دەست و لاق قرتاوەکان، هەروەها باسی نامەردی ئەوانەی کێچ خواردبوونی و دوای گەیشتن بەدەسەڵات چاکەی میللەتیان لەبیر چووەوە، خەون و کۆششی منداڵێک بۆ کڕینی تۆپێک بەسێ پەنجایی بۆ یاری کردن و تەقاندنی تۆپەکە لەلایەن کەسێکی بێویژدانی دوژمن بەمنداڵ و خۆشی ژیان و .... تاد. شایانی باسە حەوتەکانی حەمەتاڵ پڕن لەچیرۆکی پڕ واتا و سەرنج ڕاکێش.

هەواڵنامەی کتێب




**٧. دیارییەکانی (CDO)**

ڕۆژی ٥ی ئادار ڕێکخراوی گەشە پێدانی مەدەنیەت (CDO)، کۆڕێکی لەناوەندی دیالۆگ سازدا بۆ دابەش کردنی حەوت کتێب، بەبێ بەرامبەر بەسەر ئامادە بووانی کۆڕەکەدا دابەش کران، کتێبەکان ئەمانەی لای خوارەوە بوون:

١- ئایدیای خۆشەویستی - بابەت/ شیکاری دەق - نوسینی ئارام بامۆکی.

٢- قوتووی عەتار - بابەت/ بەرگی سێیەمی ئەرشیفی نوسینە ڕۆنامەوانیەکانی نوسەر و شاعیر ستیڤان شەمزینی.

٣- هستریای وشە و حونجەی بێدەنگی - بابەت/ دەق - نوسینی ستیڤان شەمزینی.

٤- دنیای بێدەنگی - بابەت/ شیعر - نوسینی مەریوان قەرەداخی.

٥- خەندە گرینۆکەکان و مەراقنامەی پیاوێکی سوریالی - بابەت/ دەق - نوسینی ستیڤان شەمزینی.

٦- بەئەوینت ڕابـردووم بسڕەوە - بابەت/ شیعر - نوسینی ستیڤان شەمزینی.

٧- خۆشەویستی لەسەردەمی شێرپەنجەدا - بابەت/ دەقی ئەدەبی - نوسینی ستیڤان شەمزینی.

# کرکوك لە ئاشوبەکەی ١٩٥٩دا



موعتەسەم نەجمەدین



لەڕۆژانی پێش ١٤ی تەموزی ١٩٥٩ دۆخی کەرکوک لەبارێکی زۆر نائاسایدا بووە، خەڵکی شار ڕۆژانێکی پڕ لەترس و دڵەڕاوکێیان دەگوزەراند. زۆر بەدڵنیایەوە هەستیان بەو پیلان و مەترسیانە دەکرد کە لەڕۆژانی داهاتوودا چاوەڕوانیان دەکات. نەخشە و پیلانی نەیارنی کورد و حکومەتەکەی قاسم و ڕکەبەرایتی و ململانێی نێوان دوو ڕەوتی هزری سیاسی بۆ باڵابونی هەژمون و دەسەڵات و هەوڵی شکاندنی ئەویتر بەتەواوەتی سیمای دەرکەوتبوو. ئەجندای حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان لەهەردوو بەرەی هزری و سیاسی (نەتەوەیەکان و چەپەکان) تێکەڵ بەئەجندای وڵاتانی هەرێمایەتی و دەزگا سیخوریە دەرەکیەکان ببوون. تارمای خەم و ترس و دڵەڕاوکێ لەهەموو کوچە و کۆڵان و گەرەکێکی ئەم شارەدا نەقشی خۆی دانابوو. خەڵکی بەگشتی هەستیان بە بوونی پیلانێکی مەترسیدار لەسەر پرۆسەی ئاشتەوای و پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی





کەرکوک دەکرد. نەیارانی عێراق و کورد زۆر بەووردی و بەبەرنامە کاریان لەسەر تەقاندنەوەی بارودۆخەکە و خولقاندنی شەڕ ئاشوبێکی خوێناوی دەکرد.

لەو دەمەدا ململانێ و ناکۆکی نێوان هەردوو ڕەوتی چەپی نزیک لەسۆڤێتیەکان و ڕەوتی نەتەوەیی نزیک لەئاراستەی سەرمایەداری جیهانی بەڕابەرایەتی ئەمریکا لەتەواوی جیهاندا لەتەشەنە کردن و قوڵبونەوەدا بووە. ئەم دوو ئاراستەیە لەعێراقدا بەتایبەتی لەدوای سەرکەوتنی کودەتاکەی زەعیم عبدولکەریم قاسمەوە زۆر بەخێرایی گەشەی دەکرد و ناکۆکی و پێکدادان و ڕکەبەرایەتیەکانیان توندتر و ئاڵۆزتر و کەلەبەری نێوانیان فراوانتر دەبوو.

لەڕۆژی ١٣ی تەموزدا ڕواڵەتی ئەم دوو ئاراستە سیاسی و هزریە زۆر بەڕوونی لەبارودۆخی کەرکودا ڕەنگی دابووەوە. پێکهاتەکان و خەڵکی سڤیلی ئەم شارە بەزۆرینەی ڕەها لەنێوان ئەم دوو ئاراستە ناکۆک و دژ بەیەکەدا دابەشببون. ئاراستەیەک کە گروپێک لەعەرەبی شۆفینی و تورکمانی موتەتەڕیف بەڕێوەیان دەبرد، ئاراستەیەکیش لەلایەن شیوعیەکانەوە بەڕێوە دەبرا، بەوەی واقعی سیاسی ئەو دەمە وابوو زۆرینەی شیوعیەکان لەپێکهاتەی نەتەوەی کورد بوون، بۆیە دواتر زۆر بەئاسانی دوژمنانی کورد و تورکمان توانیان ئەم شەڕە بکەنە شەڕی کورد و تورکمان و لاپەڕەیەکی ڕەش لەمێژووی پەیوەندی و پێکەوە ژیانیان تۆمار بکەن. هاوکات لەدوای ئەو ڕۆڵەی شیوعیەکان لەشکست پێهێنان و کۆتایهێنان بەکودەتا و جوڵانەوەکانی شەواف لەموسڵ بینییان، شیوعیەکان نازێکی زۆریان بەسەر قاسمدا دەکرد، بگرە توشی جۆرێک لەبوغرایی سیاسی ببوون. لەو دەمـەدا جگە لەئەمانیش سیخوڕەکانی کۆمپانیای نەوتی باکور و دەزگای هەواڵگری تورکیا زۆر بەووردی کاریان لەسەر هەڵگیرسانی شەڕ و قوڵکردنەوەی ناکۆکیەکان دەکرد. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێگاو ئامرازیان بۆ ئیستیفزاز کردن و نانەوەی شەڕ و پشێوی و ئاشوب.. و تادییان، گرتەبەر.

کودەتا سەربازیەکەی شـەواف لەموسڵ لەمانگی ئازاری ١٩٥٩ پلانێکی ئەفسەرە نەتەوەیەکانی دژ بەزەعیم عبدولکەریم قاسم ئاشکرا کرد. لـەڕۆژی کودەتاکەدا شاری کەرکوک لەلایەن تورکمانە موتەتەڕیفەکان و عەرەبە شۆفینیەکان شڵەژێنرا، خۆپیشاندان و پاڵپشتی بۆ کودەتاکەی شەواف دەستی پێکرد و تورکمانەکان دەوروبـــەری بارەگاکانی حزبی شیوعی و پارتیان لەکەرکوک گەمارۆ دابـوو. لەئێوارەی هەمان ڕۆژدا بەشکستی کودەتاکەی شەواف ئەم خۆپیشاندانانە کۆتایان هات، بەڵام بەدیویێکیتردا نیەتی ڕاستەقینەی تورکمانە موتەتەڕیفەکان و نەتەوەیە شۆفینیەکانیش لەدژایەتی کردنی زەعیم و شیوعیەکان و کورد بەتەواوەتی ئاشکرا

بوو. لەیەکەم کاردانەوەدا زەعیم عبدولکەریم قاسم بڕیاری گرتنی نازم تەبەقچەلی دەرکرد و لەفەرماندەی فیرقەی دووی کەرکوک دووری خستەوە.

لەدوای سەرکەوتنی کودەتاکەی زەعیم عبدولکەریم قاسم بەسەر دەسەڵاتی پاشایەتی لەعێراق، زەعیم تەبەقچەلی دەنێرێتە کەرکوک و وەک فەرماندەی فیرقەی دوو دەست بەکار دەبێت. بەدرێژای ئەو ماوەیەی لەکەرکوک باڵادەست بوو کاری لەسەر دژایەتی کردنی شیوعیەکان و کورد کردوە و کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان کورد و تورکمان و عەرەبی قوڵتر دەکردەوە. تەبەقچەلی بەوەی پیاوێکی شۆفینی عەرەب بوو، زۆر ڕق و کینەی لەشیوعیەکان و کورد و قاسم بوو، لەدوای شکستی کودەتاکەی شەوافەوە دەستی کەشف بوو. تێوەگلانی لەکودەتاکەی شەواف دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیاری گرتن و لەسێدارادانی لەلایەن زەعیم عبدولکەریم قاسمەوە بۆ دەربچێت. ئەو دەم لەبەرامبەر ڕۆڵی شیوعیەکان لەکۆتایهێنان بەکودەتاکەی شەواف و هاوکات وەک سیاسەتێک بۆ گۆشەگیر کردنی بەرەی نەتەوەی دژ بەحکومەتەکەی زەعیم عبدولکەریم قاسم، زەعیم داوود سلمان ئەلجنابی لەجێگای تەبەقچەلی دەکاتە فەرماندەی فیرقەی دوو لەکەرکوک. جەنابی کەسایەتیەکی نزیک لەشیوعیەکان بوو، بۆیە بەم هۆیەوە هەژموونی جەماوەر و سیاسیە شیوعیەکان لەکەرکوک بەردەوام لەزیادبوون و فراوان بووندا بووە، ئەم گەورە بوونە نەک هەر لەڕووی جەماوەرییەوە زۆر زیادیان کرد، بەڵکو توانیان کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری سوپاش بکەن. لەو دەمەدا دام

کەرکوک



لەدوای سەرکەوتنی کودەتاکەی زەعیم عبدولکەریم قاسم بەسەر دەسەڵاتی پاشایەتی لەعێراق، زەعیم تەبەقچەلی دەنێرێتە کەرکوک و وەک فەرماندەی فیرقەی دوو دەست بەکار دەبێت. بەدرێژای ئەو ماوەیەی لەکەرکوک باڵادەست بوو کاری لەسەر دژایەتی کردنی شیوعیەکان و کورد کردوە و کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان کورد و تورکمان و عەرەبی قوڵتر دەکردەوە.



و دەزگا ئەمنیەکانی کەرکوک و پۆلیس، لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی تورکمانە موتەتەڕیف و عەرەبە شۆڤینیەکاندا بوو، زۆر نیگەران دەبن لەم گۆڕانکاریە، بە بەردەوامی کاریان بۆ نانەوەی ئاشوب و کێشە و قوڵکردنەوەی ناکۆکیەکان و هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆی دەکرد. تورکمانە موتەتەڕیفەکان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر ناکۆکی و شەڕێک. لایەنگرانی قاسمو شیوعییەکان وەک تەحەدایەک زیاتر خۆیان بۆ مەراسیم و جەژنی یاد کردنەوەی ١٤ی تەمووز ئامادە دەکرد، بەمەش لایەنگرانی هەردوو لا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر نیگەران و تووڕە دەبوون. بەرەی شۆڤینیە نەتەوەییەکان بەپاڵپشتی و یارمەتی دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکیا و سیخوڕەکانی کۆمپانیای نەوتی باکور کاریان بۆ تێکدانی خۆپیشاندانەکە و شکست پێهێنانی یاد کردنەوەکە دەکرد. لەو دەمەدا هەڵەیەکی ستراتیجی شیوعیەکان بوو بەهۆی ئەوەی زەعیم عبدولکەریم قاسم هەڵوێستی لەسەر شیوعیەکان بگۆڕێت. شیوعیەکان بەزیادبوونی هەژمونی جەماوەری و سیاسیان لەسەرانسەری عێراقدا کەوتنە داواکردنی بەش لەدەسەڵات و خۆیان بەهاوبەشی قاسم بەیان دەکرد. بەمە عبدولکەریم قاسم هەست بەمەترسی شیوعیەکان لەسەر ئایندەی دەسەڵاتەکەی دەکات، هەر بۆیە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە کار بۆ گۆشەگیر کردن و سنوردار کردنەوەی دەسەڵات و هەژمونی جەماوەری و سیاسی شیوعیەکان. بەدوو هەفتە پێش ئاشوبەکەی کەرکوک بڕیار دەدات بەلابردنی داود سەلمان جەنابی لەفەرماندەی فیرقەی دوو و لەجیگایدا ئەفسەرێکی نزیک لەخۆی بەناوی مەحمود عبدولرەزاق دادەنێت. لەو دەمەدا تورکمانەکان زۆر دڵخۆش دەبن بەلادانی جەنابی هاوکات وەک تێکچونی پەوەندی نێوان زەعیم عبدولکەریم قاسم و شیوعیەکان شرۆڤەی بۆ دەکەن. هەر ئەم بۆچونە هانیان دەدات لەبەرامبەر شیوعیەکان و کوردا زۆر توندتر و شەڕانگێزتر بن.

لەڕۆژی ١٤ی تەموززدا مەراسیمی یادکردنەوەکە دەست پێدەکات. سەرەتا بەشێوەی خۆپیشاندانی ئاشتییانە بە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری دەست پێدەکات و ڕوو دەکاتە پردی کۆن، لەکۆتایی بازاڕی گەورەوە، بۆ شەقامی ئەتڵەس و ڕوو لەگەڕەکی قۆریە دەکات، لەهەمان کاتدا خۆپیشاندانێکی جەماوەری دیکە بەرەو کۆتایی شەقامی مەجیدیە بەڕێدەکەون و بەدەوری بینایەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسدا دەسوڕێنەوە بۆ شەقامی ئەتڵەس. لەو کاتدا لەسەر گازینۆی ١٤ی تەموززەوە و لەچەند سەرچاوەیەکی نادیارەوە چەند تەقەیەک لەلایەن تورکمانە موتەتەڕیفەکانەوە دەکرێتە سەر خۆپیشاندەران. دواتر تەقەکان بەرە بەرە زیاد دەکات و بارودۆخەکە بەتەواوی گرژی تێدەکەوت. خۆپیشاندەران بۆیان دەردەکەوێت ئەو تەقانە لەلایەن

هەواڵنامەی کتێب

عوسمان خدری خاوەنی گازینۆکەوە بووە کە پیاوێکی تۆرانی بووە، بۆیە هەر لەوێ دەیکوژن. ئەمە سەرەتای ئەو کارەساتە بوو کە دواتر هەردوو گەلی تورکمان و کورد زۆر بەقورسی هەتا ئەمڕۆش باجەکەی دەدەن. ئەم یادە وەک کارەساتێک ڕۆژ بەڕۆژ و ساڵ بەساڵ گەورەتر کراوە و وەک تاوانێکی دژ بەتورکمان لەلایەن کوردەوە لەمێشکی نەوە لەدوای نەوەی تورکمانەکاندا بە بەرنامە دەچەسپێنرێت. ئەم باسە بە بەردەوامی وەک کارتێکی بەهێز بۆ خوڵقاندنی ناکۆکی نوێ و هێشتنەوەی ڕق و کینە و ناکۆکیە کۆنەکە لەلایەن نەیارانی هەردوو گەلەوە بەکار دەهێندرێت.

لەدوای ڕووداوەکە، بڕیاری قەدەغە کردنی هاتووچۆ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ڕادەگەیەندرێت و سوپاو شیوعییەکان و هێزە چەکدارەکەیان (المقاومة الشعبیة) دەست دەگرن بەسەر بارودۆخەکەدا. شیوعییەکان بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە لەتورکمانەکان و هاوکات بەمەبەستی دووبارە کردنەوەی هەمان سیناریۆی موسڵ، بەئامانجی بەدەست هێنانی چەند دەستکەوتێکی سیاسی نوێ، هەروەها بۆ زیاتر ڕازی کردنی قاسم و ڕژێمەکەی کە هەتا ئەو دەمەیش هەر بەڕژێمێکی نیمچە شیوعی ناودەبرا، زۆر بەفراوانی و چڕی کار بۆ ئەنجامدانی یادەکە و تێکشکانی تورکمانە موتەتەڕیفەکان و عەرەبە شۆفینیەکان دەکرد. لەم ڕووداوەدا شیوعیەکان، بەزۆری لەنەتەوەی کورد بوون کەوتنە هێرش کردنە سەر تورکمانە تۆڕانییەکان، بەتایبەتی لەهەردوو سینەمای ئەتڵەس و عەلەمەین. چەندین کەس کەوتنەبەر لێشاوی شیوعییەکان و هەندێک لەئەفسەر و سەربازانی سەر بەقاسم. لەو ڕۆژەدا چەندین کەس کوژران. زۆربەی هەرە زۆریان تورکمان بوون. هەندێک سەرچاوە دەڵێن: ژمارەی کوژراوەکان بیست و پێنج کەس و بریندارەکانیش سەدوسی کەس بوون، ئەمانە هەموویان تورکمان بوونە. هەندێکی دیکە پێیانوایە ژمارەی کوژراوەکان سی کەس بوون و بەدەیان بریندایش هەبووە و لەنێو ئەمانەدا عەرەب و کوردیش هەبوون.

بۆ بەرگرتن لەم کارەساتە فەرماندەی فیرقەی دوو پەیوەندی بەکۆمپانیای نەوتەوە دەکات بۆ ئەوەی یارمەتی سوپا بدەن لەکۆنترۆڵ کردنی بارودۆخەکەدا، بەڵام سەرانی کۆمپانیاکە بەدەنگ داواکەی فەرماندەی فیرقەوە نایەن و ئامادە نابن بەشداری بکەن لەکۆنترۆڵ کردنی دۆخەکەدا. دواتر پەیوەندی بەنەخۆشخانەی کۆمارییەوە دەکات، بەڵکو فریای بریندارەکان بکەون و لاشەی کوژراوەکان لەشەقام و بازاڕەکاندا هەڵبگرنەوە، بەڵام بارودۆخەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتر بوو کە کەس بوێری ئـەوەی تێدا بێت بێتە نـاو ڕووداوەکـــەوە و یارمەتی لێقەوماوان بدات. هەر کەسێک، یان لایەنێک بهاتایەتە ئەو وەزعەوە ئەوەندی بەس بوو کە یەکێک



بڵێت: ئەمە تۆرانییە، یان دوژمنی دەسەڵاتی زەعیمە یەکسەر دەکەوتە بەر لێدان و ئەشکەنجەدان و کوشتن. لەو خۆپیشاندانەدا ڕێکخراوەکانی (شەبیبەی دیموکراتی و شیوعییەکان) و بەرەی نیشتیمانی بەهەڵگرتنی ئاڵای ڕوسیا و بەوتنەوەی شیعاری (الجبهة جبهة وطنية، صداقة سوفيتية ـ عراقية، الجبهة جبهة وطنية، لا إنحراف، لارجعية) و (خلي ولي طبقجلي) کەوتنە ئیستیفزاز کردنی تورکمانەکان. هاوکات تورکمانەکانیش هـاوار و پیاهەڵدانی سـەرکـردە عوسمانییەکان و ئەتاتورکیان دەکرد و داوای گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵیان دەکرد بۆ نیشتیمانی دایک، تورکیا دەکرد. لەڕاستیدا ئەم داوایەی تورکمانەکان ئەوەندە نالۆجیک و تێکەڵ بەخواستی نەیارانی عێراق بـوو، وەهـای کرد دەسەڵات و شیوعیەکان وەک سیخوری حکومەتی ئەتاتۆرک مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. لەو ڕۆژەدا تورکمانە تۆرانییەکان چەندین دارلاستیک و قۆچەقانی و چەندین ئامرازی دیکەی شەر کردنی شەقامیان ئامادە کردبوو، بەردێکی زۆریان لەچەندین جێگا و سەربانەکانەدا بۆ شەڕ و لێدانی خۆپیشاندەرەکان کۆکردبوەوە. بەڕاستی ئەوە حەقیقەتێکی تاڵە، کە ئەو سێ ڕۆژە (١٤، ١٥، ١٦)ی تەمووز بەگرانی لەسەر تورکمان بەڕێوەچوو. شیوعییەکان و سوپا کەوتنە کوشتن و هەڵواسینی چەندین تورکمان. لەڕاستیدا دیـاردەی هەڵواسین و کوشتن و ڕاکێشانی تەرمی کوژراوەکانی نەیاری هێزی باڵادەست لەعێراقدا دیاردەیەکی نوێی نەبوو، بەڵام لەکودەتاکەی قاسمەوە ئەم کردەوەیە بوو بەدیاردە و دواتریش بووە کولتورێکی دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکانی دوای قاسمیش، جگە لەکودەتاچیەکان لەدوای ئەوانەوە هەموو هێزە سیاسیەکان لەکاتی باڵادەست بونیاندا بۆ ترساندن و شکاندنی ئیرادەی نەیارەکانیان پەیرەویان دەکرد.

سەر لەبەیانیی ١٤ی تەموز شار خرۆشا و ئاپۆڕەی خۆپیشاندان لەچاوگەکانی ناکۆکییە نەتەوایەتییەکانەوە دەستی پێکرد. کورد لەگەڕەک و کۆڵانە کوردییەکانەوە بەدروشمی کوردایەتی (پێشڕەوەی کورد پارتییە سەرۆکمان بەرزانییە) زۆربەی شەقام و شۆستەکانیان داگیرکرد، تورکمانەکان بەدروشمی دژایەتی کردنی کورد و شیوعییەکان بەکەوا و چاکەت و جامەدانی لەسەر شان وەکو عورفێکی تورکمان لەکەرکوک کەوتنە بەرامبەر شیوعیەکان. لەو دەمەدا شیوعییەکانیش هەردوو بیری نەتەوایەتییان بەبیری شۆفینزم و ڕەجعیەت و دوژمنی سەرسەختی خۆیان دەزانی، بەڵام هەرچی تورکمانەکان بوون لەژێر کاریگەری بیر و دنیابینی کەمالیزمدا بوون و لەسەر هەمان دنیابینی تورکیای کەمالیزم بیروباوەڕی شیوعی و جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کوردیان بەدوژمن و نەیاری سەرەکی خۆیان دادەنا. هەرچی بەرەی عەرەبە




شۆڤینیەکانیش بوو بەوەی هەم دژی دەسەڵاتەکەی قاسم و هەمیش دژی جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کورد بوون، دەستیا دەدا بەپشتی تورکمانە موتەتەڕیفەکاندا و کاریان لەسەر قوڵ کردنەوەی شەڕ و ناکۆکیەکان دەکرد. ئەو ڕۆژە شەڕ لەنێوان شیوعییەکان کە بەزۆری بەرگی کوردیان پۆشیبوو لەگەڵ تورکمانەکاندا قەوما، هەر هەموو تێکەڵ بەیەک کەوتنە و ویزەی یەکتر. کورد و شیوعیەکان لەتورکمان، تورکمان و عەرەب لەکورد و شیوعیەکان، لەو ڕۆژانەدا تەرمی چەندین تورکمان دەبەسترا بەدوای ئۆتۆمبیل و لەجادە و شۆستەکان ڕادەکێشران، ئەو ئۆتۆمبێلانە بەزۆری سەیارەی ئاسایش و حکومەت بوون.

ئەم ڕووداوە زۆر لەسەر شیوعییەکان کەوت و بەخاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لەژیانی سیاسییاندا، بەڵام نەک بەرەو بەرزبوونەوە، بەڵکو بەرەو نەهامەتی و دامێن و کەوتنە بەر هێرش و لێدانی سیاسیی و سەربازی قاسم، هۆی ئەم لێدانەیش ئەو تاوان و کوشتوبرە نەبوو کە لەکەرکوکدا ئەنجامیان دابوو، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە بوو، لەدوای ڕووداوەکەی شەوافەوە ڕاستەخۆ شیوعیەکان کەوتنە داواکردنی بەش لەدەسەڵاتەکەی قاسم، خۆیان وەک هاوبەشێکی حکومەتەکەی بەیان دەکرد. بەمەیش قاسم زۆر تورە دەبێت، بۆیە ئەو ڕووداوە بەهەلێک دەزانی بۆ لێدانی شیوعیەکان. لەسیاسەتەکانی زەعیم عبدولکەریم قاسم بۆ لاواز کردنی شیوعیەکان و شکاندنی شکۆ



و ئیرادەیان ڕاستەوخۆ کەوتە هێرش کردنە سەریان، هاوکات لەڕێگای داماڵینی هێزەکانی (مقاومەی شەعبی) لەچەک و دەسەڵات، نینۆکی هێز و دەسەڵاتی شیوعیەکان بەتەواوەتی دەکات.

لەچەند هێرشێکی ڕاگەیاندنەدا زۆر بەتوندی لێدوان لەدژی شیوعیەکان دەدات، جارێک لەمەراسیمی کردنەوەی کەنیسەی (مار یوسف)دا، دەچێتە سەر مینبەرەکە جگە لەوەی کردارەکانی شیوعیەکان لەکەرکوک وەک تاوان دەناسێنێت، هاوکات پەیمانی ئەوە دەدات هەموو تێوەگلانی ئەو تاوانانە، واتا کوشتنی تورکمانەکان بەتوندی سزا بدات. لەجارێکی دیکەدا لەکۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا، لە٢٩ی تەمووزی ١٩٥٩دا ئەنجامی دەدات ئەو ڕووداوە بەتاوانێکی زۆر نارەوا و نائینسانی باس دەکات و هێرش دەکاتە سەر شیوعییەکان و تانەی ئەوەیان لێدەدات کە شیوعییەکان لەهەموو کەس زیاتر قسە لەسەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ و چەوساوەکان دەکەن، کەچی خۆیان بوون بەسەرچاوەی زوڵم و کوشتنی خەڵکی مەدەنی و دەڵێت: ئایا ئەم کردەوە دەکرێت لەلایەن ڕێکخراو و کەسانی دیموکراتییەوە ئەنجام بدرێت. بەواتە ناڕاستەخۆ دەڵێت: شیوعیەکان ڕێکخراوێکی نادیموکراسی و فاشین و پێویستە سزا بدرێن و دەسەڵات و هەژمونیان سنوردار بکرێت.

لەدوای ١٦ی تەمووز زەعیم عبدولکەریم قاسم هێزێکی سەربازیی لەبەغدادەوە ڕەوانەی کەرکوک دەکات، بەگەیشتنیان بەم شارە ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی سڤیل و کەسایەتیە دیارەکانی شیوعییەکان تاوانبار و بێتاوان،



مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی

مەلا جەمیل لەڕۆژنامەی (نداء الاهالي) وتارێك ئەنووسێت بەناونیشانی (كوردو توركمان ٥٠٠ ساڵە لەم شارەدان هەتا ئێستا ناكۆكی لەنێوانیاندا نەبووە، ئەم كارەساتە ڕوویداوە دەستی دوژمنانی هەردوو لایە)

بەرەشبگیریی دەستگیر دەکرێن. تورکمانەکان لەکەرکوک دەکەونە خۆیان بۆ تۆڵەکردنەوە لەکورد و شیوعییەکان. لەڕۆژی سێیەمدا بارودۆخەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، ڕووداوەکـان ئاڕاستەیەکی تر وەردەگرێت. لەڕۆژانی پێشوودا کە دەسەڵاتی شار بەدەست شوعییەکانەوە بوو، کەوتبوونە ویـزەی تورکمان و کوشت و بڕو و ئیهانە کردنیان، لەو ڕۆژانــەدا جلو بەرگی کوردی پاسپۆرتی هاتووچۆ بوو، لەدوای سێ ڕۆژ بارودۆخەکە بەتەواوەتی پێچەوانە بووەوە، کورد و جلوبەرگی کوردی بوون بەقاچاغ و شاڵاوی گرتن و کوشتن و ئیهانە کردنی کورد دەستی پێکرد، لەپاڵ کوشتن و گرتنی تاوانباران، تورکمانەکان بەپاڵپشتی سوپا کەوتنە ئازاردان و لێدانی خەڵکانی هەژار. تێزابیان بەچاوی چەندین کەسدا دەکرد و چەندین کەسی بێتاوان و بێ گوناهیان شەهید کرد، ئەو ڕۆژانە بۆ کورد ڕۆژگارێکی زۆر ڕەش و دژوار بوو. چەندین کەسایەتی کۆمەڵایەتی و پیاو ماقووڵ و دوکاندار و کاسب ڕۆژانە لەسەر کار و دوکانەکانیان دەکەوتنە بەر لێدان و ئازاردانی تورکمانەکان، بێ ئەوەی هیچ کەسێک بتوانێت لەسەریان هەڵبدات. لەکاتی سکاڵا کردنیشدا ئەگەر تورکمان غەدری لەکوردێک بکردایە ئەوە لەپۆلیسخانە هەر کوردەکەیان دەگرت و ئازاریان دەدا، بۆیە کوردەکان نەیاندەوێرا بچنە گرتووخانە و پۆلیسخانەکانیش. دوکاندارە کوردەکان بەگشتی (ئەوانەی دوکانەکانیان دەکەوتە ناوچەی قۆریە و بازاڕی گەورە و قەیسەریەوە) لەترسی تورکمانەکان و لەترسی ئەوەی تێزاب نەکرێتە چاویان کە ئەو کات پیشەیەکی نوێی تورکمانە موتەتەڕیفەکان بوو، ڕایاندەکرد و دوکانەکانیان دەگواستەوە ناوچە کوردییەکان، یان هەر دوکانەکانیان دادەخست. لەوانە سەرجەم دوکانەکانی بـازاڕی قەیسەری گـەورە کورد بـوون، دوکانەکانیان بەجێهێشت و بەشێک لەو دوکانانە و ماڵە کوردەکان بەتاڵان دەبران و خاوەنەکانیشیان نەیاندەوێرا لەسەری هەڵبدەن و سکاڵا بکەن، هەندێک لەو کەسانەی ئەو ڕۆژە تێزابیان کرایە چاو ئەحمەد ڕەزا و فەتحوڵای محەی نازەی جەباری و چەندانی دیکە بوون. لەدوای دادگای کردن و سەپاندنی تاوانەکە بەسەر کورد و شیوعییەکاندا لێشاوی دەرکردن و نەفیکردنی هاوڵاتیانی کورد دەستی پێکرد، ئەم نەفیکردنە بەسەدان کەس، نەک بەتەنیا ئەوانەی فەرمانبەر و کارمەند و ئەفسەری حکومەت بوون، بەڵکو خەڵکی مەدەنیشی گرتەوە.


لەو دەمەدا هەندێک پیاوی کورد و تورکمان هەبوون، دووربینانە دەیانڕوانییە کێشە و گرفتەکان و ئەم ڕووداوەیان نەدەویست، یان ئەم کارەساتەیان پێخۆش نەبوو، لەوانە سەرەتا عەلە بەستێ و چەند کوردێکی دیکە بەدەیان تورکمانیان لەکوشتن و ئازاردان ڕزگار کرد و دواتریش خەلیل ئاغا چەندین کوردی لەکوشتن



و مردن ڕزگـار کرد. (ئەگەرچی خەلیل ئاغا موختار بوو، هاوکات بەپارە و بەرتیل یارمەتی کوردەکانی دەدا، بەڵام کوردێکی زۆری لەمردن رزگار کرد)، ئەو کوردانەی کە لەبەغداد و لەدادگا بێتاوان دەردەچوون و بەتەسفیرات دەگەڕێنرانەوە بۆ کەرکوک. لەکەرکوک کیتاب و فایلەکانیان وندەکرا، بەتایبەتی لەمەرکەزی سـەرای عـام، یان دەیانکوشتن، یان جارێکی دیکە دەیانگەڕاندنەوە بۆ بەغداد بەتومەتێکی نوێوە. ئەوەی جیگای نیگەرانیە دواتر کوڕێکی عەلە بەستێ لەلایەن بەرەی تورکمانە موتەتڕیفەکانەوە دەکوژرێت.

هەندێک لەو تورکمانانەی ئاگری شەڕەکەیان گەرم دەکرد و ببونە دوژمنی سەرسەختی کورد، بەڕەچەڵەک خۆیان کورد بوون و هەندێکیان لەکۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەمدا لەئێرانەوە بۆ کەسابەت هاتبوونە کەرکوک. لەساڵی ١٩٤٨دا ژمارەیەکی زۆر لەکوردانی خۆرهەڵات لەبەر برسێتی و هەژاری ڕوویان کردبووە کوردستان، بەشێک لەو کوردانە ڕوویان کردە شاری کەرکوک. لەو کوردانە هەندێکیان بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخەکەدا خۆیان کردبوو بەتورکمان، چونکە ئەو دەمە زۆربەی خانەکانی کار و کەسابەت بەدەست تورکمانەکانەوە بوو، ئەو خانانە وەک خانە سپی و خان گاورەکان و خان چاڵەکە.. هتد. بەگشتی موڵکی تورکمانەکان بوون. ئەو کوردانەی لەو خانانەدا مانەوە و کاریان دەکرد فێری زمانی تورکمانی ببوون و بۆ خۆپاراستن لەدەرکردنیان لەعێراق و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی ئەو دەمەی کەرکوکدا و لەپێناو نان و بژێویدا، دوای ساڵی ١٩٥٨ زۆربەیان خۆیان بەتورکمان ناونوس دەکرد. یەکێک لەو کەسانەی، کە دەیان کوردی کوشت ناوی (س. ت) بوو، بەڕەچەڵەک خەڵکی شاری سنە بوو، ئەو کات ماڵی لەگەڕەکی (بڵاخ)ی کەرکوک بوو. ئەم پیاوە هەر لەسەر کورد کوشتن دواتر لەگەراجی حەویجە، نزیک بازاڕی گەورە لێیدەدرێت و دەکوژرێت. هەندێک لەتورکمانەکان بەمەشەوە ناوەستن و دواتر بـەدوای بەندکراوەکاندا دەچنە بەغداد و لەدادگا شایەتی درۆیان لەسەر دەدەن و تۆمەتی شیوعییەتیان دەخستەپاڵیان و سوێندی درۆیان لەسەر دەخواردن تا سزای توندیان بەسەردا بسەپێنرێت. تورکمانەکان دەڵێن: لەسێ ڕۆژی پێشوودا کوردەکان نەک تەنها لەشاردا، بەڵکو لەگوندەکانیشەوە دەهاتن بۆ شەڕ و لێدانی تورکمان، بەڵام لەڕاستیدا لەڕۆژی ١٥ تەمووزدا واتا ڕۆژی دووەم بەفەرمانی سەربازیی فـەرمـانـدەی فیرقە ڕێگەیان لەهاتنی گوندنشینە کوردەکان گرت بێنە کەرکوکەوە. لەم پیلانەدا عەرەبە شۆڤێنیەکانیش کەوتنە پشت تورکمانە تۆڕانییەکان و وڵاتانی دەرەوە وەک ئێران و تورکیا و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو هەریەک بەڕێگایەک و هەریەک بەمەرامێک ئاگری ئەو شەڕەیان خۆش دەکرد. بەڕێوەبەری ئەمنی

کەرکوک کە پیاوێکی شۆفینی عەرەب بوو ڕۆڵێکی زۆر خراپی لەخۆش کردنی ئاگرەکە و هاندان و پاڵپشتی تورکمانەکانی لەدژی کورد دەگێڕا. ڕۆژانە ڕاپۆرت، زانیاری ناڕاست و درۆی هەواڵەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمنی بەغدا دەکرد. جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە کورد و شیوعییەکان سەرەتا بەتەقە کردن لەخەڵک و سەربازەکان دەستیان کردووە بەشەڕ و ئاژاوەنانەوە، ئەمەش زۆر لەڕاستییەوە و دوور بوو، چونکە بەڕاستی شەڕ لەبەرژەوەندی کورد و شیوعییەکان نەبوو، بەڵام دەزگا هەواڵگری و پۆلیسیەکانی ئەو دەمەی کەرکوک بەمەبەستی لێدانی کورد و شیوعییەکان هەموو ئەو تومەتانەیان بەمەرامی نانەوەی پشێوی و قوڵ کردنەوەی ناکۆکیەکان دەهۆنیەوە. لەڕاپۆرتێکی دیکەدا باس لەوە دەکات ئەفسەری خانەنشین فاتیح مەلا داودی جەباری لەبەرەی نیشتیمانی و جەبار محەمەد پیرۆزخان لە(إتحاد الشبيبة) و چەند کەسێکی دیکە لەئەفسەر و پۆلیسەکان لە١٥ی تەمووزدا پلانی ئەوە دادەنێن هەموو ئەو کەسانە کوشت و بڕ بکەن کە لەدژی ئەوان دەوەستنەوە. لەڕاستیدا ئەم پیاوانە نەیاندەویست شەڕ دروست ببێت، چونکە بەهیچ شێوەیەک شەڕ لەبەرژەوەندی خۆیان و حیزبەکەشیاندا نەبوو. بەتایبەتی فاتح مەلا داودی جەباری کە پیاوێکی زۆر نزیک بوو لەقاسم و ئەو خۆی بۆ ئەوە هێنابوویە کەرکوک بۆئەوەی نەهێڵێت شەڕو پێکدادان لەنێوان کورد و تورکماندا دروست ببێت، چونکە عبدولکەریم قاسم بۆ خۆیشی هەستی بەوە کردبوو کە زەمینەسازی بۆ هەڵگیرسانی شەڕ و نانەوەی



عبدولکەریم قاسم

لەدوای سەرکەوتنی کودەتاکەی زەعیم عبدولکەریم قاسمەوە زۆر بەخێرایی گەشەی دەکرد و ناکۆکی و پێکدادان و ڕکەبەرایەتیەکانیان توندتر و ئاڵۆزتر و کەلەبەری نێوانیان فراوانتر دەبوو



پشێوی و تێکدانی باری ئەمنی کەرکوک دەکرێت و سیخوڕانی کۆمپانیای نەوت و ئاغا و دەرەبەگەکان و خاوەن موڵک و دەوڵەمەندەکان کە قاسم بەتوندی لە بەرژەوەندییەکانی دابوون، لەگەڵ سیخوڕانی کۆماری عەرەبی و ئەتاتورکییەکان لەهەموو لایەکەوە هەوڵی نانەوەی شەڕ و ئاشوبیان دەدا. ئەم ڕووداوەی کەرکوک لەلایەکی دیکەوە ڕەنگدانەوەی ئەو فەوزا سیاسییە بوو کە عێراق پێیدا تێدەپەڕی، ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٩ نەک هەر ساڵیادی کودەتاکەی زەعیم عبدولکەریم قاسم و ئەفسەرە ئازادەکان بوو، بگرە وەها ڕێککەوتبوو ساڵیادی جەژنی عاشورای شیعەکانیش بوو. بۆیە ئەم یادە لەباشوور و ناوەڕاستیش چەندین شەڕ و پێکدادانی خوێناوی لێکەوتەوە و بەدەیان کەس لەوێش بوونە قوربانی. ڕوودانی ئەم کارەساتە لەو دەمەدا لەلایەن زۆر کەسەوە هەستی پێدەکرا. خەڵکی کەرکوک بەگشتی لەترس و دڵەڕاوکێدا بوون، زۆرێک لەخەڵک داوای ئەوەیان دەکرد، یادی سەرکەوتنی کودەتاکەی قاسم لەکەرکوک نەکرێتەوە، بۆئەوەی بیانوی هەڵگیرسانی شەڕ و ناکۆکی نەدرێت بەدەست شۆفینیەکان و دەزگا هەواڵگریە بیانیەکان و سیخوڕانی کۆمپانیای نەوتی باکور. لەو دەمەدا چەندین کەسایەتی کۆمەڵایەتی و ڕناکبیر هەوڵیان دەدا، ڕێگری لەو کارەساتە بگرن، یەکێک لەو کەسایەتیانە مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی بوو

کە بۆئەو مەبەستە سەردانی بەغدایش دەکات، بەڵام هەوڵەکانی بێ سود دەمێنێتەوە، چونکە پیلانگێڕان و دوژمنانی کورد و تورکمان زۆر لەخێرخوازان زیاتر و بەهێزتر بوون، بۆیە توانیان ئەو یادەوەرییە تاڵە بخەنە مێژووی پەیوەندی کورد و تورکمانەوە. مەلا جەمیل پێش ڕووداوەکە دەچێتە کەرکوک و دەبینێت بارودخەکە زۆر خراپە و وەک خۆی دەڵێت: (هەندێک هەرزەکاری کورد و تورکمان چەقۆ لەیەک دەسوون و خۆیان بۆ گیان یەکتر گیف دەکەنەوە و هەڕەشەی یەکتر کوشتن دەکەن). بۆیە ڕۆژی ١١ی تەمموز دەچێتە لای وکیلی فەرماندەی فیرقە مەحمود عەبدولرەزاق و پێی دەڵێت: من بارودۆخی ئێرەم بەدڵ نییە. وا دیارە لەم جەژنەدا هەرایەک دەقەومێت لەدژی کورد و تورکمان تەنها بۆئەوەی بکرێن بەدوژمنی یەکتر. هاوکات سەردانی چەند کەسێکی دیکەی نزیک لەحکومەت و چەند کەسێکی ناوداری کورد و تورکمان دەکات و لەو بارودۆخە ئاگادرایان دەکاتەوە.

لەدوای ڕووداوەکەش زانیارییەکان وادەگاتە زەعیم ٤٨٠ کەس کوژراون و بەهەزاران کەسیش بریندارن. بۆیە زەعیم فەرمان دەدات و سوپا ڕەوانەی کەرکوک دەکات. مەلا جەمیل بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەم قسەوباسە دەگەڕێتەوە کەرکوک و ناوی سەرجەم کوژراوەکان و بریندارەکان دەباتەوە بۆ بەغداد کە بەڕاستی لە٢٨ کوژراو زیاتر نابێت لەوانە تەنها دوانیان کوردن، ئەوانی تریش

هەندێکیان عەرەبن و هەندێکیشیان کۆنە کوردن و خۆیان کردووە بەتورکمان. مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لەسەر ئەم ڕووداوە وتارێک دەنووسێت بەناونیشانی (سیدی الزعیم، حسبتك ساهرا، فنمت) هەموو ڕووداوەکانی تیادا دەنووسێت و ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکە بەدزییەوە دەگەیەنێتە بەشیر موشیر ئەویش دەیشارێتەوە و دواتر یەکی بەدینارێک دەیفرۆشێت. ئەو کات لەسەر ئەم وتارە ڕۆژنامەی (صوت الاكراد) دادەخرێت. دوای ڕووداوەکە ڕۆژبەیانی کۆمەڵێک لەڕۆشنبیرانی کورد ڕێکدەخات و سەردانی ماڵە تورکمانەکان دەکەن بۆ دڵنەوای کردن و پێیان دەڵێن: کورد و تورکمان ٥٠٠ ساڵە لەکەرکوکدا پێکەوە دەژین و هیچ گرفت و کێشەیەک نەکەوتووەتە نێوانیانەوە و ئەم کارەساتە کاری نۆکەرانی بێگانەیە.

پاش چەند ڕۆژێک مەلا جەمیل لەڕۆژنامەی (نداء الاهالي) وتارێکک ئەنووسێت بەناونیشانی (کوردو تورکمان ٥٠٠ ساڵە لەم شارەدان هەتا ئێستا ناکۆکی لەنێوانیاندا نەبووە، ئەم کارەساتە ڕوویداوە دەستی دوژمنانی هەردوو لایە) ئەو کات مودیری ئەمنی کەرکوک بانگی دەکات و پێی دەڵێت: ئەم وتارە هی تۆیە؟ مەلا جەمیل دەڵێت: بەڵێ من ئەم وتارەم بۆیە نووسیوە بۆئەوەی ناکۆکی نەکەوێتە نێوان کورد و تورکمانەوە. پاش چەند ڕۆژێک پۆلیس دێن لەمزگەوتەوە دەستگیری دەکەن و ڕەوانەی دادگای دەکەن، لەبەغداد لەوێ کاتێک دادوەر ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە و دەڵێت: زۆر سەیرە بابەتی ناو ئەم ڕۆژنامەیە داوای دۆستایەتی و ڕێکی دەکات، نازانم تۆیان بۆچی هێناوە بۆ ئێرە؟ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێت: هەراو پشێوی کەرکوک هەمووی ئەم مودیر ئەمنە دروستی کردووە کە منی ناردووەتە ئێرە، دادوەرەکەش دەڵێت: تۆ لای من بێتاوانی، بەڵام بڕیاری گواستنەوەی تۆی تێدایە بۆ ناسریە، دوای ئەوەی دەینێرنە ناسریە لەوێش دوای دوو هەفتە دەستگیری دەکەن و بۆ ماوەی ١٥ مانگ لەبەندیخانە دەیهێڵنەوە.

ئاشوبەکەی ساڵی ١٩٥٩ پیلانێکی دەرەکی بوو، ئامانج لێی جگە لەلێدانی حکومەتەکەی زەعیم عبدولکەریم قاسم، هاوکات بۆ دروست کردنی ئاشوب و فیتنەیەکیش بووە لەنێوان کورد و تورکمان بەمەبەستی بەکارهێنانیان وەک ئامرازێک بۆ سەپاندنی ئەجندای دەرەکی دوژمانی کورد بەتایبەتی و عێراق بەگشتی.

# ئایا دەبێت ژیان ڕامان بێت لەژین
# یان ڕامان بێت لەمەرگ؟



هەواڵنامەی کتێب



**هشام تمام الكردوسي**
**وەرگێڕانی / موعتەسەم موحەممەد**

کاتێک بوونمان پێش جەوهەرمان دەکەوێت؛ جەوهەرمان پێش بژاردەکانمان دەکەوێت بۆ پێکەوەنانی بوونمان و سەپاندنی جەوهەرمان. هەوڵەکانمان دەخەینەکار بۆ تەواو کردنی وێنەکانمان لەڕێگەی ئەو ژیانەوە کە ژیاوین، بیری لێدەکەینەوە و لەوردەکارییە بوونگەراکانی ڕادەمێنین. کارلێکمان لەگەڵ ئەوانەدا دەبێت کە بوونیان پێش جەوهەریان کەوتووە و لەگەڵ ئەوانەشدا کە جەوهەریان پێش بوونیان کەوتووە، بەڵام ئەوەندە نابات هەتا لەگەڵ ڕاستیەکی واقعیدا ڕووبەڕوو دەبینەوە و هیچ دەرفەتێکی خۆلادان ناهێڵێتەوە و هەموو تێڕامانەکانمان کە یەک لایەنانە تیایدا دەژیاین دەشێوێنێت، ئەویش تێڕامانە لەژیان، لایەنە تاریکەکەی هاوتای ئەو تێڕامانەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەویش تێڕامانە لەمەرگ. کاتێکیش پرسیار کردن بەردەوام و ڕوون دەبێت؛ مرۆڤ دەپرسێت ئایا دەبێت ژیان تێڕامان بێت لەژین یان تێڕامان بێت لەمەرگ؟

چیرۆکێکی بەناوبانگ لەبارەی گاوتاما بوداوە (بودا) دەگێڕنەوە کە لەسێ دەیەی یەکەمی ژیانیدا بەشازادە سیدهارتا Siddhartha ناوەزەد دەکرا؛ ئەو شازادەیەی ژیانێکی شاعیرانە لەپشت دیوارەکانی کۆشکە فراوانەکەی باوکیەوە دەژیا، شازادە سیدهارتا لەلای هەمووان خۆشەویست بوو، هاوسەرگیریشی لەگەڵ شازادەیەکی جواندا کرد و کوڕێکیشی هەبوو، خێزانێکی بەختەوەریشی هەبوو. بەڵام لەسێ دەیەی یەکەمی ژیانیدا بۆ تەنها جارێکیش لەدەرگاکانی کۆشکەکەی نەهاتە دەرەوە بۆ ناو شارەکە، ڕۆژێک لەڕۆژان داوای لەشۆفێرە دڵسۆزەکەی کرد بیباتە دەرەوە و بەشارە مەزنەکەی باوکیدا بیگەڕێنێت، بۆ یەکەمجار شازادە تەرمێکی بینی، ئەو دیمەنە تووشی شۆکێکی گەورەی کرد. لەخۆی پرسی «ئایا ئەوەی بەسەر ئەو پیاوەدا هاتبوو بەسەر منیشدا دێت؟» لەشۆفێرەکەی پرسی: ئایا منیش دەمرم؟ شۆفێرەکەی دەست بەجێ وەڵامی دایەوە: «بەڵێ، جەلالەتی پاشا، بێگومان هەموو کەسێک دەمرێت؛ تەنانەت شازادەکانیش». داوای لێکرد دەست بەجێ بیگێڕێتەوە بۆ ناو کۆشکەکەی. لەدوای گەڕانەوەش کەوتە بیرکردنەوە لەهەموو ئەوەی بینیبووی و کەوتە پرسیار کردن لەخۆی سودی چییە من پادشای هەمووان بم و هەموومان لەسایەی ترسێکی تۆقێنەر لەمەرگدا بژین؟ شازادە لەپێناوی هەمووان‌دا نەک تەنها لەپێناوی خۆی بڕیاریدا کە ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆئەوەی ئاشکرای بکات هەموو مرۆڤەکان چۆن دەتوانن دۆخی ترسی لەدایک بوون و مردن تێپەڕێنن.

ئەم چیرۆکەی شازادە سیدهارتا و ئەو پرسیارەی کردی تەنها ڕێنمایی و سەرسوڕمانی تێدا نییە لەبارەی بوونی مەرگەوە، بەڵکو پرسیارێکە ئەوسا و ئێستاش بەردەوام لێی دەپرسینەوە ئازایەتی تێدایە؛ لەبەرئەوەی سەرەڕای ئەو گەشە کردنەی مرۆڤایەتی و سیستەمەکانی شارستانیەت کە تیایدا دەژین پێی گەیشتوون، ئەو



گەشەیە وەها دەكات زیاتر بیر لەژیانمان بكەینەوە، كەچی بوونی مەرگێكی حەتمی لەژیانی هەمووماندا و بۆ تەنها یەكجار، هەوڵی تێرامانمان لەبارەیەوە بۆ دەخاتە سەرپشت. لەبەرامبەریشدا، ئەو ژیانەی كە هەموو كەسێك هەیەتی و تیایدا دەژی بەهەمان شێوە دەرگای تێرامانی بۆ دەخاتە سەرپشت. بەڵام كامەیان زیاتر زاڵ بووە بەسەر تێرامانەكانی تاكدا لەماوەی بوونیدا؟ تێرامان لەژیان یان تێرامان لەمەرگ؟

سوكرات كە هەمیشە نمونەی یەكەمە كاتێك دەرگای باسكردنی فەلسەفەی مەرگ دەكەینەوە، كرانەوەی بەڕووی ئەوەدا كە مەرگ دەیشارێتەوە، تەنها وەك ئامرازێك بۆ پووچەڵ كردنەوەی ترس لەمەرگ لەدوای سەركۆنە كردنی ئەژمار ناكرێت؛ بەڵكو تەنانەت ئەو كرانەوەیەی بەڕووی مەرگدا وەهای كردووە مەرگ وەك دۆخێكی سەرنج ڕاكێش و پەسەند كراو دەربكەوێت، هەروەها وەك كۆتاییەكی نمونەیی و ژیانێكی تەرخان بۆ چاكەخوازی (فەزیلەت) لەپێناویدا دەربكەوێت(١). سوكرات لەگفتوگۆی ئۆتیفرۆندا یان لەبەرگریدا دەڵێت: ڕەنگە هەندێك پێیان وتبم ئایا سوكرات شەرم ناكەیت لەوەی سەرقاڵیت بەم جۆرە ژیانەوە كە ڕەنگە بەهۆیەوە ئەمرۆ بمریت؟ لەسەر ئەم بابەتە بەم وتە ڕەوایەی خوارەوە وەڵام دەدەمەوە: تۆ نەتپێكاوە، برادەر ئەگەر پێت وایە پێویستە لەسەر پیاوێكی بەهادار هەرچەندە بەلاوازیش بێت كار لەسەر ئەگەری ژیان و مردن بكات، بەڵكو لەسەرێتی كار لەسەر یەك شت بكات لەڕەفتاریدا، ئەویش ئەوەیە ئایا ڕەفتارەكەی دادپەروەرانەیە یان ستەمكارانەیە، هەروەها كارەكەی كاری پیاوێكی چاكەخوازە یان شەڕانگێز(٢). بەم شێوەیە سوكرات پێی وابوو ئەو مرۆڤەی ژیانێكی چاكەخوازانە و دادپەروەرانە و ئەخلاقیانە بژی، ئەو ژیانە ئامادەی دەكات بۆئەوەی بەبێ ترس پێشوازی لەمەرگ بكات. تێڕوانینەكەی سوكرات وەك پیاوێكی باوەڕدار دوو گۆشەنیگای هەیە؛ یەكەمیان گۆشەنیگای ڕامان لەژیان، كاتێك ژیانێكی ئاكاریانە دەگوزەرێنێت. دووەمیشیان گۆشەنیگای ئامادەییە بۆ مەرگ لەڕێگای ڕامان لەگۆشەنیگای یەكەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا كە سوكرات بانگەشەی ئەوەی دەكرد مەرگ ناناسێت، بەتایبەتیش ئەوە بەشێك بوو لەڕێنماییەكانی كە (نازانم) بوو. تێڕوانینەكەی سوكرات بەڕوونی بەرجەستە دەبێت لەچوارچێوەی ژیانی چاكە خوازیانەدا كە لەلای ئەو خوازراو بووە؛ لەبەرئەوەی پێڕەو نەكردنی ئەو چاكەخوازییە واتای ئەوەیە مرۆڤ ڕووبەڕووی خراپە ببێتەوە و بەیەك گەیشتنی مرۆڤ لەگەڵ مەرگدا لەلای سوكرات باشتر بووە لەوەی لەگەڵ خراپەدا بەیەك بگەن. لەدوای ئەوەی حوكمی لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت سوكرات دەڵێت: «ئێمە لەسەر هەق نین لەو ڕایەماندا كاتێك باوەڕمان وایە مەرگ خراپەیە. لەسەر ئەوەیش بەڵگەم هەیە... مردوو لەیەكێك لەم دوو دۆخەدایە: یان دەبێتە هیچ (عەدەم)، هەست بەهیچ ناكات، یان وەك

ئەوەی دەیڵێن، وەرچەرخانێک ڕوو دەدات و گیان (نەفس) کۆچ دەکات لەم شوێنەوە بۆ شوێنێکی دیکە. ئەگەر مردن هەست نەکردن بێت بەهیچ شتێک وەک ئەوەی لەخەوندا ڕوودەدات، کاتێک مرۆڤ دەخەوێت و هیچ شتێک نابینێت تەنانەت لەخەویشدا، کەواتا مەرگ چ دەستکەوتێکی سەرنج ڕاکێش دەبێت لەو دۆخەدا، من باوەڕم وایە ئەگەر کەسێک لەنێوان ئەو شەوەدا کە دەخەوێت و هیچ خەوێک نابینێت و ڕۆژەکانی دیکەی ژیانی هەڵبژێرێت، ئەگەر لەسەری بێت بەراوردیان بکات لەگەڵ ئەو شەوەدا، لەدوای پشکنین دەبێت بڵێت چەند شەو و ڕۆژ ژیاوە و لەو شەوە بەچێژتر و باشتر بووە، هەر کەسێکی ئاسایی، تەنانەت خودی پادشای گەورەش، دەبینێت ئاسانە بەراوردیان بکات لەگەڵ ڕۆژ و شەوەکانی دیکەدا. ئەگەر ئەوە مەرگ بێت، ئەوە من دەڵێم بەدەستکەوت ئەژمار دەکرێت، کاتێک دەبینین هەموو کاتەکان لەو تەنها شەوە درێژتر نین. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەگەر مردن گەشتێکی دەرەکی بێت بۆ شوێنێکی دیکە کە هەموو مردووەکانی لێیە، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە دەیڵێن، چی چاکەیەک لەوە گەورەترە کە وێنا بکرێت ئەی هاوڵاتیە دادوەرەکان؛ ئەوە ئەگەر ئەوەی دەگاتە هادیس لەو بەناو دادوەرانە ڕزگاری دەبێت بۆئەوەی بگاتە دادوەرە ڕاستەقینەکان... من لەلای خۆمەوە حەز دەکەم چەندین جار بمرم ئەگەر ئەوە ڕاست بێت(٣). ئەوەیش گۆشە نیگایەکی دیکەی سوکراتە لەبارەی بابەتەکەوە، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ ڕاستی (حەقیقەت)




چیرۆکێکی بەناوبانگ لەبارەی گاوتاما بوداوە (بودا) دەگێڕنەوە کە لەسێ دەیەی یەکەمی ژیانیدا بەشازادە سیدهارتا **Siddhartha** ناوزەد دەکرا؛ ئەو شازادەیەی ژیانێکی شاعیرانە لەپشت دیوارەکانی کۆشکە فراوانەکەی باوکیەوە دەژیا، شازادە سیدهارتا لەلای هەمووان خۆشەویست بوو



دەڵێت، ڕاستیش ئەوەیە کە سوکرات لەژیانیدا هەرگیز باوەڕی ڕەهای (یەقین) پێی نەبووە، هیوای وابوو ڕۆژێک لەڕۆژان و لەدوای مەرگ بونیادی بنێت. بەوەیش مەرگ لەلای ئەو خراپە نەبووە؛ لەبەرئەوەی لەڕێگای مەرگەوە درک بەڕاستی کۆتایی دەکەیت، باشترین شتیش بۆ درک کردن بەڕاستی ئەوەیە تێی ڕابمێنیت.

ئەگەر بگوێزینەوە سەر خاڵێکی دیکە لەهەمان بابەت و سەردەمی نوێدا، دەبینین فەیلەسوفێک هەبووە بەبەردەوامی ئاماژەی بەو بابەتانە کردووە بۆ دیاری کردنی ئەو تێڕامانە، ئەویش سپینۆزایە، سەرەڕای کاریگەر بوونی بەفەلسەفەی ڕەواقی (Stoicism) و نوسینەکانی سینیکا کە پێیان وابوو ژیان تێڕامانە لەمەرگ، ڕێچکەیەکی جیاواز لەسوکرات و ئەوانی دیکە لەنوسینە فەلەسەفیە کۆنەکانی گرتەبەر. دیدگای ئەو ئەوەیە کە ڕێگای ڕاست و ئەقلانی بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ مردن (ئەگەر مردنی ئاسایی بێت یان مردنی نائاسایی)، بریتییە لەوەی کە هەر بیر لەمردن نەکرێتەوە، ئەو پێی وایە، «مرۆڤی ئازاد، واتە ئەو مرۆڤەی تەنها بەبۆچوونە ئەقڵیەکانی دەژی، پێویستە ترس پێشڕەوایەتی نەکات، بەڵکو دەبێت هەتا لەژیاندایە ڕاستەوخۆ ئارەزووی بۆ چاکە بێت؛ واتە دەبێت کار و ژیان و پاراستنی بوونی خۆی لەسەر بنەمای هەوڵەکانی بێت لەپێناو ژیانی تایبەتی خۆیدا. لەبەرئەوە، دەبێت هەرگیز بیر لەمەرگ نەکاتەوە. لەجیاتی ئەوە، دەبێت داناییەکەی بۆ تێڕامان بێت لەژیان»(٤). «لەبەرئەوەی کەسی ئازاد



سوکرات کە هەمیشە نمونەی یەکەمە کاتێك دەرگای باسکردنی فەلسەفەی مەرگ دەکەینەوە، کرانەوەی بەڕووی ئەوەدا کە مەرگ دەیشارێتەوە، تەنها وەك ئامرازێك بۆ پووچەڵ کردنەوەی ترس لەمەرگ لەدوای سەرکۆنە کردنی ئەژمار ناکرێت؛ بەڵکو تەنانەت ئەو کرانەوەیەی بەڕووی مەرگدا وەهای کردووە مەرگ وەك دۆخێکی سەرنج ڕاکێش و پەسەند کراو دەربکەوێت

بەتێڕوانینی سپینۆزا بەسروشتی خۆی و لەڕوانگە ئەقڵانییەکەی و هەست و سۆزەکەیەوە دەکەوێتە باوەشی چاکەکارییەوە نەک خراپەکارییەوە؛ ئەوە دەکات کە باشە، چونکە ئەقڵی پێی دەڵێت باشە نەک بەهۆی ترسەوە، چونکە مرۆڤ لەژیاندا کار بۆ دەستکەوتنی بەختەوەری دەکات نەک خۆلادان لەخەمباری؛ لەبەرئەوەی ژیان لەسایەی خۆلادان لەخەمباری و خراپەکاری و شتی دیکەدا، لەجیاتی هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی خۆشی و چاکەکاری، ژیان بەپێی سروشتی مرۆیی زەوت دەکات، سپینۆزا نمونەیەک لەسەر ئەوە دەهێنێتەوە: پیاوێکی نەخۆش لەترسی مردن خواردن دەخوات بەبێ چێژ وەرگرتن، کەچی پیاوێکی تەندروست ئەوەی دەیخوات چێژی لێ وەردەگرێت و بەو شێوەیەش چێژی زیاتر لەژیانی خۆی وەردەگرێت وەک لەوەی لەمەرگ بترسێت و بەردەوام دەیەوێت خۆی لێی لابدات»(٥).

سپینۆزا لەپێناوی تێڕامان تەنها لەژیان، دیاردەیەک لەمرۆڤ دەسێنێتەوە کە لەگرنگترین دیاردە سروشتیە مرۆییەکانە؛ ئەویش ترسە، «ژیان هەمیشە بریتی نییە لەزنجیرەیەک خۆشی و شادی، بەڵکو بریتییە لەزنجیرەیەک مەترسیش، ئێمە دەزانین زانایانی دەروناس ترس دەخەنە سەروی لیستی کاردانەوە بنەڕەتیەکان لەلای منداڵی تازە لەدایک بوو. ئەگەر مرۆڤ خۆی ئەو بوونەوەرە بێت کە ئامادەیی هەبووە و خەریکە دەست هەڵدەگرێت لەگەڕان بەدوای ئاسایشدا، ئەوەیش تەنها لەبەرئەوەیە کە هەموو ساتێک ژیانی لەبەردەم چەندین مەترسیدایە: مەترسی گەلێک لەدەرەوە و لەلایەن کەسانێکەوە هەڕەشەی لێدەکەن، مەترسی گەلێکیش لەناوەوە لەلایەن خودی خۆیەوە هەڕەشەی لێدەکەن. ئەوەیش واتای ئەوەیە، ئەوەی خەوی مرۆڤی زڕاندووە ئەو توانایانەیە کە هەموو کات کردویەتی بەتاڵانی دەستی نیشانەکانی نەخۆشی و شکست و چەرمەسەرییەکان و مەرگ(٦). ئەو نیشانانە ئەوە ڕەت ناکەنەوە کە مرۆڤی ئازاد لەژیانیدا توشی ئەوانە نەبێت، مرۆڤی ئازادیش بێگومان دەمرێت و توشی چەرمەسەریش دەبێت و نەخۆشیش دەکەوێت، ئەوەیش بەشێکە لەسروشتی مرۆڤ، مرۆڤ دوور نابێت لەو گۆڕانکاریانەی کە بەهۆکاری دەرەکییەوە ڕوودەدەن. سەرەڕای ئەوەی توانایەکی گەورەتر لەهەموو بوونەوەرەکانی دیکەی هەیە بۆ بەرەنگاری کاریگەرییە نیگەتیڤەکان ئەوەیش بەهۆی ئەقڵانیەتەکەی و هەستیارییەکەیەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا لەکۆتاییدا هەندێک لەگۆڕانکارییەکان بەسەر هەوڵەکانیدا زاڵ دەبێت و دەبێتە هۆی لەناوچوونی جەستە و دەرئەنجام لەناوچوونی ئەقڵیشی.

«ئەو هێزەی مرۆڤ لەسەر بوونی خۆی بەرەنگاری پێدەکات سنورداره، بەهێزی هۆکارە دەرەکیەکان بەسەریدا زاڵ دەبێت. کەسی ئازاد دەزانێت هەر دەبێت بمرێت، بەپێچەوانەی ئەوانەی بەترس و هەستەکانی دیکە درکی پێدەکەن، کەسی ئازاد ئەو بیرۆکانە سەرقاڵی ناکەن؛



ئەو شەیدای مەرگ نییە. ئەگەرەکانی مەرگ ڕەفتارەکانی دیاری ناکەن، بەدڵنیاییەوە نایخزێننە ناو سروتی خورافیشەوە بەئومێدی ئەوەی مردنی لێ دووربخەنەوە یان زامنی جۆرێک لەخۆشی نەمر و نەبڕاوەی بۆ بکەن. مرۆڤی ئازاد لەمەرگ ناترسێت، خەمباریش نابێت کاتێک بیری لێ بکاتەوە تەنانەت لەبەر ئەوەیش نا کە وابزانێت شتێکی باشتر لەژیانێکی دیکەدا چاوەڕوانی دەکات، بەڵکۆ لەبەرئەوەی مردن سەرنجی ڕاناکێشێت. چونکە سەرقاڵی هەڵسەنگاندنی ئەو ژیانەیە کە دەیگوزەرێنێت، دەیەوێت چێژ لەو خۆشەویستیە فکرییە پوختە وەربگرێت کە بریتییە لەڕێزگرتن لەداهێنانەکانی. چاوی کەسی ئازاد بەئاراستەی خەڵاتە، خەڵاتەکەش بەکردەیی لەگەڵ خۆیدایە: ئازادیەکەی و چاکەکارییەکەتی (فەزیلەتەکەی) (٧)».



سپینۆزا لەپێناوی تێڕامان تەنها لەژیان، دیاردەیەك لەمرۆڤ دەسێنێتەوە کە لەگرنگترین دیاردە سروشتیە مرۆییەکانە؛ ئەویش ترسە، «ژیان هەمیشە بریتی نییە لەزنجیرەیەك خۆشی و شادی، بەڵکو بریتییە لەزنجیرەیەك مەترسیش، ئێمە دەزانین زانایانی دەروناس ترس دەخەنە سەروی لیستی کاردانەوە بنەڕەتیەکان لەلای منداڵی تازە لەدایك بوو.

لێرەدا خاڵی جیاوازی نێوان سپینۆزا و سوکرات و ئەوانەی جیاوازییان لەگەڵیدا هەیە خۆی لەمەبەستی کۆتایی ئاراستەی ڕامانی هەریەکەیاندا دەبینێتەوە، ئەگەر ژیان ڕامان بێت لەخودی ژیان یان ڕامان بێت لەمەرگ. سوکرات کە پێی وایە مەبەستی کۆتایی لەوەی ژیان ڕامان بێت لەمەرگ بریتییە لەو ڕاستیە کۆتاییەی پەیوەستە بەژیانی نەمرییەوە، یان ڕاستی ڕاستەقینە (حەقیقی) بەواتا ئەفلاتونیەکەی. ئەو مەبەستەش وەهات لێدەکات توانای دەرچوونت هەبێت لەژیان بەباوەڕەوە و بەئامادەکارییەکی تەواوەوە مادام شتێکی باشتر و

هەوڵنامەی کتێب

بەبەهاتر چاوەڕوانت دەکات، ئەو بیرۆکەیەش زۆرینەی ئاراستە میتافیزیکیەکان لەکۆن و نوێدا گرتیانەبەر. بەڵام لەلای سپینۆزا، کاتێک مەبەستی ژیان ڕامان بێت لەژیان بریتییە لەوەی بەکردەیی ئێستا لەلای خۆت بێت؛ ئازادیت و چاکەخوازیت. ڕەنگە ئەمەش دەرئەنجامی دووری سپینۆزا بێت لەسیاسەت و ئاین؛ لەبەرئەوەی وەک ئەپیکۆرییەکان باوەڕی بەنەمری پاش مەرگ نییە، ئەو بوونی ڕووحێکی نەمر لەپاش مەرگ ڕەت دەکاتەوە، یان وەک ئەپیکۆرییەکان مەرگ بەترسناکترین خراپەکان وەسف دەکات، بەڵام لەلای ئێمە هیچیش نییە، لەبەرئەوەی کاتێک زیندووین هەست بەمەرگ ناکەین، کاتێکیش مردوین هەست بەژیان ناکەین. ئەم وانە ئەپیکۆرییە کۆنە کەسی ئازاد باش لێی تێدەگات وەک ئەوەی لەهزری سپینۆزادایە. ڕەتکردنەوەی نەمری ڕووح دەرئەنجامی دووری لەئاین و سیاسەت لەلای سپینۆزا نەریتێک بوو لەهەموو نوسینەکانیدا هاوشانی بووە، ئەو تێڕوانینەی خۆیشی کاتێک دەربڕی کە وتی:

«باوەڕی نەمری ڕووح مەترسیدارترین هزرە نائەقڵانیەکانە کە دەسەڵاتە ئاینیەکان و هاوپەیمانەکانیان هانی لایەنگرەکانیانی لەسەر دەدەن، باوەڕبوون بەڕووحی نەمر بەبێ بەزەیانە ئاراستەت دەکات بەرەو ژیانێک مەحکوم بەئارەزووی هیواخوازی و ترس؛ هیواخوازی بەپاداشتە نەبڕاوەکانی بەهەشت و ترس لەئەشکەنجە نەبڕاوەکانی دۆزەخ. ڕەنگە ئەم هەستانە لەبارەی چارەنوسی مرۆڤەوە لەجیهانێکدا کە لەڕێگایە و دێت زۆر بەهێز بێت و هەژمونی بەسەر ژیانی ئەقڵانیمانەوە هەبێت. هەرکەسێک بێت و هەرشتێک بکات، هەر شتێک! بۆئەوەی ئەو پاداشتە خوداییە بەدەست بهێنێت و خۆی لەسزایەکی خودایی بپارێزێت. بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستەش کاهین و وتاربێژ و حاخامەکان دەڵێن ئێمە دەزانین بەوردی مرۆڤ دەبێت چی بکات بۆئەوەی دەرئەنجامێکی شکۆدار بەدەست بهێنێت. دەرئەنجامی ئەم تێکەڵەیە کە ئامادەی گرگرتنە لەبێئومێدی لەناو خەڵکی ئاساییدا و باوەڕە ئەفسانەییەکان و خەڵەتاندن لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە، گوێڕایەڵیەکی ملکەچانەی یەکەمە (هاوڵاتی ئاسایی) بۆ دووەم (پیاوانی ئاینی). خەڵک خۆیان دەخەنە ژێر بەزەیی کاهینەکانەوە و ڕێگەیان پێدەدەن ڕەفتارەکانیان و بەڕێوەچوونی ژیانیان و تەنانەت سیستەمی سیاسیشیان بۆ دیاری بکەن. دەرئەنجامیش تەنها کۆیلایەتیەکی دەروونی نییە بۆ هەست و سۆزەکان کە ویستی ئەقڵ ئاراستەیان ناکات، بەڵکو هەستی هیواخوازی و ترسە، بەڵکو کۆیلایەتیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیشە»(٨).

ئەو تێڕوانینە سپینۆزاییە پێشتر دوور نەبووە لەبۆچوونی هەندێک لەئاینەکان، لای هەندێک گروپی ئاینی یان خەڵکی خواپەرست گرنگترین داواکاری خواپەرستی بریتی بوو؛ لەپەرستش لەپێناوی خۆشەویستی نەک بەتەماحی پاداشت یان لەترسی سزای خودایی،





لەگەڵ پاراستنی سروشتی نەمری ڕووح لەپاش مەرگ. بەدەرئەنجامیش هەمان تێڕوانینیان هەبوو لەبارەی ژیانەوە کە دەبێت تێڕوانین بێت لەژیان پێش ئەوەی تێڕوانین بێت لەمەرگ. بەڵام ئێستا ئەگەر شێوازێکی ڕاست بێت بۆ ژیان ئەگەر تێرامان بێت لەژیان، یان تێرامان بێت لەمەرگ، ئایا هەر شێوازێک بەسەر هەمووواندا جێبەجێ دەبێت؟ واتا ئایا شێوازی ڕاستی ئەو تێڕوانینە بریتییە لەشێوازی ڕاستی ژیان لەلای هەمووان؟!

لەڕاستیدا ئێمە بەڕەهایی دەزانین کە مردن دەست لەملانێی ژیانە، ترپەکانی یەکەمی دڵی ئەو کۆرپەیەی لەدایک دەبێت لەهەمان کاتتدا هەنگاوەکانی یەکەمێتی لەسەر ڕێگای لەناوچوون و مەرگ، ژیانیش خۆی بریتییە لەمەرگێکی بەردەوام؛ لەبەرئەوەی هەموو ساتێک بەردەوامین و ناوەستین لەبونیادنانی مەرگی خۆمان، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە چارەیەکی دیکەمان نییە جگە لەبەردەوام بوون لەسەرقاڵیەکانمان و ژیانی ئاساییمان، وەک ئەوەی مەرگێک نەبێت لەکۆتاییدا چاوەڕوانمان بکات، لەئەزمونە کاتییەکەماندا تاقیکردنەوە بۆ نەبوویەک دەکەین کە بوونی نەماوە، هەروەها بۆ نەبوویەک هێشتا نەهاتۆتە بوون. باوەڕ بەوە ناکەین کە پێکهاتەی ژیانمان ئەو سێکوچکەی نەبوونەیە! نیشانەی ئەوەیش ئەوەیە کە ژیانمان بەتێڕوانینی خۆمان بریتییە لەپتەوییەکی ڕێک و یەکگرتوو، وەک ئەوەی هەموو نەخێرێک تیایدا بابەتیەک بێت بۆ هیچگەرایی یان هیچ شتێک... ئەوەیش واتای ئەوەیە سەرکێشیەکانی ژیان کە دێن مەترسیەکانی مردن لادەبەن، بەو مەرجەی بزانێت چۆن بوونی مرۆیی لەئێستادا جێگیر دەکات، هەروەها چۆن لەکات بڕوانێت وەک ئەوەی شێوازێکی تایبەتی ژیان بێت(٩).

لەکۆتاییدا ژیان واقعێکە و تیایدا دەژین و بیرکردنەوەمان لەژیان یان لەمەرگ نیگامان بۆ دەکات و پێمان دەڵێت کە ئێمە لەسەر لوتکەی ئەو




واقعەین، تەنها ئیرادەش دەتوانێت ویستی ئەو رامانانە ریشەکێش بکات؛ ئەو ئیرادەیەی لەرێگایەوە دەتوانین لەژیان و مەرگ رابمێنین وەک دوو رووی یەک دراو کە ئەگەر قبوڵی بکەیت جگە لەرووەکەی دیکە شتێکی دیکە نابینیتەوە، ئیرادەیەک هەردوو رووەکە قبوڵی بکەن، ژیان و مردن، خودی ئیرادەی چاکە (خێر)، وەک ئەوەی کانت ناوی ناوە، واتا ئەو ئیرادەیەی بۆ (جێبەجێ کردن یان رەتکردنەوەی) ئەو تەنها کارە دەجوڵێت کە ئەخلاق فەرمانی پێدەکات، ئەگەر مرۆڤ ژیانی خۆی بکاتە رامان لەژیان یان لەمەرگ، لەکۆتاییدا مەبەستێکیان لەشتەوەیە لەلای سوکرات لەهەردوو دۆخەکەدا بەرجەستە بووە لەوەی مرۆڤ ژیانی بەچاکەکاری بەسەر بەرێت، دادپەروەر و چاکەخواز بێت.

**سەرچاوەکان:**

١- Nadler, Steven: Think Least of Death, Princeton University Press, United States of America, ٢٠٢٠, ١٧٤.p

٢- ئەفلاتون: دادگایی کردنی سوکرات (محاورات أوطیفرون، الدفاع، أقریطون) وەرگێڕان و پێشکەش کردنی: عزەت قەرەنی، خانەی قوباء بۆ چاپ و وەشاندن و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، ٢٠٠١، ل١١٩.

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

٤- Nadler, Steven: Think Least of Death, op. cit. p١٧٥

٥- op. cit. loc. Cit. pp.١٧٩–١٨٠

٦- زەکەریا ئیبراهیم، مشکلة الحیاة، خانەی چاپی میسر، ل١٣٣.

٧- Nadler, Steven: Think Least of Death, op. cit. pp.١٧٦–١٧٧

٨- op. cit. loc. Cit. pp.١٧٩–١٨٠

٩- زەکەریا ئیبراهیم، مشکلة الحیاة، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢–١٧٣.

# وشەکانیش لەجێیەکدا ماندوو نابن؟





**بەیان سەلمان**

هەواڵنامەی کتێب

**زمانەوانی**

بە گەڕانەوە بۆ بنەمای زمانەوانی، لەلای گریکەکان، وشەی فیلۆلۆژی philology، لە وشەی phĭlŏlŏgĭa هاتووە، واتە خۆشەویستی وشەکان، پیتەکان، ئەدەب. پێکهاتووە لەخوێندنی زمانێک و ئەدەبەکەی، بەگەڕانەوە بۆ بەڵگەنامە نوسراوەکان، وەکو دەستنووسەکان. هەروەها تێکەڵەیەکە لەڕەخنەی ئەدەبی و مێژوویی و زمانەوانی.

پسپۆڕی زمانەوانی، بەکەسێک دەگوترێت کە یاساناسی زمانەوانیە. زانایەکی پسپۆڕە لە فیلۆلۆژی واتە زانستی لەبارەی مێژووی زمانەوە هەیە، هەوڵ دەدات نهێنیەکانی زمان ئاشکرا بکات لەتەک ئەو یاسایانەی لەژیانی ئێمەدا پەیڕەو دەکرێن بیانناسێنێت و نهێنی پەرەسەندنەکانی بزانرێت. بیجگە لەدیاردە جۆراوجۆرەکانی بخوێنێت، ئیدی پێی دەوترێت فیلۆلۆژی کاتێک زمانزانانی ڕۆژئاوا وەک زانستێک لەمەدا هەموو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لەخۆدەگرێت کە تەماشای دۆزی زمانی مرۆڤ دەکەن، لێکدانەوەی زمانە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتر، پەیدابوونی زمان و دیالێکتەکانی کلاسیک، دەنگەکانی زمان، گرنگی و پێکهاتەی وشەکان، لەڕووی مێژوویی بەراوردکار لێک دەداتەوە. ئیدی نازانین چۆن لەکوردستان بەهۆی نەبوونی ئاکادیمییەکی زانستی هەتا ئەمڕۆکە دەیان جۆر ڕێنووسی هەن هەموویشی بەناوی ستاندارد کاری پێ دەکەن! ئەم کێشەیە بۆ نەبوونی ئاکادیمیایەک دەگەڕێتەوە، وەک (ئاکادیمیای فەرەنسی) کە دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٣٤ و لەساڵی ١٦٣٥ لەلایەن (کاردینال ڕیشیلیۆ) cardinal de Richelieu بە فەرمی بوونی ڕاگەیەندرا. لەو دامازراوەیەدا (ئاکادیمی فەرەنسی) بەمەرجی زۆر تایبەتی و ئێجگار سنووردرا و ئەندامەکانی لەنێوان فەیلەسوف و نووسەر و ئەدیبەکان وەردەگیرێن. ساڵانەش فەرهەنگێکی نوێ بەچاپ دەگەیەنن کە نۆژەن کراوەتەوە و دەیان وشەی نوێی خراوەتە سەر ئەوانەی ساڵانی پێشوو.



بە گەڕانەوە بۆ بنەمای زمانەوانی، لەلای گریکەکان، وشەی فیلۆلۆژی philology، لە وشەی phĭlŏlŏgĭa هاتووە، واتە خۆشەویستی وشەکان، پیتەکان، ئەدەب . پێکهاتووە لەخوێندنی زمانێك و ئەدەبەکەی، بەگەڕانەوە بۆ بەڵگەنامە نوسراوەکان، وەکو دەستنووسەکان . هەروەها تێکەڵەیەکە لەڕەخنەی ئەدەبی و مێژوویی و زمانەوانی .



## پرۆسەی بەنووسەر بوون

لەپرسیارێکەوە دەست پێ دەکەم، چۆن کەسێک دەبێتە نووسەر؟ ناشڵێم، نووسەر کێیە؟

کاتێک دەپرسین چۆن کەسەکە دەبێتە نووسەر، واتا لە پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ نووسەر بوون. دۆخێکی ئانوساتی نیە تێیدا کەسەکە بۆتە نووسەر و ئیدی لەو ئاستی ناونیشانەیدا چەقی بەستووە. لەهیچ کاتێکدا ناتوانین بەتەواوی بڵێین نووسەر بۆ هەمیشە، بەڵکوو نووسەری ئەو کتێبە یان ئەو بابەتە لەماوەیەکی دیاری کراودا. ویستی پشکنین و لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای ئەوەی دەقێک لەخۆی هەڵگرتووە پێویستی بەزانین و بەدوادا چوونی بەردەوامە. ئەگەر لەڕوانگەی فەیلەسوفی فەرەنسی (ژیل دولوز)ەوە Gilles Deleuze ئەو پرسی نووسەرییە لێک بدەینەوە، لەلای ئەو هیچ شتێک بەڕاستی وەک یەک دووبارە نابێتەوە. دولوز بەم شێوەیە دۆکترینی کۆنی فەیلەسوفی یۆنانی هێراکلیتس Héraclite درێژە پێ دەدات کە دەڵێت: ‹‹ئێمە هەرگیز دووجار لەناو هەمان ڕووبار مەلە ناکەین، یان دووجار ناچینەوە ناو هەمان ڕووبار›› لەبەر هۆکارێکی سادە، چونکە ئاوەکە هەرجارە و جیاوازە، ئەگەرچی ناوی ‹‹ڕووبار›› وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەم بیرۆکەیەی هێراکلیتس کە بۆ جووڵە و گۆڕانی بەردەوامی جیهان وێنای کردووە، بۆ فیگوری نووسەریش زۆر چاک دەشێت. ناوی «نووسەر» وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام هیچ کات هەمان نووسین و هەمان کواڵەتی نووسینیش وەک خۆی نامێنێت، چونکە سەرچاوەکانی کار کردنی جیاوازن، بەسوود وەرگرتنیش لەپاشخانی ڕۆشنبیری و تەنانەت گەڕانەوەش بۆ ئەزموونەکانی بەهەمان دیدگا و ڕەوتدا تێ ناپەڕێت.

هەروەها دولوز وای دادەنێت کە هەموو هەستێک بەسەقامگیری لەدۆخێکدا لەوەهمێک تێناپەڕێت. بەشێوەیەکی ڕوکەشانە، ئێمە باوەڕمان وایە ئەوەی دووبارەیە و وەک یەک دەیبینین، یان بەهەمان شێوەی پێشوو پێشنیار کراوە. بەڵام لەڕاستیدا، بەجیاوازی هەر خولەکێک، ڕووداوێکە کە هەمیشە نوێیە و ناتوانین کەمی بکەینەوە بۆ ئەو ڕووداوەی پێش خۆی. هاوکات ئەو ڕوانگەیەی دولوز دژی باو و دژی سوواو و ئەوەیە کە سەدان جار گوتراوە. بەو جۆرە نووسەر لەجوڵەیەکی فیکریشیدایە هاوکاتی جوڵەی چەرخی جیهان کە زۆرچاک دەکرێت لەماوەیەکی زەمەنیی دیاری کراودا بۆچوون و ڕوانگەیەکی تایبەتی هەبوو بێت سەبارەت بە پرسگەلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیی و هتد. پاشان دوای ماوەیەکی دیکە ئەو بیرۆکە و ڕوانگەییەی بگۆڕێت. لەوانەیە هەر زۆر بەسادەیی خوێندنەوەی جۆری کتێبی دیکە و بەزمانی دیکە و کاریگەریی کولتوور و ڕۆشنبیری دیکەش دیدگای بگۆڕێت، ئەم جوڵەیەشە کە گرنگە لەبەرچاو بگیرێت.

هەواڵنامەی کتێب

لێرەوە، بەنووسەر بوون بەرگرییە و بەرپرسیارێتییە بەرامبەر بەخود پێش ئەوانی تر، گرنگە وەک هەر پیشەیەکی تر هەژمار بکرێت کە بەرپرسیارێتی مەرجە بۆ سەرکەوتن، وەک هەر دکتۆرێک و تەلارسازێک و مامۆستایەک... دواجار، خێرا گەیشتن ناکاتە باش گەیشتن بەئامانج! ئەم بیرۆکەیەشە کە پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە.

## مەرجەکانی دەقێکی ئەدەبی بۆ خەڵات وەرگرتن

هەڵسەنگاندنی دەقێک لەپێش هەموو بابەتێک کارێکە لەسەر بنەما و لێزانینی میتۆدە بۆ داڕشتنەوەی هەر دەقێک، لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆک و شێوەی ڕێکخستنیشی لەسەر لاپەڕەکان. یەکێک لەو هەڵە گشتییانەی لەو دەقانەی بۆ خەڵات کردنیان تێبینیێ دەکرێت: نەبوونی فۆرمی داڕشتنەوەیە. بەو واتایە، هەندێک لەدەقەکان تەنانەت بۆ هەڵسەنگێنەرەکانی ناخوێندرێنەوە لەبەر نەزانینی ڕێکخستنیان لەسەر لاپەڕەکە: ڕستەیەک لەسەرەوە، یەکێکی تریان لەخوارەوە... هەندێ فۆرمیان وەکو داڕشتنەوەی نووسینی تەلەفوون وایە، وشەکان بەیەکەوە نەلکاون، یاخود نەزانینی بەکار بردنی وشە لەبری وشەی گونجاو، یان ئاخنراون بەوشەی بێگانە بێ ئەوەی پێویستیەکی دەقەکە بێت. بەم دوا واتایە، بچووکترین پێویستی نووسەر زانینە دەربارەی: کەی و بۆ ئەو وشە و زاراوە بێگانەیە بەکار دەبات. ئەمە یاسایەکی جیهانیە لە هەڵسەنگانی دەقێک کە دەبێت، لەکۆی دەقەکە جودای بکاتەوە بەشێوەی لار (ئیتالیک) بینووسێت یان لەناو کەوانە گیری بکات و یان تۆخی بکاتەوە.

خاڵ بەندییش بۆخۆی بابەتێکی دیکەیە کە وەستانێکی تایبەتی دەوێت بۆ دەست نیشان کردنی چۆنێتی دانانی



کاتێك دەپرسین چۆن کەسەکە دەبێتە نووسەر، واتا لە پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ نووسەر بوون. دۆخێکی ئانوساتی نیە تێیدا کەسەکە بۆتە نووسەر و ئیدی لەو ئاستی ناونیشانەیدا چەقی بەستووە. لەهیچ کاتێکدا ناتوانین بەتەواویی بڵێین نووسەر بۆ هەمیشە، بەڵکوو نووسەری ئەو کتێبە یان ئەو بابەتە لەماوەیەکی دیاری کراودا.



خاڵی کۆتایی ڕستە (.) و ڤیرگول (،) و خاڵی ڤیرگول (؛) و دوو خاڵی سەر یەک (:) و سێ خاڵی (...) و ئاماژەی (–) و کاتێ ئاماژە بەگوتەی کەسێک و ڕستەیەکی کەسێکی تر دەکات دەبێ دوو کەوانەی بچووک لەهەر دوو سەری ڕستەکەدا بکاتەوە و دایبخاتەوە «...» و هتد. یاخود زۆرکەس چ لەنامە و چ لەدەقدا دوو خاڵ بۆ ناکۆتایی ڕستەیەک دادەنێن (..) ئەمە بەپێوەری جیهانی بوونی نیە، دەبێت هەمیشە سێ خاڵ بەدوای یەک (...) بۆ ڕستەیەک دابندرێت کە واتای تری لەدوادایە، یاخود ڕستەکە تەوا نەکراوە.

گرنگە ئەوەش بخەینە ڕوو کە هەندێک جار نووسەر بەویستی خۆی ڕستە درێژ دەکاتەوە و لەبری خاڵێک فێرگولێک دادەنێت، لەو دۆزەدا نووسەر بۆ مەبەستێکی ئیستاتیکیی خۆی ئەو شێوازە لەداڕشتنەوەی ڕستەکانیدا پەیڕەو دەکات؛ بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئاماژەی پێ بکەین، نەزانینە لەبەکار هێنانی شوینی ڤیرگول.

بەکورتی، یەکەم مەرجی دەقێک بۆ بەشداری کردنی لە پێشبڕکێیەکدا، پێش ئەوەی تەنانەت چاوەڕوانی هیچ خەڵاتێک بێت، ڕچاو کردنی شێوەی داڕشتنەوە و خاڵبەندی و ڕێکخستنی برگەکان و زانینی بەکاربردنی وشەیە لەشوێنێکی گونجاوی ناو ڕستەکان و تەنانەت لەناو برگەیەکی تایبەتیشدا. دەقێک بریتی نیە تەنها لەناوەڕۆک و بیرۆکەی هزریی جوان و ئیستاتیکی و شیعرییەت؛ تەنانەت بیرۆکە و تەکنیکیی داهێنەرانەش نیە؛ لەوانەیە دەق هەبن هەموو یان بەشێکی زۆری ئەوانەی لەخۆی گرتبێت، بەڵام بەسادەیی، نەزانینی دانان و ڕێکخستنی

هەواڵنامەی کتێب



یەکێك لە کێشەکانی تری دەق داڕشتنەوەیە، بابەتی بەکار هێنانی زاراوەگەلێکی بێگانەیە لەبری وشەی کوردی، وێڕای ئەوەی بەرامبەرەکەی هەیە! ئەم بەکار هێنانە ئەگەر لەخزمەتی دەق بێت ئەوە جودایە، بەڵام ئەگەر تەنها بۆ نیشاندانی ئاستی زانینی زمانێکە ئەوە دەقەکە دەشێوێنێت.

بابەتەکەی لەسەر کاغز، یان لەسەر کۆمپیوتەر بە (ward) بەهای دەقەکە دەکوژێت و لەکاتی خوێندنەوەیدا، بۆ هەڵسەنگێنەری دەقەکە تاقەت پرۆکێنەرە. بێجگە لەوەی، بایەخ نەدان بەڕچاو کردنی ئەو مەرجانە، دەبێتەوە بەڵگە دژی نووسەرەکەی کە وەک بڵێیت دەقی چیرۆک و ڕۆمانی تری نەخوێندۆتەوە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت لێیانەوە فێر ببێت چۆن برگەکان و ڕستەکان ڕێکخراون و داڕێژراون! چۆن زاراوەگەلێک بەکار هێندراون، وشەیەک کە لەجێی خۆی نەبێت واتاکەی ناپێکێت.

یەکێک لە کێشەکانی تری دەق داڕشتنەوەیە، بابەتی بەکار هێنانی زاراوەگەلێکی بێگانەیە لەبری وشەی کوردی، وێڕای ئـەوەی بەرامبەرەکەی هەیە! ئەم بەکار هێنانە ئەگەر لەخزمەتی دەق بێت ئەوە جودایە، بەڵام ئەگەر تەنها بۆ نیشاندانی ئاستی زانینی زمانێکە ئەوە دەقەکە دەشێوێنێت. بەکار هێنانی ئەو جۆرە وشە بێگانانە تەنها لەدۆزی وشەی تەکنیکی بەکەڵکە کە لەبنەڕەتدا وشەکە بە کوردی بەرامبەری بۆ نەدۆزراوەتەوە، یاخود وشەکە بۆتە پێوەرێکی جیهانی لەبەکار هێناندا. وەستان لەسەر ئەو لایەنە گرنگە، هەروەها دوا خاڵێک لێرەدا بیوروژێنین، پابەندە بەوەی ڕۆمان تێزێکی ئاکادیمی نیە هەتا ڕستە لەدوای ڕستە باس لەتێزێک بکات، چیرۆک یان ڕۆمان دەقێکی ئەدەبییە و پێویستە وەها وەک خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

بەسوود وەرگرتن لەم سەرچاوانە:

– BLED E. et BLED O. Cours Supérieur dorthographe, ouvrage couronnépar lAcadémie française. Éditions Hachette, Paris, 1954.

– Frédéric Streicher, Différence et Répétition chez Deleuze, Sciences humaines N° Spécial N° 3 – Mai –Juin 2005. Foucault, Derrida, Deleuze : Pensées rebelles.

– G. Deleuze, Différence et Répétition, Éditions Puf, Paris, 1969, rééd 1997.

– Heinz Wismann, Héraclite ou La séparation, Éditions Minuit, Paris, 2001.

– Héraclite, Fragments, « Introduction de Theodor Gomperz » Traduction de Paul Tannery, suivi de La vie dHéraclite, par Diogène Laërce. Éditions Puf, Paris,1998. Référence élctronique : Arbre dOr, Genève, novembre 2006.

– https://www.academie–francaise.fr/



# فەرهەنگی هەژاری...



ئەوزاد مەلا عمر

**« دەردی کۆمەڵ، دەردی گشتمان» ..**

ئەم دەربڕینە هەر لەقۆناغی منداڵیمەوە کۆمەڵێک پرسیاری بێ وەڵامی لەلام دروست کردبوو.

زۆرجار لەخۆم دەپرسی، دەرد نەخۆشیە و هەر کەسێکیش دەردی خۆی بەخۆیەوەیەتی، کەسیش هەست بەئازاری کەسی تر ناکات بۆچی دەبێت دەردی کۆمەڵ دەردی گشتمان بێت؟

**ئاخۆ ئەم دەردە دەبێت چ دەردێک بێت؟**

ئێستا لەم تەمەنەمدا پاش ساڵانێکی زۆر زانیم ئەم دەردە چیە، ئەمە دەردێکە ڕەگێکی قوڵی هەیە وابەستەیە بەمیراتی فەرهەنگی باوی کۆمەڵگە هەژارەکان، یان باشتر وایە ناوی لێبنێم دەردی «فەرهەنگی هەژاری».

لەڕاستیدا ئەم دەردە زۆر گرانە و نموونەی ئەم ڤایرۆسی کۆرۆنایەیە، زۆر بەزوویش بڵاودەبێتەوە. هەر یەکێک لەئێمە دەبێت بیگرێت و لەگەڵیدا خۆ ڕابهێنێت، چونکە ئەگەر وانەبێت ناتوانێت لەنێو ئەم کۆمەڵگە فەرهەنگ هەژارەدا ژیانێکی ئاسایی بژێت، خۆ ئەگەر ڤایرۆسی فەرهەنگی هەژاری زەفەری بۆ نەهێنای یان بەرگریی تۆ بەهێزتر بوو توانیت بەسەریدا زاڵ بیت، ئەوکات بەفۆرم و فتوای فەرهەنگی هەژاری پلەی شێتت پێ دەدرێت.

ئەم دەردە مێژینەیە لەوەتەی هەیە نەڤاکسینی هەیە و نەبیریش لەدۆزینەوەی ڤاکسینێک کراوەتەوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی یاخود بەرهەڵستی کردن لەبڵاو نەبوونەوەی!

هەڵگرانی ئەم دەردە وەکو نەخۆشی کۆرۆنا بەشاراوەیی خۆیان کەرەنتین ناکەن، بەڵکو زۆر بەئاشکرا و بەشانازیشەوە کۆخەو پژمینی خۆیان بەڕووی مەجلیسدا دەکەن، چونکە لەمێژە ئەم دەردە بەپاڵپشتی پیاوانی ئاینی و دەسەڵات و چینە دەوڵەمەندەکان پیرۆز کراوە.

لەسەرەتاوە من وام دەزانی ئەم دەردە، تەنها ئێمەی کورد وەک میللەتێکی خێڵەکی و دواکەوتوو لەشارستانیەت و لەبەر بێ دەوڵەتی بەدەستیەوە دەناڵێنین، بەڵام پاش تەمەنێک و بواری گەڕان و بینینی وڵاتانی ئاسیا و ئاسیایی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا. ئاشنا بوون و تێکەڵاو بوون لەگەڵ کلتور و داب و نەریتی ئەو وڵاتانە، گەیشتمە ئەو بۆچوونەی کە ئەوە فەرهەنگێکە ناوی فەرهەنگی هەژاری و نەداریە، لەهەموو ئەو وڵاتە هەژار و نەدارانەدا بوونی هەیە کە زۆر لەیەکتر نزیکن و هەندێک جار تەواو بەیەکتر دەچن.

مەبەستمان لەفەرهەنگی هەژاری کە خاڵی جەوهەری بابەتەکەیە بریتیە لەو شێوە ژیان کردنە ڕۆژانەیەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیە، لەجۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و تەسمیم گرتن لەکاری ڕۆژانەی تاکەکان ئەوەندەی وەک میرات ماوەتەوە. کەمتر ئەکەوێتە سنووری لۆژیک و مۆڕاڵ و گەشەی زانست و مەعریفەوە. لەڕاستیدا ئەم فەرهەنگە نەپەیوەستە بەئاینەوە و نە بەجوگرافیا و نەزمان نە بەڕەچەڵەکیشەوە، تەنانەت پەیوەست نیە بەئاستی خوێندەواریشەوە کە لە چ ئاستێکدایە.



بەڵکو پەیوەستە بەچەند خاڵێک کە لەدرێژەی وتارەکەدا بەڕوونی باسمان کردوە، ئەم فەرهەنگە بووە بەڕێسا و یاسای ئەم کۆمەڵگانە دەست بردن بۆیان هێڵی سوورە و کارێکی شەیتانانەیە.

لەهەمانکاتدا ئەم شێوە بیرکرنەوە هەژارییە لەهەموو کۆمەڵگا هەژارەکاندا وەک یەکە، هۆکاری دواکەووتویی و هەژاری هەزاران ساڵەشە، کەچی هەر کۆمەڵگایەکیش بەشێوەیەک خۆی بەخاوەنی ڕاستەقینەکەی دەزانێت شەڕی خاوەنداریەتیشی دەکەن لەنیوان خۆیاندا.

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر چەند خاڵێکی فەرهەنگی هەژاری و دەکرێت بەم خاڵانەش زیاتر لەو دەستەواژەیە تێبگەین:.

١ـ ترس... هەستێکە شوێنێکی زۆری لەم فەرهەنگەدا داگیر کردوە، چونکە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگانە بەردەوام لەکۆمەڵێک ترسدان، ترس لەدوژمن لەدەوروپشت لەدۆست و هاوڕێ، بەبەردەوامی دوژمنێکی وەهمی لەزهنیاندا گەورە دەکرێت و دەبیتە بەشێک لەبیرکردنەوەی بەردەوامی ڕۆژانە، هەتا ترس لەهەموو شتێک لای گەورە دەبێت، هەر لەترسی لەدەستدانی سەرەی کلینکێکی پزیشکیەوە هەتا ترسی لەدەستدانی کاری ڕۆژانە و وڵاتیش، هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سیستەمێکی ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتی و یاسایی کە مافەکانی تاکی تێدا بپارێزرێت. دەرئەنجام ئەم ترسە بەشێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت و خۆی لەخۆیدا دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک ڕەوشتی خراپ و قێزەوەنی وەک:

* درۆکردن. درۆکردن بۆ بەدەست هێنانی ماف، لەوانەشە لەبنەڕەتدا مافێکی شەرعی و یاسایی خۆشی بێت. درۆکردن بۆ پڕکردنەوەی هەستی خۆ بەکەم زانین. درۆکردن بۆ بەرگری کردن لەخۆی بەرامبەر بەکەسانی خاوەن پایە و دەسەڵاتدار.

* ڕووبەڕوو نەبوونەوە لەگەڵ کێشەکان. کەسایەتی فەرهەنگی هەژاری، هیچ کاتێک ناتوانێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرامبەرەکەی و خۆشیدا ڕووبەڕووی کێشەکان ببێتەوە، هەر لەبەر ئەمەش هەمیشە کێشەکان کەڵەکە دەبن و دەمێننەوە، هۆکارەکەشی ترسە کە وای کردوە بەردەوام کێشە لەنێو خێزان هەتا کۆمەڵگە و ناوەند و هەتا حیزبەکانیش کەڵەکە ببێت و بەبێ چارەسەریش بمێنێتەوە!

* ڕاکردن.. تاک لەم فەرهەنگەدا هەمیشە پێی وایە بۆ مانەوەی خۆی پێویستە ڕابکات نەک بەرگری بکات! هەتا فەرهەنگی ڕاکردن بۆتە بەشێک لەمێژووی تەکتیکی خەباتی ڕزگاری کورد. لەڕاستیدا کورد هێندەی ڕایکردوە هێندە بەرگری نەکردوە! هەر بۆیە بە بەردەوامی چیاکانی بەدۆست و پەنا و حەشارگەی خۆی زانیوە، لەگەڵ بەردەوام بوونیدا وای کردووە کە ڕاکردن ببێتە هەستێکی ئاسایی و وەکو باشترین چارەسەر تەماشا بکرێت!

* ڕەخنە گرتن.. ڕەخنە لەپێناوی چارەسەردا ناگرێت وەک بەشێک لەئامرازی چارەسەری کێشەکان و بۆ ئازاد کردن و وشک کردنی عەقڵ لەو ڕەگە قوڵانەی کە فەرهەنگی

هەژاری دروستی کردوە. بەڵکو تەنها ڕق و کینە و بچوک کردنەوەی بەرامبەرەکەی پاڵنەرن. لەم فەرهەنگە پێوەری سەرکەوتن لەدواکەوتنی بەرامبەردایە.

* زێدەڕەوی (موبالەغە) کردن لەدەربڕینی ئازار و ناخۆشییەکاندا، بەمەبەستی بەدەست هێنانی هەست و سۆزی بەرامبەر، یان بەدەست هێنانی هەندێک دەست کەوتی مادی و خۆ خۆشەویست کردن.

* دوڕوویی (نیفاق) کردن بۆ هەندێک کەس، ڕەنگە ئەو کەسە شایستەی هیچ ڕێز و ستایشێک نەبێت. ئەمەش دەرەنجامی ئەو هەستەیە کە هەمیشە ترسی لەهەموو شتێک هەیە، هەموو شتێک ئەگەر زۆر بچووکیش بێت بەترسناکی دادەنێت لەسەر ئایندەی خۆی.

* پەلەکردن و ڕاڕایی و هەڵپە کردن و جەنجاڵ بوونی ناپێویست لەهەموو شتێک و شوێنێکدا. لەبڕیاردان لەکاری ڕۆژانە وەک سەردانی کردنی فەرمانگەکان کە دەبینین چۆن سەرەبڕی دەکرێت ئاژاوەی ناپێویست دروست دەبێت... هەموو ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ترس هەیە، ترسی ئەوەی دەوام تەواو بێت، بیردەکاتەوە هیچ مافێکی نیە، بۆیە تەنها دەبێت هەرخۆی لەخەمی خۆیدا بێت.

٢- بازرگانی کردن بەمۆراڵ و بنەما پیرۆزەکانەوە وەک ئاین و نیشتمان پەروەری و مرۆڤ دۆستی. بەکارهێنانی هەریەک لەم مۆراڵانە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و تاکە کەسی بەڵام هەر کاتێکیش ئەم بنەمایانە دژی بەرژەوەندییە تاکە کەسیەکانی بوو ئەوە زۆر بەئاسانی بێ ئەوەی سڵ لەهیچ شتێک بکاتەوە، دژی دەوەستێتەوە و بەدوای جێگرەوەیەکدا دەگەڕێت بەلاشیەوە ئاساییە پێچەوانەی یەکەم هەڵوێستی بێت، بگرە زۆرجار بەزیرەکی و ئازایەتیشی دەزانێت! بەداخەوە ئەم دیاردەیە لەکوردستاندا زۆر زۆرە، هەر لەگواستنەوەی سەنگەر، لەم سەری چەپەوە بۆ ئەو سەری ڕاست بەناوی یەکانگیر نەبوونی ئایدۆلۆجیا و لەمسەری ئیلحاد بۆ ئەوسەری ئاینداری و هەموو ئەمانەش بۆ بەردەوامی دانە بە بەرژەوەندی تاکە کەسی.

٣- گرنگی دانی زیاد لەپێویست بە(سێکس) هەتا ئاستی داگیر کردنی بیر و مێشک و کات و هەموو شتێکی ژیان، بەردەوام خۆ خەریک کردن بەپۆلێن کردنی ئەوەی حەرامە و ئەوەی حەڵاڵە، ئەمە شەرعیە و ئەوە ناشەرعیە، خەریک کردنی هەموو عەقڵ و بیرکردنەوەکانی بەئەندامی زاوزێی مرۆڤەوە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە جگە لەم چێژە هەستیە هیچ چێژێکی ڕوحی دیکە شک نابات. سێکس تەنها چێژی هەستیە کە ئەو بیزانێت یان بیستبێتی یان بەشێوەیەکی شەرعی ڕێگە پێدراوبێت و تەنانەت ئەگەر بەڕێگای ناشەرعیش بێت.

تەنانەت هەتا ئەو کاتەی ئەمڕێتیش نازانێت مانای ڕاستەقیەنەی ئاسمانی و ڕۆحی لەسێکسدا چیە، سێکس لەم فەرهەنگە تەنها ژمارە و جۆر و شێوەیە، نەک پەیوەندییەکی ڕوحی پیرۆز لەپێناوی مانەوە و بەردەوامی مرۆڤایەتیدا.



٤ـ هەستێکی بەردەوام بەوەی کە زۆر مەزڵوم و غەدر لێکراوە، تەنانەت ئەگەر نا مەنتقی و دووریش بێت لەڕاستیەوە، بە بەردەوامی ئەو هەستەی هەیە کە ئەو شتەی ئەم نیەتی ئەوە لەبنەڕەتدا شایستە بەمە، بەڵام لێی داگیر کراوە، شعورێکی لا دروست بووە کە ئەو شایستەی زیاترە لەوەی کە هەیەتی، ئەگەر تواناکانی بایی ئەوەش نەبن. دەرەنجام ئەم هەستەش مرۆڤێکی قینە لەدڵ و بێ بەزەیی و حەسود و خۆپەرست بەرهەم دەهێنێت کە هەمیشە دەبێتە کێشە بۆ کۆمەڵگە، بۆ نموونە زێدەڕۆیی کردنە سەر موڵکی گشتی و تەجاوز دیاردەیەکی باوی کۆمەڵگەیە، ئەو مرۆڤە پێی وایە کە شوێنی باخچەیەک بکاتە خانوو مافێکی سروشتی خۆیەتی!

٥ـ دووڕوویـی و پۆشینی بەرگی پیاوچاکی. بەمجۆرە هەمیشە وەها خۆی پێشان دەدات کە مرۆڤێکی خێرخواز و بەخشندە و لێبوردەیە، بەڵام لەگەڵ بچووکترین بەریەک کەوتنی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەوە دەبێتەوە گورگەکەی ناخی و ڕووی ڕاستەقینەی دەردەکەوێت و ڕق و کینە و بوغزە شاراوەکانی ناخی پێشان دەداتەوە.

٦ـ هەست کردن بەوەی کە هەموو کاتێک برسیە و تێربوونی بۆ نیە. هەمیشە هەڵپەیەتی و وەهاش هەست دەکات کە هەموو کەس وەک ئەون، بۆیە دەست ناپارێزێت لەشڕە خۆری و تاڵان کردن.

دەیان نموونەی دیکەی ڕۆژانە هەیە کە ئێمە دەیبینن وەکو ئەوەی کە خانوویەکی تەجاوز دروست دەکات و وەها خۆی پێشان دەدات کە بێ جێگەیە، بەڵام بۆی برەخسێت دە دانە خانووی دیکەیش دەکات و دەیدات بەکرێ! زۆربەیان کاتێک شتێک دەفرۆشن لەپێش کڕیارەکە خۆیان وەها دەردەخەن کە پێویستی بەوەیە بیفرۆشێت، بەڵام لەکاتی کڕینیشدا

مەبەستمان لەفەرهەنگی هەژاری کە خاڵی جەوهەری بابەتەکەیە بریتیە لەو شێوە ژیان کردنە ڕۆژانەیەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیە، لەجۆری بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و تەسمیم گرتن لەکاری ڕۆژانەی تاکەکان ئەوەندەی وەك میرات ماوەتەوە . کەمتر ئەکەوێتە سنووری لۆژیك و مۆڕاڵ و گەشەی زانست و مەعریفەوە .



هەواڵنامەی کتێب

فێڵێکی دیکە بەکار دەهێنێت وەک ئەوەی کە قەرزی کردوە و خۆی بەگوناھ و لێقەماو پێشان دەدات! ئەمەش فرتو فێڵێکی ڕێویانەیە لەژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری دەهێنێت.

٧- گەڕان بەدوای فەتوای شەرعیدا. هەڵگرانی فەرهەنگی هەژاری هێندەی بۆ چارەسەر بەدوای فەتوادا وێڵن زۆر کەمتر بەدوای مەنتق و لۆژیکەوەن، بۆ بچوکترین شت ئەبێت پشت بەفتوایەک ببەستن، هەندێک جار هێندە جێگەی بەزەییە کە پێکەنینت پێی دێت. کاتێکی زۆری ژیانی ڕۆژانەی بەفتوادان و خۆ هەڵقورتانە ژیانی خەڵکەوە خەرج دەکات کە خودی خۆی کەمتر کاری پێدەکات.

٨- کورت بینی.. لەبەرئەوەی هەژاری و برسێتی ڕێگای خەون و بیر کردنەوە لەدوا ڕۆژ دەکوژێت و تەنها بیر لەژیان دەکاتەوە دەیەوێ بژێ بۆ ئەو ڕۆژە یان ئەو چرکەساتە، ئەم بیر کردنەوەیەش وەهای لێدەکات کە هەمیشە بڕوای بەوە بێت کە دەڵێن: ئەو نانە نانە ئەمڕۆ لەخوانە، نانی ئەمڕۆت هەبێ بۆ سبەینێ خودا کەریمە! ئەمڕۆ بەسبەینێ و سبەینێ بەدوو سبەی دەسپێرێت.. دەرەنجام ئەم هەستە هەموو توانا و لێهاتوویی دەکوژێت و ناهێڵێت ببێت بەمرۆڤێکی داهێنەر. هەمیشە لەناو بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە لەخەوتنەوە بۆ کارکردن و بۆ خواردن... ئەمەش بەردەوام دەبێت هەتا بەمردن کۆتایی دێت.

هەر یەکێک لەوانەی باسمان کردن بەشێکن لەڕەوشتەکانی فەرهەنگی هەژاری بێگومان زیاتریش هەڵدەگرێت، هەر لەئەمریکای لاتینەوە هەتا ئەفریقیا و ئاسیا لەیەکتر دەچن و جیاوازییان نییە.

لەڕاستیدا دەتوانین پێشی بڵێین «فەرهەنگی فیوداڵیزم». ئەم فەرهەنگە لەکۆمەڵگە پیشەسازی و شارستانیەکاندا بوونی نیە، بەڵام لەکوردستاندا و لەپاش ئەنفال و کیمیا باران کردن و نەمانی لادێکان، کۆچ پێکردنیان بە فەرهەنگەکەوە بۆ شارەکان، ئەم فەرهەنگە بۆتە فەرهەنگی شارەکانیش و کێشەیەکی گەورە لەم ناوچەیەدا نەک نەیانتوانی لەبەر پێویستی ژیان کردن لەشار گۆڕانکاری لەفەرهەنگی هەژاریدا بکرێت، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ فەرهەنگی شارستانی و شاردا لەکێشمەکێش و پێشبرکێدا بوون، بەڵام لەکۆتایدا فەرهەنگی هەژاری سەرکەوت بەسەر فەرهەنگی شاردا ئەوەی ئێستا لەکوردستاندا ناوی شارە لەقەرەباڵغیەک و جەنجاڵیەکی مرۆڤەکان و چەند ئەپارتمانێکی چۆڵ و هۆڵی بیکەڵک زیاتر هیچی دیکە نیە و ئەم فەرهەنگی هەژارییەش ئێستا بۆتە مەرجەع بۆ یاسا و ڕێساکان.

بێگومان بۆ گەڕاندنەوە و دروست کردنەوەی فەرهەنگی شار و لاواز کردنی فەرهەنگی هەژاری پێویستمان بەشۆڕشێکی فەرهەنگی هەیە کە ئەم فەرهەنگە ژەنگاویە بگۆڕێت، بەفەرهەنگێک کە شایستەی ڕێز و شکۆمەندی مرۆڤ و دابینکەری مافی مرۆڤ و گەڕاندنەوەی حورمەتی تاک بێت. ئێمەی کورد ناتوانین شارستانیەت بنیات بنێین هەتا نەتوانین ئەم فەرهەنگە فیوداڵیزمە بگۆڕین بۆ فەرهەنگی شار بەمانا مۆدێرن و مەعریفیەکەی.



هەواڵنامەی کتێب

# فەلسەفە و شارستانیەت



سەعید ناشید
وەرگێڕانی/ زانا موحەمەد

**پرسیارێکی ڕوون هەیە دەڵێت:**


**ئایا بیرکردنەوەی فەلسەفیانە ڕۆڵی هەیە لەبونیادنانی شارستانیەتدا؟ یان شارستانیەتی هاوچەرخیانە (بۆئەوەی پرسیارەکە تەواوتر بێت) هەر خۆی بەم شێوەیە و لەسەر ئەم ڕیتمەی ئێستا لەسەرێتی بەتەواوی دەهات، لەهەموو ئاستەکانی ئەقڵ و دامەزراوەکان و لەسەر هەمان تەرز و ڕێکخستنی ژیان، بەبێ پێویستی ئەو چەمکە گەورانەی کە دیکارت و سپینۆزا و ڕۆسۆ و کانت و هیگڵ و مارکس و نیچە و....تاد دایانڕشتەوە؟**

**ئایا چۆن ئێستا بیردەکەینەوە هەر بەوشێوەیە بیرمان دەکردەوە، هەر هەمان ئەم ڕەفتارانەی ئێستامان دەبوو، بەهەمان بونیادی ئەقڵی سیاسی ئێستاوە، بەهەمان بونیادی ئەقڵی ئاکاری ئێستاوە، بەهەمان بونیادی ئەقڵی مەعریفی ئێستاوە، بەهەمان بونیادی ئەقڵی جوانناسی (Aesthetic) ئێستاوە، تەنانەت ئەگەر فەیلەسوفەکان هیچیشیان نەوتبایە هەر وابیرمان دەکردەوە؟**

**ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە تەنانەت ئەوانەی فەلسەفە بەقسەی پوچ و بەتاڵیش دەزانن ناتوانن بەبەڵێ و بەبێ منجەمنج وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە. ئەگەرنا ئێستا ئەو چەمکە بنەڕەتیانەی بیریان پێدەکەینەوە لەکوێوە بۆمان دەهات؟ چونکە ئێمە تەنها بەهۆی زمانەوە بیرناکەینەوە، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە کە بەهۆی چەمکەکانەوە بیردەکەینەوە.**

**بەڵام، هەتا کەسانێک هەبن (بەهۆکاری ئاینی یان دەسەڵاتەوە یان هەر بۆ ملهوڕی) پێداگیری لەسەر ئەوە بکەنەوە کە وەڵامەکەیان بەبەڵێ بێت، دەبێت ئێمەیش هەتا ئەوپەڕەکەی بەدوای وەڵامەکەماندا بڕۆین:**

**ئەگەر فەیلەسوفەکان لەمێژوودا دەرنەکەوتنایە، ئەگەر هەر هیچیان نەوتبایە، ئەگەر هیچیان نەنوسیبایە،**



ئەوانەی فەلسەفە بەقسەی پوچ و بەتاڵیش دەزانن ناتوانن بەبەڵێ و بەبێ منجەمنج وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە. ئەگەرنا ئێستا ئەو چەمکە بنەڕەتیانەی بیریان پێدەکەینەوە لەکوێوە بۆمان دەهات؟ چونکە ئێمە تەنها بەهۆی زمانەوە بیرناکەینەوە. بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە کە بەهۆی چەمکەکانەوە بیردەکەینەوە.






ئەگەر هەر لەبنەڕەتەوە نەبوونایە، ئەقڵی مرۆیی ئەمڕۆ لە چ دۆخێکدا دەبوو؟ ئەگەر ئەو دەقە فەلسەفیانەی بونیادنەری بیرکردنەوەی سیاسی و ئەخلاقی و زانستین لەمێژووی ئەقڵی مرۆییدا دەرنەکەوتنایە، بۆنمونە ئەوانەی پەیوەستن بەکۆمارەکەی ئەفلاتون و بنەماکانی دیکارت و ئاکاری سپینۆزا و نامەکانی ڤۆلتێر و سیانە ڕەخنەییەکەی کانت و فینۆمینۆلۆجیاکەی هیگڵ و سەرمایەکەی مارکس و جینالۆجیاکەی نیچە و ...تاد نەبوایە، ئەگەر ئەو دەقە فەلسەفیە مەزنانە نەبونایە بیرکردنەوەی ئێستامان چۆن دەبوو؟ پەیوەندیمان بەئاین و خەون و ئەفسانە و خەیاڵ و خۆشەویستی و جوانیەوە چۆن دەبوو؟ توانای بیرکردنەوە و ڕەخنە و ڕامان و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەمان چۆن دەبوو؟ نزیک کردنەوەکانمان، وێناکردنەکانمان، ئایدیۆلۆژیاکانمان، بەو واتایەی (ئێستا دەیلێین و دەریدەبڕین) فەلسەفەکانمان چۆن دەبوون؟

بوونی گەلانێک ڕەتناکەینەوە کە شارستانیەتی پێشکەوتوویان هەبووە لەهەندێک بواری پەرەپێدان و مەعریفەی مرۆیی بەبێ ئەوەی هاوشێوەیەکی فەلسەفەیان هەبێت. با لەوانە بگەڕێین کە دەڵێن پێویستمان بەدووبارە پێناسە کردنەوەی فەلسەفە هەیە، بۆئەوەی درک بەوە بکەین کە هەموو شارستانیەتەکان لەسەر جۆرێک لەفەلسەفە دروست دەبن. فەلسەفە ئاین نییە، زانستیش نییە، هونەریش نییە، ئەفسانەش نییە، لەهیچ شوێنێکیش ئەگەر مەرجە وردەکانی دەرکەوتنی نەبن بوونی نییە. بریتییە لەخاوترین چالاکی ئەقڵی. هەرچەندە خاوییەکەیشی نرخی باڵایی و هەروەها نایابیەکەیەتی. ئەوە ڕەت ناکەینەوە کە فەلسەفە کردن کردەیەکی سروشتی مرۆڤە، پرسیاری منداڵانەیش لەهەموو کولتورەکاندا لەیەکتر دەچن، بەڵام بەردەوامی پرسیارەکان دەرفەتێکە لەهەموو ژینگەیەکدا بەردەست نابێت و ڕەنگە بۆ هەمووانیش فەراهەم نەبێت. هەمووان فەلسەفە دەکەن بەڵام بەردەوامی لەفەلسەفە کردن کۆششێکی دەگمەنە و پێویستی بەباوەشی ژینگەیەکە کە ئەقڵ پەیوەست نەکات بەهیچ پیرۆزییەکی سەپێنراوەوە.

شتێک هەیە دەیزانین و دانیشی پێدا دەنێین، چ کۆمەڵگەیەک دەتوانێت بگات بەکاروانی شارستانی بەبێ ئەوەی پێویستی بەبیرکردنەوەی فەلسەفی بێت (چین، هندستان، باشوری ئەفریقیا، و....تاد)، ئەم کۆمەڵگانە دەتوانن فێری پیشەسازی و کارگێڕی و دیموکراسی ببن لەکۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا توانای ئەوەیان هەیە داهێنانی زانستی نوێ بکەن لەفیزیای گەردونی یان مایکرۆ فیزیادا سنورەکانی ئەنیشتاین و ماکس بلانک و ئەوانی دیکە تێپەڕێنن؟ ئایا دەتوانن بەشداری بکەن لەپێشنیار کردنی سیستەمێکی ئەخلاقی تەواوکراو و چالاکدا لەچوارچێوەی بایۆلۆجیادا سنورەکانی کانت و هابرماس و ئەوانی دیکە تێپەڕێنن؟ ئایا دەتوانن سیستەمێکی نوێ بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی دابهێنن بەشێوەیەک سنورەکانی ژان ژاک ڕۆسۆ و کارل پۆپەر و ئەوانی دیکە تێپەڕێنن؟ ئایا داهێنانی تیۆری وێناکراو پێویستی بەوە نییە کە ئەرستۆ ناوی لێنابوو زانستی گشتی (علم الكليات)؟

هیگڵ تیۆرێکی دانا و هەتا ئەمڕۆش نەمانتوانیوە وەلای بنێین: مێژووی فەلسەفە خودی مێژوو خۆیەتی. ئەمە ڕوونە ئەگەر مێژووی فەلسەفە بەمێژووی ئەقڵ ئەژمار بکەین. بەڵام ڕوونتر دەبێت ئەگەر مێژووی فەلسەفە بەمێژووی چەمکە گەورەکان ئەژمار بکەین کە بەهۆیەوە ئەقڵی مرۆڤ دەتوانێت بیر لەجیهان و ژیان، شارستانیەت و سیاسەت، بەردەوامی و سروشت، هەروەها لەمردن و لەناوچوونیش بکاتەوە، فەلسەفە بریتییە لەوێناکردنە گەورەکان کە ئەقڵی مرۆڤ بەو وێنا کردنانە نزیک کردنەوە لەنێوان بابەتەکانی بوون و کات و ناسنامە و واتادا دەکات. بەو واتایەش فەلسەفە بریتی دەبێت لەگوزارشت کردن لەشتێکی وردتر، ئەویش خودی ئەقڵی مرۆییە.

فەلسەفە بریتییە لەو پەیژەیەی شارستانیەتی مۆدێرنی پێدا سەرکەوت، سەرکەوتنێکی پلەبەپلە بەرەو چاککردنی توانای بیرکردنەوەی مرۆڤ لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەی وەهمەکاندا،





چاککردنی توانای مرۆڤ بۆ ژیان لەناو ڕووبەڕوو بوونەوەی چەرمەسەرییەکاندا، چاککردنی توانای مرۆڤ بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەکانی توندوتیژی مرۆڤ لەبەرامبەر مرۆڤی برایدا. درک بەهەموو ئەم ئاسۆیە ناکرێت، تەنانەت دەتوانیت بڵێیت درک بەزۆرینەی ناکرێت، هەرچەندە ئەوە ئاسۆیەکە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی نییە جگە لەدڕندەیی و دواکەوتن.

ڕاستە ڕەنگە پێویستمان بەڕێژەیەکی زۆری فەلسەفە نەبێت بۆ بیرکردنەوە لەبابەتی بۆنمونە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەڵام ئایا توانای ئەو جۆرە لەبیرکردنەوە هەبوو پێش ئەوەی مۆنتسیسکۆ چەمکی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەدی بهێنێت؟ ڕەنگە پێویستمان بەڕێژەیەکی بەرزی فەلسەفە نەبێت بۆ بیرکردنەوە لەبابەتی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و وردەکارییەکانی، بەڵام ئایا توانای ئەو جۆرە لەبیرکردنەوە هەبوو پێش ئەوەی ڕۆسۆ چەمکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنێت؟ هەروەها ڕاستە خەڵکانێک هەن بەخۆڕسک لێبوردەن بەبێ ئەوەی پێویستیان بەخوێندنەوەی پەیامی لێبوردەیی ڤۆلتێر یان جۆن لۆک بێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە پێش ئەم دوو فەیلەسوفە چەمکی لێبوردەیی وەک ئاسۆیەک بۆ بیرکردنەوە نەخەملێبوو، یان هەر نەبوو. لێبوردەیی ئەگەر هەبووبێتیش نزیکتر بووە لەدۆخێکی میزاجی و هێشتا وەک تیۆر دانەمەزرا بوو. دامەزراندنی تیۆری بریتی نییە لەتەنها ئەبستراکتێکی وێنەیی زیاد لەپێویست وەک دژەکانی ڕەوایەتی لەبیرکردنەوەی فەلسەفیدا گومانی پێدەبەن، بەڵکو بریتییە لەمەرجی ئەقڵی و دەرونی بنەماکانی پێڕەوکردنی ژیان و ڕەفتاری مەدەنیانە کە ئەقڵی مرۆڤ لەهەر کوێیەک بێت ڕێزی لێبگرێت. لەبەرئەوە فەلسەفە وەک



ڕەنگە پێویستمان بەڕێژەیەکی زۆری فەلسەفە نەبێت بۆ بیرکردنەوە لەبابەتی بۆنمونە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەڵام ئایا توانای ئەو جۆرە لەبیرکردنەوە هەبوو پێش ئەوەی مۆنتسیسکۆ چەمکی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەدی بهێنێت؟ ڕەنگە پێویستمان بەڕێژەیەکی بەرزی فەلسەفە نەبێت بۆ بیرکردنەوە لەبابەتی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و وردەکارییەکانی

ئەوەی مێژووی ئەقڵە نوێنەرایەتی پرۆسەیەکی بەردەوام دەکات بەرەو دامەزراندنی ئەقڵێکی گەردوونی. ئەقڵی گەردونی نوێنەرایەتی ئاسویەکی تیۆری دەکات لەبەردەم جۆری مرۆییدا هەروەک هێزی یاسا و ڕووحی یاسادانان (تشریعات) لەناو کۆمەڵگە مۆدێرنەکان و ئەو کۆمەڵگانەدا ڕوون دەکاتەوە کە ڕێچکەی مۆدێرنیزمیان گرتۆتەبەر. بۆیە سەیر و نامۆ نییە کە یەکەم دوژمنەکانی فەلسەفە لەهەموو سەردەم و شوێنێکدا بانگەشەکارانی ناوچەگەری بن بەجیاوازی پاشخانە ڕۆشنبیری و ئاینیەکانیانەوە.

با جارێکی دیکەش دانی پێدا بنێینەوە کە زۆرێک لەکۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان ڕەنگە پێویستیان بەرێژەیەکی بەرزی فەلسەفە نەبێت بۆ هاوردە کردنی دیموکراسی و نوێگەری (مۆدێرنە) سیاسی، ئەوە ڕەت ناکەینەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەو شارستانیەتانەی ئەو ئەزموونانەیان داهێنا لەتوانایاندا هەبوو لەدۆخی نائامادەگی فەیلەسوفاندا (فەیلەسوفەکانی مافی سروشتی، فەیلەسوفەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری، و....تاد) ئەو ئەزمونانە دابهێنن؟ لەپاش هەموو ئەوانەش، ئایا ئێستا هەمان مۆدێرنێتە پەرە پێدەدرێت، لەو پرۆسەیەدا کە هەندێک ناویان ناوە (پۆست مۆدێرنە) و لەدەرەوەی چوارچێوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی فەلسەفیدا، نمونەی هەوڵەکانی جان فرانسوا لیۆتار، میشێل فۆکۆ، جاک دریدا، جان بۆدریارد و خەڵکانی دیکەش؟ ئایا دیموکراسی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا گەشەی کردووە، بەرەو لەخۆگرتنی مافی کەمینەکان، دوور لەرەخنە کردنی سیستەمە گشتگیرەکان لەلایەن فەیلەسوفانی بەقەبارەی هانا ئەرندت و کارل پۆپەر و هابرماکس و خەڵکانی دیکەش؟

**با لە پرسیار کردن بەردەوام بین:**

ئایا دەتوانین بەبێ ئامرازەکانی فەلسەفەی ئێستا خوێندنەوە بۆ هونەری هاوچەرخ بکەین؟ ئایا دەتوانین خوێندنەوە بۆ گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی هونەری تەلارسازی بکەین بەبێ ئامرازەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ؟ ئایا لەبیرمان چۆتەوە کە ئەو ئەندازیارەی سەرپەرشتی دووبارە بیناکردنەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی دەکات لەدوای دەست درێژییەکانی یانزەی سەپتەمبەر، دانیال لبسکیند، ئیلهامە تیۆریەکانی لەهەڵوەشانەوە گەراییەکانی جاک دریدا وەردەگرێت؟ ئایا دەتوانین نەوەی کۆتایی مافەکانی مرۆڤ لەدەرەوەی ئامرازەکانی فەلسەفەی ئێستادا قبوڵ بکەین؟ ئایا دەتوانین ئەخلاقیاتی بایۆلۆژی بونیاد بنێینەوە دوور لەهەوڵەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی هابرماس بەنمونە؟

بەدڵنیاییەوە بەرگری کردن لەفەلسەفە بەرگری کردن نییە تەنها لەفەلسەفە وەک فەلسەفە، بەڵکو بەرگری کردنە لەشتێکی گرنگتر و گشتگیرتر، ئەویش پرۆسەی گەشە کردنی ئەقڵی مرۆییە بەرەو چاکتر کردنی توانای بیرکردنەوەی لەجیهانێک کە تیایدا تەکنیکەکانی دەست



بەسەرداگرتن گەشەی کردووە، چاکتر کردنی توانای ژیانە لەجیهانێکدا کە مەحکومە بەپاشاگەردانی، چاکتر کردنی توانای پێکەوە ژیانە لەجیهانێکدا تیرۆر گەماڕۆی داوە.

ڕوونکردنەوە:

لەقۆناغێکی مێژوویدا کە سیمای لەئاین دەرچوونی پێوە لکاوە (تەنانەت ئەگەر ئەو دەرچوونە پارێزراویش نەبێت لەزۆربەی کاتدا)، ئەو قۆناغە سیمای داڕوخانی ئایدیۆلۆژیا ڕزگارکەرەکانیشی پێوەیە، چ لەلایەنە چەپەکانی بێت یان لایەنە ڕاسترەوەکانی بێت، پێدەچێت بۆشاییەک هەبێت لەسەروبەری گۆڕانکاریدا بێت بۆ جۆرێک لەهیچگەرایی (Nihilism - عەدەمیەت)ی تارێک.

ڕەنگە ئەو هیچگەراییە بێت کە نیچە پێشبینی کردبوو، ئەو ڕۆژەی وتی: ((من مێژووی دوو سەدەی داهاتوو دەگێڕمەوە (مەبەستی سەدەکانی بیست و بیستویەک بوو)، وەسفی ئەوە دەکەم کە دێت و ناکرێت لەهاتنەکەیدا دوابکەوێت: ئەویش دەرکەوتنی هیچگەراییە)) کتێبی (ویستی هێز - إرادة القوة).

هیچگەرایی جگە لەنیشانەیەک لەنیشانەکانی بۆشایی لەناکاو شتێکی دیکە نییە کە بەدوای داڕوخانی پرەنسیپی ڕزگاری مەزندا دێت بەهەردوو واتاکەیەوە، ئاینیەکەی و شۆڕشگێڕییە دونیاییەکەی. هەڵبەتە ڕزگاری مەزن بەواتای بەدیهێنانی دوو مەبەستە: بەختەوەری مرۆڤ و سەرکەوتنی چاکە (خێر) بەسەر خراپەدا (شەڕ). ئەوانەیش ئەو دوو مەبەستەن کە ئایدیۆلۆژیا ڕزگارییەکان لەسەر بنەمایان بونیاد نراون.

هەرچی مەترسیەکانی هیچگەراییە وەک فەلسەفەی پێشنیار کراو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دوای داڕوخانی ئایدیۆلۆژیای ڕزگارکەرەکان دەمێنێتەوە. بەڵام بابەتەکە پێویستیەکی هەیە و دەکەوێتە چوارچێوەی پێویستیەکانی دارشتنەوەی مێژووی فەلسەفەوە لەبەر ڕۆشنایی پێویستیە ڕووحیە نوێیەکانی مرۆڤی هاوچەرخدا، بەڵام ئەم جارەیان بەکرانەوە بەڕووی گرنگترین پسپۆرییەکانی ئەفسانەگەرایی (میتۆلۆجی)، ئاینی، هونەری، ئەدەبی و دوور لەمیکانیزمەکانی خەڵەتاندن (ئەوەیش گرنگترینە).

سەبارەت بەم شیکارییە زۆربەی فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوا هاوڕان.

پرسیارێکی دیکەش بەتەواوی دەمانگرێتەوە:

ڕۆڵی ئێمە چییە وەک ئەو ڕۆشنبیرانەی سەر بەکۆمەڵگەکانی باشورین؟ (مەبەست لەباشوری گۆی زەوییە، واتا ئەوانەی دەکەونە خوارووی ئەوروپاوە).

بێگومان لەلایەنی یەکەمەوە پێویستە لەسەرمان لەو گۆڕانکارییەی لەفەلسەفەی هاوچەرخدا ڕوو دەدات تێبگەین، لەلایەنی دووەمیشەوە دەتوانین یەکێک لەڕەگەزەکانی هێزی ڕووحیمان تێکەڵ بەو گۆڕانە بکەین، ئەویش سۆفیزمی فەلسەفیە.

پێویستمان بەڕوون کردنەوەی زیاترە:

یەکەم: چی لەبارەی ئەم گۆڕانکارییەی لەفەلسەفەی هاوچەرخدا ڕوودەدات؟

هەواڵنامەی کتێب

وەک پێشتر وتمان. توندوتیژی ئایدیۆلۆژییە ڕزگارکەرەکان (بەڕاسترەو و چەپڕەوەوە) لەسەدەی بیستدا لەسەر بنەمای باوەڕ بەوەی (کە سیاسەت دوو مەبەستی هەیە) بونیاد نراوە:

١- بەدیهێنانی بەختەوەری مرۆڤ (فەلسەفەی ڕۆشنگەری (ئەنوار)، فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم (الوضعیة)، سۆسیالیزمی زانستی، ...تاد). بۆنمونە، ئەگەر هۆکاری چەرمەسەرییەکانی مرۆڤ خاوەندارێتی تایبەت بێت بەبۆچوونی ڕۆسۆ، چارەسەرەکەی ئەوەیە خاوەندارێتی تایبەت کۆتایی پێ بهێنرێت بەبۆچوونی مارکس و ئەنگلس. بەڵام هۆشمەندی ئێستا لەکۆتاییدا بۆی دەردەکەوێت کە بەڵێنەکانی بەختەوەری خۆیان فاکتەری بنەڕەتی بێهیوایی و داڕوخانن. دەرئەنجامیش دەبنە هۆکاری دەرکەوتنی هەندێک شێوەی نارەزایی هیچگەرایی (عەدەمی)، ((توندوتیژی خۆڕایی، توندوتیژی هیچگەرایی، توندوتیژی ئاژاوەگەری «فەوزەوی»))، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمڕۆ، لەنائامادەیی کارامەیی کەسی و تواناکانی خود لەبارەی ژیانەوە، بەرنامە سیاسیەکان هەرچەندە گرنگیشیان هەبێت، بەشدار نابن لەبەدیهێنانی بەختەوەریدا مەگەر لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک و لاوازدا نەبێت.

٢- سەرکەوتنی چاکە (خێر) بەسەر خراپەدا (شەڕ)، ((حزب و ڕەوتە مارکسیەکان و ئایدیالۆژییە ئاینیەکان)). ئەگەر خراپە لەجوولەکەدا بەرجەستە بووبێت وەک نازییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، یان لەئیمپریالیزمدا بەرجەستە بووبێت وەک مارکسیە لینینیەکان بانگەشەیان بۆی دەکرد، یان لەئیستکباری جیهانیدا بەرجەستە بووبێت وەک شوێنکەوتەکانی خومەینی بانگەشەیان بۆ دەکرد، کەواتا ڕزگار بوون لەکۆتاییدا خۆی لەسەرکەوتنی چاکە (خێر) بەسەر خراپەدا (شەڕ) دەبینێتەوە. کەچی هۆشمەندی ئێستا لەکۆتاییدا بۆی دەردەکەوێت کە هەوڵی لەناوبردنی



هیچگەرایی جگە لەنیشانەیەک لەنیشانەکانی بۆشایی لەناکاو شتێکی دیکە نییە کە بەدوای داڕوخانی پرەنسیپی ڕزگاری مەزندا دێت بەهەردوو واتاکەیەوە، ئاینیەکەی و شۆڕشگێڕییە دونیاییەکەی. هەڵبەتە ڕزگاری مەزن بەواتای بەدیهێنانی دوو مەبەستە: بەختەوەری مرۆڤ و سەرکەوتنی چاکە (خێر) بەسەر خراپەدا (شەڕ).

یەکجارەکی خراپە کارەساتێکی لێدەکەوێتەوە لەخودی خراپە خراپترە. لەبەرئەوە، ئەو ئەڵتەرناتیڤەی لەهۆشمەندی سەردەمدا ئەمڕۆ دەستی کردووە بەدروست بوون، لەسەر بنەمای پێکەوە ژیان لەگەڵ ئاستێکی دیاری کراوی خراپەدا، ڕەنگە باشتر بێت لەوەی بەدوای چارەسەری کۆتاییدا بگەڕێت کە ئەگەری زیاتر هەیە خراپەی زیاتر و گەورەتر بەرهەم بێنێت.

لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین ئەمڕۆ لەمامەڵە کردن لەگەڵ هزری سیاسی ڕۆژئاواییدا تێبگەین لەگەڵ هەندێک لەبەڵا کۆمەڵایەتیەکانی وەک کۆچی نهێنی، تیرۆر، گیتۆکان (Ghetto)، تاد.

دووەم: لەچیدا سود لەسۆفیگەری فەلسەفیانە دەبینین؟

سپینۆزا حەزەکانی ئاسودەیی لەبەرامبەر حەزە خەمهێنەرەکاندا دادەنێت.
لەسەر هەمان شێواز نیچە ویستەکانی (غرائز)




گەشە کردن لەبەرامبەر ویستەکانی دواکەوتن و ڕسوا کردنی خوددا دادەنێت، هەروەها فرۆید هێزی خۆشەویستی (ئیرۆس) لەبەرامبەر هێزی مەرگ (ثاناتۆس)دا دادەنێت. کەچی خودی سپینۆزا کە جیل دۆلۆز بەفەیلەسوفە نەجیبەکە وەسف دەکات، بەو فەیلەسوفە ئەژمار دەکرێت کە لەهەمووان زیاتر ڕووحی سۆفیزمی بەلاوە گونجاو بووە، بەهەردوو لایەکەیەوە جوولەکە و ئیسلامی. ئەو یەکتربڕییەش واتا و نیشانەی زۆر لەخۆ دەگرێت.

لەو ڕوانگەیەوە کێشەی وتاری ئاینی لەزۆرینەی ئاینەکاندا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە وتارگەلێکن پەرە بەحەزە خەمهێنەرەکان دەدەن وەک سپینۆزا ناوی لێناوە (بۆنمونە گریان لەترسی خودا)، پەرە بەویستی (غەریزە) خود ڕسوا کردن دەدەن وەک نیچە دەڵێت (بۆنمونە نزاکانی سەرکۆنە کردن و گوناهبار کردنی خود)، هەروەها پەرە بەهێزی مەرگ ویستی دەدات وەک ئەوەی فرۆید ناوی لێناوە (بۆنمونە هاندان و ڕق بوونەوە لەدونیا و ئاواتەخوازی مەرگ).

بەسەر حەزە خەمهێنەرەکانەوە کە بریتییە لەویستی ڕسوا کردنی خود، هەستی ترس و تۆقین دێن کە وتاری ئاینی بەربڵاو لەلای خۆمان پێداگیری لەسەر پەرەپێدانی دەکات لەیەکەم ساتی ئامادەسازی کۆمەڵایەتیەوە. هێزی سۆفیگەری فەلسەفی لێرەدا خۆی دەبینێتەوە کە وێنای گرنگترین هەوڵی وەرگێڕانی ویست (غەریزە) دەکات لەوتاری ئاینیدا، بەو وەرگێڕانەیش دەکرێت ئاین بچێتە بەرەی پاڵپشتی کردن لەحەزەکانی ئاسودەیی و ویستەکانی گەشە کردنەوە، لەسەرووی هەموویشیانەوە هەستی خۆشەویستی و هەستی ڕێزگرتن.

گۆڕینی پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ بۆئەوەی ببێت بەپەیوەندییەک لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێزگرتن بونیاد نرابێت، لەجیاتی ئەوەی پەیوەندی ترس و تۆقین و سەرشۆڕ کردن بێت، ئەوەیش گرنگترین کلیلی ڕیفۆرمی ئاینەکان و چاکسازی مرۆڤەکانە، بۆئەوەی ئاینەکان لەفاکتەری چەرمەسەری مرۆڤەوە بگۆڕێت بۆ فاکتەری بەختەوەرییان.





# ڤان كۆخ
# (Vincent Van Gogh)

ئامادەکردنی:
فرمێسک جەباری

ڤنسنت ڤان کۆخ, بەهۆڵەندی Vincent Willem van Gogh، گۆکردنی بەهۆڵەندی□ v□ns□nt □□□l□m□ v□ŋ □□□x (لەدایک بووی ٣٠ی ئازاری ١٨٥٣ – لە٢٩ی تەمموزی ١٨٩٠ کۆچی دوایی کردووە) نیگارکێشێکی هۆڵەندیی بوو، وەک یەکێک لەهونەرمەندانی ئیمپرێشینیزم پۆلێن کراوە, نیگارەکانی بەگرانترین و میللییترین و بە بەهاترین نیگارەکانی جیهان دەخەملێندرێن. ماوەیەکی زۆر بەهۆی هێرشی نەخۆشیی مێشکییەوە ناڵاندی (سەبارەت بەمەش زۆرێک تیۆری و تێڕوانین هەیە) کە یەکێک لە بەناوبانگترین ئەو ڕووداوانەی ڕوویاندا ئەوە بوو بەشێکی لەگوێچکەی چەپی خۆی بڕی. یەکێک بوو لە بەناوبانگترین هونەرمەندانی وێنەی شێوەکاری و بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی خۆی ڕووی لەوێنەی شێوەکاری کرد. لەدوایین پێنج ساڵی کۆتاییەکانی ژیانیشیدا زیاد لە٨٠٠ نیگاری زەیتی کێشا و بەناوبانگترینیشیان تابلۆی پەتاتە خۆرەکانە.

باوکی قەشە بووە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ژیانی دروست کردووە و هۆکاری ئەوە بووە پەروەردەیەکی ئایینی و نموونەیی هەبێت، سەرەتای کارکردنی ڤان کۆخ لەگەڵ مامیدا بوو، لەدامەزراوەیەکی بازرگانیی هونەریدا کاریان کردووە. ماوەیەک لەلقی لاهای ئەو دامەزراوەیە مایەوە، پاشان چووە لقی لەندەنی ڕێکخراوەکە. لە لەندەدن خانمێکی بەناوی ئۆرسۆلا لۆیەر ناسی و پێی سەرسام بوو, خۆشەویستیی خۆی بۆ دەربڕی، بەڵام خانمە ئینگلیزەکە ڤان کۆخی ڕەت کردەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ڤان کۆخ دروست کرد. ئەم ڕووداوە هۆکاری ئەوە بوو ڤان کۆخ بەتوندی پەنا بباتە بەر ئایین و ببێتە کەسێکی ئایینی. پاش ئەم ڕووداوە ڤان کۆخ گواسترایەوە بۆ لقی پاریسی دامەزراوەکە و دوای ماوەیەک دەستی لەکار کردن لەگەڵ ڕێکخراوەکە هەڵگرت و پەیوەندیی کرد بەخوێندنگەیەکی ئایینی و ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ ئایین و لێکۆڵینەوە لەئینجیل. پاشان داوای کرد ببێتە پیاوێکی ئایینی و لێپرسراوێتیی دامەزراوەیەکی ئایینیی پێ سپێردرا.






دواتر بەهۆی هەڵسوکەوتە نامۆکانیەوە، ئەندامانی کڵێسا بڕیاریاندا ڤان کۆخ دوور بخەنەوە، ئەمەش شکستێکی دیکە بوو. دوای ئەم ڕووداوە، ڤان کۆخ ساڵیکی پڕ لەنەهامەتی و باری دارایی خراپی بەسەر برد، پاشان پەیوەندیی کرد بەخوێندنگەیەکی خوێندنی هونەر کە تیۆی برای یارمەتیی دارایی دەدا. لەو ماوەیەدا ڤان کۆخ کچێکی بەناوی (کی) ناسیی و کەوتە داوی خۆشەویستییەوە، بەڵام دیسان ئەم خاتوونەش ڤان کۆخی ڕەت کردەوە، ئەمەش گەورەترین نسکۆی ژیانی بوو، خراپترین کاریگەریی لەسەر ژیانی هەبوو...

لەژیانی هونەرییدا، ڤان کۆخ گرنگییەکی زۆری بەجووتیارەکان دەدا و زۆرینەی کارەکانی باسی ژیان و وردەکارییەکانی ژیانیان بووە. بەهۆی مردنی باوکیەوە، ماوەیەک چالاکییەکانی وەستا، پاشان دەستی بەکارەکانی کردەوە و دوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر، توانی یەکەم کاری مەزنی خۆی بەناوی تابلۆی پەتاتە خۆرەکان بکێشێت کە بەیەکێک لەکارە ناوازەکانی دنیای هونەر دادەنرێت. ڤان کۆخ بۆ کێشانی ئەم نیگارە هەموو مانگی نیسانی ساڵی ١٨٨٥ی تەرخان کرد. ئەم نیگارەی دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. دوای ئەمە کەمێک ژیانی ئارام بووەوە و باری دەروونی باشتر بوو، بەڵام دیسان دوای چەند مانگێک ڤان کۆخ تووشی دوودڵی و دڵەڕاوکێیەکی خراپ بوو بەهۆی دەست هەڵگرتنی لەئەکادیمیای هونەر بەهۆی توندی مامۆستاکانیەوە.. ساڵی ١٨٨٧ لەپاریس قۆناغێکی نوێ بوو لەژیانی ڤان کۆخ وەک هونەرمەندێک، بەڵام دیسان ساڵیکی شکستهێن بوو بۆی لەڕووی سۆزداری و جەستەییەوە، ڤان کۆخ بڕیاریدا لەگەڵ تیۆی برای بگەڕێتەوە تاکو ژیانی کەمێک باشتر ببێت و خۆی تەرخان بکات بۆ هونەرەکەی. ئەم کارەی کرد و لەگەڵ تیۆ پاریسی بەجێ هێشت، بەڵام ژیانی لەگەڵ براکەیدا دوو دڵییەکانی ڤان کۆخی زیاد کرد و گرژی کەوتە نێوانیانەوە، بەدرێژایی تەمەنی ئەم گرژییە بوونی هەبوو، بەڵام تیۆ هەمیشە بە لەبەرچاوگرتنی باری دەروونیی ڤان کۆخ، یارمەتیی دەدا و هەمیشە یەکەم کەس بووە کە ڤان پەنای بۆ بردووە. لەزستانی ئەو ساڵەدا بەهۆی کەشوهەوای خراپەوە، بێتاقەتی و تووڕەیی ڤان کۆخ زیاتر بوون.

لەماوەی زستانی خەمهێنەری ساڵی ١٨٨٧ بۆ ١٨٨٨ لەپاریس، ڤان کۆخ زیاتر دوودڵ بوو، ڕەنگە ماتەکانیش زیاتر دەستیان بەسەر وێنەکانیدا گرت، دیسان ڤان کۆخ تیۆی برای جێ هێشت و هانی نیگارکێشی هاوڕێی، پۆڵ گۆگانیدا کە بێت بۆلای لەئارڵ، بەڵام ئەمە پارەیەکی باشی دەویست و تیۆ چیتر لەتوانایدا نەمابوو ئەم پارەیە خەرج بکات بۆئەوەی پۆڵ پەیوەندی بەڤان کۆخەوە بکات. لەو ساڵەدا ڤینسێنت (مامی ڤان کۆخ) کۆچی دوای دەکات و بڕێک سەروەرت بۆ تیۆ جێ دەهێڵێت، تیۆ توانیی گۆگان بنێرێتە لای ڤان کۆخ لەپێناو دڵ خۆش کردنی براکەی و



بەهۆی ئەوەی کە نیگارەکانی گۆگان قازانجیان زیاتر بوو لەنیگارەکانی براکەی، ماوەیەک ڤان کۆخ و گۆگان پێکەوە کاریان کرد، بەڵام دیسان پەیوەندیی ڤان کۆخ و گۆگان تێک چوو، بۆیە ڤان پێشنیاری پرۆژەیەکی هونەریی بۆ گۆگان کرد، بەڵام گۆگان ئەم پێشنیارەی ڕەت کردەوە.

لە٢٣ی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵەدا، ڤان کۆخ تووشی جۆرێک لەنەخۆشیی دەروونی بوو؛ بەگوێزانێکی ڕیشتاشێن گوێی چەپی خۆی بڕی. کاتێک پۆلیس بەمەی زانی، ڕاستەوخۆ ڤان کۆخ گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانە، لەو کاتەدا گۆگان نامەیەکی ئاڕاستەی تیۆ کرد لەپاریس، بۆ ئەوەی سەردانی ڤان کۆخ بکات. پاش ئەم ڕووداوە ڤان کۆخ و گۆگان یەکتریان نەبینییەوە، بەڵام چەندین جار نامەیان بۆ یەکتری نارد.

لەو ماوەیەدا بارودۆخی دەروونی و عەقڵیی ڤان کۆخ زۆر خراپ بوو، بەم هۆیەوە چەندان جار نێردرایە نەخۆشخانەی دەروونی. جارێک لەو جارانە ڤان کۆخ لەشێتخانە نیگارە ناودارەکەی (شەوی پڕئەستێرە)ی کێشا, دوای ئەمە باری دەروونیی ڤان کۆخ کەمێک باشتر بوو, لەنەخۆشخانە هێنرایە دەرەوە، بەڵام جار جار تووشی حاڵەتی دەروونی دەبووەوە.


ساڵی ١٨٩٠ بارودۆخی ڤان کۆخ گەیشتە خراپترین دۆخ، تیۆی برای بەباشی زانی کە ڤان کۆخ بگوازێتەوە بۆ پاریس و لەوی بیخاتە ژێر چاودێریی دکتۆر پۆڵ گاشییەوە. ڤان



کۆخ گەیشتە پاریس، بەڵام دیسان لەوێش ئاسوودە نەبوو، بڕیاریدا پاریس جێ بهێڵێت و بچێتە ئۆوفێر سۆر ئۆیز، لەئۆوفێرسور زۆر ئاسوودە بوو، هەستی بەئازادییەکی زۆر دەکرد، دیسان دەستی کردەوە بەنیگارکێشی. هەردوو تابلۆی دکتۆر گاشی و کڵێسایەک لەئۆفرێسی کێشا؛ لەم کاتەدا ڤان کۆخ هەواڵێکی ناخۆشی پێ گەیشت، ئەویش هەواڵی نەخۆشکەوتنی تیۆی برای بوو. ڤان سەردانی تیۆی کرد و دیسان گەڕایەوە بۆ ئۆوفێرس، لەوێ دەستی بەنیگار کێشان کردەوە.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، بەرواری ١٨٩٠/٧/٢٧، ڤینسێنت ڤان کۆخ دەمانچەیەکی لەگەڵ خۆی برد و چووە ناو یەکێک لەکێڵگەکانی نزیک پاریس، لەوێ فیشەکێکی بەسەر دڵی خۆیەوە نا. بەڵام لەوێدا نەمرد؛ هێنرایەوە بۆماڵەوە و تیۆ ئاگادار کرایەوە. ئەو ماوەیەی کۆتایی ژیانی، هەمووی لەگەڵ تیۆی برایدا بەسەر برد. تیۆ دوای مردنی ڤان ئاماژەی بەوە کرد کە براکەی دەیویست خۆی بکوژێت و ئەو دێڕەی ڤان کۆخی دەگوتەوە کە لەسەرەمەرگدا پێی گوتبوو: "خەم شتێکی نەمرە و بۆ هەتاهەتایە دەمێنێت."

بەرەبەیانی ٢٩ی هەمان مانگی ساڵی ١٨٩٠، ڤان کۆخ کۆچی دوایی کرد. کڵێسای کاسۆلیکیی ئۆفێرس ڕەتی کردەوە کە ڕێگە بدات ڤان کۆخ بەخاک بسپێردرێت، لەبەر ئەوەی خۆی کوشتووە. دواتر شاری مێری ڕازی بوون بەوەی ڤان کۆخ لەگۆڕستانی شارەکەدا بەخاک بسپێردرێت.



**باسێک لەسەر بەناوبانگترین تابلۆکانی ڤان کۆخ :**

**تابلۆی زیندانییەکان :**

ئەم تابلۆیەی لەساڵی «١٨٩٠»دا واتە دوو ساڵ دوای بڕینی گوێچەکەی کێشاویەتی کۆمەڵێک پەیامی نهێنی لەخۆ گرتووە, ڤان کوخ لەساڵی «١٨٨٨»دا و دوای ئەوەی گوێیەکی خۆی قرتاند، خرایە نەخۆشخانەی دەروونییەوە.

هەر بۆیە ئەم تابلۆیە لەڕۆژانێکی زۆر سەختی ژیانیدا کێشاوە. لەزیندانێکدا کە بەدیواری بڵند دەورە دراوە، کۆمەڵێک زیندانی دەبینین بەشێوەی بازنەیەک بەدوای یەکدا ڕێ دەکەن.

بەڵێ! ئەوە ڤان کوخ خۆیەتی. خۆی خستووەتە نێو ڕیزی زیندانییەکانەوە، ئەو ڤان کوخەی لەو هەموو بێمانایانەی دەوروبەری زۆر باش ئاگادارە لێوانلێوە لەخەمۆکی بەڵام توانای گۆڕینی هیچ شتێکی دەوروبەری نییە. ڤان کوخی بێزار و زیندانیی...

گەر لەوێنەکە وردببنەوە، لەسەرەوەیدا دوو پەپوولەی سپی دەبینرێت. سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و بێ مانایە، پەپوولە سپییەکان (یان چۆلەکە سپییەکان) نیشانەی ئومێد و ڕۆژانێکی باشترن.

ڤان کۆخ ماوەیەک دوای کێشانی ئەم تابلۆیە، فیشەکێک ئەنێت بەسنگی خۆیەوە و خۆی ئەکوژێت. ئەو گەرچی لەئێستادا وەک یەکێک لەباشترین وێنەکێشەکانی مێژوو دەبینرێت، بەڵام بەدرێژایی ژیانی توانی تەنها یەک تابلۆی بفرۆشێت (ئەویش بەنرخێکی زۆر کەم)، هۆکارێکی دیاری کراو نییە بۆ نەفرۆشتنی تابلۆکانی و هەتا ئێستا نەزانراوە بۆچی بەدرێژایی ژیانی تەنها یەک تابلۆی فرۆشراوە ...

ڤان کۆخ پێش ئەوەی خۆی بکوژێت، لەنامەیەکدا بۆ براکەی دۆخی دەروونی خۆی ڕوون دەکاتەوە و دەکرێت لەڕێگای ئەم نامەیەوە لەهۆکاری خۆکوژییەکەی تێبگەین. ((ئیدی بەرگە ناگرم، ئیدی بەرگەی سەختی ژیان ناگرم. دەمەوێت لەبیری خۆمی بەرمەوە، دەمەوێت لەڕێگای کێشانی تابلۆی زیاترەوە لەبیری خۆمی بەرمەوە، بەڵام ناکرێت. بەرگەی ئەو هاوارانە ناگرم لە گوێیەکانمدان، ئەترسم دەستم بچێتە گیانی خۆم)) ڤان کۆخ کە خۆی کوشت تەمەنی ٣٧ ساڵ بوو. لەم تابلۆیەشدا ٣٧ زیندانیی هەن. ئایا ئەمە بەمەبەستەوە کێشراوە یان ڕێکەوت بووە، دیار نییە. بەڵام بێگومان ڤان کۆخ هەر ساڵێکی تەمەنی وەک زیندانییەکی ناو زیندانێکی دیوار بڵند بردووەتە سەر و ئەمەش پەیامێکی سەرنج ڕاکێشی ناو تابلۆکەیەتی.

## هۆکاری هە ست کردنی ڤان کۆخ بەتاوان و سەرەنجام کۆتایی هاتنی بەخۆکوشتن:

هەروەک ئاشکرایە کە ڤان کۆخ لەبەر هەست کردنی بەتاوانی زۆر توشی نەخۆشی دەروونـی بـووە هەر لەتەمەنێکی کەمی ژیانی، لێکدانەوەکان جیاوازن لەم ڕووەوە، بەڵام بەناوبانگ ترینیان ئەوەیە کە ساڵێک بەر لە لەدایک بوونی ڤنسنت دایکی کوڕێکی تری هێناوەتە دنیا و بەهەمان شێوە ناوی لێناوە ڤنسنت بەڵام منداڵەکە مردووە، دوای مردنی ئەو منداڵە بەساڵێک لەهەمان بەرواردا ڤنسنتی شێوەکار لەدایک بووە، زۆر کەس باوەڕیان وایە کە ڤنسنت هەستی بەتاوان کردووە چونکە بۆتە جێگیرەوەی منداڵێکی دیکە، هەڵگری هەمان ناو و هەمان بەرواری لەدایک بوون...

ڤنسنت ژیانێکی شایستە نەژیاوە و هەر لەتەمەنێکی کەمەوە هەستی بەتەنیایی کردووە، بەڵام ئەو ژیانەی



خوازیاری بووە لەتابلۆکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، خەون و ئارەزووی ئەوەی کە کەسێک لەژیانیدا بوونی هەبێت زۆر بەئاسانی درکی پێ ئەکرێت لەو کاتەی لەنامەیەکدا بەبراکەی وت (بەبێ خۆشەویستی ناژیم).
ڤان کۆخ لەهیچ لایەنێکی ژیانیدا بەخت یاوەری نەبووە، بەڵکو زۆربەی جار دووچاری بێ ئومێدی بووە، لەدوای کارەساتە خۆکوژییەکەی فەیلەسوفی نەمساوی سیگمۆند فرۆید وتی (دەکرا زیاتر بژیابا ئەگەر ژنێک لەژیانیدا هەبوایە و گرنگی پێبدایە) و لەوە زیاتر ناتوانین بڵێین کە هەر هەست کردن بەتەنیایی بووەتە هۆکاری خۆ کوشتنەکەی، چونکە کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش هەبوون کە وایان لەڤنسنت کردووە پەنا بباتە بەر خۆکوشتن، یەک لەوانە خراپی باری دارایی کە لەسەرەتای تەمەنیەوە تووشی هاتبوو، ئەو

لەسەرەتادا خوێندوویەتی بۆ ئـەوەی ببێت بەپیاوی ئایینی لەگەڵ هەندێک پیاوانی دیکەی بنەماڵەکەی لەوانەش باوکی بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، هەروەها ویستوویەتی ببێتە بازرگانی تابلۆی هونەری وەکوو تیۆی برای بەڵام دیسان سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام خۆشەویستی و شەیدایی بۆ وێنەکێشان لەسەرەتاکانی تەمەنیدا درکی پێنەکرد، کاتیک درکی پێکرد تەمەنی ٣٧ ساڵ بوو واتە تەنیا ٣ ساڵ بەر لەمردنی.
جێی داخــە کــە چیـرۆکی ڤان کۆخ هەتا خۆی لەژیاندا بوو سەرکەوتوو نەبوو و نەیتوانی بەچاوی خۆی سەرکەوتنەکانی ببینێت, ئەبێت ئیستا ڕۆحی ئارام و ئاسوودە بێت یان لەسوچێکەوە گاڵتە بـەم جیهانە دەکـات کە نرخی پیرۆزی شتەکان نازانن تەنها دوای ڕۆیشتنیان نەبێت.
لەبەرئەوەی ڤان کۆخ ژیانێکی تراژیدی و پڕ مەینەتی ژیاوە،





هەر یەکێک لەو وشانەی کە لەدەمی هاتۆتە دەر مانایەکی زۆر جیاواز و تایبەتی بەخشیوە بەگوێگر, کاتێک وتەکانی ڤان کۆخ دەخوێنیتەوە یان دەبیستیت گومان لەوە دەکەیت کە ئەمانە وتەی نوسەرێک بن، بەڵکو هی وێنەکێشێکە کە لەئەزموونی ژیانی تایبەتی خۆیەوە قسە دەکات.

**لەبەناوبانگترین وتەکانی دەربارەی وێنەکێشان:**

- کاتێک لە ناخەوە گوێت لەدەنگێک دەبێت، پێت دەڵێت (تۆ ناتوانی وێنە بکێشیت)، تۆش بەهەموو مانایەکی هەبوونەوە وێنە بکێشە, ئەو دەنگە کپ دەبێت.
- تابلۆکان ژیانێکی تایبەتی خۆیان هەیە کە لەڕۆحی وێنەکێشەکەوە سەرچاوەیان گرتووە.
- وێنەکێشان بیر و باوەڕە، ئەوەش بایەخ بەبیر و ڕای گشتی نادات و فەرامۆشی دەکات.
- هونەرمەند پێویستی بەوەنییە کە پیاوی دین بێت، یان بۆ کڵێسا وەفادار بێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەبێت خاوەنی دڵێکی گەرم و میهرەبان بێت بەرامبەر شوێنکەوتوانی.
- شیعر لەهەموو شوێنێک دەوری ئێمەی داوە، بەڵام خستنە سەر کاغەزی بەداخەوە ئاسان نییە وەکو ئەوەی کە تەنیا سەیری بکەیت.
- وێنەیەکی باش یەکسانە بەویستێکی باش. (مەبەستی ئەوەیە ئەگەر وێنەیەکی باش بخەیتە بەردەس وەکو ئەوە وایە چاکەیەکت لەگەڵ کەسێک کردبێت).
- مرۆڤ پێویست ناکات گوێ لەزمانی وێنەکێشەکان بگرێت، بەڵکو ئەوە سروشتە و هەست کردنە بەبابەتەکان، چونکە حەقیقەت گرنگترە لەهەست کردن بەوێنەکان.
- من وێنەکان ئەبینم لەهەژارترین کوخەکان و پیسترین گۆشەکانی ژیاندا.


لەبەناوبانگترین وتەکانی دەربارەی ژیان :

- تاکە ڕێگا بۆ ناسینی ژیان ئەوەیە کە زۆر شتت خۆشبوێت.
- بابەتە سەرسوڕهێنەرەکان لەزنجیرەیەک وردە بابەت (پێکەوە) دروست بوون.
- ئەگەر کەسێک بیەوێت بەڕاستی بژی، دەبێت بوێر بێت و کار بکات.
- چۆن دەتوانم بە سوود بم؟ بۆچی شتێک دەبێت خزمەت بکەم؟ شتێک لە ناخی مندا هەیە، دەبێت چی بێت؟
- ئیلهام و خەیاڵەکانت مەکوژێنەوە، مەبە دیلی نمونەکانت.
- دەبێت ژیان مانای چی بێت؟ ئەگەر ئازایەتی ئەوەمان نەبێت هیچ شتێک تاقی بکەینەوە!

هەواڵنامەی کتێب

**لەبەناوبانگترین وتەکانی دەربارەی شەو:**

- من زۆر جار پێم وایە کە شەو زۆر پڕ ژیان و پڕ ڕەنگترە لەڕۆژ.
- لەلایەنی خۆمەوە هیچ شتێک دەربارەی مسۆگەر بوون نازانم، بەڵام بینینی ئەستێرەکان وام لێدەکەن خەون ببینم.
- کاتێک پێویستییەکی ترسناکم هەیە بۆ ئاین – پێویستە وشەکە بڵێم– ئەو کاتە دەچمە دەرەوە و وێنەی ئەستێرەکان دەکێشم.



**کۆتا نامەی ڤان کۆخ بۆ براکەی ( تیو ) کە شەش هەفتە بەر لە خۆکوشتنەکەی بۆی نوسیبوو :**

ئازیزەکەم ثیۆ، ژیان بەرەو کوێم دەبات؟ ئاوەز خەریکە چیمان لێ دەکات؟ وەها دەکات شتەکان, شادییەکەیان لەدەس بدەن و بەرەو بێ هیواییمان دەبەن، من لەوەڕەسیدا خەریکە بۆگەن دەکەم ئەگەر ئەم پەڕ و ڕەنگانەم نەبوایە کە سەر لەنوێ شتەکانی پێ دەئافرێنمەوە، هەموو شتەکان بەرەو ساردبوونەوە و کاڵبوونەوە دەچن، دوای ئەوەی ڕۆژگاریان بەسەردا تێدەپەڕێت، چی دروست بکەم؟ دەمەوێت هەندێک هێڵ و ڕەنگی تازە دروست بکەم، جگە لەوانەی کە چاوانمان هەموو ڕۆژێک لێی هەڵدەکەون، هەموو ڕەنگە کۆنەکان شەوقێکی غەمگینیان هەیە لەدڵمدا، ئایا لەسروشتیشدا وەهان؟ یان ئەوە چاوانی منە کە نەخۆشن؟ ئەوەتا من دووبـارە وێنەیان دەکێشمەوە، وەکو ئەوەی ئەو ئاگرە ماتەی ناوی دەردێنم، لەناو جەرگەی ماتەمینی هەندێ هێڵی شادی هەیە، دەمەوێت ڕەنگەکانمیان پیشان بدەم، لەکێڵگەکانی قەلەڕەش و گوڵەگەنم بەملە شۆڕەکانییەوە،



هەتا پێڵاوی جوتیاریش کە داماوی دەپرژێنێت، جۆرە دڵ خۆشییەکی تێدایە، دەمەوێت چنگی خەم لەڕێگای ڕەنگ و جوڵەوە، شتە ناشرینەکان تایبەتمەندییەکی هونەرییان هەیە کە لەوەیە لەشتە جوانەکاندا بەدییان نەکەین، لەوەدا چاوی هونەرمەند هەڵە ناکات، ئەمڕۆ وێنەکەی خۆم کێشایەوە، هەموو سپێدەیەک کە تەماشای خۆم دەکەم بەخۆم دەڵێم-:

ئەی ڕوخسارە دوپاتەکەم، ئەی ڕوخساری مرۆڤی ناشرین، بۆچی تازە نابیتەوە؟ ئاوێنەکان تفرێژ دەکەم و دەچمە دەرێ، ئەمڕۆ هەستام دووبارە وێنەی ڕوخساری خۆم کێشایەوە، نەک وەک ئەوەی سروشت دەیخوازێت، بەڵکو وەک ئەوەی کە خۆم دەمویست، جیهان کە قورس بوو تادێ لۆچەکانیشی زیاتر دەبێت و هەتا دێت ڕوخساری تابلۆکە زیاتر خاودەبێتەوە، ئای خودایە... چی لەتوانامدایە بیکەم؟ پێش ئەوەی شەو دابێت بەسەر بورجی ڕۆحدا؟ فڵچەکان... ڕەنگەکان... بەخێرایی پێی ڕادەگەم، چەند لێدانێکی ڕێک و کورتیشە، تیژە و چالاکە، ڕەنگەکانم ڕوون و سەرەتایین، زەرد، شین، سوور، دەمەوێت شتەکان بگەڕێنمەوە سەر هەڵەشەییەکەیان، وەک ئەوەی بڵێی تازە جیهان هەڵهاتووە، لەهێلکە گەردوونیەکەی یەکەمی، هێشتا لەیادمە، ساتی تاریکایی ئێوارە بووە یان درەنگتر بوو پێش کازیوەی بەیانی، ڕەنگی شەو کاڵ ببووەوە، هێڵی ئاسۆی تەڕ دەکرد، ئای لەموچوڕکەی بەر شەوەزەنگ!

کاتێک کە دەچووین بۆ باخەکە، بۆ دزینی توترک، لەکلۆری دارێکدا ئارامم گرتبوو، چاودێری کرمە سەوز و زەردەکانم دەکرد، لەکاتێکدا (ئۆرسۆلا) لەهەمووان لاسارتر بوو، بەشادمانییەوە چلاوچڵ بازی دەدا، لەپڕێکدا... هاوسەنگی تێکچوو و بەربووەوە، دڵم داخورپا بەر لەوەی هانام بۆ بهێنێت و خۆی هەڵبواسێت بەملمدا، باوەشم پێداکرد و هەناسەی سواربووو وەک ئاسکێکی تۆقیو، کاتێکیش لێم دوور کەوتەوە، دەنکە توترکێک شیلە ڕەنگ شەوەکییەکەی (شەوەکی وەک تاریکایی شەوە) بەسەر سپیایی کراسەکەمەوە جێهێشت، لەو ڕۆژەوە کە من تەمەنم دوانزە ساڵان بوو، هەست بەشیلە ڕەنگ تاریکە شەوەکیەکەی دەکەم لەسەر سپیایی کراسەکەم، هەر لەو ڕۆژەوە کە لەدوانزە ساڵیمدا بووم، هەست دەکەم ئاسوودەییەک دەمگرێتەوە، ئەگەر کونێکی تاریک لەسەر سنگم بکرایەتەوە بۆئەوەی سپێتی لێوە هەڵقوڵێت، ئای لەموچڕکەی بەر شەوەزەنگ، هزرێک زۆر جەختم لەسەر دەکا، ئاخۆ دەتوانم پیادەی بکەم؟ ئەو هزرە لەگوڵەبەڕۆژەدایە، ئەی ڕەنگی زەرد، ئەی من، لەتیشکی ئەم هەسارە شادە هەڵدەمژم، سەرنج دەدەم و سەرنج لەچاوی خۆر دەدەم کە گیانی گەردوونی تێدایە، هەتا چاوەکانم دەمسوتێنن.

دوو شت گیانم دەبزوێنن، سەرنجدانی خۆر و مەرگ، دەمەوێ سەفەر بکەم بۆ ناو ئەستێرەکان، ئەم بێ هیواییە، لاشەم ڕێم لێ دەگرێت، کەی تێدەپەڕین؟ ئێمە ڕۆڵەکانی



زەوی، دەستەسڕە خوێناوییەکەشمان بەدەستەوە بێت.
بەڵام، بۆ کوێ؟ هەڵبەت بەرەو خەون.
دوێنێ وێنەی چەن گوڵێکم کێشا بەڕەنگی قوڕ، دوای ئەوەی خۆم لەناو خۆڵدا چاند، دوای ئەوەی گوڵەگەنمە سەوز و زەردەکان، لەمەودای سەرمدا دەڕوانن و قەلەڕەشەکانی هزرم بەبێ هەوا هەڵدەفڕین، گوڵەگەنم و قەلەڕەش، قەلەڕەش و گوڵەگەنم، قەلەکان ڕەشەکان مێشکم هەڵدەکۆڵن، قغ... قغ... هەموو شتێک خەونە، گەردی خەونەکانن، پەڕەمووچی خۆڵیش لەهەموو ساتێکا هەڵمان دەخەڵەتێنی، بەم نزیکانە ئەمانەتی خاک دەگەڕێنمەوە، چۆلەکەی سینگیشم دەردەپەڕێنم، بەرەو وڵاتی خۆر، ئەی پەرەسێلکە ئیدی قەفەزەکەت بەم دەمانچەیە بۆ دەکەمەوە.
ڕەنگی قرمزی دەچۆڕێت, خوێنە یان ئاگر؟
سەبیلەکەم دادەگیرسێت؟
ڕەش و سپی ژیان ڕەنگ دەکەن بەڕەنگی خۆڵەمێشی، بۆ ڕەنگی خۆڵەمێشی گریمانەی بێکۆتا هەیە، خۆڵەمێشی سوور، خۆڵەمێشی شین، خۆڵەمێشی سەوز، توتنەکە دەسوتێت و ژیانیش لێی دەچێت، خۆڵەمێش تامێکی تاڵی هەیە و لەسەری ڕادێین و دواتریش ئاڵودەی دەبین، کوت و مت وەک ژیان، هەتا تەمەن زیاتر بەرەو پێشەوەمان ببات، ئێمە زیاتر و زیاتر هۆگری دەبین، بۆیە لەچڵەپۆپەی گڕگرتنمدا بەجێی دەهێڵم، بەڵام بۆ؟ ئەوەیش دۆڕانە جارێکی دیکە. کوێرەوەری هەرگیز تەواو نابێت.
خوات لەگەڵ ڤیۆ.... دەڕۆم بەرەو بەهار.




# ئەی قومری

## هۆنراوەیەکە لەساڵی ١٩٥٧ نوسراوە نهێنیەکی نێوان بەڕێزان مام جەلال و مامۆستا خالید دلێری هەڵگرتووە



شەرەفەدین جەباری

(ئەی قومری) بەرهەمێکی بەسۆز و ژیان دۆستی کوردەوارییە چی وەک هۆنراوە یان ئاواز و گۆرانی، زۆرێک لەئێمەیش پێی ئاشناین، هەر هونەر دۆستیکیش بۆ جارێکیش گوێ بیستی ئەو شاکارە بووبێت هەست دەکات نهێنییەک و ئەندێشەیەک لەم هۆنراوە گۆرانیە (سرووود ئامیزەدا) هەیە و کوتومت بۆنی شوێنێکی لێدێت. ڕەنگیشە تەواوی وردەکاری چیرۆکی هۆنراوە و گۆرانییەکە وەک پێویست بڵاونەبووبێتەوە وەک بۆنە و ساڵ و شوێنی دانان و دروست بوونی هۆنراوە و ئاواز و تۆمارکردنی. وەک بەندەش ماوەیەکە ئەو هەستەم لەلا دروست بووە، بۆیە لەزەمەنی ڕابردوو کەوتمە سۆراغ کردنی وردەکارییەکەی و دەرکەوت کە ئیلهامی هۆنراوەکە و ئاوازەکەی لەنێوان بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی (١٩٣٣ ـ ٢٠١٧) و مامۆستا خالید دلێر (١٩٣٣ ـ ٢٠١١) لەگەڕەکی قۆرییەی شاری کەرکوک ساڵی ١٩٥٧ درووست بووە، و هاتۆتە کایەوە کە ئەو کاتانە (مام جەلال) بۆ ماوەیەک لەماڵی مامۆستا خالید دلێر بووە.

وەک زانراویشە (مام جەلال) و (م.خالید)، هاوتەمەن و هاوشار و هاوپۆل و هاوخەبات بوونە، سەبارەت بەو پەیوندییە و بەبۆنەی درووست بوونی هۆنراوەی (ئەی قومری)، م.خالید دلێر لەچاوپێکەتنێکدا بەر لەچەند ساڵێک کە ڕۆژنامەی بەدرخان لەگەڵیدا ئەنجامیداوە و دواتر لەکتێبێکدا بەناوی (خالید دلێر) لەگەڵ چەندین بابەتی دیکەدا کۆکراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە دەڵێت:

«ماڵمان لەکەرکەوک بوو لەگەڕەکی (قۆریە)، دوو باڵندەی قومری دەهاتنە سەرماڵمان هەڵدەنیشتن و دەیانخوێند، خوێندنەکەیان زیاتر لەگریان دەچوو، بۆیە زۆر کاری تێکردم، ماوەیەکیش مام جەلال لەماڵی من خۆی حەشار دابوو، بەنیاز بووین بۆ میهرەجانی لاوان و قۆتابیانی جیهان لەئەوروپا بینێرن، هاوینی ١٩٥٧ بەڕۆژ زۆربەی کاتمان بەگفتوگۆ بەسەر دەبرد و لەسەر مەسەلەیەک نێوانمان تێکچوو، کار گەیشتە ئەوەی مام جەلال من بشکێنێت».

هەروەها مامۆستا خالید دەڵێت: «ئەو ئێوارەیە چوومە دەرەوە، بەرەو باخچەی (ئوم ئەلڕەبیعەین) ڕێگەم گرتەبەر، مانگە شەوێکی خۆشبوو، نیگایەکم لەسەر وەزنی ڕۆیشتنەکەم وەرگرت، دەستم بەدانانی ئاوازی شیعری (ئەی قومری) کرد، هەتا گەیشتمە بەنزینخانەکە، سەرووی (تەپەی مەلاعەوڵا) لەوێ شیعر و ئاوازەکە تەواو بوو، بۆئەوەی شیعر و ئاوازەکەم بیر نەچێتەوە، هەر لەبەر خۆم دەمگوتەوە پێش ئەوەی بگەمەوەماڵەوە، پیرەمێردێک (گندۆرە)ی دەفرۆشت، دوو دانەم لێکڕی و یەکەسەر چوومەوە ماڵەوە».

دیارە گفتوگۆو تاوتوێی مەسەلەکانی ئەو ڕۆژگارە لەنێوان (مام جەلال) و (م.خالید) بەردەوام بووە، هەر بۆیە م.خالید دلێر لەکۆتاییدا بەمام جەلال دەڵێت: «دەبەسە واز بێنە لەو مەسەلەیە من بەرهەمێکی نوێم



داناوە، هەر وەکو ئەوەیە تازە لەدایک بووبێتمەوە، وەرە دانیشە گندۆرەی جوانم هێناوە، بابەیەکەوە بیخۆین و دەستمان کرد بەخواردنی».

(ئەی قومری) بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٥٨، م.خالید لەڕادیۆی کوردی لەبەغدا (١٩٣٩ – ٢٠٠٣) تۆماری کردووە و لەنەورۆزی هەمان ساڵ بۆ یەکەم جار پەخش کراوە، پاشان بۆ دووەم جار و لەساڵی ١٩٨٦ لەستۆدیۆکانی کۆیە و تەلەفزیونی کەرکوک تۆمار کراوە و پەخش کراوە کە بەدەنگی خاتوو خەڵاتی کچە تاقانەی م.خالیدە.

بەڵام بەداخەوە وەک تێبینی و بەدواداچوون کراوە، ئەو نووسخە تۆمارکراوە بە(دەنگ و ڕەنگ) لەئێستادا دیار نیە و لەهیچ شوێنێک پەخش ناکرێت جگە لەتۆمارێکی دەنگی.

سەبارت بەهۆنراوەکە (م.خالید) لەدەست نووسێکیدا کە لەلاپەڕە (٢٢٩)ی کتێبی ناوبراودا بڵاوکراوەتەوە و نووسیویەتی: «لەناوەڕاستی مانگی مارتی ١٩٥٨دا لەئێستگەی کوردی بەغدا بەدەنگی (خالید دلێر) تۆمار کراوە و لەساڵی ١٩٨٦یشدا، دوای ئەوەی کۆپلەی سێیەمی دوایی خراوەتە سەر. لەتەلەفزیۆنی کەرکوک بەدەنگی خەڵات خالید دلێر و ئامادەکرنی کاک سەلاح ڕەئووف تۆمارکراوە».

ئەمەی خوارەوەش تەواوی هۆنراوەی (ئەی قومری)یە:

**«ئەی قومری بۆ ئەگری؟**

**سەرم سووڕماوە قومری بۆ ئەگری؟**

**بێباک دێیت و هەڵئەفڕی - بۆ ئەگری؟**

*****

**دووری لەئازاری دەس - بۆ ئەگری؟**

**دووری لەداو و قەفەس - بۆ ئەگری؟**

**لەگەڵ گوڵ هاوڕێنە و کەس**

**فرمێسکی چاوی ئەسڕی**

**بۆ ئەگری بۆ ئەگری بۆ ئەگری؟**

****

**من کە دەم پڕ لەسکاڵام - بۆ ئەگری**

**لەم ژیانەی لەناوام - بۆ ئەگری؟**

**بەڵام بڕوایی و هیوام**

**ڕێگەی بێزاری ئەبڕی**

**بۆ ئەگری بۆ ئەگری بۆ ئەگری؟**

*****

**گریان چاری دەرد نیە - بۆ ئەگری؟**

**چەکی ڕێی نەبەرد نییە - بۆ ئەگری؟**

**دوور لەخەوش و گەرد نییە**

**ڕێی ورە بەردان بگری**

**بۆ ئەگری؟ بۆ ئەگری بۆ ئەگری؟**

(قومری) ناوێکی مەشهوری گشت کۆمەڵگەی کوردییە و بۆ زۆر گیان لەبەر بەکارهاتووە، لەوانە باڵندەی قومری کە باڵندەیەکە لەزۆر شوێنی جیهان دەژی. هەروەها ناوی قومری لەزۆر شوێنی کوردستان بەتایبەت لەناوچەکانی

هەواڵنامەی کتێب

کەرکوک، خانمان هەڵگری ئەو ناوەن و لەچەندین هۆنراوە و گۆرانیشدا ئاماژەی پێکراوە.

شیاوی ئاماژە بۆ کردنە مامۆستا خالید دلێر (١٩٣٣ – ٢٠١١)، ناوی تەواوی (خالید عەبدولواحید ئەحمەدە، لەدایکبووی شاری دێرینی کۆیەیە و برا گەورەی شەهید جەعفەر عەبدولواحیدە و قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنی لەکۆیە و پاشان لەبەغدا و کەرکوک دواناوەندی ئێوارانی تەواو کردووە و لە(کۆمپانیای نەوتی کەرکوک) دامەزراوە و ماڵی لەکەرکوک بووە، لەپەنجاکانەوە تاوەکو ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەچەندین گەڕەکی شارەکە بەپێی گونجاوی نیشتەجێ بووە وەکو تسن و قۆریەوە ڕەحیماوا و عەرەفە پاشان گوازراوەتەوە بۆ فەرمانگەی خانەنشینی سلێمانی تاوەکو خانەنشین بووە.

لەکۆتایی نەوەدەکاندا ڕوودەکاتە هەندەران و ماوەیەک دمێنیتەوە، پاشان دەگەڕێتەوە لەسلێمانی نیشتەجێ دەبێت و لەساڵی ٢٠١١دا کۆچی دوایی دەکات و لەگۆرستانی کەکۆنی کۆیە لەمەراسیمێکی شایستەدا بەخاک دەسپێردرێت.

م.خالید دلێر لەنووسینێکدا بەچەند وشەیەک پێناسەی خۆی دەکات و دەڵێت: « من و سیاسەت و هونەر و وێژە»، ئەو چوار کۆڵەکەیەین کە بەرهەمەکانی (خالید دلێر) یان لەسەر ڕاوەستاوە»، مامۆستا تێکۆشەرێکی سەر ڕاست و ڕووناکبیرێکی بەسەلیقە و داهێنەر و مرۆڤ دۆست بووە و لەپێناوی ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا بێوچان خەباتی کردووە و ناڕەحەتی بینیوە.

مامۆستا خالید ئەو ساڵانەی لەکەرکوک بووە، جگە لەکاری وەزیفی و سیاسی، چەندین بەرهەم و



(قومری) ناوێکی مەشهوری گشت کۆمەڵگەی کوردییە و بۆ زۆر گیان لەبەر بەکارهاتووە، لەوانە باڵندەی قومری کە باڵندەیەکە لەزۆر شوێنی جیهان دەژی. هەروەها ناوی قومری لەزۆر شوێنی کوردستان بەتایبەت لەناوچەکانی کەرکوک، خانمان هەڵگری ئەو ناوەن و لەچەندین هۆنراوە و گۆرانیشدا ئاماژەی پێکراوە.



سەرنجی ناوازەی هونەری و ئەدەبی هەبووە و یەکەمین کتێبیشی لەو شارە بەناوی (گزنگی هەتاو) لەساڵی ١٩٥٧ لەچاپخانەی تەرەقی بەچاپ گەیاندووە، هەروەها سـروودی (پێشمەرگەین)ی لەپاییزی ساڵی ١٩٦١دا لەبەندینخانەی تسنی شاری کەرکوک داناوە.

لـەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ چین و توێژە ڕەسەنەکانی کەرکوکدا هەبووە لەوانە بنەماڵەی بەڕێز کاک سالار شەهید حەکیم حەمەڕەش کە زۆر یادەوری ماموستای لایە و لەسەرەتای دووهەزارەکاندا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ماموستا خالید ئەنجام داوە و لەڕۆژنامەی (ڕووناکی کەرکوک)دا لەژمارە (٢٦)ی ١/١٠/٢٠٠٢ لاپەڕە (٣)دا بڵاوبۆتەوە، تێیدا ماموستا خالید باسی زۆر لایەنی ژیانی خۆی کردووە و دەڵێت: «کەرکوک پاشە ڕۆژی منی دروست کرد لەکەرکوکیشدا بوومە کادرێکی ڕێبازی کوردایەتی» هەروەها دەڵێت: «کەرکوک بۆ من سەرچاوەی (ئیلهام) و بەهرە و خۆڕاگری و خۆپێگەیاندنە، کەرکوک بۆ من چی بڵێم کەمە، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی توندوتۆڵم لەگەڵ خەڵکەکەیدا هەبووە».

لەراستیدا هەر بۆ خۆی نووسینی ئەو هۆنراوەیە لەکەرکوک، هێمای یادگارییەکی جوان و بەمانایە و شیاوی هەڵوەستە و زیندوو ڕاگرتنە وەک ئاماژەشم پێیدا بەندە ماوەیەکی زۆرە ئەو هەستەم لەلا دروست بووە کە ئەو هۆنراوەیە بۆنی کەرکوکی لێدێت، بۆنی (بەهاجوان و یادگارییەکان، هەروەها مەغدورییەتی شار و خەڵکە ڕەسەنەکەی بەدرێژایی مێژوو) هتد...، هەر بۆیە کەوتمە بەدواداچوون وردبینی بۆئەوە کە دواتر ئاماژەیەکی سەرەتاییم دەستکەوت لەو دیارەی



مامۆستا خالید ئەو ساڵانەی لەکەرکوک بووە، جگە لەکاری وەزیفی و سیاسی، چەندین بەرهەم و سەرنجی ناوازەی هونەری و ئەدەبی هەبووە و یەکەمین کتێبیشی لەو شارە بەناوی (گزنگی هەتاو) لەساڵی ١٩٥٧ لەچاپخانەی تەرەقی بەچاپ گەیاندووە، هەروەها سروودی (پێشمەرگەین)ی لەپاییزی ساڵی ١٩٦١دا لەبەندینخانەی تسنی شاری کەرکوک داناوە.

کە بەڕێز کاک سالار لەگەڵ م.خالید ئەنجامی دابوو لەڕۆژنامەی بەڕێزی (ڕووناکی کەرکوک) ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوبۆتەوە و ئەو ژمارەیەم بەتەواوی لایە و بەکورتی م.خالید ئاماژەی دابوو بەوەی کە (ئەی قومری) لەکەرکوک داناوە و بەڕاستی بڕیاری ئەوەمدا ئەو ئاماژەیەی مامۆستا خالید لەرۆژنامەی (رووناکی کەرکوک) بەسە بۆئەوەی دەست بکەم بەئامادە کردنی بابەتێک لەسەر (ئەی قومری) بێئەوەی چاوەڕێی سەرچاوەی دیکە یاخود وردەکاری زیاتر بکەم، بەڵام بەڕێکەوت لەم دواییانەدا کتێبەکەی مامۆستا وریا ئەحمەدم دەستکەوت لەسەر م.خالید کە ساڵی ٢٠١٥ چاپکراوە ئەو دیدارەی ڕۆژنامەی بەڕێزی بەدرخانی تێدا بوو، پێشتر چەند جارێک بڵاوی کردۆتەوە و تێکرای سەرچاوەکان ئەم بابەتەی لێهاتە بەرهەم و وەک بەندەش خۆشحاڵم کە وردەکاری زیاترم دەستکەوت بەتایبەتی یادەوەری نێوان مام جەلال و مامۆستا خالید دلێر.


دیارە بەندە زۆرێک لەژمارەکانی بەدرخانم پاراستووە چی وەک کاغەزی یاخود بە(پیدی ئێف)، بەڵام دیارە چانسی ئەوەم نەبووە ئاگاداری ئەو ژمارانەبم کە دیدارەکانی تێدایە.

لەو کتێبەی کە ئاماژەم پێیدا، مامۆستا باسی کردووە کە (ئەی قومری) لەکێشەیەکەوە لەنێوان خۆی و مام جەلال هاتۆتە نووسین بەڵام من لێرەدا تەنها مەبەستمە یادگارییە جوان و ڕەسەنەکانی کەرکوک زیندوو بکرێتەوەو بەرز ڕابگیرێت نەک بابەتی لاوەکی و پێم خۆشە ئەگەر هەر بەڕێزێک ئیزافەیەکی هەبێت یان بەڵگەی هەبێت بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە، ئاگادارمان بکاتەوە یان خۆی بڵاوی بکاتەوە سوپاس گوزار دەبین بەتایبەت لەبارەی یادەوەری (مام جەلال)ەوە بێت لەسەر ئەو ڕۆژانەی لەکەرکوک بووە بەتایبەتیش پەیوەندی جەنابیان لەگەڵ مامۆستا خالید دلێر، یاخود هەڵوێستی لەسەر هۆنراوەی (ئەی قومری) و بەرهەمەکانی دیکەی بەگشتی.

وەک بەنەدەش ساڵانێکی زۆرە ناوی مامۆستا خالیدم بیستوەو ئاشنای بەرهەمەکانیم و چەند کتێبێکیشم بەدی کردبوو کاتی خۆی لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەکتێبخانەکەی نەسرینی خوشکم لەماڵی ئەوسای خۆمان لەشۆرجەی کەرکوک.

بەڵام دەرئەنجامیش ئەو کێشەیەی کە خالید دلێری بەجۆرێک دڵتەنگ کردووە و بووە بەهۆکاری ئیلهامی ئەو هۆنراوە جوان و نازدارە هەر بەشاراوەیی ماوەتەوە.

تێبینی: سوودم وەرگرتووە لەکتێبی (خالید دلێر) لەنووسین و ئامادە کردنی مامۆستا وریا ئەحمەد، ساڵی ٢٠١٥. هەروەها ئەرشیف و بەدواداچوونی نووسەری ئەم بابەتە.



دەستخەتی حاجی مەلا عومەر دووەم گومەتی، کە مۆری خۆی بە سەرەوەیە

# خانەقای مەلا عومەری گومبەتی
# فێرگەیەك بۆ زانست و ئەدەب و تەسەوف



ئا / سیروان بەرزنجی


**خانەقای مەلا عومەری گومبەتی:**

لەکتێبی عەشیرەتی دەربەندی و مەلاکانیدا هاتووە: کە شوێنی ئەم خانەقایە دەکەوێتە گەڕەکی ئیمام قاسم، لەساڵی (١٨٥٦ز) لەسەردەمی مەلا عومەری یەکەم کوڕی مەلا عەبدوڵا کوڕی حاجی مەلا ئیبراهیم ئۆمەر گومەتی بونیادنراوە، ئەم مەلا عومەرە لەسەر ڕێبازی تەریقەتی نەقشبەندی و خەلیفەی شێخ عوسمانی سیراجەدینی تەوێڵە بووە لەکەرکوک.

لەسەرەتای دامەزراندنییەوە خانەقاکە خزمەتێکی زۆری بەخەڵکی شاری کەرکوک گەیاندووە و فێرگەیەک بووە بۆ بەشێکی زۆر لەمامۆستایانی ئایینی شاری کەرکوک و شارەکانی دیکەی کوردستان و مۆڵەتی وتاربێژی بەچەندین مامۆستای ئایینی ناودار بەخشیوە.

شایانی باسە ئەوەی لەخانەقاکەدا ئەنجامدراوە زیاتر کاری وانە وتنەوە و پێدانی مۆڵەتی مەلایەتی بووە و بەهۆی ئەوەی خانەقاکە لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە چاودێری لەسەر بووە نەتوانراوە زۆر کاری تێدا ئەنجام بدرێت.

ئەم خانەقایە: لەساڵی (١٩٦٦)ی زاینی خاپور کراوە و هیچ ئاسەوارێکی نەماوە، بەڵام دواتر مزگەوتەکەی نۆژەن دەکرێتەوە و بەهۆی سیاسەتی تەعریبەوە کە ڕێگە نادرا ناوی کوردی لەشوێنە گشتییەکان بنرێت، ناونرا مزگەوتی (قەیس بن ثابت)، بەو ناوەوە مایەوە هەتا ڕزگار کردنی عێراق و لەناوچوونی دەسەڵاتی ڕژێمی پێشوو.




دوایین نۆژەن کردنەوەش کە بەخۆیەوە بینیوە لەسەردەمی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم بوو کە لەلایەن (نێچرڤان بارزانی) سەرۆکی ئەوکاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان خانەقاکە نۆژەن کرایەوە و ئێستاش بنەماڵەکە سەرپەرشتی مزگەوت و خانەقاکە دەکەن.

ڕووبەری خانەقاکە لە(٨٣٢) مەتری دووجا پێکهاتووە، شان بەشانی ئەوەی کە مزگەوت بووە، بەڵام ماوەیەکی زۆر



وەکو خانەقا جێگای حەوانەوەی هەژار و نەدار و ڕێبواران بووە، مامۆستا (مەلا شێخ محەمەد شێخ سەعید شێخ فەرەج بەرزنجی) بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر ئەرکی ئیمامەتی لەم مزگەوتە گرتۆتە ئەستۆ و کاروباری بەڕێوە بردووە، هەروەها لەم خانەقایەدا (مامۆستا مەلا ئەحمەدی کۆڕی مەلا عومەر گومەتی) پێشنوێژی موسڵمانانی کردووە.

**ژیاننامەی حاجی مەلا عومەر گومەتی دووەم:**

ناوی تەواوی: مەلا عومەر کوڕی مەلا ساڵح کوڕی مەلا عەبدوڵا کوڕی حاجی مەلا ئیبراهیم کوڕی مەلا ئەبوبەکر کوڕی مەلا نورەدین ئەمیش لەنەوەی مەلا هاشمی کوڕی جومعەیە، ئەم زانا پایەدارە لەبنچینەی دەربەندییەوە لەبەرەبابی شەلەوەندییەوە هەردەم بەعومەر گومەتی خۆی هەڵداوە و لەشاری کەرکوک لەبنەماڵەیەکی مەلا



زاده لەساڵی (١٨٨٢ز) هاتۆتە دنیاوە، لەدوای مردنی مەلا عومەری مامی کە کوڕی مەلا عەبدوڵای کوڕی مەلا ئیبراهیمی عومەر گومەتیە، هەر ئەو کاتە ناوی ئەمیان ناوە بە(عومەر) بەناوی مامیەوە هەروەک ناوبراوە بەعومەری دووەم ناسراوە.

خوێندنی مەلا عومەر گومەتی، لەخانەقای مەلا عومەری گومەتی قورئانی پیرۆزی خوێندووە لەگەڵ هەندێک لەکتێبەکانی پلەی قوتابیەتی لەلای باوکی و (مەلا سدیقی) کاکی وەرگرتووە چونکە لەو کاتەدا مەلا سدیق ئیمامی خانەقاکەیان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە برا گەورەی بوو، ئەوسا مەلا عومەر بەپێی شێوەی خوێندنی فەقێیەتی لەشارەکاندا بۆ پلەی (سوختەیی) و (مقدمات) چۆتە مەدرەسەکانی و لەخزمەتی مامۆستا بەنرخەکان گەلێک بەهرەی وەرگرتووە.

هەروەک لەخوێندنگای مەلا عومەر گومەتی و سێگردکان و ئاوماڵ و هەولێر و خۆشناو و دەشتی دزەیی وپشدەر و سلێمانی و کۆیە و پردێ و قادر کەرەم و بیارە، لەساڵی (١٩٢٤ز) کە لەگوندی (کەڵکەسماقی) سەر بەقەزای دووکان خەریکی خوێندن بووە، نامەی نەخۆشکەوتنی (مەلا سدیق)ی کاکی پێگەیشتووە و ئەمیش دەستی لەخوێندن هەڵگرتووە و گەڕاوەتەوە کەرکوک، پاش چەند ڕۆژێک کاکی وەفاتی کردووە و لەو ڕۆژەدا شەڕی ئەرمەن لەشاری کەرکوک ڕویداوە، لەدوای ئەوە مەلا عومەر دەبێت بەجێگرەوەی کاکی و لەخانەقا دەست دەکات بەپێشنوێژی و وانەوتنەوە، لەپاش ئەو هەموو ئەرکە، ئەم (مقام)ە دەخاتە سەر ئەستۆی خۆی چونکە لەو کاتەدا کەسێکی دیکە نەبووە لەناو بنەماڵەکەیاندا بۆ هەڵگرتنی ئەم ئەرکە میراتییە.

لەمبارەیەوە مەلا محەمەد ساڵح کوڕی مەلا عومەر دەڵێت: هەموو کات باوکی خوالێخۆش بووم بۆمانی باس دەکرد و دەیگوت: لەگەڵ هەڵگرتنی باری خانەقاکەش، هەر بەردەوام بووم لەسەر خوێندنەکەم بەجۆرێک هەموو ڕۆژێک بەیانیان لەدوای نوێژ دەچوومە مزگەوتی (حاجی ئەحمەد ئاغا) بۆ وانە خوێندن لەخزمەتی مامۆستا (مەلا عەلی حیکمەت ئەفەندی کوڕی حاجی عەبدولوەهاب سیامەنسوری)، دوای وانە خوێندنم دەگەڕامەوە خانەقای خۆمان.

ئەوجا لێرە دەرسم دەدا بەفەقێکانم لەگەڵ ئەمەشدا، ئەرکی ئیمامەتی و کاروباری ئەم مەقامە هەر لەسەرم بوو، بەو جۆرە خوێندم هەتا مامۆستا مەلا عەلی چووە بەر ڕەحمەتی خوای گەورە لەساڵی (١٩٢٤ز)، ئەوجا بۆ ماوەیەکی دوو مانگی چوومە سلێمانی و لەخانەقای (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) لەخزمەتی مامۆستا (شێخ عومەری قەرەداغی)دا هەندێک دەرسی ئایینی و (فلکیات) م خوێند، هەر وەک سەفەرێکمان کرد پێکەوە بۆ بیارەی شەریف.



ئەمجا گەڕامەوە بۆ کەرکوک بۆ سەرپەرشتی خانەقاکەمان، بەڵام هەر بەردەوام بووم لەسەر خوێندنەکەم دەرسم دەخوێند لەخزمەتی مامۆستا (مەلا ناسیح کوڕی مەلا محەمەد ئەفەندی ئەللامع)دا هەتا لەڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٢ی (ذي الحجة) ساڵی (١٣٤٨ ک – ١٩٢٩ز)دا ئیجازەی مەلایەتیم لەخزمەتیدا وەرگرتووە.

مامۆستا مەلا محەمەد ساڵح لەدرێژەی باسەکەیدا دەڵێت: هەر چەند باوکم بەناوی پیرۆزی پیت و بەرەکەت ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە لەخزمەتی ئەم خوالێخۆش بووانەش کە بریتی بوون لەم مامۆستایانە: (شێخ عومەر قەرەداغی لەسلێمانی و مەلا ڕەزای واعیز لەکەرکوک و سەید ساڵح شەتا لە(مەککەی پیرۆز) بەڵام تەنها هەر کۆپی ئیجازە نامەکەی مەلا ناسایح لەبەر دەستمانە، هەروەک ئیجازەی تەریقەتی (قادری) لەخزمەتی (شێخ عەبدولرەحمان بریفکانی)دا وەرگرتووە و کردوویەتی بە خەلیفەی خۆی بۆ ئیرشاد لەکەرکوک، هەروەک پێشتر باسمکرد چۆتە بیارەی بەنرخ لەوێ تەریقەتی نەقشبەندی لەخزمەتی (شێخ عەلائەدینی بیارە)دا وەرگرتووە.

مامۆستا مەلا عومەر لە(١/٥/١٩٣٠) بەمودەڕیس لەمەدرەسەی (مەحمودی خاڵ) لەقەڵای کەرکوک، بەشێوەی (وکیل) لەجیاتی مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا عەلی حیکمەت ئەفەندی، چونکە مەلا عەبدولڕەحمان باوکی لەوێ مامۆستا بوو چووە بەر ڕەحمەتی پەروەردگار، خۆیشی هێشتا تەمەنی قانونی لە(١٨) ساڵ کەمتر بوو، بەڵام دوای ئەوەی کە گەیشتە ئەم تەمەنە ئیدی مەلا عومەر بەمودەڕیس (اصالة) هەر لەمەدرەسەی مەحمودی خاڵ لە(٢١/٦/١٩٣٤) شوێنی ئەم مەدرەسەیە لەناو مزگەوتی (مەیدان) بووە بەمودەڕس، پاش چەند ساڵێک ئەم مەدرەسەیە لەگەڵ مەدرەسەی (شاە غازی) کە لەناو مزگەوتی (ئولو جامع) بوو هەر لەقەڵای کەرکوکدا هەردووکیان لێکدران و مەدرەسەیەکیان لێ پێک هات بەناوی (المدرسة العلمية الدينية المنظمة بكركوك) بینایەکی بۆ دروست کرا لەناو حەوشەی (ئولو جامع).

دوای شۆڕشی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨) هەندێک گۆڕانکاری دیکە کرا لەسیستەمی ئەم مەدرەسەیەدا، پاشان ناوەکەیان گۆڕی بۆ (المعهد الاسلامي في كركوك)، خوالێخۆشبوو مەلا عومەر بەردەوام بوو لەسەر وانە وتنەوە لەم (معهدة) هەتا (٣/٣/١٩٦٥)، دەبێت ئەوەش بزانین کە مەلا عومەر لەگەڵ دامەزرانی لەم مەدرەسەیە، لەهەمان کاتیشدا بەمودەڕیس لە(المدرسة الدينية الملحقة بالمعابد) لەمزگەوتی (ئیمام قاسم) کاری خۆی ئەنجامداوە.

هەروەها مەلا محەمەد ساڵح لەبارەی مەلا عومەرەوە دەڵێت: باوکم بەدرێژایی ساڵەکان لەدانی بەیانیاندا وانەی دەوتەوە لە(المعهد الاسلامي)، دواتر دانی نیوەڕۆ وانەی دەوتەوە لەمزگەوتی (ئیمام قاسم)، دوای ئەمە کاتێک کە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە نانی نیوەڕۆی دەخوارد یەک سەر دەچووە خانەقای خۆمان و هەر لەوێ وانەی دەدا بەفەقێکانی، لەگەڵ فەقێکانی مزگەوتی (دڵی باش)


که لەکۆندا بەمزگەوتی (مەلا ئەمینە گردە) ناسراو بوو، لەگەڵ مزگەوتی (ئەحمەدە کوردە) کە لەناو زێویەی ژووروە، لەگەڵ فەقێکانی مزگەوتی (تۆفیق مەلا قادر) و (خانەقای شێخ خدر) وانەی بەهەمووان دەدا، بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمان بوو چۆن توانای هەبوو؟!... چەند توانای هەبوو.

مەلا عومەر بۆ ماوەی چەند ساڵ بەو شێوەیە ژیانی گوزەراند هیچ کاتی حەسانەوەی نەبوو جگە لەوەش خەمی میوانانی خانەقاکەش هەر لەسەر شانی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەدەستی خۆی خزمەتی میوانی دەکرد و خواردنی بۆ دادەنان و بەڕێشی دەکردن، دەبێ ئەوەش بزانین مەلا عومەر لە(٩/١٠/١٩٤٧) لەمزگەوتی (ئیمام قاسم) بەئیمام و خەتیب دامـەزراوە، لەو کاتەدا هەموو وەزیفەکانی لەمزگەوتی ئیمام قاسمدا کۆکرایەوە و بەپێی (قانون توحید الجهات الرسمیة) هەروەکو لەدوای مردنی مامۆستا (مەلا ناسیح) لەساڵی (١٣٥٩ ک – ١٩٤٠ز)، مەلا عومەر بە(واعیز) دانرا لەمزگەوتی (نائیب) پاش ماوەی چەند ساڵێک ئەو کاتە واعزیەکەشی دەگوازێتەوە بۆ مزگەوتی (ئیمام قاسم) ئیدی لێرەدا بوو بەئیمام و خەتیب و مودەڕیس و واعیز، لەگەڵ ئەم (وەزیفە) پیرۆزانەشدا خوالێخۆشبوو ئەندام بوو لە(المجلس العلمي في أوقاف كركوك)، بەم شێوەیە کاری وەزیفەو ژیانی دنیایی بەسەر بردووە.

مـەلا عومەر لەکاتی نوێژەکاندا هـات و چۆی دەکرد لەخانەقای خۆیان بۆ مزگەوتی (ئیمام قاسم) بۆ ئیمامەتەکەی هەر بەو شێوەیە دەژیا ئەوەندە کە توانای هەبوو ئەم ئەرکە دینیانەی سەر شانی بـەتـەواوی بەجێ بهێنێ، لـەڕۆژی (٣/٣/١٩٦٥) لەکۆتایی ژیانیدا تووشی (شەلەل) بوو، لەبەر ئەوەی کە توانای دەرچوونە دەرەوەی نەما لەماڵەوە مایەوە، مـەلا عومەر داوای لەئەوقاف کـرد کە خانەنشین بکرێت، هەتا ماوەیەک ئەوقاف داوای لێ کرد هەر لەوەزیفەکەی بمێنێت، بەڵام مەلا عومەر ڕازی نەبوو چونکە باوەڕی وابوو مووچەکەی حەرام دەبێت، لەبەر ئەوەی بەخۆی توانای نەمابوو بەو ئەرکە دینیانەی هەستێ کە لەئەستۆیەتی...

لەوبارەیەوە مەلا محەمەد ساڵحی کوڕی مەلا عومەر دەڵێت: پاش چەند هەوڵێکی زۆر لەلایەن باوکمەوە بۆ جێبەجێ کردنی داواکـەی، ئەوکاتە دائیرەی ئەوقاف بەناچاری (احالة)یان کرد بۆ خانەنشینی لەو مێژووەی سـەرەوەدا، ئەوجا باوکم لەماڵەوە بەو نەخۆشییەوە مایەوە، هەتا لەڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (١٠/٦/١٩٦٩) لەتەمەنی (٨٧) ساڵیدا چووە بەر ڕەحمەتی پەروەردگار.

حاجی مەلا عومەر زانایەکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بوو، بەدرێژایی تەمەنی وانەی ئایینی وتووەتەوە و چەندین زانای ئایینی پێگەیاندووە و مۆڵەتی مەلایەتی پێداون، یەکێک بووە لەو کەسانەی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفیدو مەلا مستەفای بارزانیدا هەبووە.



مزگەوت و مەدرەسەی ئیمام قاسم
لەڕاستەوە: مەلا عومەر گومەتی و مەلا مەحمود عەرەب، لە پشتی وێنەکە سێ فەقێ بەدی دەکرێت

ناوبراو بەهۆی پەیوەندیەکەی لەگەڵ مەلا مستەفادا، لەدوا ساتەکانی تەمەنیدا فەرمانی دەستگیر کردنی لەلایەن حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراقەوە بۆ دەرکرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەخۆش بوو لەماڵەکەی خۆی خرایە ژێر (الاقامة الجبرية)ەوە و لەکاتی بەسەر بردنی ماوەی سزاکەی لەماڵەکەی خۆیدا کۆچی دوایی کرد و بەئامادە بوونی زانایانی ئایینی و فەقێکانی و پیاو ماقوڵانی شاری کەرکوک لەگۆڕستانی (شێخ محێدین لەکەرکوک) بەخاک سپێردراوە.

**موجازەکانی حاجی مەلا عومەری دووەم:**

١- حاجی مەلا عەبدوڵای بەردەسپی.

٢- مەلا ساڵحی دەرماناوی گەورە.

٣- حاجی مەلا محەمەد ئەمینی قالەقژە.

٤- مەلا سەید قادری قورشاغلویی.

٥- مەلا حەسەن کوڕی دەروێش عەلی قەڵانچغانی.

٦- مەلا محەمەد کوڕی مەلا عەبدوڵا چمکی.

٧- مەلا محەمەد ماملی ئۆمەر گومەت.

٨- مەلا عەلی ئۆمەر گومەت.

٩- مەلا عەبدوڵڵا کوڕی مامۆستا مەلا قادری سێگردکانی.

١٠- مەلا سەید حوسێن کوڕی سەید محەمەد ئەمینی قوڵتەپەیی.

١١- حاجی مەلا ئیبراهیمی گردلانکەیی.

١٢- مەلا حەسەنی مەنگوڕی.

١٣- مەلا حەبیبی دووبزی (دبس).

١٤- مەلا محەمەدی دەرماناوی گەورە.

١٥- مەلا سەید عەبدولڕەحمانی قزقەلعەیی.

١٦- مەلا شێخ تەهای حەساری گەورە.

١٧- مەلا عەبدوڵای قوڵتەپەیی.

١٨- مەلا ئەحمەد شەریف ئەفەندی.

١٩- مەلا محەمەد ساڵح کوڕی حاجی مەلا عومەری گومەتی دووەم.

٢٠- مەلا محەمەد عەلی مەرزیخەی ژووروو.

٢١- حاجی مەلا عومەری گردلانکەیی.

٢٢- مەلا محەمەد کوڕی سادق عەبدەڵانی کوڕی ڕەسوڵ.

شایانی باسە ئەم بەڕێزانە کە موجازی حاجی مەلا عومەری گومەتی بوون، پاش وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی ئیدی هەر کەسەو لە شوێن خۆی لە ڕێی حوجرە و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانەوە زۆر بەجوانی خزمەتیان بەئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئەدەب و شیعر کردووە و بەدەیان و سەدان کەسایەتی لەزانای ئایینی و شاعیر و ئەدیب و نووسەر و سیاسەتمەدار و ڕۆشنفکر پەروەردەی دەستی ئەو مامۆستا دڵسۆزانە بوون کە خزمەتیان بەدۆزی ڕەوای کورد و کوردستان و زانست و مەعریفە و تەسەوف کردووە.!

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان بنەماڵەی مەلا عومەری گومەتی چەندین کەسایەتی ناوداری تێدا هەڵکەوتووە کە لەبواری ئاییندا شوێن دەستیان دیارە لەوانە: مەلا ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم بووە، ناوبراو هاوسەری خوشکی (حاجی قادری کۆیی) بووە و لەقەڵای شاری کەرکوک بەخاک سپێردراوە.

*- مەلا عەلی کوڕی محەمەد کوڕی ئیسماعیل یەکێکی ترە لەکەسایەتییە ناسراوەکانی بنەماڵەکە و یەکێک بووە لەزانا بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی و چەند دەست نووسێکی هەیە کە هەتا ئێستا بەشێک لەدەست نووسەکانی ماون.



*- مەلا دەروێش کوڕی ئیبراهیم کوڕی فەقێ دەروێش یەکێکی ترە لەکەسایەتییە ناودارەکانی بنەماڵەی ئۆمەر گومەتی کە شان بەشانی زانا ئاینییەکانی کەرکوک لەبواری ئایندا خزمەتی کردووە.

*- مەلا عەبدولڕەحمان کوڕی مەلا ساڵح کوڕی مەلا عەبدوڵا بووە، ناوبراو برای مەلا عومەری گومەتی بچوک بووە و خەڵکی ناوچەکە باس لەپیاوچاکی و کارە باشەکانی دەکەن.

*- مەلا سدیق کە برای مەلا عومەری گومەتیە، هەرچەندە دەست نووسی نەبووە، بەڵام لای خەڵکی گەڕەکی ئیمام قاسم ناوبانگی هەیە.

*- مەلا عەبدولقادر کوڕی مەلا عومەر گومەتی کە دەرچووی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی تەواو کردووە، بەهەمان شێوە بۆ ماوەی ساڵانێک سەرپەرشتی خانەقاکەی کردووە و وەک پێشنوێژ لەمزگەوت و خانەقاکە کاری کردووە، ناوبراو یەکێ بووە لەو سێ مامۆستایەی کە لەکەرکوک ناوبانگیان هەبووە لەگەڵ مامۆستا ڕەئوف و مامۆستا شێرزاد جەباری لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون لەکەرکوک و لەساڵی (١٩٨٧) لەزیندانی ئەبوغرێب لەبەغدا لەگەڵ هاوڕێکانی لەسێدارەدرا و لەگۆڕستانی (شێخ محێدینی کەرکوک) بەخاک سپێردراوە.

*- مەلا محەمەد ساڵح:

جگە لەو کەسایەتییانەی باس کران ناوی مەلا محەمەد ساڵح کوڕی مەلا عومەری گومەتی دەکەوێتە بەرچاو کە لەساڵی (١٩٢٦) چاوی بەژیان هەڵهێناوە، دەرچووی کۆلێژی شەریعەیە لەزانکۆی ئەزهەر لەساڵی (١٩٥٧) بڕوانامەی بەدەست هێناوە و نزیکەی (١٥) ساڵ لەخانەقای خۆیان وەک مەلا و سەرپەرشتیاری خانەقاکە خزمەتی کردووە، ماوەیەکیش لەقوتابخانەی (شۆڕش) مامۆستا بووە لەگەڕەکی ئیمام قاسم، هەروەها لەپەیمانگای ئیسلامی لەکەرکوک مامۆستا بووە، لەڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٢/١٦)ماڵئاوایی لەژیان کردووە.

جگە لەو کەسایەتییانەی باس کران چەندین کەسایەتی تر لەبنەماڵەکەدا هەڵکەوتوون، کە هەریەکەیان لەبوارێکدا خزمەتیان کردووە و جێ پەنجەیان دیارە.

سەرچاوە:


- گۆڤاری (خۆری ئیسلام)، ژمارە (٢٠) ٢٠٠٣.
- گۆڤاری (کەرکوک)، ژمارە (٤) ٢٠٠٩.
- ڕۆژنامەی (هەواڵ)، ژمارە (٥٠٠) ٢٠١٢.
- عەشیرەتی دەربەندی و مەلاکانی، ئا/ مەلا محەمەد ساڵح مەلا عومەر ئۆمەر گومەتی، ٢٠١٩.
- چاوپێکەوتنی، مەلا محەمەد ساڵح مەلا عومەر گومەتی، ڕۆژی (٢٠١٢/١١/١٠)...نووسەر.



# گوتاری ئەدەبی و زمانەوانی دەق

سمکۆ محەمەد

جاکۆبسون ئاماژەی بەوە داوە کە زمانەوانی لەسیستمی کارپێکردنەوە، گۆڕا بەرەو خوێندنەوەی ئەدەبی و دەڵێت (بابەتی زانستی ئەدەبی. ئەدەب نییە، بەڵکو ئەدەبییە)، بەڵام ئەگەر خوێندنەوەی ئەدەبی گەرەکی بێت ببێتە زانست، ئەوە دەبێت بزانێت کە تاکە ڕێگە ئەوەیە کارێکتەری سەربەخۆ بێت.

## زمانەوانی و ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی

لەسیستمی زمانەوانیدا پەیوەندییەک لەنێوان بەکارهێنانی زمان و ئاماژەکاندا هەیە، چونکە زمانناسی پشت بە گوتراو نابەستێت، هەروەک ئەم ڕستەیە کە دەڵێ (ماسی لەئاودا دەژی). ئەمە زمانێکی باوە، بەڵام ئەوەی نەگوتراوە دەبێتە دیکۆمنتێک بۆ تێگەیشتن لەزمانی دووهەم کە لەنێوان خوێنەر و دانەر ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت، کەوابوو لێرەدا تێکست لەکاتی دەستاودەست کردندا لەسەر زار جێکەوتە دەبێت، وەکو ئەوەی لەقسەکردنی ڕۆژانەدا شیعرێک وەکو نموونە بەکار دێت، بۆیە زمانناسی گرینگی بەهاوپشتی کردنی ئەو زمانە دەدات کە وەردەگیرێت و زوو دەچێتە سەر زار، لێرەوە سیستمی زمانەوانی لە بەکارهێنانی زمان دەکۆڵێتەوە، چونکە پشت بەبونیادی دەستاودەست کردن دەبەستێت، لێرەوە تێبینی دەکەین کە دەقی ناباو ئامانجێکی دیاری کراوی هەیە، ئەویش بەرهەم هێنانی مانایە لەنێو زماندا، ئەم فەزایە لەدونیای ئەدەبی کوردیدا زۆر بەکەمی دەبینرێت، بۆیە شیعر یان تێکستی ئەدەبی لەزەینی خوێنەردا جێکەوتە نابێت، هەروەها ڕووبەرێکی دیاری کراویشی نییە لەدونیای لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، بەو مانایەی ئێمە زۆر بەدەگمەن دەبینین تێکستێک ببێتە جێگەی تێڕامان کە توێژەرە ئەدەبییەکان خوێندنەوەی بۆ بکەن، بەبیانووی ئەوەی سیاغەی زمانی کردووە، یان پێوەرێکی دیکەی بۆ ئاخاوتن داناوە و گەشەی بەزمان داوە، هەربۆیە ئەو فەوزا ئەدەبییە لەدونیای ڕۆشنبیری کوردی دەبینرێت، بەشی زۆری ئەدیبی کورد خەریکی شیعر و ڕۆمانن، لەهەردوو ژانرەکەدا نوێگەری و شتێکی ناباو نابینین کە ببێتە جێگەی سەرنجی دەرەوەی زمانی کوردی، ئەوەی هەیە هەموو باوە و لەقسەی ئاسایی بەولاوە هیچی تر نییە.

ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی لەچەند پنتێکدا لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبی یەکدەگرن و لەشوێنێکدا جیادەبنەوە، لەوشوێنەدا یەکدەگرن کە خوێندنەوە بۆ دەقێکی وشک و بارگاوی بەسیاسەت دەکرێت، لەو شوێنەشدا لەیەکتر جودادەبنەوە کە چوارچێوەکە دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵناسی سیاسی، چونکە ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی کارێکی پەیوەستگەراییە و یەک ئاراسە و یەک بیر کردنەوەی دیاری کراوە بۆ ڕابردووی دەق، قودرەتی ئەم ستایلە لەوەدایە کە شرۆڤەی بونیادی فۆرمێکی کۆمەڵناسی و ئابوری و چینایەتی دەکات، بەڵام زمانەوانی ئەم کایانە بەوەزیفەی خۆی نازانێت و لەنێو زماندا بەدوای مانادا دەگەڕێت بەدوای ئیدراکێکدا دەگەڕێت کە مانا بەرهەم دێنێت.

ئاسانترین پێناسە بۆ ئایدیۆلۆژیا ئەوەیە کە کۆمەڵێک تێڕوانینی هارمۆنییە بۆ یەک ئاراستەی فکری، یەک بیرۆکە و یەک ئامانجە کە تێیدا چین و چینایەتی دەدۆزرێتەوە، هەروەها یەک ئامانجە بۆ خزمەتی فکری سیاسی چینایەتیش پراکتیک دەکرێت، بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی خوێندنەوەی زمانەوانی و پنتە جیاوازەکانی ئەدەبە کە لەسەر کایەی کۆمەڵناسی دەژی، بەتایبەتی سیستمی ئەدەبی کە لەسەر کەیسی فکری ڕاوەستاوە، نووسەر ناچار دەکات پەیوەندی لەگەڵ فەزای جیاوازدا هەبێت و تاک ڕەهەند نەبێت، بەپێچەوانەوە ئایدیۆلۆژیا نووسەر ناچار دەکات پاڵەوان لەخزمەت کرداری ئەدەبیدا بێت و براوەبێت، چونکە لەتێڕوانینی ئایدیۆلۆژییەوە پاڵەوانی دەقی ڕۆمان، کارێکتەرێکە لەبری گشت و بەناوی گشتەوە قسەدەکات، درووشمەکان و چاکەکارییەکانی و پۆزەتیڤیەکانی زیاترن لەنیگەتیڤەکانی، ئەم خەیاڵە وەزیفەی ئەدەب نییە، بەڵکو خەیاڵی سیاسیە بۆ ئایدیاکەی.

باڵزاک هەرچەندە لەڕووی سیاسییەوە لایەنگیری ڕژێمی پاشایەتی کردووە، بەڵام هیچ کات لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی بیرنەچووە، بگرە لەڕوانگەی فەلسەفەی سۆسیالیزمەوە باسی کێشە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکانی کردووە و ئاگری کردۆتەوە بەئەدەب، بۆیە زۆرترین کار لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی کراوە، « ئەمە ئەدگارێکی ئایدیۆلۆژیایی پێدەبەخشێت کە هەر جۆرە گوتارێکیش لەشێوازدا ملکەچی یاسای سرووشتی ماتریاڵی بەخۆیەتی و لەنێو مێژوودا دەژی و دەمرێت، لەو ڕوانگەیەوە شیعر وەکو یەکەیەکی سەربەخۆی پێکهاتەی ڕوخسار و ناوەڕۆک و پرۆسەیەکی ئایدیۆلۆژی ئیستاتیکی ناوزەد دەکرێت، لەنێوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا نموونەی ئیدیۆلۆژیا لەمیانەی یەکەم بەرهەمی لەدایکبوونی مەرگەسات پێشکەش بەخوێنەر کرا، ئەمەش دیدێکی گرینگی بەجیهان گەیاند کە دیدێکی ئیستاتیکی بوو لەهەمبەر ئەخلاقیاتی وجوودی، بەڵام لەبەرهەمی ئەدەبیدا ئیدیۆلۆژیا کێشەیەکی مەعریفی لەسەر حیسابی بۆچوونەکانی نووسەر دەهێنێتە کایەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە مارکیسزمی هاوچەرخ بایەخ بەئایدیۆلۆژیا دەدات و جەختیش لەسەر سەربەخۆیەتی دەکاتەوە.

ئیدیۆلۆژیا حاڵەتێکی حاشا هەڵنەگر و کاریگەری ئەدەبە، بەو پێیەی کە ئەدگاری کۆمەڵایەتی بۆشاییەکی گەورەی بۆ بەرگری کردن هێشتۆتەوە، تەنانەت هەندێک جار بۆرژوازییەکانیش وەها دەڕواننە بواری ئەدەب، یان خودی دەقنووس وەختێک پشتی دەق دەخوێندرێتەوە، سەربەخۆیی ئەدەبی کە دابەشکارییەکی نێوان سەربەخۆیی و گوتار ناسراوە، کێشەیەکی دیکەی ئەخلاقی درووست کردووە کە دەقنووس ناتوانێت ڕزگاری بێت لەو هەڵوێستەی کە لەناخیدا زیندانی کردووە، بۆیە لەنائاگاهیدا دەریدەبڕێت، ئەم ستایلە بۆ ئەدیبی کورد نەبووە ڕێچکەیەک کە بەرێچکەی کۆن



لەسیستمی زمانەوانیدا پەیوەندییەك لەنێوان بەكارهێنانی زمان و ئامارژەكاندا هەیە، چونكە زمانناسی پشت بە گوتراو نابەستێت، هەروەك ئەم ڕستەیە كە دەڵێ (ماسی لەئاودا دەژی) . ئەمە زمانێكی باوە، بەڵام ئەوەی نەگوتراوە دەبێتە دیكۆمێنتێك بۆ تێگەیشتن لەزمانی دووهەم كە لەنێوان خوێنەر و دانەر ڕێككەوتنی لەسەر دەكرێت

ناسراوە لەڕۆمانی ڕۆژئاوایی و ڕۆمانی فەڕەنسیدا بەتایبەتی، بەبیانوی ئەوەی کە خۆیان لەقەرەی سیاسەت نادەن و ئەدەب دەبێت لەپشتی واقیعەوە بڕوانێتە سرووشتی کۆمەڵگەکەی، بەڵام ئەمە جگە لەخۆدزینەوە لەبەرپرسیارێتی نووسین، مەبەستم لەو بەرپرسیارێتیەی سارتەر نییە، هیچی تر نەبووە، کەچی بەپێی نزمترین هێرمۆنتیکی بۆ دەقی ئەدەبی، دوا ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکانی) بەختیار عەلی، ئەم ڕۆمانە تەواو تێوەگلاوە بەسیاسەتەوە، چونکە مەبەستی پشت دەقەکە لەخوێندنەوەیدا، ئاشکرایە کە پاڵەوانەکانی بۆچی دەوریان بەپێی ڕۆمانسیەتی سیاسی دابەش کراوە، پاڵەوانی مێژوویەک لەخوێن کە بەبیانووی سیاسی جودا کراوەنتەوە لەیەکتری، پاڵەوانێک جوان و ئەویتر ناشیرن، ئەمە ئاراستە کردنی خوێنەرە بەزانینی ساختە، لەکاتێکدا هەریەک لەو پاڵەوانانە خاوەنی یەک مێژووی نەتەوەیین و هیچیان لەوەی تریان پاکژتر نیین.

لێرەوەیە کە دەبینین چۆن ئەدەب لەبری مێژوو لەبری یادەوەری و لەبری نووسینی سەتحی و بێ بیر کردنەوەی قوڵ، جێگە و ڕێگەیەکی دیکەی هەیە بۆ دونیا بینی، هەروەها بۆ ڕیکۆرد کردنی ئەو شارستانیەتەی بەزمانی نووسەر دەنووسرێتەوە، بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە بڕوانە هیندی و چینی و بەرازیلی و ئەفریقی یۆنانییەکان.

وەکو ئاڵتۆسێر دەڵێت (کاتێک ئەدەب وەزیفەی کۆمەڵایەتی دەبینێت، ئەوکاتە توانای خۆی لەبار دەبات و دەگوازێتەوە بۆ گەمە کردن بەسرووشت و ئەو شتانەی کە هەستیارییان هەیە لەگەڵ ئەدەبدا)، بۆیە گوتارەکەشی لەگەڵ زمانەوانی یەکانگیر نابێت، چونکە ئەدەب کۆمەڵێک یاسای زمانەوانی پێشوەختەی هەیە، یەکێک لەوانە زیندوو کردنەوەی زمانە کوژراوەکان و داهێنانی دەقێک لەنەبوونەوە بۆ بوون، هەروەها ئەو دیمەن و وێنانەی کە دووبارە نابنەوە لەلایەن خەڵکەوە، بەرلەوەی دەق بچێتە نێو زمانەوانی مەیدانی خوێندنی ئەدەبییەوە، پێوەر بۆ دەق ئەوە بوو کە بەبێ حوکمی بەهای ئەدەبی، دروشمبازی و ئایدیۆلۆژیا و شارچێتی و گروپچێتی و مەزاجی سیاسی و هتد. بەهای وەردەگرت، بەڵام کە ئەم بابەتە بەپێی تیۆری گادامیر و گۆڵدمان و لۆکاش پێوەری بۆ دانرا، ئازادی خۆی لەنێو زماندا بینیوە، هەروەها نووسەریشی ئازاد کرد کە بەپێی ویستی ئایدیۆلۆژیا بنووسێت و ئازادی خۆی لەدەست بدات، یان بەپێچەوانەوە ئینتیما بۆ هیچ ئایدیایەک نەکات و سەربەخۆیی دەق بپارێزێت.

دەسەڵاتی دەقیش لەبری دەسەڵاتەکانی دیکەی دەرەوەی ئەدەب، ئەو سانسۆرە بەرهەم دەهێنێت کە پێشبڕکێی داهێنان درووست دەکات، ئەمە ئەو خاڵەیە کە سیمایەکی گەشەسەندنی ئەدەبی وەرگرت.

ئەدیب دەبێت هەم نووسەرێکی زمانەوانی و هەم میتۆدی بێت، ئێمە لێرەدا باس لەزمانی ئەدەبی و فکری دەکەین بۆ شتەکان، بەزمانیش باسی زمان دەکەین، ئەگەر زمان پنتی دابڕینی نێوان ئەدەب و زمانەوانی بێت، ئەمەیان سەفسەتەبازی و وەهمی زانستییە، چونکە بەبێ هەرکامێکیان کارەکە کەلێنی تێدەکەوێت، بەوپێیەی کە زمان لەنێو ئەدەبدا کارێکی بەردەوامییە، سۆسێر دەڵێت (ئینسان بەبێ قسەکردن بوونی نامێنێ). کەواتە زمانەوانی لەپێناو تاکە زمانێکدا نییە، بەڵکو مانەوەی تاکۆتایی ئینسانییەتە نەک بەشەرییەت بەگشتی لایەنە مێژووییەکەی، چونکە ئینسانیەت لێرەدا ئینتیما نییە بۆ گروپێک یان کۆمەڵگەیەک یان زمانی نەتەوەیەکی دیاری کراو، بەڵکو ئامانجێکی هیومانیستییە، بۆیە زمان بەشێکە لەکەرەستەی مەعریفە و شارستانیەت، بەوپێیەی کە لەرێگەی زمانەوە مەعریفە لەمەحاڵەکان دەگەڕێت و شتەکان دەدۆزێتەوە و بەبێ ئینتیما لەسەر ئەو بوونە دەنووسێت کە واقیع بزری کردووە. بۆیە بۆ هەر بابەتێکی مەعریفی ئەدەب پێویستە، چونکە بەبێ کۆد و ئاماژە و سیمبول ئەم کارە مەیسەر نابێت.

هەروەها بۆ عەقڵیش بەمیقداری هێزی تێڕامان دەپێورێت، تاکو لەپشت خودی عەقڵەوە مانای جیاواز بەرهەم بهێنێت، بۆیە ئەم بابەتە لەزەینی ئینساندا نەکۆتایی دێت و نەدەسڕێتەوە، کەواتە ئەم ئەزموونە

لەبەبابەتی زمانەوانی، بنەمایەکی بەردەوامە بۆ بەرهەم هێنانی کۆنتێکستی بێ سنوور. تەنانەت بۆ دەقیش کە لەڕێگەی وشەوە لەدەرگاکان دەدات، تائەو جێگەی دووچاری عجز دەبێت، بۆیە ناوەستێت لەوەرگرتنی موفرەدەکانی دەرەوەی خۆی، ئەمە بەشێکە لەئازاد بوون لەنەخۆشی.

**ئەدەب سیستمی زمانەوانییە.**

«ئەو تەنگوچەڵەمەیەش کە شیکار کردنی زمان تێی دەکەوێت، ئەوەیە یان دەبێت ئەزمونگەرییەکی تەواوبێت، هیچ شتێک قەبوڵ نەکات، جگە لەمەسەلە شیکارییەکانی زمان کە لەئەزموونەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم حاڵەتەدا ناتوانێت پشت بەخوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ورد ببەستێت کە بنچینەی ئەزموونە«. چونکە کارناب پێیوایە زمان دوو وەزیفەی هەیە، یان گوزارشت لەشتێکی واقیعی دەکات، یان گوزارشت لە ئارەزووەکانی خودی بەکار هێنەرەکەی دەکات، فەلسەفەی کلاسیکیزم ئەم دووانەی تێکەڵ بەیەکتر کردووە، لەکاتێکدا ئەم بۆچوونە گوزارشت لەتەواوی ئەوانە دەکات کە لایەنگری پۆزەتیڤیزم بوون.

ڕۆلان بارت دەڵێت ئەدەب هیچ نییە جگە لەزمان، بەو مانایەی سیستمێکە لەئاماژەکان، هەروەها کائینێکی بەجەوهەر نییە ئەگەر سیستم نەبێت، بەم مانایە بێت ئەگەر ئەدەب زمان بێت، کەواتە توێژینەوەیە، بەڵام سیستمی ئەدەبی پێچەوانەی سیستمی زمانەوانییە، توێژینەوەش لەسەر ئەم دوو پرنسیپە ڕاوەستاوە.

**پرنسیپی یەکەم.**

یەکەم: پێکهاتەگەرایی: ئەمەیان لەسەر گرینگیدان بەیەکەکانی پشتی دەق وەستاوە، هەروەها کۆمەڵێک پەیوەندیی جێگیرە لەنێوان ئەو یەکانەدا.

دووهەم: دەلالی: ئەمەیان لەسەر گرینگیدان بەوەزیفەی دەق و کۆنتێکست وەستاوە کە هەر دالێک مەدلولی خۆیەتی و بەپێچەوانەوە مانا بەرهەم نایەت.

**پرنسیپی دووهەم.**

یەکەم **ژێرخانە** یان ناوەکییە.

دووهەم سەتحی و دەرەکییە.

دەبێ ئەوە بزانین کە بونیادی یەکەم دەلالییە و عەفەوییەتی ئەدەب درووست دەکات، بەوپێیەی بریتییە لەکۆمەڵێک ڕەگەزی ورد و نادیار، یان خودی و ڕۆشنبیری و کولتووری، یان مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونییە. بەڵام بونیادی دووهەم پێکهاتەکەی بۆ قودرەتی ناوەکی دەگوازرێتەوە کە بەکردار ئەدەب بەرهەم دەهێنێت، لێرە ڕستە بچوکترین یەکەی پێکهاتەیی تەعبیرییە کە دەق کۆنترۆڵ دەکات، بەو شێوەیە کە ئەدەب لەڕێگەی گوتنەوە نێوەندگیریی بەکیانی کۆمەڵایەتی دەکات و دەیگوازێتەوە بۆ دەقی وەزیفی کە ئەمە نێوەڕۆکی هەموو پەیامەکەیە و بەبێ مەعریفە مەحاڵە.

زمان کامڵە و هەر بۆیە ئەدەبیاتیش کامڵە، باتای گوتوویەتی ئەدەبیات یان هەموو شتێکە و یان هیچ

نییە، ئەم کۆنتێکستە پێکناکۆکی تێدایە، بەڵام پێوەرێکی یەکلاکەرەوەی دەقە لە ئیستاتیکییەوە بۆ کرچ و کاڵ، ئەدەبی ئێستا گەورەترین کێشەی ئەوەیە کە ناپێورێت و مافی خوێنەر نـادات، خاڵییە لەمەعریفە و کێشەی بۆ مەعریفە و عیرفانیش درووست کـردووە، بەزمانێک دەنووسرێتەوە کە دوژمنی زمانە، شتێک دەگێڕێتەوە کە نەچیرۆکە و نە دەربڕین و نە گوتارێکە بۆ گەیاندن، نە شتێکی شاراوەیە و نە بەئاشکراش ئامانجەکەی پێکاوە، ئەمانە بەشێکن لەڕێگری کردن لەمیتۆدی زمانەوانی بۆ دەقی ئەدەبی، چونکە پشتی بەزمانێک نەبەستاوە کە ڕێگەی بڕیوە بەرەو ناولێنان لەخۆ جیاکردنەوە لەگەڵ زمانی ڕۆژانەی واقیعیدا.

### چێژی دەق

بەشی زۆری ئـەو موناقەشانەی لـەبـارەی دەقـەوە دەکرێت، باسی تێژی دەق دەکرێت، هەتا ئێستا من نەمبیستووە بەجدی باسی چێژی دەقێکی کوردی بکرێت کە بۆچی ئەو دەقە چێژی هەیە و چێژ بەمانای چی، چێژی دەقیش وادەکات کە تۆ هەست بکەی خەڵک بونیان لەتۆدا دەدۆزنەوە، ئەمە جوانترین پیشەسازی گوتنە کە شاردراوەتەوە و زمانێکی دیکە جێگەی گرتۆتەوە، ئەم ململانێیە لەنێو گوتاری ئەدەبی و سیاسیدایە، بۆیە نەشێوەی دیارە و نەشوێن و کاتی، بەڵام ویستێک بەرهەم دەهێنێت کە خۆشی بینینە لە خوێندنەوەی دەق، چونکە



دەبێ ئەوە بزانین کە بونیادی یەکەم دەلالییە و عەفەوییەتی ئەدەب درووست دەکات، بەوپێیەی بریتییە لەکۆمەڵێك ڕەگەزی ورد و نادیار، یان خودی و ڕۆشنبیری و کولتووری، یان مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونییە . بەڵام بونیادی دووهەم پێکهاتەکەی بۆ قودرەتی ناوەکی دەگوازرێتەوە کە بەکردار ئەدەب بەرهەم دەهێنێت



هیچ چەشنە واتابوونێك ناتوانێت لەکولتوورێکی بەکۆمەڵدا ڕووبدات، کولتوورێك کە هەڵبەت ڕاست وەکو جیاوازی زەوی و ئاسمان و ئاو و ئاور لەکولتووره بەکۆمەڵەکان جیایە، چیرۆك هەرچەندە خۆش و درووست و وێژتر بێت، شەیتانی تر و لەبزێکی یەك دەستتر دەگێڕدرێتەوە، گۆڕینی ئەو خەوشدار کردنی پشت و ڕووی خوێندنەوە ئاسانتر دەکات

چێژی دەق ئەو چرکەساتەیە کە جەستە لەگەڵ فکرەکەدا تێکەڵ دەکات، تۆدۆرۆف دەڵێت (ئەدەب سیستمە) ئەو پێیوایە لەسەر بونیادی خۆی ئەم پێوەرە دانراوە. بەڵام کار جیاوازە لەگەڵ چاکە کە زۆربەی زانستەکان هەیانە، کار لەئەدەبدا عیشقێکی ئەدەبییە بەگوتن، شوهرەتێکە دەچێتە تێکستەوە، هەروەها چێژێکە بۆ پێشنیار کردن، لەدونیای ئەدەبی کوردیدا ئەم پێناسەیە جێکەوتە نابێت، چونکە ئەدەب بۆ کورد نەبۆتە سیستم و هێشتا لەفەزای سۆزداریدا گیری خواردووە.

هیچ چەشنە واتابوونێک ناتوانێت لەکولتوورێکی بەکۆمەڵدا ڕووبدات، کولتوورێک کە هەڵبەت ڕاست وەکو جیاوازی زەوی و ئاسمان و ئاو و ئاور لەکولتووره بەکۆمەڵەکان جیایە، چیرۆک هەرچەندە خۆش و درووست و وێژتر بێت، شەیتانی تر و لەبزێکی یەک دەستتر دەگێڕدرێتەوە، گۆڕینی ئەو خەوشدار کردنی پشت و ڕووی خوێندنەوە ئاسانتر دەکات، ئەم وەرچەرخانە داهێنان و ناوازەیە، بەشێوەیەکی گەورەتر و بەرینتر چێژی دەق پەرە پێدەدات. وەختێک دەقێک دەخوێنینەوە و چێژ وەردەگرین، هەر ئەوکاتە خۆمان لەپێوەری زمان و شەیدا بوونی وێناکردن دەپارێزین، چونکە لەپشت هەموو دەقێکی ئەدەبییەوە، خودانێک هەیە کە ئەدیبە و خوڵقێنەری دەقەکەیە.

ئەو تێکستانەی کە بەچێژن و بەچێژەوە دەخوێندرێنەوە، بەتام و چێژێکی مەعریفییەوە نووسراون و ڕاستگۆیی

و توانا ئەدەبییەکەی ناکۆک نیین. لەکاتێکدا دەق هەیە نەک هەر چێژی نییە، بەڵکو خوێنەریش نیگەران دەکات و دووری دەخاتەوە لەخوێندنەوە، چونکە نووسەرەکەی هیچ ئامانجێکی نییە نەک ئیستاتیکا. بەڵکو لەهەزرەکارێک دەچێت کە بۆ خۆشەویستەکەی نامەی نووسیبێت، بۆیە لێرە خوێنەر بۆ دەقی کلاسیکی دەگەڕێتەوە، چونکە دەقی ڕەسەنە و ئامانجی لەپشتەوەیە، چونکە سەر بەسیستمی کولتوورییە و لاسایی هیچ ئۆبژەیەکی دیکەی نەکردۆتەوە، چونکە باو نییە و زمانێکی دیکەیە و پشتی بەمەعریفە بەستاوە، لەو دەرگایەی داوە کە ئینسان بەزمانی سادە و خاکەڕایی دەرهەقی نایەت.

کەوابوو ئێمە بۆیە کێشەی زمان و بەرهەم هێنانی مانا و دەقی کراوە و دەقی چێژ بەخش و ئیستاتیکیمان هەیە، چونکە لەبەردەم قەیرانی دانەرداین، نەک قەیرانی خوێنەر، دانەر کە خۆی هێشتا پێویستی بەدەست گرتن و خۆ پڕچەک کردنە لەڕووی مەعریفییەوە، چۆن دەتوانێ دەق بشکێنێت و فەزایەکی نوێ بخوڵقێنێت و خوێنەر ئاشت بکاتەوە لەگەڵ ئەو ئیستاتیکایەی دەق پشتی پێدەبەستێت، ئەدەبی کوردی کە کەلێنێکی تێکەوتووە لەخوێندنەوەی دەق و ڕەخنە، ئەلێرەوەیە نەخۆشییەکە، چونکە بەدەگمەن هونەرێک لەنووسینەوە یان دەقێکدا دەبینین کە هەوڵی دەق شکاندنی تێدابێت، دەقنووسەکە بەستایلێکی نوێ بیری کردبێتەوە و بیری لەخوێنەر کردبێتەوە کە پێویستی بەفەزایەکی دیکەیە.

**سەرچاوەکان**

١- کولن ولسن. الانسان و قواه الخفیة. ترجمة. سامیة خشبة. دار الاداب بیروت. طبعة ٢٠٠٩. ص١١٧.
٢- مجلة القافلة ١٩٨٨ عدد ٩.
٣- هایکوهاو زیندوروف. فولفغنغ کسلمان. علم لسانیان النص. ترجمة د.موفق محمد جواد. دار المامون. بغداد ٢٠١٦. ص٢٩.
٤- پێکهاتە و ڕاڤەی دەق. بابەک ئەحمەدی. وەرگێڕانی. مەسعود بابایی. بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و فکری و ئەدەبی نما.
٥- ڕۆلان بارت. چێژی دەق. وەرگێڕانی بۆ کوردی. ئیسماعیل زارعی. دەزگای وەرگێڕانی. ساڵی ٢٠٠٩.
٦- ئازاد عەبدلواحید کەریم. سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی. لەڕووی پێوەرە ئەخلاقیەکانەوە. کتێبی گزنگ. ساڵی ٢٠٠٥. ل٧٠.
٧- ڕۆدۆلف کارناب. وەزیفەی زمان. وەرگێڕانی بۆ کوردی. کۆمەڵێک نووسەر. دەزگای ئایدا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە. ٢٠١٩. ل٣٣.




# ڕۆمانی خۆڵمێشی تەرمی کتێبێك

## ڕامانێك بۆ ڕۆمانی پۆستمۆدێرنە



زاهیر زەنگەنە

بەشی دووەم


حەمەسەعید زەنگەنە

زۆرێک لەوانەی (خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک)ی حەمە سەعید زەنگنەیان خوێندۆتەوە, بەسەر دوو بەرە و دوو بۆچوونی جیاواز و دژ بەیەکدا دابەش بوون. هەندێک پێیانوایە ئەو شێوە زمانەی نووسەر لەمیانەی ڕۆمانەکەیدا لە(تێکەڵ کردنی زاراوەکان)دا بەکاری هێناوە، هۆکاری سەرەکیی هێزی ڕۆمانەکەیە و خزمەتێکی فرە بەزمان و دیالێکتە جیاوازەکان دەکات، لەبەرامبەریشدا بەشێک لەنووسەران و ڕۆشنبیران مکوڕن لەسەر ئەوەی دەرچوون لەو سیاقە سۆرانییەی بەشی زۆری دەقەکانی پێنووسراوەتەوە خەونی ستاندارد بوونی زمانەکە لەق دەکات و پێویستە بگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو ڕێچکە نووسینەی نالی و شاعیرانی بابان لەسەری ڕۆیشتوون و هەتا ئێستا درێژەی هەیە. بۆچوونەکان هەرچۆنێک بن هەردوو لا بارتەقای پێویست قسەیان بۆ وتن پێیە و دەتوانن بەڵگە بۆ بۆچوونەکانی خۆیان بێننەوە، لێرەدا نامەوێت لایەنگری لایەک دژ بەئەوی دیکە نیشان بدەم و بابەتەکەی منیش زۆر بەوەوە پەیوەست نییە، ئەوەی مەبەستمە نیشانی بدەم قۆناغێکی نوێیە لە بۆچوون, ڕەنگە کەم و زۆر بەرچاوی خوێنەرانیش کەوتبێت بەڵام هێشتا نەبۆتە بابەت، ئەویش لێکدانەوەی زمانە لەدیدی پۆست مۆدێرنەکانەوە.

خاڵێک بەلای ئەم ڕێبازە ئەدەبی و فەلسەفییەوە گرنگە ئەویش مەسەلەی زمانە کە فاکتەری سەرەکیی پێکهێنانی دەقە، بۆ ئێمە کە سەدان ساڵە شەڕی زمان دەکەین، کاتێک دێینە سەر ئەم بابەتە تووشی کێشەی گەورە دەبینەوە کە مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە. چونکە لەئێستادا پشتی لەدەستدانی زەوی و ئاو و ئاسمان تاکە شتێک بەدەستمانەوە مابێت زمانە, ئەمە لەکاتێکدایە تەوژمی زمان لەچوار دەور و ئاسمانەوە، لەڕێگەی کەناڵە گریمانەییەکانەوە، بەتوندی هەوڵی داگیرکردنمان دەدەن. دەتوانین بڵێین داگیرکاری بەتەنێ دەست بەسەر داگرتنی زەوی میللەتێک نییە، بەڵکو ئەو کاتە دێتە بوون زمان لاسەنگ دەبێت و لەئاست زمانی بێگانەدا پاشەکشێ دەکات. هەرچەندە هەتا ئێستا لەناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا ئاراستەیەکی دیار و بڕیارێکی گشتگیر سەبارەت بەئایندەی ئەم زمانە بوونی نییە، بەڵام کەم و زۆر هەندێک هەوڵی تاکە کەسی و تاک لایەنانە لەلای زمانزان و ڕۆشنبیران بۆ ئاراستە کردنی زمان، بوونیان هەیە. هەندێک بەپێی ئەو ڕەوتە مێژوویەی



حەمەسەعید زەنگەنە

زۆربەی گەلان لەسەری کۆکن و بەشێکیش بەوەرگرتنی تایبەتمەندییەکانی کورد و زمانی کوردی مامەڵە لەتەک ئەم بابەتە دەکەن، یەکێک لەوانەش کە من لەسەری دەدوێم نووسینەکانی حەمە سەعید زەنگەنە و ئەزموونی ڕۆمانی (خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک)ە. زمان لای حەمە سەعید خاڵی وەرچەرخانە لەنێو دەقدا, ئەم نووسەرە نەک هەر لەم ڕۆمانەدا بەڵکو لەتەواوی نووسینەکانیدا ڕێچکەیەکی تایبەتی هەیە، لەتێکەڵ کردنی زاراوەکان یان ڕوونتر بڵێم لەهێنانی وشە لەزاراوەکانی دیکەوە و تێکەڵ کردنیان بەشێوەیەکی لێزانانە, ئەم پرۆسەیەی کە دەستی داوەتێ لەهەستەکانەوە دەست پێدەکات و بەپرۆسەی ئەزموونگەراییدا تێدەپەڕێت و لە(عەقڵ – زمان)دا جێگیر دەبێت.

دریدا و هاوبیرەکانی پێیانوایە پەیوەندی زمان بەواقیعەوە پەیوەندییەکی وونە و پشتی پێ نابەسترێت، ئەو وەهمە دروست کراوەی لەئەدەب و فەلسەفەی ئەورووپیدا هەوڵی گشتاندنی بۆ دەدرێت و دەیانەوێت پەیوەندی زمان بەجیهانەوە وەک ڕاستییەکی جێگر نیشان بدەن و عەقڵ لەنێو زماندا وەک ئاوێنەی سروشت پێناسە بکەن، بانگەشەیەکی بەتاڵە، بەوتەی دریدا ئێمە بەندی سیستەمێکی زمانەوانین هیچ پەیوەندییەکی بەواقیعی دەرەوە نییە وەک ئەوەی پێشبینی دەکەین, لەبەرئەوەی بوونێکی خودی ناوەکییە و هەموو دەستەواژەیەک لەنێو سیستەمی زماندا ئاماژەیە بۆ بوونی دەستەواژەیەکی دیکەی نادیار لەنێو هەمان سیستەمدا. ئەم بانگەشە ڕێژەییە بەرەو ئەوەمان دەبات لەوە تێبگەین جیهان و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی و ناسنامە مرۆییەکەی بەخششێک نییە پێمان درابێت تاکو زمان بێت و لەگەڵ واقیعدا ڕێکیبخات, بەڵکو جۆرە تێگەیشتنێکە کە ئێمە لەزماندا دروستی دەکەین، هەربۆیە ئێمە لەنێو واقیعدا ناژین بەڵکو لەنێو ئەو گریمانە و تێڕوانینانەدا بەندین کە بۆ دەقەکان هەمانە.

هەوڵی دریدا بۆ داکشانی زمان و هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکەی زمانی پیرۆز و لەق کردنی ناوەندێتیی لەهجەیەکی دیاری کراو لەنێو دەیان زمانی خۆجێی دیکەدا گوتارێکە ئاراستەی ئەورووپای خاوەن زانستی دەکات, بەڵام لەڕاستیدا ئەم تێڕوانینە بۆ زمانی ستاندارد و یان زارەکانی دیکە (وەک ئەوەی بەرهەمی سروشت و ڕاستییەک نیشان بدرێن بەر لەسەردەمی مۆدێرنە لەنێو ئاینە براییمییەکاندا هاتۆتە کایەوە (ئەمە بۆ دونیای فەلەکان تاوەکو بەرچڤە کردنی ئینجیل بۆ زمانە ئەورووپییەکان دروستە, بۆ جیهانی ئیسلامیش تاوەکو ئێستا وەک ڕاستییەکی نەگۆڕ ماوەتەوە).

ئەم زمانە گەردوونییە وەک ڕۆلان بارت باسی لێوە دەکات (لە کاتی پێویستدا پەیدا دەبێت تاکو ئاسوودەیی دەروونی بەسەردەستە و کۆمەڵ و دەسەڵات بدات، لەهەمانکاتدا ڕێگەی بۆ فەراهەم دەکات بە بەردەوامی وەک بابەت لەئەوی تر بڕوانێت، دەتوانێ لەیەک کاتدا پیایدا هەڵبدات یان تاوانباری بکات).

هەواڵنامەی کتێب

زمان وەک هەر کەرەستەیەکی دیکە دروست دەکرێت، مەرجیش نییە هەموو زمانێکی ستاندارد پێشکەوتوو بێت، دەکرێت زمانێکی ستانداردی وەک عەرەبی هەزار و چوارسەد و هەند ساڵ بێت مەرگی خۆی ڕاگەیاندبێت، هەروەها ئەو زمانەی فیردەوسی شانامەی پێ نووسیوەتەوە، هەرگیز زمانی ئاخاوتنی فارسەکان نەبووبێت، بۆیە لەم نووسینەدا لەڕوانگەی پۆست مۆدێرنەوە شرۆڤەی زمان دەکەم و پێموایە بۆ ئەم چرکەسات و کاتەی ئێمەی تێدا دەژین لەزۆر لایەنەوە خزمەت بەئەدەبی کوردی بکات، ئەگەر بەوردی و شێوەیەکی زانستی و ئەدەبی و عەقڵێکی پەتییەوە کاری لەسەر بکرێت! ئەم ڕەوتە نوێیە تەنێ بوارێکی تایبەت ناگرێتەوە تاکوو دەربارەی هەڵوێست وەربگرێت، بەڵکو پێداچوونەوە بەسەرجەم پایەکانی قۆناغی مۆدێرنە دەکاتەوە و دەیانخاتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوەی وردەوە، ڕەنگە کایە کۆمەڵایەتی و گوزارشت کارییەکەی کە کار لەسەر جیاکردنەوەی واقیع لەئەندێشە و چێژی پێشەنگەکان لەچێژی گشتی یان (شەعب)ی دەکات لەئاشکراترین ڕووکارەکانی بێت، ڕێبەرانی ئەم ڕەوتە نوێیە گرنگییەکی زۆر بەزمان دەدەن بەو پێیەی نەک تەنێ گوزارشت لەژیان دەکات, بەڵکو دروستی دەکات و کاریگەریشی لەسەر هەیە، یان بەشێوازێکی دی زمان هەر بەتەنێ ڕەنگ دانەوەی چۆنیەتی بیر کردنەوە نییە, بەڵکو کاریگەریی لەسەر ئیدراک و تێگەیشتنیش هەیە، (فۆکو) دەڵێت (لەنێو وتاردا ژیانێکی تایبەت هەیە کە بوونێکە



دریدا و هاوبیرەکانی پێیانوایە پەیوەندی زمان بەواقیعەوە پەیوەندییەکی ونە و پشتی پێ نابەسترێت، ئەو وەهمە دروست کراوەی لەئەدەب و فەلسەفەی ئەوروپیدا هەوڵی گشتاندنی بۆ دەدرێت و دەیانەوێت پەیوەندی زمان بەجیهانەوە وەك ڕاستییەکی جێگر نیشان بدەن و عەقڵ لەنێو زماندا وەك ئاوێنەی سروشت پێناسە بکەن



حەمەسەعید زەنگەنە

لەنێو خۆیدا، واقیعێکی تایبەت بۆ خۆی دەئافرێنێت و پەیوەندییەکی تێکهەڵکێش لەنێوان زمان و دەزگای کۆمەڵایەتی و هێز و دەسەڵاتدا دێنێتە ئاراوە).

لەم نووسینەدا دەتوانم سێ ئاراستەی جیاوازی و تێگەیشتن بۆ زمان نیشان بدەم کە یەکێکیان, وایدەبینێت زمان بەخۆی عەقڵە واقیع دروست دەکات ئەوی دییان, لایوایە زمان خەیاڵە و ئێمە لەگەڵ تێگەیشتندا دەیگونجێنین، لەنێوەندی ئەم دوو بۆچوونەشدا لایەنی سێیەم هەیە کە پێیوایە زمان وەسفی واقیع دەکات و واقعیش دروست دەکات. خاڵی هاوبەش لەنێوان هەرسێ بۆچوونەکەدا (هێز)ە، هەر چەندە هۆکاری مانەوەیە بەڵام بەخۆی دەرهاویشتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەیە، هەروەک لەلای مەسیحیش هاتووە (لەسەرەتادا وشە بوو، وشەکەش لەلای خوداوە بوو، هەر بەخۆی وشەکە خودا بوو) یەکێک لەکەرەستەکانی زمان وشەیە، هێزی وشە هێزی زمانە و عەقڵی کۆمەڵگایە، هەر وتارێک کە وەختێک دێتە بوون واقیعێکی تایبەت لەنێو بوونی خۆیدا دەئافرێنێ! لەنێو ئەو واقیعە سیمبولییەیدا جیهانێک هەیە تەواوی ئەندیشە و بیر کردنەوەی نووسەر لەخۆ دەگرێت، هەر کات هاتە بەر ڕۆشنایی و بڵاوبووەوە، ئەودەم دەبێتە کارەکتەرێک کۆنترۆلی یان هەوڵ بۆ داگیر کردنی زمان و کۆمەڵگە و دەسەڵات دەدات, هەر بۆیە زمان (هەم خەیاڵە و هەمیش واقیع و ئەزموون)ە.

ئەم تێگەیشتنە لەهەستەکانەوە دەست پێدەکات و پاشان بەپشکنینی لێکدانەوەی لۆژیکدا تێدەپەڕێت و لەعەقڵدا بەدووبارە کردنەوەی زۆر دەچەسپێت، ئەگەر عەقڵ وەک دەزگایەکی وەرگر تەماشا بکەین ئەوە هەموو ئەو وشە و کار و ئەرکانەی کە هەستەکان بۆی دەنێرن، لەگەڵ چەندبارە کردنەوەدا دەیانخاتە سیستەمەوە و دەیانگونجێنێت. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین عەقڵ تاک ڕەهەند نییە و لەمیانەی ئاخاوتنیشدا پەیوەست نییە بەشێوەیەکی دیاری کراو لەنێو چەندین دیالێکتدا، بەپێچەوانەی ئەو بیرۆکەیەی سیستەمی مۆدێرنە پێشکەشی دەکات و زمانی ستاندارد وەک بوونێکی سروشتی لەنێو چەندین شێوەزاردا نیشان دەدات. پۆست مۆدێرنەکان بەکاری هەڵوەشاندنەوە دەیانەوێت ئەوە بسەلمێنن, تەنانەت لەنێو شێوە زارەکانیشدا بەدەربڕینی جیاوازەوە هەمان تێگەیشتن بوونی هەیە.

کاتێ ئێمە باس لەزمان لەنێو بیری پۆست مۆدێرنەدا دەکەین, نابێت ئەوەمان بیر بچێت کە لەبنەڕەتدا پۆست مۆدێرنەکان دژ بەداگیر کارییەکانی ئیمپریالیزم دەوەستنەوە و پێیانوایە خودی زمانی باڵا و ئەوەی کە دەسەڵاتدار بەکاری دەهێنێت, هۆکارێکە بۆ داگیر کردنی دەروونی کەسانی ژێردەستە، بۆیە بەکەرەستەی جیاواز و لەڕێگەی بووژانەوەی زمانی (گشتی) و زاراوە میللییەکانەوە دێن و بەگژ قۆناغی مۆدێرنەی ئەوروپادا دەچنەوە، درێدا پێیوایە (پشتی ئەوەی مۆدێرنە پاڵ بەزمانی ئاینەوە دەنێت خۆی بەجەوهەرانی و ناوەندێکی لۆژیکی بۆیە دەکات).

کاتێک پۆست مۆدێرنەکان وەها بیرۆکەیەک لەنێو سەرجەم کایەکانی فەلسەفە و هونەر و هونەری تەلارسازی و زماندا پێشکەش دەکەن، وەک هەر ژانرێکی دیکە و بیروباوەڕێک ڕۆمانیش گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێت، لەڕووی زمانەوە بەتەواوەتی خۆی لەناوەندێتی وتار و زمانی سەردەستەیی و ئەوەی پێی دەگوتریت زمانی ستاندارد وەک بابەتێک کە دەرئەنجامی حوکمی سروشتە دەپارێزیت یان (فەرامۆشی دەکات)، چیتر خۆی بەرەوانبێژی و زمانی شیعرییەوە خەریک ناکات، لەجیگەی ئەوە زمانی گشتی و وشەی بیانی و زمانی پەرت بوو و گاڵتە و گەپ و شکاندن لەنێو یەک بابەتدا دێتە کایەوە مەی مەحموود دەڵێت:( پێویستە لەڕۆمانی نوێدا جەخت لەسەر بابەتە مرۆییەکان بکرێتەوە، فەنتازیا و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و زیندو کردنەوەی خواستە نەتەوایەتی و تایبەتمەندییە ئەنتۆگرافییەکان بۆ تایەفە و ئاینەکان فەراهەم بکرێت، ڕۆمانی پۆست مۆدێرنە بەتەواوەتی کۆتایی بەزمانی خاوێن هێنا، هەروەها چیتر بەزمانی شیعری نانووسرێتەوە و پشت بەرەوانبێژی نابەستێت، لەبەرامبەردا زمانی گشتی دێتە کایەوە، زمانی بێگانەی ئاوێتە دەبێت، واقیعی زمانی بەش کراو و لێک جیا کراو و نوکتە و تەڵفیسی، هەڵوەشاندنەوەی خود ناوەندی بەرامبەر بەئەوانی دیکە و تێکشکاندنی ناسنامەی ڕەهایی پێڕەو دەکرێت).

عزیز نوعمان دەڵێت: (ڕۆمانی پۆست مۆدێرنە هەوڵ بۆ دروست کردنی جیاوازی دەدات و بەدووی جیاوازییەکاندا دەگەڕێت و هاوسەنگی لە نێوانیان دروست دەکات).

لەڕۆمانی (خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک)دا حەمە سەعید زەنگنە نەهاتووە دەقاودەق ئەمە پێڕەو بکات, بەڵکو لەڕوانگەی تایبەتمەندیی زمانی کوردییەوە هاوشێوەیەکی داڕشتووە کە بەبەری کوردیدا بکات، کورد نەبەخۆی خاوەن دەسەڵاتە و نەزمانێکی یەکگرتووی ستانداردیشی هەیە بەڵکو لەڕێگەی بەها پێدان و گرنگی خستنە سەر دیالێکتەکانی دییەوە هەوڵی تێکشاندن و بونیاد نانەوەی داوە.

لەم ڕۆمانەدا بەسەر چەندین بنزاری ناوچەیی و ڕۆشنبیری نیمچە ستانداردا دەکەوین, وەک (لوڕ و گۆران و کرمانج و سۆرانیدا) کە لەسەردەمی بابەتاهیری هەمەدانییەوە درێژ دەبیتەوە بۆ قۆناغی ئەدەبی یارسان و گۆران هەتا کرمانجی و ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن کوردی ناوەند. وەک ئاشت کردنەوەی تەواوی دیالێکتەکان هەموو بەشداری لەپێکهێنانی ڕۆمانەکەدا دەکەن، ئەو فەرهەنگۆکەی لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا هەیە، گەواهی وتەکانمان دەدەن. لەنێو ئەم ڕۆمانەدا ژیان هەیە ژیانێکی تایبەت بەخۆی, پەیوەندیی جڤات لەسەر بنەمای زمان دروست دەبێت بەپێچەوانەی زۆرێک لەدەقەکانی دییەوە، پەیوەست نییە بەخەیاڵەوە، نووسەر کەمترین مەنەلۆجی تێدا بەکار هێناوە، کارەکتەرەکان لەڕێگەی هێزی وشەوە



حەمەسەعید زەنگەنە

سەنگی خۆیان نیشان دەدەن: بەتێرامانێکی کورت دەتوانین دەیان ڕستە پیشان بدەین کە دەبنە گەواهی بۆ قسەکانمان:

– «حەمە سەعید»دەیەگوت:

ـ «هەڵبەستەیلی (مەندی)ی لەکچانی ئارایشت کراو و.. فرەزان و مۆدێرن دەچن! وەلێ بەجلکی پێشان و کەونەوە... ل٦٨.

– «مامۆستا نزار»شایانی بوو، چیت بۆ کردبا پەشتان کەم بوو.. چون پیاوێکی خوێنەوار، جگە لەزمانەیلی: عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی و یۆنانیی! زمانی کوردی بەگش دیالێکتەکانییەوە بەڵەد و شارەزا بوو... ل٥٧.

– «هەمەوەند... میانەباڵاو، خاڵێکی کەسکی کاڵ بەتفنکییەوە بوو... خۆی ڕەشتاڵە بوو... ئەوەندەی دی ڕەش داگەڕا... ل٧٢–٧٤.

ئەو جیهانەی لەمیانەی ئەم ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەوێت جیهانێکی هەمەڕەنگە وابەستەی یەک شوێن و زەمەنی تایبەت نییە, کارەکتەرەکان لەشوێن و هەلومەرجی تایبەتدا دێنە نێو ڕۆمانەکەوە (لەبەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا بەوردی ئاماژەی پێکراوە) لێ هەمیشە ئەرکێک دەبینن، لەڕێگەی زمان یان دەزگا کۆمەڵایەتییەکەوە دەیانەوێت بوونی خۆیان نیشان بدەن، بەڵام کەسانی تایبەت نین ئەوان دەرهاویشتەی هەلومەرجێکن کە زۆر لەواقیعەوە نزیکە، زمان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکە دەئافرێنێ و دواتـر هێزی پێدەبەخشێت. دوا وتەکانی نێو ڕۆمانەکە کە کەوتوونەتە ئەو دیوی نادیاری پەڕەی کۆتاییەوە و دڵنیانیم لەوەی بەشێکن لەڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە یاخود بەشێکن لەزمان، بەلای منەوە زۆر سەرنج ڕاکێشن و شایانی هەڵوەستە لەسەرکردنن:

ـ (تووتە، برای تووتە، زەڕنەقووتە، دۆشاومژە، ئەسپێ کوژە).

ـ (قولینچک، مامە لینچک، دۆرە درێژە، شادە نوێژە، ئەسپێ کوژە).

ـ (قاوە، پندر، گۆزە, داسوکان، گای ڕەش).

ـ (قلیچ، مام قلیچ، تلمژین، شەهادە، بەران) ل١٧٠.

لەم کۆمەڵە ئیدیۆمەی سەرەوە دەتوانم ئەوە بێنمە بەرچاوی خۆم کە ئەوە کۆمەڵە منداڵێکی سەر بەدیالێکتی جیاوازن هەر یەکە و بەشێوەیەک دەئاخێون، لێ هەموویان هەر یەک شت دەڵێنەوە و هەمان ئەنجامیش بەدەستەوە دەدەن! ئەم ئیدیۆمانە لەیەک کاتدا هەم هێزی زمانن و هەمیش بەرخورد لەگەڵ کۆی ڕووداوانی میانەی ڕۆمانەکە دەکـەن و ئەنجامیش بـەوە دەگـات «ئـەوەی ڕوویـدا و لەداهاتووشدا ڕەنگە بێتەوە بوون گەمەی کۆمەڵە منداڵێکە سەریان بەیەکەوە ناوە و بێگوناهانە کات دەگوزەرێنن «وەلێ مانایەکی تەواویش بەکۆی ڕووداوەکانی میانەی ڕۆمانەکە دەدەن»..

**ڕۆڵی وشە:**

ڕەنگە بۆ ئێمەی کورد کە بەقۆناغی ستاندارد بوونی زماندا تێپەڕمان نەکردووە تووشی کەمترین گرفت لەبارەی گەڕانەوە بۆ زمانی گشتی یان بەشداری پێکردنی بنزارەکان ببین، بەڵام بۆ ئەو زمانانەی کەلە قۆناغی ستاندارد بووندا ماوەیەکی زۆرە دەقیان گرتووە گرفتەکە گەورەترە، ئەوان مەترسی توانەوەی زمانە ستاندارەکەیان لەنێو زمانی داگیر کراوەکانیان و داگیرکەرەکانیاندا هەیە، بەتایبەت لەرۆژئاوای خاکی عەرەبیدا کە لەدوو لاوە کەتوۆتە بەردەم هێرشی زمانی ئەمازیغی داگیر کراو و زمانی فەرەنسی داگیر کەر، ئەمە بەدەر لەو بنزارە عەرەبییە زۆر و زەوەندانەی لەوڵاتێکەوە بۆ ئەوەی دیکە و لەنێو شار و شارێکدا و لەمیانەی شاری و دەشتەکییە ڕەوەندەکاندا هەیە و لەژێر پەردەی زمانی عەرەبی یەکگرتوودا چەپێنراون. عەزیز نوعمان دەڵێت: ((لەڕۆمانی نوێی عەرەبیدا کرانەوەی خودی بەسەر ئەوی دیدا وەک بنزارە عەرەبییەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە هەوەها بنزاری ئەمازیغی (ڕەسمی یاخود عامییە)، گواستنەوەیە لەئەدەبی نموونەی باڵاوە بۆ ئەدەبی خود و وەلاوەنانی ئەو بەربەستانەی لەنێوان ڕۆشنبیرییە جیاواز و زمانە جیاوازەکاندا هەیە و گۆڕینەوەیان بەفرەیی، لەئەنجامی وەرگرتنی بیرو زمانی ئەوی تردا)).

کەوایە گواستنەوە لەزمانی ستاندارد و نیمچە ستانداردەوە بۆ دیالێکت یان هەر زمانێکی دیکە بەتەنێ




پەیوەست بەگواستنەوەی وشە و ڕستەوە نییە، بەڵکو لەگەڵیدا فکر و خەیاڵ و جۆری بیرکردنەوە و وێناکردنە عەقڵییەکان بۆ دیاردە و تێگەیشتن لەبوارێک لەبوارەکاندا دەگوازرێنەوە، لەم بارەوە فرانسوا لیوتار دەڵێت:

(هەموو واقیعێک جۆرێکە لەبونیادنان، لەبیری مرۆڤدا دروست دەبێت).

کاتێک وشە دەگوازرێتەوە هەموو ئەو چنراوە بونیادە خودیانەی مرۆڤ لەنێو زمانەکەدا دروستی کردوون بەدوو ئاراستەی ناوەکی و دەرکیدا دەگوازرێنەوە، لەسەر ئاستی ناوەکی نێو یەک زمان و چەندین بنزاردا هەمیشە بۆ



حەمەسەعید زەنگەنە

تاکی کورد ئاستەنگ بووە، کاتێک سۆرانییەک لەگەڵ کرمانجێک یان گۆرانێکدا بەریەک دەکەون, ئەو چنراوە زارەکیـانـەی هەریەکەیان هەڵگرین دەبنە بەربەست لەمیانەی تێگەیشتندا, چونکە ناتوانن (تێڕوانینەکان)یان دەربارەی یەکتر شی بکەنەوە. دیارە ئەمە بۆ دوو تاکی جیاواز زمانیش دروستە، بۆیە کاتێک نووسەری ئەم دەقەی من لەسەری دەئاخێوم دێت و کۆمەڵێک زاراوەی جیاواز لەدیالێکتە جۆراوجۆرە کوردییەکاندا تێکەڵ دەکات، دەیەوێت هزر و بیر کردنەوەیان بگەڕێنێتەوە. ئاراستە دروستەکەی خۆی بۆ شی کردنـەوەی عەقڵی یەکتر و لێک تێگەیشتن، ئەو مۆتەکەیەی بەدرێژایی مێژوو کوردی تووشی لەیەک دابڕانی عەقڵی و زەینی کردووە بۆ نموونە (واچە و وتن و ئاخافتن و واتی...) لەقسە کردندا هەمان هێز و ڕۆڵی یەکسان لای بیسەر و قسەکەریش دروست ناکەن, هەندێک جار وتە خۆسەپێنە، توانای ڕاکێشانی لەزمانێکدا یان بنزارێکدا هەیە کەچی بەرامبەر بەو وشەیە وشەیەکی دیکەی بەهەمان ماناوە ناتوانێت بەو ئەندازەیە هێز دروست بکات «ئەمە بۆ دوو زمانی جیاوازیش لەکاتی بەرچڤە کردندا دروستە بەڵام لەئاستێکی زۆر دیاری کراودا» و لەکاتێکدا خاوەن زمان هەستی ئەوە بکات ناکەوێتە ژێر هەژموونی زمانە بەکار هێنراوەکەوە. (ڕەنگە کەسانێک لەم دەقەی سەرەوە هەست بەبوونی جۆرێک لەپارادۆکس بکەن بەوەی ئێمە لەکاتێکدا باس لەتێکشکانی زمانی ستاندارد و تێکەڵ کردنی زمان دەکەین لەهەمان کاتدا خۆپارێزی لەزمانی بێگانە دەکەین). لەسەرەوە باسم لەوە کرد کە کورد خاوەنی زمانی ستاندارد و هێز نییە، هیچ زمانێکیشی داگیر نەکردووە, بۆیە پێڕەوی دەقاودەقی هەر بیرۆکەیەک بێت خۆگونجاندن لەگەڵیدا بەپێی هەلومەرجە بابەتی و ناوخۆییەکان کارەسات دروست دەکات، ئێمە پێشتر و بەر لەقۆناغی پۆست مۆدێرنە بەناچاری بەقۆناغی ئاوێتە کردنی زماندا تێپەڕ بووین و تووشی گرفتی بەرکار بوونی عەقڵی بووین، لەڕاستیدا درەنگ پێڕاگەیشتنی کورد بەهەستی نەتەوایەتی وایکردووە کورد بەتەواوەتی بکەوێتە ژێر هەژموونی زمان و بیر کردنەوەی (عەرەب و تورک و فارس)ەوە بۆیە لەمێژوودا ئەوە بەئاشکرا دیار دەکەوێت کە بەئاین سۆفییەکی تورک، بەزمان لەژێر کاریگەریی عەرەبدا و بەبیرکردنەوە لەژێر هەژموونی ئەفسانەی فارسدا بووە، لەهەموو ئەمانەشدا خەڵکی سادەو ساکار و نەخوێندەوار گوناهبار نین، هەر وەک چۆن بەلای سەر زمان، خەڵکی سادە و ناوەندە میللییەکان نین، بەڵکو ئەوە ئاغا و پیاوانی دەربار و کەسانی قەڵەم بەدەستن, ئیتر پیاوێکی ئاینی بێت یان فەلسەفە زانێک کە بەر لەزمانەکەی عەقڵی موغتەریب و نامۆ بووە نزار محمد سابیر لەکتێبی( ڕەخنەگرتن عەقڵی کورد)دا ئاماژەی بەوە کردووە کەچی جۆرە لەیەکتر پچڕانیک لەنێو ئەدەب و ڕایەڵە فکرییەکەی کورد خۆیدا هەیە. هاو وێنەی کورد ڕەنگە بەشێوازی دیکە لەلای گەلانی دراوسێی کورد

ببینینەوە، تورکەکان و فارسەکان و چەندین گەلی دیکەش هاوشێوەی کورد تووشی وشە و عەقڵی داسەپاوی بێگانەی عەرەب بوون، نەک هەر بەتەنها لەبەر هۆکاری ئاینی بەڵکو ئەو ڕۆشنبیرییە تازە داکەوتووەی لەسەردەمی عەباسییەکاندا گەیشتە ترۆپک و بەهەموو لایەکدا هەژموونی خۆی بەسەرگەلاندا بەخشییەوە، بەناچاری زۆرێک لەمیللەتانی نێو سنووری ئیسلامی خستە ژێر گوشاری زمانەوە. ئەوەی فارسەکان لەمێژوودا کردوویانە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە.

ئەزموونی فارسەکان لەگەڵ وشەدا بۆخۆی تایبەتمەندیی سەرسوڕهێنەری هەیە، ئەوان بەشێوەیەکی بەرچاو وشەی بێگانە بەتایبەتیش عەرەبی بەکار دەهێنن بەڵام بۆ خۆ پاراستن لەهێز و ئەو عەقڵەی لەپشت وشەکەوەیە مانایەکی نوێ و جیاواز بەوشەکە دەبەخشن و ئەو ڕایەڵەیەی کە دریدا باسی لێوە دەکات (لەپەیوەندی وشەیەک بەوشەیەکی نادیاری نێوان هەمان سیستەمی زمانەوانی) دەپچڕێنن، بەمەش فارسەکان هەم وشەکە وەردەگرن و هەمیش خۆیان لەداسەپاندنی عەقڵی واتایی بێگانە دەپارێزن، وشە بەشێوەیەک وەردەگرن، عەقڵی دەستەجەمعی فارس دروست بکات نەک بیکاتە شوێن کەوتەی زمان و عەقڵێکی دیاری کراو.

بابەتێک کە لیۆتار لەبارەی زمانەوە ئاماژەی پێداوە ئەوەیە (کاتێ بەربەستەکان لەزمانێکدا لەوپەڕی خێراییدا دەسووڕێنەوە، بارگەکان دەگەشێنەوە، زمانی بارگاوی بوو بەبێگانە ناتوانێ خۆی جیا بکاتەوە هەتا ئەو دەمەی خاو دەبێتەوە گەشانەوەکە بەرەو کزی دەچێت و جیاوازییەکانیش وەدیار دەکەون) هەربۆیە زمان لەنائاگاییدا بونیاد دەنرێت.

هەر ئەم نائاگاییە کوردییە لەقۆناغەکانی داگیر کاریی عەرەب و تورک و فارس بەجیا کاریگەرییان لەسەر زمانی کردووە وەک سووڕانەوەی ئەو بەربەستە لەبەرامبەر سووڕانەوی هێزێکدا کوێری کردووە و جیاوازییە زمانەوانییەکانی نەبینیوە، هەتا ئەوکاتەی دەوڵەتی نەتەویی لەلایەن ئیمپریالیزم و سیستەمی مۆدێرنیتە هاتۆتە کایەوە و پشتی خاوبوونەوە هێدی هێدی خاڵە جیاوازەکان وەدیار کەوتوون، شاعیران ڕۆڵی سەرکردایەتی کردنی خاو بوونەوەی ئەو تەوژمەیان لەزماندا بینیوە و مەلای جزیری لەدرەوشاوەترینی ئەو پێشەنگانە بوو.

بەپێچەوانەوە ئەم بەربەستە تیژ خولە نەیهێشتووە لێکچونە زمانەوانییەکان لەمیانەی دیالێکتەکاندا ببینرێن بۆیە سنووری پەیوەندییەکانیش لەیەکتر دوور دەکەونەوە، لەم ڕۆمانەدا بەلای کەمەوە هەوڵ دراوە سووڕانەوەی ئەو بەربەستە خاو بکرێتەوە هەتاوەکو لێکچوونەکان ڕوون بکرێنەوە و کرانەوەیەک بەسەر دیالێکتەکانی دیکەدا بەئەنجام بگات، نووسەر لەڕۆمانەکەدا بەشێوەیەکی تێکەڵ لەهەردوو کرمانجی سەرو و ناوەڕاست دێتە ئاخاوتن و دەڵێت:



حەمەسەعید زەنگەنە

– (...من وام دەزانیی! ئەوی کۆمەڵە شیعرێکی نووسی و هاتە چاپ و وەشاندن، بەو کۆمایە هۆزانەی دەوشن: «دیوان» کەچی ئەوی تێیگەیاندم: «ئەو تایتڵە وانییە و.....! نێونیشانەکەی بۆ ڕاست کردمەوە... ئەوی بەئالی منەوە، لەکوتەکانی ویدا، وێ دەمێ! شادیی بەخش و گرینگ بوون، ئەوە بوو! بێ سڵ کردنەوە و.. ئاشنایەتی و ناسین! ئەو ڕاز و نەپەنییە بڤەیەی پێکوتم و بەڵێنی دامێ لەنک خۆی دانەیەکم بۆ وەشێرێ...) ل٤٩.

تێکەڵ کردنی زاراوەکـــان و گاریگەریی ئـەم تێکەڵ کردنە لەسەر هزر و ئەندێشە و سیاسەت، سەرەتایەکی زۆر سادەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. ئەمە وایکردووە بەناچاری بەدوو ئاراستەی جیاوازدا (جارێک بەئاراستەی بونیادنانەوە و جارەکی دی بەتێکدانەوە)دا گوزرەر بکەین.

هێنانی هــەر وشـەیـەک لـەیـەکـێـک لەدیالێکتە جیاوازەکانەوە هەروا کارێکی بێ شوێنکەوتە و بەها نییە, کاتێ لیوتار باس لـەوە دەکـات (زمانیش وەک نەست یان نائاگاییە) دەکرێت لەمبارەیە زۆرترین نموونە باس بکەین و جەخت لـەوە بکەینەوە, هەر وشەیەکی نوێ وێناکردنێکە کە لەڕێگەی هۆشەوە وەردەگیرێت و عەقڵ کاری شیکردنەوەی بۆ دەکات و وێنەیەکی سیمبولی بۆ دروست دەکات لەڕێگەی بەراورد کردنی بەشتەکی دییەوە و لەناهۆشیدا دەیچەسپێنێت.

شارستانییەتی ڕۆژئـــاوا کاتێک فەلسەفە و ئاین دەناسێت, یۆنان بەشێکی زۆری لەوشەی ئامادە کراوی



کارل بوبر بۆچوونێکی هەیەو پێیوایە مرۆڤ لەنێو سێ جیهانی جیاوازدا و تەریب بەیەك ژیان دەگوزەرێنێت: (جیهانێکی عەقڵی) پەیوەستە بەئەزموونەوە، (جیهانێکی فیزیاوی) کە جیهانی دیاردە مادی و سروشتییەکانە، (جیهانێکی ڕۆشنبیری) ئەوەی کە لەکتێب و ماریفەتەکاندا دەستی دەکەوێت .

دەخاتە بەردەست و هێندە زەحمەتی لەگواستنەوەی ئەو وشانەدا بۆ نێو زمانی خۆی نابینێت, چون لەبنەڕەتدا ئامادەکارییەک هەیە بۆ وەرگرتنی ئەو وشانە. ئەوان تەواو لەوە تێگەیشتوون بەهیچ شێوەیەک ناتوانن وشەگەلێک بهێننە ئاراوە هەمان هێز و توانای دەربڕینی هەبێت، بۆیە زمانی یۆنانی هەمیشە وەک ئەو گەنجینەیە دەبینن، هەر کاتێک ویستیان دەستی بۆ درێژ دەکەن لەبەرامبەریشدا ئەمە هۆکار بوو بۆئەوەی نەتوانن لەژێر هەژموونی فکر و بیری یۆناندا قوتار بن. بەڵام عەرەبەکان لەهێنانی وشە و دۆزینەوە و دروست کردندا، بەقەد ئەوە دەسەڵاتی زمانیان هەبوو وشەی فەلسەفی ئەوتۆ بەرهەم بهێنن زۆربەی کاتەکان هەمان هێزی وشە بێگانەکەی هەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی عەقڵی ڕۆژهەڵاتیش کەرەستە ئاینییەکانی خۆی لەهەردوو شارستانییەتی میسر و نێوان دووزێدا بەئامادە کراوی هێنابووە بەردەمی، دیارە «دوای ئەوەی قۆناغێکی دوور و درێژی بڕیوە, دواجار لەزمانی ئاینی عەرەبی ئیسلامیدا سەنگی گرتووە».

بۆ کوردێک کە هێشتا زمانی ئەدەبی پەرش و بڵاوە, نەخاسمە ئەم وشە فەلسەفییانە و تەنانەت بەشێک لەوشە ئاینییەکانیش, سەرەڕای ئەوەی بەپرۆسیسی بەرکەوتنی هەستەکییەکانیدا گوزەریان کردووە بەڵام نەیتوانیوە شی کردنەوەی کوردانەیان بۆ بکات، بۆیە هەمیشە وەک دەفرێکی بەتاڵ ماوەتەوە و هەر داگیرکەرێک هاتووە لەجیاتی خۆی بیری بۆ کردۆتەوەو مێشک و عەقڵی بەو شێوەی ویستویەتی زاخ داوە. کاتێ من باس لەزمانی فەلسەفە و هونەر دەکەم هەرگیز خواستی ستاندارد بوون ناخوازم، پێموانییە هەلومەرجی هەنووکەیی کورد و لەمیانەی ئەم دابەش بوونە ناوخۆی و ئیقلیمییەدا لەبار بێت بۆ وەها پرۆسەیەک، شکست خواردنی چەندین هەوڵ بۆ بەرهەمدار کردنی ئەو ئامانجە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام وەک ئەوەی حەمە سەعید لەم ڕۆمانەدا پێشکەشی دەکات دەکرێت تێگەیشتنی گشتی لەسەر بنزارەکان ئاوا بکەین, ئەمەش بۆ سەردەمی پۆست مۆدێرنەی کورد پێموایە زۆر گونجاوە.

کارل بوبر لەم بارەوە بۆچوونێکی هەیەو پێیوایە مرۆڤ لەنێو سێ جیهانی جیاوازدا و تەریب بەیەک ژیان دەگوزەرێنێت: (جیهانێکی عەقڵی) پەیوەستە بەئەزموونەوە، (جیهانێکی فیزیاوی) کە جیهانی دیاردە مادی و سروشتییەکانە، (جیهانێکی ڕۆشنبیری) ئەوەی کە لەکتێب و ماریفەتەکاندا دەستی دەکەوێت.

با بپرسم ئایا مرۆڤی دروست لەنێو ئەم سێ جیهانەدا هەیە؟ یان بڵێین مرۆڤ بۆ خۆی شوێنی لەکوێدایە لەنێو ئەم سێ جیهانەدا؟ ئەگەر بەشێک بێت لێی ئەوە بێگومان ناتوانێ شرۆڤەی خۆی بکات چونکە خۆی نابینێت تەنانەت ئاژەڵەکانیش هەم ئەزموون دەکەن و هەمیش لەسروشتدا هەن! ئەگەریش لەدەرەوەی بێت ئەوە تەنها لەڕێگەی هەست و هۆشەوە دەتوانێت جیهان بۆ عەقڵی بگوازێتەوە، لەڕێگەی زمانیشەوە گوزارشت لەو عەقڵە بکات, بۆیە



حەمەسەعید زەنگەنە

بەرکەوتنی هەر وشەیەکی نوێ وەک بەرکەوتنی مرۆڤ وایە لەگەڵ یەکێک لەو سێ جیهانە و کۆمەڵێک گۆڕانکاریی دەروونی و عەقڵی تیایدا دەخوڵقێت، وشەگەلی چەشنی (ئایل، ئەرخەیان، پێواز، تامان، خوسپ، دەوس) و دەیان وشەی دیکەی نێو ڕۆمانەکە تەنێ بەرکەوتنێکی سادە و ڕاگوزەر نییە بۆ کەسێک لەڕێگەی هەستەکانەوە هۆشمەندانە وشەکان وەردەگرێت و لەعەقڵیدا دەچەسپێت، بەدڵنیاییەوە کاریگەریی لەسەر جۆری بیر کردنەوە و ڕەفتارەکانیشیدا دەبێت لەئاستی تاکدا، بەڵام بۆ دوور مەودا گۆڕینی زمان یان تێکشاندنی زمانێک لەنێو خۆیدا و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کاریگەریی لەسەر داهاتووی کۆمەڵگاکە دەبێت.

ئەدەبی حەمە سعید زەنگنە بەگشتی و (خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک) بەتایبەت لەیەک کاتدا هەم بونیادنەرە و هەمیش ڕووخێنەر, بەو مانایەی دژی ئەوە دەوەستێتەوە دیالێکتێک یان بنزارێکی ناوچەیی کۆی ئەوانی دیکە فەرامۆش بکات و خۆی لەسەر تەختی سەروەری جێگە بگرێت وەک لەزۆربەی زمانەکانی دونیادا ئەمە کراوە، بونیادنەرە چون دەیەوێت جۆرەکی دیکەی تێڕوانین بۆ زار و بنزارە جیاوازەکان بێنێتە ئاراوە، هەموو بەشداربن لەدروست کردنی زماندا و کاریگەری لەسەر هزر جێ بهێڵن و عەقڵی یەکگرتوو دروست بکەن، ئەمەش دەقاودەق هاوشێوەی ئەو بۆچوونەی لیوتارە کە دەڵێت پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پەیوەندیی زمانە بەڵام بەیەک تاڵە دەزوویەک پێکەوە نەبەستراون، زۆر بەسادەیی چنراوێکە لەیەکتر بڕینی دوو شێوە (بەلای کەمەوە) دروست بووە.

بەلای نووسەری ئەم ڕۆمانەوە زەین و عەقڵی هەر کۆمەڵگایەک بەر لەهەر تشتێک دەبێ لەوشەوە دەست پێبکات بۆ بەدیهێنانی هەر عەقڵێک کە بارتەقا و هاوسەنگ بێت لەگەڵ ڕەوتی پێشەوەچوونی کۆمەڵگا زەوینییەکان، هێندە بەسە دەستەواژەی ئەوتۆ بەرهەم بهێنرێت کاریگەریی بەسەر عەقڵەوە جێ بهێڵێت. هەر لەبەرئەوەشە لەتەواوی ڕۆمانەکەیدا ڕووداوی مەزن و چیرۆک و پاڵەوانی سەرسوڕهێنەر بەدی ناکرێن، لێ دەستەواژە و واژەی نوێ دێنەو ناو ڕۆمانەکە و سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیاندا کێش دەکەن، تەواوی ئەوانەی ڕۆمانەکەشیان خوێندۆتەوە جەخت لەسەر ئەم لایەنە دەکەنەوە، ڕەنگە ئەم جۆرە نووسینە بابەتێکی هێندە پەرچوو ئامێزیش نەبێت. لێ وەختێک کاریگەری وشە لەسەر عەقڵی خوێنەر دەپشکنین تووشی سەرسوڕمان دەبین.

عەرەبەکان بەر لەئیسلام تەنێ زمانی شیعریان هەبوو, دەستەواژەی نێو شیعرەکانیان هەمیشە ئەو ڕۆڵەی دەبینی کە شمشێر لەکاتی جەنگدا دەیبنێ، کاتێ ئاینی ئیسلام دێت جەنگی زمان لەناوخۆوە دەست پێدەکات, بەو هەنجەتەی چوار چێوە فکرییەکەی عەرەب لەڕێگەی وشە سازییەوە بگۆڕێت، ئاراستەی شمشێرەکان لەناوخۆوە ڕووە و دەرەوە بکات. سەرەتا بەگۆڕینەوەی زمانی شیعریی بەزمانی پەخشان دەستی پێکرد, پاشان قۆناغ

به قۆناغ هەندێک وشەی لەفەرهەنگی زماندا سڕییەوە و هەندێ وشەی نوێی هێنایە ئاراوە بەمەرجێک خزمەت بەو ئایدیۆلۆژیایە بکات کە ئیسلام لەپێناویدا هاتووە. لەم ڕووەوە وشەیەکی عەرەبی بەنموونە دەهێنمەوە، وشەی (الظهار) لەسەردەمی بەر لەئیسلامدا وشەیەکی باو بووە, بەو مانایە دێت (تۆ بۆ من وەک پشتی دایکم وایت) ئەمە کاتێک دەوترا کە کەسێک سوێندی خواردبا لەگەڵ ژنێکدا نەنوێت, بەڵام بە لەناوچوونی وشەکە کاریگەرییەکەشی نەما.

وەختێک وشە لەبیری خەڵک دەچێتەوە کارەکەش بوونی نامێنێ, ئەمە بۆ وەستانەوەی مەسیحییەکانیش دژ بەجوولەکە لەسەرەتای هاتنی ئاینی خرستیاندا دروستە، یەهوودییەکان پێیانوابوو هەموو کارەساتێک کە بەسەریان دێت ئەنجامی لەڕێلادان و گوناهێکە ئەو میللەتە بەرامبەر بەخودا دەیکەن و یاخی دەبن, کەچی مەسیح بە لەخاچدانی کۆی گوناهەکانی خستە ئەستۆی خۆی و بوو بەقوربانی, بەمەش بیرۆکەی توندوتیژی خواوەندی دژ بەمرۆڤایەتی هەر هیچ نەبێت کەمی کردووە. لەهەموو ئەم کردارانەی سەرەوە ئەوەندە بەس بووە چوار چێوە فکرییەکەی کۆمەڵگا بگۆڕن، هەمیشە هێزی وشە و نمایش کردن لەڕێگەی وشەوە ڕۆڵی بەرچاوی لەدروست کردنی عەقڵدا گێڕاوە. کەوایە تێکشانی میللەتێکی وەک جوولەکە لەئەنجامی غەزەبی خودا و تۆڵەسەندنەوەی خودایە لەلاملی و دەرچوونی ئەو میللەتەیە لەفرمایشتەکانی خودا، بەڵام هەرەس و تێکشکانی مەسیحییەک دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری بابەتین کە هەرگیز پەیوەست بەگوناهـ و تەنانەت بەخوداشەوە نییە.

زمان هەر بەتەنێ عەقڵیش نییە, بەڵکو دەرئەنجام و کۆی هەموو ئەو ئەزموونانەیە میللەتێک بەدرێژایی بوونی لەنێو مێژوودا بەرهەمی هێناون، لەناوچوونی هەر زمانێکیش تەنێ پەیوەست بەپاکتاو کردنی ڕەگەز و توخمێکی دیاری کراو یان کۆمەڵە خەڵکێکەوە نییە, دەیان نموونە لەمێژوودا هەن ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، ئەوەی پەیوەستە بەئێمەوە دەسەڵاتی ساسانییەکان و زمانەکەیانە، (پالەوی) جا فارس بووبن یان کورد یان بنەچەی زمانێکی هاوبەش بووبێت, بەلەناوچوونی زمانەکەیان شارستانییەتەکەشیان دۆڕاند. بۆیە ئەمڕۆ تاکێک دەبینین کە تەواو تێکشکاوە بەدووی ڕابردووی خۆیدا وێڵە و دەرەچەیەک نادۆزێتەوە، نازانێت بەخواستی خۆی یان بەشمشێر ئەم ئاینە کە ئیسلامە بەسەریدا سەپێندراوە. کاتێک ئەزموونی زمان لەدەست دەدات کەسایەتیی خۆشی دەدۆڕێنێت سەرگەردان بەدوای ڕابردووی خۆیدا دەگەڕێت وەلێ نایدۆزێتەوە.. لاکان لەڕوانگەی دەروونزانییەوە شرۆڤە بۆ زمان دەکات و دەڵێت (زمان زۆر لەوە قووڵترە کە بیری لێدەکرێتەوە, ئەوەشی کە پێمانوایە خاوەن زمانین تەنها خەیاڵێکە)).

بەو پێیەش زمان یان دەرهاویشتەی ئەو ڕووداوانەیە کە لەدەرەوەی مرۆڤ ڕوو دەدەن و دواتر مرۆڤ ناوێکی بۆ



حەمەسەعید زەنگەنە

دەدۆزێتەوە, بەمەش دەوترێت بوونی سروشتی لەدەرەوەی مرۆڤ (ئـەوە کاتێک ڕوو دەدات کە بـوون پێش مرۆڤ دەکەوێت) یانیش هەستێکی ناوەکییە، یان دەرئەنجامی دژێک دێتە بوون، بەشێکی دیکەی زمان ئەو وشە بێگانانەن بەشێوەیەک لەشێوەکان دەگـوازرێـنـەوە و پێویستە بەئاگاییەوە مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت. هەتا ئێرە هێندەی بۆم کراوە هەوڵی ڕوون کردنەوەی ڕۆڵی وشەم لەنێو زمان و کاریگەرییەکانی بەسەر عەقڵەوە داوە، ئەگەر دووبارە بگەڕێمەوە سەر هەمان بابەتی پێشووتر دەبێ بڵێم:

بۆ ئێمەی کورد هێندە ئاسان نییە دەقاودەق پێڕەوی سیستەمی پۆست مۆدێرنەی تایبەت بەزمان بکەین، ئەمە نەک هەر خزمەت بەبوونی ئێمە وەک نەتەوە ناکات, بەڵکو بیانوویەکی باشیشە هەتا لەو ڕێگەیەوە زمان لەدەست بدەین. لەشیکردنەوەی زمـان لای پۆست مۆدێرنەکان وتراوە:

– ((تێکەڵ کردنی زیاتر لەزمانێک یان چەند زمانێک یان گواستنەوە لە ئەدەبی (نموونەی باڵاوە) بۆ ئەدەبی (خود) و ڕەت کردنەوەی ئەو هۆکارانەی دەبنە ڕێگر لەتێکەڵ بوونی ڕۆشنبیریە جیاواز و زمانە جیاوازەکان و بەرجەستە کردنی لەڕێگەی بەکار هێنانەوە، لەتایبەت مەندییەکانی ڕێبازی پۆست مۆدێرنەیە لەسەرجەم بوارە فەلسەفی و زانستی و ئەدەبی و تەنانەت بەئەندازیاریشەوە)).

ئەم میتۆدەی حەمە سەعید لەڕۆمانەکەیدا پێڕەوی کردووە ڕەفزی ئەو بۆچوونە ناکاتەوە، لەڕوانگەی ئەوەی هیچ زاروەیـەک لەنێو زاراوەکانی کوردیدا باڵاتر نییە لەوەی دیکە و دەکرێت هەموویان بەهەمان گوڕوتینەوە لەگەشە پێدانی زماندا یارمەتیدەر بن. حەمە سەعید وەختێک بەزمانی یەکێک لەکارەکتەرەکانی دەدوێت, هێندە بەڵەد و لێزانانە بنزارەکان ئاوێتەی ئێکدی دەکات, هەرگیز هەست بەهیچ گرێوگۆڵێک لەمیانەی زاراوە و ڕیتم و بونیاد و ستاتیکای وشەدا ناکەین:

– «مەندی»ی هاتە بەرەوە، شاد و شەنگوڵ، ئارامی و ئاسوودەیی لەچاوەیلی دەڕژان... لەتۆنی دەنگ و ڕیتمی قسەیلیشیدا سووسەی هەدا و تەبت و ڕەحەتیت دەکرد. بەهەردوو دەستی و لەژێر باڵیرا.. کەوانێکی چێ کرد و.. بڵێندی کردنەوە و فەرمووی لێ کردین.... ل١٢٠.

لەم ڕۆمانەدا نووسەر نایەوێت زمانێک بەزمانێکی دیکە یان وشەیەکی خۆماڵی لەجێگەی وشەیەکی بێگانە بەکار بهێنێت, بەڵکو ئەمە دابەزاندنی ئەدەبە بۆ خود خوێندنەوە, لەکاتێکدا بەشی هەرە زۆری ئەدیبانی مۆدێرنە بەدوای کارەکتەری باڵا و زمانی ئەدەبی باڵادا دەگەڕێن. ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرنە و ئەوەی لەم ڕۆمانەشدا هەیە گەڕانەوەیە بۆ نێو حیکایەتی مرۆڤە سادەکان و لەڕێگەی تێکەڵ کردنی زمانی کۆمەڵایەتی و زارە جیاوازەکانەوە، ئەم پەرەگرافە کورتانەی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەتوێی ڕۆمانەکەدا خستوومنەتە بەرچاو سەلمێنەری وتەکانی سەرەوەن:

– جا لەوەی دەچـوو, فرەی سەرما بێت... هەردوو دەستێن خۆ دە بەرکێن قەمسەڵەیدا ئاخنی بوون ل٩.



- ((تێکەڵ کردنی زیاتر لەزمانێك یان چەند زمانێك یان گواستنەوە لە ئەدەبی (نموونەی باڵاوە) بۆ ئەدەبی (خود) و ڕەت کردنەوەی ئەو هۆکارانەی دەبنە ڕێگر لەتێکەڵ بوونی ڕۆشنبیریە جیاواز و زمانە جیاروازەکان و بەرجەستە کردنی لەڕێگەی بەکار هێنانەوە، لەتایبەت مەندییەکانی ڕێبازی پۆست مۆدێرنیە لەسەرجەم بوارە فەلسەفی و زانستی و ئەدەبی و تەنانەت بەئەندازیاریشەوە)) .

– ئاوم لەسەر ئاوری نایە، جلکی خاوێنم لەتاقەکەیدا دانایە! هەڕوو خۆت وەشوو، دا هیلاکیت بڕەوێتەوە و... ل١٨.

– یانی چتۆیی؟ ئاخاوت ل٧٠.

– ڕۆژێک زۆر بێ تووک و جاڕز و شەکەت بووم ل١٤٠.

لەئەدەبی پۆست مۆدێرنەدا بەلای جیاوازییەکاندا لەسەر حیسابی ناسنامە لاکردنەوە هەیە، واتا تیشک خستنە سەر پەراوێز خراوەکان و وەلانانی ناوەندێتی، هەروەها ڕووکەش بوون لەجیاتی قووڵایی.

دیارە نووسەری ڕۆمانەکەش ئەمەی بەدیدە گرتووە و لەئاست و پێگە و جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگاکە تێگەیشتووە, ئەوجا بەپێی هەڵکەوتەی شوێن و ناوەندێتیی دیالێکتەکە هەوڵەکانی چڕ کردۆتەوە. جێی خۆیەتی ئەوە بیر بهێنمەوە پشتی هاتنی ئیسلام و ئەو قۆناغە متبوونەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کورد پێیدا تێپەڕیوە, یەکەم دەق لەلوڕستانەوە و لەسەر دەستی عوریانی سەر هەڵدەدات و پاشان ئەدەبیاتی گۆران بەدویدا دێت و باز بەسەر ناوچەی ناوەندا دەدات, تاکوو لەباکوور و لەسەردەستی مەلای جزیری بەتەواوەتی بەرجەستە دەبێت. هەتا ئەو دەمەش ئێمە تەنێ خودان دوو ئەدەبیات بووین کە بریتی بوون لەئەدەبیاتی گۆران و ئەدەبیاتی کرمانج. بەچەند سەد ساڵێکیش دوای ئەوە دەقی کرمانجی ناوەڕاست یان ئەوەی بەهەڵە پێی دەوترێت (سۆرانی) وەدیار دەکەوێت, لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەمڕۆی کوردستان ئەم ئەدەبیاتە



حەمەسەعید زەنگەنە

بەهۆی تایبەتمەندی شوێنەکەیەوە دەتوانێت ڕۆڵی بەرچاو لەوەرگرتنی وشە لەهەموو بنزارەکانی دیکەوە بگێرێت و شێوە تێگەیشتنێکی گشتگیر دروست بکات, بەبێ ئەوەی هیچکام لەشێوەزارەکانی دیکە خەفە بکات یان هەوڵی سڕینەوەیان بدات. پێشتریش ئەوە تاقی کراوەتەوە کە هیچکام لەدیالێکتەکان ناتوانن کۆنترۆڵی تەواوی بنزارەکانی دیکە بکەن, ئەگەرچی سەردەمانێک خودان ئەدبیات و باڵا دەستی سیاسیش بوون. نووسەر لێرەدا هەوڵی سڕینەوەی ناسنامە نادات, بەڵکو زەقی دەکاتەوە و ناوەندێتی (وەک شوێن و لەهجە) ناڕووخێنێت, بەڵکو هەوڵی بەهێز کردنی دەدات و دەیەوێت پانتاییەکەی فراوان بکات (دواتر دێمە سەر باس کردنی)، ڕووکەشانەش ناچێتە ناو بابەتی زمانەوە, بەڵکو زۆر بەقووڵی کاری لەسەر دەکات بۆ ئەوەی مەودای هزری چیرۆکەکە و هەموو ئەو کارەکتەرانەی لەدەوری ڕۆمانەکەن فراوان بکات، تەنیشت و لایەکان ڕادەکێشێتەوە بۆ ناوەند تاوەکو لەبازنەیەکی دیاری کراودا لەناوەڕاستەوە دووبارە خوڵقاندن دروست بکات و دواتر بیبەخشێنێتەوە، سادە و سانا بابەتەکان نمایش دەکات تاوەکو قووڵایی بەرهەم بهێنێ, ئەمە تایبەتمەندی زمانی کوردییە و جا نازانم بۆ زمانەکانی دیکە هەمان وتە دروستە یاخود نەخێر.

– (بووکێ دەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێت) ل٩٠ .

– دەگەڵ تڕی خۆیدا بە شەڕ هاتووە ل٨٧.

ئەمانە بەشێکی بچووکن لەو ئیدیۆمانەی نووسەر لەڕۆمانەکەیدا بەکاری بردوون, سەرەڕای ئەوەی ئەدەبی جەماوەریشن. بێگومان ئەوەی کە بۆ ئەم باسەی ئێمەش گرنگە ماناکەیەتی نەک قاوغی وشەکە, چون لەکۆمەڵەی زمانە ئارییەکاندا مانای وشە دەگۆڕێت. ئەم ڕستانە لەناوەڕۆکدا مانا بەخشن نەک لەگۆکردندا, ئەم تایبەتمەندییە زمانەوانییە یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی هەمیشە گۆکردن (لفظ) بەسەر مانادا زاڵ نەبێت, کەوایە تایبەتمەندیی ئەم زمانە بایی ئەوە بواری داوە هەمیشە لەقاوغێکی لەفزیی دیاری کراودا مانای نوێ بۆ دیاردە و کردار و بوونەکان دابنێت, ئەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی بەردەوام گەشەی زمان هەبێت و لەشوێنێکدا چەق نەبەستێت و نەمرێت, بەپێچەوانەی زمانی عەرەبییەوە کە سوڵتەی لەفز زاڵە بەسەر ماناد‌ا. مادامێکی ئێمە باس لەدەسەڵاتی گۆکردن و مانا دەکەین دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت زمان تەنێ پەیوەست بەدەسەڵاتی گۆکردن و ماناوە نییە, لەپاڵ ئەمانەشدا کۆمەڵە فاکتەرێکی دیکە هەن کە یارمەتی زمان ئەدەن و لەم ڕۆمانەدا محمد سەعید زەنگنە کاری لەسەر کردوون ئەوانەیش:

### پانتایی زمان:

نووسەر لەڕێگەی چوونە نێو دیالێکتە جیاوازەکان و بەکار هێنانیان لەڕۆمانەکەدا هەوڵی داوە زۆرترین پانتایی دروست بکات. لەمبارەیەوە بۆ ئاماژەدان بەخاڵی پانتایی زمان و ئەو کاریگەرییانەی لەکاتێکی دیاری

کراودا بەرهەمی دەهێنێت، ناچارم هەمیشە بگەڕێمەوە بۆ مێژوو لەچوارچێوەیەکی مێژوویی سنورداردا ئەزموونەکان بخەمەوە بەرباس و ئەم بابەتە لەگەڵ هاتنی ئیسلام و بڵاو بوونەوەی ئەو ئاینە و هەژموونی زمان بەسەر هەموو ئەو گەلانەی چوونە نێو ئەو ئاینەوە زەق دەبێتەوە، ئەوە ئاشکرا دەکات پانتایی زمان دەتوانێ چ ڕۆلێک لەدروست کردنی عەقڵ و کارا کردنی دەسەڵاتی خۆ سەپێن لەهەمان ئەو پانتاییەدا ببینێت، پێکدادانی هەردوو شارستانییەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەشەڕی خاچ هەڵگرەکاندا نموونەی هەوڵدانە بۆ زاڵ کردنی عەقڵ نەک دەسەڵات. ئێمە پێشتر ئەزموونی چەندین دەسەڵاتی مەزنمان لەرێی مێژووەوە لەبەردەستە کە هیچ کامیان هەوڵی داسەپاندنی زمانیان نەداوە, بەڵام بۆ شەڕی خاچ هەڵگر و دەسەڵاتی ئیسلامی بابەتەکە تەواو جیاوازە, چونکە هەڵگری عەقڵی زمانی گشتگیر و پیرۆزن کە لەپێشەوە باسمان لەسەر کرد. تەنانەت ڕێگەگرتن لەوەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانەکانی دیکە مەبەست لێی هێشتنەوەی هەژموونی زمانە لەناوچە و پانتاییەکی بەر فراواندا, سەرەڕای ئەوەی وەک دەسەڵاتی سیاسی پاشەکشەش دەکەن، بەپێچەوانەوە دەیان هۆز و دەسەڵات کە پانتایی فەرمانڕەواییان جوگرافیایەکی مەزنی داپۆشیوە لەگەڵ لەنێوچوونی زمانەکەیاندا بەتەواوەتی لەمێژوودا دەسڕدرێنەوە, لەبەرئەوەی هەم دەسەڵات و هەمیش زمان و پانتاییەکەی لەدەست دەدەن و بیر و عەقڵەکەشیان کۆتایی پێدێت. دیارە لەنێو ئەم گرووپانەدا کۆمەڵێکی تر هەیە لەناوەڕاستدا (وەک کلدانییەکان و سریانییەکان) کە هەم زمانیان ماوە و هەمیش بونیادی جەستەیی بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا لەپانتاییدا نەماون کاریگەریشیان کەم بۆتەوە یان هەر نەماوە. ئەوەی نووسەر لەم ڕۆمانەدا کاری لەسەر کردووە فراوان کردنی ئەو پانتاییەیە کە زمان دەیهێنێتە کایەوە و عەقڵ و هزر لەو پانتاییەدا داگیر دەکات.

**پێکهاتەی زمان:**

لەبارەی زمانەوە چۆمسکی پێی وایە زمان لەسێ پێکهاتەی سەرەکی دروست دەبێت کە بریتین لە(لێکدان) (واتە وێنە ڕووتەکەی وشە)، پێکهاتە (فونۆلۆجی) (واتە ئاوای دەربڕین یان ڕیتمی گۆکردن)، هەروەها (ئەو گوزارشت و مانایەی لەتوێی ڕستەکەدا بەرهەمی دەهێنێت).

کاتێک ئێمە باس لەزمان لەلای حەمە سەعید دەکەین دەبێت زۆر بەوریاییەوە ئەم سێ ڕەهەندە لەبەرچاو بگرین بۆئەوەی نەکەوینە هەڵەوە, لەداهاتووشدا هەر هەوڵێک بۆ گەشەپێدانی زمان دەبێت ئەم یاسایە لەبەرچاو بگیرێت. ئێمە لەکاتێکدا باس لەیەک زمان و ڕێزمانی گۆکردن دەکەین هیچ گرفتێک لەبەکار هێنانی دیالێکتە جیاوازەکاندا بوونی نابێت, بەڵام ڕەنگە هەندێک جار فۆنۆلۆجی بۆ ئێمەی کورد گرفت دروست بکات کە هۆکارەکەی ئەو دابڕانە زۆرەیە لەمیانەی ناوچەکاندا، خەریکە بەسەر چەند ڕەهەندێکی جیاوازدا بەشی دەکات و بەهۆی دەست



حەمەسەعید زەنگەنە

تیۆەردانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە بەتایبەت ئێران خەریکە ئەو جیاوازییە فۆنۆلۆجیانە دەکاتە بابەت بۆئەوەی لەو ڕێگەیەوە کورد زیاتر پارچە بکات. خۆش بەختانە لەهەمبەر هەر بابەتێک بۆ لەناوبردنی زمانێکی دیار کراو یان پارچەکردن و تەنگ پێهەڵچنین و تەسک کردنەوەی پانتایی ئاخاوتن دەیان هۆکاریش هەن بۆ مانەوە و پێشکەوتنی زمان، گرنگی ئەم ڕۆمانە لەڕووی زمانەوە تەنێ پەیوەست بەوە نییە کە توانیویە کۆمەڵێک دیالێکت بخاتە تویێ ڕۆمانەکەوە، بەڵکو ڕیتمی وشە و بەکارهێنانی لەنێو ڕستەدا هۆکارن بۆ ئاشنا کردن و ئاشت بوونەوەی وشەکان لەتەک یەکتردا، بەدەر لەتەرکیب کە هەموو زمانێک خاوەنیەتی.

بابەتێکی دیکە کە دەمەوێت ڕاگوزەرانە ئاماژەی پێبدەم ستاتیکای زمانە, ئەمە بابەتێکی تەواو جیاوازە، ڕوونتر دەتوانین بڵێین هەموو زمانێک خاوەن جۆرێک لەلێکدانی وشەیە، بەڵام هەموو زمانێک خودان ستاتیکا نییە، ئەو زمانانەش لەڕووی ستاتیکاوە تایبەتمەندییان هەیە هەمیشە دیار و ناسراون، بۆیە گەڕان و بنکۆڵ کردنی نووسەر لەمیانەی زاراوەکاندا لەهەمان کاتدا هەوڵێکە بۆ جوانتر کردنی زمان تاوەکو زۆرترین کاریگەری لەسەر هزری خوێنەر جێبهێڵێت. نووسەر لەجێیەکدا بەم شێوەیە دەدوێت:

– (پەردەی پەنجەرەی وەتاغ لادا... بڕێکم لەسروشتی ڕازاوەی ئەفسووناویی شارەکە نۆڕیی. هەر تاوەر و گومەز و تەلاری گەورە و بەرز بوون.. بەکەڤاڵی بریقوباق خەمڵی بوون و.. بە گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگەوە.. بەئاسمانی شارەکەیڕا چوو بوون.. تەمێکی کاڵی شیرین شاری لەهامێز نابوو..) ل٤٠.

بەلای هەندێک لەشرۆڤەکار و ڕەخنەگرانی نوێوە ئەمە فەزایەکی نوێیە لەئەنجامی تێکەڵ کردنی زیاتر لەزمانێک دێتە ئاراوە, هەر ئەم بۆچوونە لەنێو دەقی ڕۆمانی خۆڵەمێشی تەرمی کتێ□بێکدا دووبارە دەبێتەوە, بەڵام ئەم ئاوێتە کردنە هەر وەک پێشتریش باسم لێوەکرد بۆ دوو زمانی جیاواز نییە, بەڵکو لێک مارە کردنەوەی دەربڕینە جیاوازەکانە بۆئەوەی وێنەیەکی جوانتر و کەشێکی فراوانتر لەوەی هەیە بەدەستەوە بدەن، ئەمەش بەتەنها گریمانەیەک یا تیۆرێک نییە لەئەنجامی قوڵبوونەوە هاتبێتە ئاراوە, بەڵکو باشترین دەقەکان ئەوانەن کە خودان ستاتیکای زمانن و دەتوانن بەشێوەیەک کە خوێنەر لەخۆ ڕازی بکەن خۆ نیشان بدەن و ئارایشتی خۆ بکەن.

**ئەنجام :**

ئێمە لەنێو پرۆسەیەکی یەکجار ئاڵۆزی زماندا ژیان دەکەین, ئەم تایبەتمەندییە ناوازەیەی کە تەنێ مرۆڤ خاوەندارێتی دەکات کاریگەریی لەسەر ڕەوشت و عەقڵ و تەنانەت لایەنی بایۆلۆجیی مرۆڤیش هەیە کە بەبۆچوونی هەندێک لەبیرمەند و فەیلەسووفان پرۆسەیەکی تەواو ناوەکییە. ئەو گریمانە و تیڕوانینانەی بۆ ژیان هەمانە لەنێو زماندا ڕەنگ دەداتەوە, چونکە زمان بەخۆی وەک هەر

کەرەستەیەکی دیکە دێتە دروست کردن، کاتێکیش کە وشەیەک لەنێو زماندا لەنووسەرەوە یان لەدەقێکی دیاریکراودا دەگوازرێتەوە هەموو ئەو بونیادە خودیانەی کە نووسەر خاوەنێتی لەگەڵ وشەکەدا دەگوازرێنەوە. بۆیە ئێمە لەسیاقی دەقدا دەتوانین لەنووسەر تێبگەین و ئەزموونی کەسەکە و تێڕوانینەکانی بۆ زمان ڕوون بکەینەوە, هەر ئەم بۆچوونەشە وا لەدریدا دەکات بڵێت: (ئێمە لەنێو دەق و ئەو تێڕوانینانەی بۆ دەق هەمانە دەژین). بۆئەوەی بەباشترین شێوە زمان لەدەقدا جێبکەینەوە پێویستیمان بەستاتیکا و خۆ ڕازاندنەوە هەیە, هەر بۆیە شیعر و ئەدەب وەک دوو ئارایشتگای زمان دێن و جوانکاریی بەزمان دەبەخشن و ئەم ستاتیکایە لەیەککاتدا شەپۆلی دەنگ و عەقڵیش دەگوازێتەوە، بۆیە بەش بەحاڵی خۆم پێموایە ئەوەی لەم ڕۆمانەدا حەمە سەعید ئەنجامی داوە کارێکی فرە ڕەهەندە و لەگەڵ دەقدا گونجاندویەتی و هەوڵی داوە بۆ خوێنەری بگوازێتەوە، لەهەمان کاتدا دەکرێت وەک پرۆسەیەکی زمان تەماشا بکرێت کە هێشتا نەچۆتە نێو قاڵبی یاساییەوە, بەڵام لەڕووی لۆجیکی زمانەوە تەواو و بێکەم و کورتییە. چون زمان بەدەر لەبوونە ڕێزمانییەکەی بوونێکی لۆجیکیشی هەیە، ئەم بوونە لۆجیکییە بۆ خۆی پابەندی ڕێزمان نییە, بەڵام بنەمایە بۆ ڕێزمان و هۆکارە بۆ دروست بوونیشی. ماوەتەوە بڵێم دەکرێت ئەم پرۆسەیە بەهەند وەربگیرێت و کاری لەسەر بکرێت, دەشکرێت وەک هەر پرۆسەیەکی پێشنیار کراوی دیکە پشتگوێ بخرێت و وەک بابەتێک لەکەلەپووری نەتەوایەتیدا بمێنێتەوە.

## سەرچاوەکان:

کتێبەکان:-
- میهرداد ئێزدی/ چەردە باسێک لەبارەی کوردانەوە/ و: ئەمین شوان/ کوردستان - سلێمانی ٢٠٠٧.
- نزار محەمەد سابیر/ ڕەخنەگرتن لەعەقڵی کورد/ کتێبی دووەم/ دەستنووس.
- جون سيرل/ العقل واللغة والمجتمع ت: سمير الغانمي: الدار العربية للعلوم/ منشورات الاختلاف.
- كرستوفر باتلر/ مقدمة قصيرة عن (ما بعد الحداثة) ت: نفين عبدالرؤوف/ مؤسسة الهنداوي ٢٠١٦.
- فرانسوا ليوتار/ نحو فلسفة ما بعد الحداثة/ تأليف: جيمس وليامز ت: أيمان عبدالعزيز - القاهرة ٢٠٠٣.
- فلسفة اللغة عند نعوم تشومسكى / ت: هناء صبري/ المكتبة العربية للمعارف/ ط١/ ٢٠١٥.
- المجلات والمواقع:
- انخيل دانيال ماتوس/ ماهو أدب ما بعد الحداثة/ ت: صالح رزوق/ مجلة الثقافة.
- ابراهيم الحيدري/ النقد الحواري وما بعد الفلسفة الألوهة .www alhewaav- org.
- طلال مشعل/ أمور جاهلية التي حرمها الاسلام ٦٣www.mawdo. com.
- جان لان طيب/ كشف لغة العقل الانساني المعقد .www.alrab co.uk.
- مى محمود: التقنيات السردية لرواية ما بعد الحداثة.www mominoun.com.
- عزيز نعمان/ الحداثة و ما بعد الحداثة في نص ويسبوغ .www Mohamad rabeen. Pdf.
- يادگار لطيف الشهرزوري/ السرد ما بعد الحداثي (مدياته و مقوماته) مؤمنون بلا حدود www.mominoun.com.

